PDF4Kurd

# دەبارەی رۆمانو چیرۆك

**نووسینی**: **حمە کەریم عارف**

2007

PDF4Kurd

# پێشەکی

## پەیڤ و پەیام و ڕەسەنایەتی

**-1-**

وەکو دیارە پەیامی ڕۆشنبیریی هەر گەل و نەتەوەیەك بەرەنجامی هەوڵ و تەقەلای کەلتووری ئەو گەل و نەتەوەیەیە بەدرێژایی ڕۆژگار. هەر کەلتوورێکیش لە هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و تەنانەت ڕوحی خۆیدا سەرهەڵدەدات و گەشە دەکات و دەخەملێت واتە نەدوا کەوتنی ڕۆشنبیریی و شارستانی نەپێشکەوتنیان قەدەرو چارەنووس نین، بەڵکو فاکتەری بابەتی و خودی دەوری تێدا دەبینیٚ. زۆر جار گوتراوە ڕۆشنبیران ئالاْ هەڵگری نەتەوەن، دەنگی جەماوەری بێدەنگن، ویژدانی گەلن، کە هەموو ئەو دەستەواژانەو هی دیکەش بەڵگەن بۆ گرینگی پەیامی ڕۆشنبیریی و قورسی ئەرکی ڕۆشنبیران. واتە خۆدان پەیامی ڕۆشنبیریی ئەوە بە خەڵکی دەڵێت کە پاشکەوتن چارەنووسیان نییە، هەموو کاتیٚ، کە فاکتەرەکانی پاشکەوتنیان دەرك کردو کاریان بۆ لابردنی کرد دەتوانن بگەنە ئاستی ڕۆشنبیریی و کەلتووری خەڵکانی دی و هیچیان لە خەڵکانی دی کەمتر نییە، ئەمە جگە لەوەی ماڤ ئاسایی خۆیانە وەکو خەڵکانی دیکە بن و لە ناوجەگەری مێژوودا بژین و شان بە شانی گەلانی دیکە بەشداری بەرهەمهێنانی مێژووی تیرەی بەشەر بکەن و بگەنە کەماڵی مرۆڤانی و بەزەبری ڕۆشنبیریی و شارستانیەتی تایبەتی خۆیان جوانییەك بە ڕۆشنبیریی و شارستانیەتی مرۆڤانی ببەخشن. واتە پەیامی ڕۆشنبیریی بانگەوازێکی دوور لە هەر پیلانگێڕییەکە بۆ خۆتازەکردنەوەی مرۆڤ و وەدی هێنانی مرۆڤانی مرۆڤ، کە ئەمەش بە گۆڕینی کەرەستەی بیرو بیرکردنەوە دێتەدی، چونکە گۆڕینی کەرەستەی بیرکردنەوە، ئەقڵ و ئەقڵیەت لە تەمەڵی ڕزگار دەکات و جادووی چەمکی ڕەگەز پەرستانەی هەر باڵادەستییەك بە تاڵ دەکاتەوە، بۆیە داگیرکەرانی نەتەوەی کورد زۆر بە جددی هەوڵیان داوە کە خودان پەیامی ڕۆشنبیریی لە کوردا هەڵنەکەون تا کورد هەر بە پاشکۆیەتی ئەوان بمێنێتەوە.

هەڵبەتە دەبیٚ ئەوە فەرامۆش نەکەین کە پەیامی ڕۆشنبیریی هەر میللەتێك کاتیٚ بەرجەستە دەبێت، کە خەڵکانی دی، میللەتانی دی وەکو چالاکییەکی مەزن هەستی پیٚ بکەن، وەکو چالاکییەکی شارستانی و ڕۆشنبیریی گەلێکی دیاریکراو هەست بە دەلالەتە مرۆڤانییە کاریگەرەکانی بکەن و دەوڵەمەندییەك بە ئەزموون و تەجرەبەی مرۆڤانی ببەخشێت و وەهم و تەمتومانی هەر باڵا دەستییەکی ڕەگەز پەرستانە بڕەوێنێتەوە. چونکە ئامانجی پەیامی ڕۆشنبیریی بەردەوامی و قوڵکردنەوەی پەیوەندییە مرۆڤانییەکانە، و دژی هەر زاتییەتێکی تەسکە، ئیدی ئەو زاتییەتە لە کەڵکەڵەی نیشتمانیدا خۆی بنوێنیٚ یان لە شۆڤێنیەتی نەتەوەییدا بەرجەستە ببیٚ.

واتە پەیامی ڕۆشنبیریی لە ناوەڕۆکدا هەموو مرۆڤایەتی دەدوێنیٚ، کە لە شێوەی هەمە جۆریشدا خۆی دەنوێنیٚ، لەبەر ئەوەیە کە فاکتەرە بابەتی و خودییەکان نەیان هێشتووە مرۆڤایەتی بە یەك ئاست و بەشێوەیەکی هاوسەنگ لە هەموو دنیادا پەرەبسەنێت. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە وڵاتان و


www.pertwk.com

PDF4Kurd

میللـەتانی دنیـا، ویـڕای لێکچـوونی زۆر پـرس و دۆزی بنـەڕەتیان لـە رووی کرۆکـی مرۆڤانییـەوە، تایبەتمەندی خۆیان هەبێ لە مێژوویاندا، لە میتۆدی کارکردنیاندا، لە پرۆسەی بنیاتنان و گەشەکردن و راپەڕینیاندا، بۆیە تەجرەبەی جۆراوجۆری شارستانی و کەلتووری گەلان لەدوا ئەنجامدا دەکاتە موڵکی هـەموو مرۆڤایـەتی و سەرچـاوەی سـروش لێـوەرگرتن و قـەدبڕ کردنـی رێگاکـان سـەبارەت بـە گـەلانی دواکـەوتوو لەبـەر هـەر هۆیـەك، بـەرەو کـەماڵی مرۆڤـانی. کەواتـە پـەیامی رۆشـنبیریی، دەکاتـە بـەردەوامکردنی پەیوەندییـە مرۆڤانییـەکان بـەو چـەمك و مانایـەی کـە هـەر پەیوەندییـەکی سـاغڵەم و دروست، هاوکوفی و بەرانبەرییە لەنێوان لایەنەکانی هاوکێشەی پەیوەندی، رێگەخۆشکردنە بۆ بەرانبەر کـە مرۆڤانـە مومارەسـەی خـۆی بکـات و بـەتوانا تایبەتییـەکانی خـۆی، چـەند بچـوکیش بـن، بزاڤـی رۆشنبیریی مرۆڤانی دەوڵەمەند بکات.

جا بەم پێیە تا بازنەو مەودای رۆشنبیریی فراوانتر بێ، پەیامی رۆشنبیریی زیاتر پەل و پۆ دەهاوێ بۆ نـاو کۆمـەڵ و پـتر بـەردەوامی بـە پەیوەندییـە کۆمەڵاتییـەکانی رۆشـنبیریی دەبەخشـێت و رۆشـنبیریی کۆمەلایەتی دەخەملێت و یاساو رێساکانی دیموکراتیەتی هزری و داهینان و بڵاوکردنەوە پتر زەروورەت پەیدا دەکەن، جا لێرەوە هۆشیاری رۆشـنبیرییەکی مرۆڤـانی چـێ دەبێـت و رێـز لـە توانا رۆشـنبیرییە مێژوویی و زندوەکانی هەر گەلێکی دی دەگرێت و ئیدی کارلێکی رۆشنبیریی مرۆڤانی لەنێوان بزاڤی رۆشنبیریی هـەموو گـەلانی دنیـادا دروست دەبـێ و ئیدی پرۆسـەی خۆتازەکردنـەوەو خۆهاوچـەرخاندن دەست پێدەکات و فاکتەرەکانی راپەڕینی شارستانی دەجوڵێنێ و رێ" لـە فاشـیزمی سیاسـەت دەگرێت کە لە بنەڕەتدا پشت بە شۆڤینیەتێکی رۆشنبیریی دەبەستێت.

"2"

دیارە پەیامی رۆشنبیریی ئەوە نییـە کـە رابردووی رۆشنبیریی نەتـەوەیی شـەرح و شـرۆڤە بکـات و لـە دیدو هزری رۆڵەکانی نەتـەوەدا بیکـات بـە بـت و بپەرسـترێ و بـە رادەیـەك بپیرۆزێنـرێ کـە کـەس نەشێت باسی بکات و ناوی بێنێ، بەڵکو بریتییە لە خەملێنی ناوەوە و تیشك هاویشتن بۆ دەوروبـەرو دەرەوەی خـۆی، دیـارە هـەر تیشـك هاویشـتنێ بـۆ دەرەوەی خـۆ کـاتێ دەبێـت کـە لـە نـاوەوە خـاوەنی سەرچـاوەی تیشکی خۆ بێت، هەڵبەتە ئەم تیشك هاویشتنە بۆ سەر خەڵکانی دیکە" وڵاتان و گـەلانی دیکـە نیشـانەی کرانەوەو لێك حاڵی بوون و کارلێکی ئیجابی و بە بەرهەمە. هەر بەوەش ئاسۆ لە هەر میللـەتێك هەڵـدێ و تەمتومانی فاشیەت و گۆشـەگیری لـێ دەڕەوێتـەوە. و بـەو پـەڕی متمانـەوە بەخششـی رۆشـنبیریی خـۆی دەخاتـە روو. و بـێ تـرس و دیموکراتیانـە بـەناو پرۆسـەی کـارلێکی رۆشـنبیریی دەکـەوێت و بـە گـوێرەی هاوکێشەی وەرگرتن و بەخشـینی رۆشـنبیریی مامەڵـە لەگـەڵ بـاری رۆشـنبیریی گـەلانی دنیـادا دەکـات و هـەم خـۆی دەناسـێنێ و هـەم گـەلان دەناسـێت و دوور لـە هـەر گرێیـەکی دوونییـەتی رۆشـنبیریی، مامەڵـە دەکات و بێ لە روو دامان و بە پێی ئـەرکی نەتـەوەیی رۆشـنبیریی، وڵاتـانی دنیـا لـەرەوتی پەرەسـەندنی جددی بوارێن رۆشـنبیریی نەتـەوەیی خـۆی ئاگـادار دەکاتـەوە و دەسـتکەوتەکانی لـەو بوارانـەدا دەخاتـە روو، بەڵام سـەیر دەکـەی هەنـدێ وڵاتێن تـازە ئـازاد بـوو، زۆر جـار گـوێ بـەوە نـادەن لایەنـە رەسـەنەکانی پەرەسەندنی رۆشنبیریی تازەی خۆیان بە گەلانی دنیـا نیشـان بـدەن یـان بناسـێنن، تـەنیا هەنـدێ لایـەنی کاڵ و کرچ و ئاسایی و بانگەشـەیی رۆشـنبیریی دەگەیـەنن بەدەرەوە کە لەلایەکەوە بە هـیچ جـۆرێ ناکاتـە نوێنـەری بزاڤـی رۆشـنبیریی نەتـەوەیی و کـەم و زۆر سـەرنجی جددیانـەی بێگانـان راناکێشـێت، واتـە ئـەو پرۆسەیە جگە لە بێهودەیی چ شتێکی دیکەی لێ ناڕوێت. هەڵبەتە ئەم کارە لە روویەکییەوە دەگەرێتەوە

PDF4Kurd

بۆ ئەو روانگە سیاسییە تەسکەی پشتیوانی لە تەرجەمەی، بۆ نموونە، بەیانێك یان هەواڵێکی سیاسی دەکات و گوێ بە تەرجەمەی چالاکییەن فەلسەفی نەتەوەیی یان دانراوە مێژوویی و ئەدەبییە نەتەوەییەکان نادات. ئەمە لە کاتێکا کە پەیامی رۆشنبیریی نەتەوەیی لە بنەڕەتدا بە فەلسەفەو مێژوو و ئەدەبیات و زانستان پشت ئەستورە نەك بە گوتاری سیاسی کاتی و رەوتەنی، کە خۆی لە خۆیدا کەش و هەوایەکی بیروکراتیانەی وەها دەسازێنێ کە زەمینە بۆ زندە بەچاڵکردنی دیموکراتیەت و ئازادی هزر خۆش دەکات، ئیدی بەرە بەرە ناکۆکی دەکەوێتە نێوان هۆشیاری سیاسی و هۆشیاری هاوچەرخەوە، رۆشنبیریی یان بزاڤی رۆشنبیریی، بە تایبەتی لە قۆناغی خۆیبوون و ئازادیدا، باجی ئەو ناکۆکییە دەدات، چونکە هۆشیاری سیاسی نا هاوچەرخ، هۆشیارییەکی گۆشەگیرەو دوورە لە هەر کارلێکێکی رۆشنبیریی مۆدێرن، تەنانەت لە مامەڵکردنیا دەگەڵ کەلەپوری نەتەوەییشدا ناتوانێ هاوچەرخانە لەگەڵ کەلەپوری هزری نەتەوەییدا مامەڵە بکات و تەنیا بە ئەندازەی پێداویستییە سیاسییە تەنگەکان ئاوڕی لێ دەداتەوەو مامەڵەی لەتەکدا دەکات، ئەمەش جۆرێك لە ناوچەگەرێتی سیاسی لێ دەکەوێتەوە کە خۆی لە خۆیدا دژی نەتەوە پەروەرییە، هەروەها لە چوارچێوەو بازنەیەکی کۆنە پەرستانەی مەحکوم بەداروخاندا، لەسەر حەساوی کەلەپور برەو بە رۆشنبیرییەکی سەرڤەسەرڤەی پەراوێزی دەدات. ئیدی جۆرە چەمك و روانگەیەکی کۆنەپەرستانە بۆ خۆیبوونی رۆشنبیریی پەیدا دەبێت و دەبێتە مایەی دابڕان و گۆشەگیری نەتەوەیی.

"3"

هەڵبەتە بەپێی ئەو چەمکە کۆنەپەرستانەیە، خۆیبوونی رۆشنبیریی، دەبێ زۆر بە پارێزەوە مامەڵە لە تەك رەوتی پەرەسەندنی رۆشنبیریی لە دنیادا بکات. دیارە ئەم ترس و پارێزکارییەش، لە ئاستی ناوخۆدا بەوە دەشکێتەوە کە هەموو جۆرە کارلێکێکی رۆشنبیریی دەگەڵ رەوش و رێچکەو رێبازە فیکرییەکانی دنیادا قەدەغەو حەرام بکەیت، کە ئەمەش تەنیا گۆشەگیری نەتەوەیی لێدەکەوێتەوە. هەڵبەتە ئەم دەرگا داخستنە بۆ هەر بوارێکی چالاکی مرۆڤ دەست بدات، ئەوا هەرگیز بۆ بواری رۆشنبیریی، بە هەر هەموو لقەکانییەوە ناشێت، چونکە گوتاری رۆشنبیریی، لە بنج بناوان و بنەڕەتی خۆیدا گوتارێکی مرۆڤانی و جیهانییەو چوارچێوەو بازنە و کوت و زنجیرو زندان قەبوڵ ناکات، کە ئەوەی دەگەڵ کرا، یاخی دەبێت و تۆڵەی خۆی دەکاتەوەو.. بۆیە لە بازنەنانی خۆیبوونی رۆشنبیریی بەهەر هەنجەت و بیانوویەك بێ، کارێکی کۆنە پەرستانەیەو نیشانەی تێ نەگەیشتنە لە جەوهەر و کرۆکی پرۆسەی رۆشنبیریی، چونکە رۆشنبیریی هەرگیز نە لە گۆشەگیرییەوە هەڵقوڵاوەو نە گۆشەگیری قەبوڵ کردەوە، تەنانەت ئەوەی کە ئەمڕۆ کەلەپوری رۆشنبیریی پێ دەگوترێ و زۆرجار بە مەبەست و بێ مەبەست دەپیرۆزێنرێ، هەرگیز هزرو بیرێکی گۆشەگیرانە نەبووەو بەڵکو سەرو سەختی دەگەڵ فەلسەفەو هزری نەتەوەو گەلانی دنیادا هەبووەو هەم کاری تێ کردوون و هەم کاریان تێکردووە، واتە لە یەکتردا خۆیان تازە کردۆتەوە ویەکتریان لە رووی فیکری و فەلسەفی و هونەرییەوە دەوڵەمەند کردووە. بەم پێیە کارلێکی رۆشنبیریی نەك هەر راستییەکی حاشا هەڵنەگری ئەمڕۆیە، بەڵکو حەقیقەتی هەموو سەردمێك بووەو زانست و فەلسەفەو ئەدەبیات و هونەرو فولکلۆرو ئەفسانەێن گەلان، سیما گشتییەکانی ئەم حەقیقەتانەیان بۆ بەرجەستە کردووین و بێ هیچ ترس و پارێزکارییەك مەودا مرۆڤانییەکانی کارلێکەری و کارلێکراو یان لە بەخششی رۆشنبیریی نەتەوەیی خۆدا هەرس کردەوەو نواندووە.

PDF4Kurd

ناسیونالیزم (القومیه) كه جەوهەرو بونیاتی نەتەوە پێك دێنێ و یەكێكە لە كۆڵەكە هەرە جەوهەری و بنەڕەتی و گرنگەكانی نەتەوە، تا رادەیەكی زۆر و بەشێوەیەكی دیار لە رۆشنبیرییدا بەرجەستە دەبێت، چونكە بونیادی نەتەوەیی لە رۆشنبیرییدا یەجگار دیارو ئاشكرایە لە زمانەوە بیگرە تا دەگاتە ئایدۆلۆژیا.

رەسەنایەتی نەتەوەیی پەیوەندییەكی زندوو، و راستەوخۆی بە مێژووی رۆشنبیریی ئەو نەتەوەیەوە هەیە، و خۆیبوونی رۆشنبیریی كاتێ كارایی خۆی دەسەلمێنێ، كە بتوانێ بیرو بیركردنەوەی گۆشەگیری وەلاوەنێ و بەشداری لە پەرەپێدان و چالاكاندنی بزاڤی رۆشنبیریی هەموو تیرەی بەشەر بكات و بڕژێتە دەریای رۆشنبیرییە نەتەوەییە جیاوازەكانەوە. هەر رۆشنبیرییەكی نەتەوەیی بەمەدا رەسەنایەتی نەتەوەیی خۆی دەنوێنێ كە بە روونی گوزارشت لە جیهانیەتی فیكرو حەتمیەتی كارلێكی رۆشنبیریی بكات. واتە كاریگەری فیكری خۆی لەسەر كاروانی رۆشنبیریی تیرەی بەشەردا هەبێ.

هەڵبەتە دینامیكییەتی فیكری و رۆشنبیریی هەر گەل و نەتەوەیەك بەوەدا دەردەكەوێت كە چ كەلەپورێكی هزری بەرهەم هێناوەو هەیە. چەند لە ئێستای بزاڤی رۆشنبیریی نێو نەتەوەییدا بەشدارو ئامادەیە. دیارە پەیوەندی و بەردەوامی پەیوەندی نێوان رابوونی هزری ئێستاو كەلەپووری فیكری (رابردوو). لە بنەڕەتدا دەكاتە بەردەوامی پەیوەندی قۆناغە زەمەنییەكانی مێژووی ئەو گەل و نەتەوەیە، دەكاتە بەردەوامی پەیوەندی نێوان نەسل و نەوە یەك لە دووی یەكەكانی، ئەمەش لە روانگەی نەتەوەییەوە، تەبایی و كۆكی كۆمەڵایەتی پێ دەبەخشێت.

"4"

گەلێك دەتوانێ زۆر بە جددی و ئیجابیانە بچێتە ناو پرۆسەی كارلێكی هزری رۆشنبیرییەوە، كە باوەڕی تەواوی بە یاساو رێسای بەخشین و وەرگرتن هەبێ، نەبەخشین دووچاری غروری بكات و نە وەرگرتن بە كێماسی و شەرمەزاری بزانێ، چونكە هزرو رۆشنبیریی دیالیكتیكی كارلێكە نەك دیالیكتیكی داخران و خۆبەزیاتر زانین. چونكە رۆشنبیریی لە جەوهەرو تەبیعەت و كرۆكدا گوزارشت لە تەبیعەت و روحی مرۆڤانی تیرەی بەشەر دەكات. واتە هزرو رۆشنبیریی لە بنەڕەت و گەوهەردا گۆتارێكی مرۆڤانی بێ سنوورە و گەر لە رەسەنایەتی خۆی هەڵنەگەڕێتەوە، ئەوا هیچ قاڵبێكی رەنگ و رەگەزان قەبوڵ ناكات، گەر قەبوڵی بكات ئەوا دووچاری كەچڕەوی دەبێت و مەودایەكی فاشیانە وەردەگرێت، چونكە هەر دووركەوتنەوەیەكی رۆشنبیریی لە گوتارە مرۆڤانیەكەی رێگە بۆ سەرهەڵدانی رۆشنبیرییەكی فاشیانە خۆش دەكات" هەڵبەتە ئەو كەلەپورە رۆشنبیرییە دەوڵەمەندەی مرۆڤایەتی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا پێی گەییوە، بە درێژایی زەمان و رۆژگار دروست بووەو سەر لەبەری تیرەی بەشەر، بەشێوەی راستەوخۆ یان نا راستەخۆ بەشداری لە بەرهەمهێنانیدا كردووەو ئەمڕۆكە بووە بە موڵكی هەموو تیرەی بەشەرو لەناو پرۆسەی كارلێكدا و بەپێی یاساو رێسای بەخشین و وەرگرتن، دەوڵەمەند بووەو لە قۆناغ و سەردەمێن جیاوازدا خەمڵیوە. دیارە هەر گەل و نەتەوەو وڵات و شارستانیەتێك بەپێی بارودۆخ و هەل و مەرجی مادی و روحی خۆی و لە چوارچێوەی سیاقی كۆمەڵایەتی گشتی خۆیدا بەشداری لە بەرهەمهێنانیدا كردووە.

"5"

PDF4Kurd

به درێژایی قۆناغەکانی مێژوو گەلێك گۆڕانی مادی و شارستانی بەسەر ژیانی تیرەی بەشەردا هاتووە، هەڵبەتە شان بەشانی گۆڕانە مادی و شارستانییەکانیش گۆڕانکاری هزری بە گوێرەی جۆری ژیان و پێداویستیەکانی ژیانی تازەی مرۆڤ هاتۆتە گۆڕێ. واتە گۆڕانکاری مادی، گۆڕانکاری هزریشی بەگەڵ دەکەوێت، کە زادەی پێداویستیەکانی ژیانی تازەی مرۆڤە. بۆ وێنە پێداویستیەکانی ژیانی گوند جیاوازن لە پێداویستییەکانی ژیانی شارو هەر یەکەشیان بیرو بیرکردنەوەی خۆیان بەرهەم دەهێنن، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە . بە تایبەتی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا، کە دنیا بووە بە گوندێکی بچووك . کە بتوانن لە رەوتی جیهانی بزاڤی سەردەم دابڕێن و هیچ پەیوەندییەکیان پێوەی نەبێت، چونکە ئەمڕۆکە و لەم چەرخەدا کارلێك لەگەڵ رەوتی جیهانی بزاڤی سەردەمدا بووە بە قەدەرو چارەنووسیان، میللەتان و ولاتان و کەس ناتوانێ خۆی لێ ببوێرێ، هەر میللەت و ولاتێك ئەو غەڵەتە بکات دەکەوێتە پەراوێزی مێژووەوە و لە خۆ کوژی پتر هیچ چارێکی دیکەی نامێنێ، بۆیە مەنتیق وای لێ دەخوازێ بە شێوەیەکی ئیجابیانە بچێتە ناو پرۆسەی کارلێکی چەرخی خۆیەوەو مامەڵە لەگەڵ دنیادا بکات، تا مامەڵەی لەتەکدا بکرێت و شوێنی شایستەی خۆی لە قۆناغی مێژوویی خۆیدا بگرێت و مامەڵە لەگەڵ گیروگرفتەکانی سەردەمی خۆیدا بکات و گیروگرفتی خۆی بۆ نەوەکانی دوای خۆی بەجێ نەهێڵێت..

بێگومان کە باسی پەرەسەندنی مادی و شارستانی یان پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانی دەکرێت، دەبێ ئەوە بزانین، کە پەرەسەندن پرۆسەیەکی خۆ بەخۆ، یان خۆ رسك نییە، بەڵکو زادەی کۆمەڵێك بزوێنەری بەهێزو ئاڵۆزی مێژووییە، چونکە بزوێنەری مێژوویی نەبێت، هیچ میللەتێك وەکو پێویست پەرە ناسەنێ، هەر میللەتێك بزوێنەری مێژوویی لەپشت نەبێ ناتوانێ بە ئاسانی ببێ بە شەریکی بەرهەمهێنانی مێژووی تیرەی بەشەر بەهەر هەموو لق وپۆپەکانییەوە، هەڵبەتە خەڵکی هەر قۆناغ و سەردەمێك، دەنگ و رەنگی سەردەمی خۆیەتی، جێ پەنجەی خۆی بەسەر قۆناغی خۆیەوە بەجێدێڵێ و ئیدی ئاڵاکە بۆ نەوەی دوای خۆی بەجێ دێڵێت، دەستکەوتی هەر قۆناغێکی زەمەنیش بەندە بە زروف و بارودۆخی مادی و روحی ئەو قۆناغەوە، بەندە بە هەلومەرجی ژیانی ئەو سەردەمەوە، بە هەموو پێداویستی و گیروگرفتەکانییەوە، دیارە رەسەنایەتی دەستکەوت و دەرهاوێشتەی هەر قۆناغێك لەوەدا دەردەکەوێت کە چەند بزوێنەرە بۆ قۆناغی دوای خۆی، دەنگدانەوە و رەنگدانەوەی لە قۆناغی دوای خۆی چەندە، چەند تێکەڵاوی پرۆسەی کارلێکی قۆناغی پاش خۆی دەبێت... چەند بەشداری لە ئاراستەکردنی چالاکییە مرۆڤانییەکانی ئێستای کۆمەڵدا دەکات، چەند تێکەڵ بە بزوێنەرەکانی واقیعی هاوچەرخی ژیانی کۆمەڵ دەبێت.

دیارە جیاوازی نێوان سەردەمێك و سەردەمێکی دی پتر لە پەرەسەندنی ئاستی فیکری خەڵکەکانیدا بە دیاردەکەوێ تالە شتە مادییەکانی دیکەی دەرێی مرۆڤ، لە ئاستی چالاکی و بەرهەمهێنانی شارستانیاندا بە دیار دەکەوێت.. واتە لە پەرەسەندنی ئەقڵی مرۆڤ و چالاکییە مادی و پەیوەندییەکانیدا دەگەڵ سروشت، و شتاندا، لە چواچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە گشتییەکاندا دەردەکەوێت، واتە ئەقڵی مرۆڤ چەند زانستیانە دەگەڵ ئەمڕۆدا بەرەو ئایندە کاردەکات.

هەڵبەتە نابێ ئەوە فەرامۆش بکرێ کە هزرو ئەقڵ بەدەم کەشفکردنی یاساکانی ژیانەوە، خۆی لە بۆتەی سوننەتەکانی ژیاندا، واتە لە بۆتەی پەرەسەندن ، و تازەبوونەوەو پێشکەوتندا، دادەڕێژێتەوە ئیدی ژیان، ژیان دادەهێنێ و هەتا هەتایە هەر دەتەقێتەوەو تازە دەبێتەوەو خۆی تازە دەکاتەوە، کەواتە

PDF4Kurd

خۆ تازەکردنەوەو خۆ هاوچەرخاندن لە سوننەتە هەرە بنەڕەتییەکانی ژیانەو هەر کەسێك ئەو توانایەی نەبێ دەمرێت و نامێنێ.

**"6"**

ژیان لە بنەڕەتدا جیاوازو هەمە رەنگە، بۆیە دکتاتۆریەت و یەککڕەنگی لە هەر بوارێکی ژیاندا نابەجێ و ناپەسندەو مرۆڤ لێی هەڵدێ، جا هەر ئەو جیاوازییەی سروشتی ژیان وای کردووە بوونەوەرانی ناو ژیان پتر پشتیوانی لە فرەیی بکەن لە هەموو بوارەکاندا.. جا دیموکراتیەتش لە ناوجەرگەی جیاوازی بیرو بۆچوونەکاندا دەردەکەوێت و کرانەوەی دیموکراسی یەکێکە لە سیما هەرە دیارەکانی پەرەسەندنی شارستانیانە. دیارە بە پێچەوانەشەوە لوتبەرزی و توندڕەوی لە سیماکانی پاشکەوتنی شارستانیەتە کە بواری ئازادی و داهێنان نادات..

هەر راو بۆچونێك لەمەڕ واقیع و حاڵەت و دیارەکانی هەر بوارێکی چالاکی مرۆڤ. قابیلی دیالۆگەو هەرگیز چەکێك نییە بە دەستی ئەم و ئەوەوە تا دژی ئەم و ئەو بەکار بێت، چونکە ئەگەر جیاوازی راو بۆچوونان چەك بێ. ئەوا هەر لە یەکەم لەحزەوە، بەرانبەرەکەی ئیلغا دەکات و جاڕی مەرگی خۆیشی دەدات و رێگەی تازە بوونەوەو تازەکردنەوە لە هەر راو ئیجتهاد و بەخشش و دەستکەوتێك دەگرێت کە هەوێنی پەرەسەندنە.. بۆیە هەر هەوڵێك بۆ ئەوە بدرێ کە شوعلەو مەشخەڵی تازەبوونەوە بکوژێنێتەوە، لە پاشکەوتنی شارستانی پتر چ شتێکی دیکە نادورێتەوە، هەر پاشکەوتنێکیش بگری تەنیا داروخانی فیکری و شارستانی و سیاسی و ئەدەبی و هونەری.. بەرهەمدێنێ و ئیدی کرێ گرتەو ریاگۆو درۆزن و رمۆزن و حەقیقەتکوژان وەکو داڵ تێی دەوڕوکێن و دەیلەوتێنن و گەندەڵی دەکەن و قۆناغی توندرەوی و مەسخکردن دەست پێدەکات و بەرە بەرە مرۆڤ لە مرۆڤایەتی دەکەوێت و دەکەوێتە پەراوێزی مێژووەوەو لە کاروانی شارستانیەت بەجێ دەمێنێ.

دیارە هەر لە بواری باسی شارستانیەتدا دەبێ ئاماژە بە رۆڵی وشە بکەین، کە چۆن لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا رۆژگاری ئەمڕۆ دەستکەوتە شارستانیەکانی تیرەی بەشەری پاراستووەو بووە بە چ سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی کەشفکردنی بونیادی فیکری بەشەر لە هەر شوێن و کاتێکدا، وشە، خۆی لەخۆیدا شۆڕشێکی گەورەو سەرکەوتنێکی بەشەری گەورە بوو، کە دری بە جەهالەت و پاشکەوتن داو، بناغەی تەلاری شارستانی دامەزراند..

**سەرچاوەکان:**

1- نخبگان و جامعه/ تیَ. بیَ راتامور/ علیَ رضا چاپ اول 1377.

2- الرسالة القومية الثقافية بين الاصالة والمعاصرة عزيز السيد جاسم/ بغداد 1989.



www.pertwk.com

PDF4Kurd

3- الثقافة والمجتمع/ رايموند وليامز/ ترجمة وجيه سمعان/ مراجعة محمد فتحي.
4- آراء نقدية في مشكلات الفكر والثقافة، د. فؤاد زكريا الهيئة المصرية العامة للكتاب 1975.
5- أوهام النخبة او نقد المثقف/ علي حرب/ المركز الثقافي العربي/ ط1 1996.
6- التراث والثورة/ غالي شكري/ دار الطليعة للطباعة والنشر/ بيروت/ ط1 1973.


www.pertwk.com

PDF4Kurd

# رۆمان = ئەوپەڕی هونەراندن

(1)

رۆمان، یەکێکە لەو هونەرە بالایانەی کە تاکو رۆژگاری ئەمرۆش رەواج و بایەخی هونەری خۆی لەدەست نەداوە. هەڵبەتە راوبۆچوونی هەمەجۆرو جیاوازو ناکۆك لەمەڕ پەیوەندی ژیانی شەخسی رۆماننوس دەگەڵ دەقی رۆماندا هەیە. فلۆبێر کە یەکێکە لە کەڵە رۆماننووسەکانی فەرەنسا، پێی وایە رۆماننوس دەبێت لە هەموو شوێنێکی رۆمانە\کەیدا ئامادەبێ و لە هیچ شوێنێکی رۆمانەکەشدا بەدیار نەکەوێت. فلۆبێر لە بارەی ژیاننامەی رۆماننووس و ژیانی رۆژانەی رۆماننوسەوە دەڵێت:( رۆماننوس ماڵی ژیانی وێران دەکات" تا بە بەردەکانی ماڵی رۆمانەکەی بنیات بنێ و ئاوایکات،) بێگومان ئەمە وا دەگەیەنێت کە هەرگیز لەگەڵ نووسینەوەی ژیاننامەی رۆماننوسدا نییە، بەو حەساوەی کۆمەك بە حاڵی بوونی رۆمانەکە دەکات، میلان کۆندیراش پێی وایە ژیانی شەخسی رۆماننوس پەیوەندی بەخودی خۆیەوە هەیە، کەم و زۆر زەمینە بۆ دەرککردنی بیرو هەستەکانی خۆشناکات و بگرە زیانیش بەشێوەو ماهیەت و نێوەرۆکی بەرهەمەکانی دەگەیەنێت.

دیارە ئەو رۆماننووسە ناودارانە پێیان وایە کە ژیاننامەی قارەمانانی رۆمانەکانیش گرنگ نین. بەڵکو ئەندێشەو هەستیان، کەشفکردنی ئەو ئەندێشەو هەستانە گرنگن و دەبێ بوونی قارەمانەکە فەتح بکرێت. بێگومان ئەندێشەو هەست نە لە ژمارە دێن و نە لە چوارچێوەیەکدا کۆنترۆڵ دەکرێن، بۆیە وەختێ کە رۆمان سەروساخت لەگەڵ ئەندێشەو هەستی هەمەجۆرو جیوەییدا پەیدا دەکات. ئیدی ئەو بابەتە رۆمانە چێدەبێت کە پێی دەگوترێت رۆمانی فرە دەنگ. هەڵبەتە رۆمانیش پابەندی یاساو رێسای گۆڕانەو هەرگیز لەیەك فۆرم و قاڵبدا نامێنێ و مێژووی رۆمان و قۆناغەکانی رۆمان لە کۆنەوە تاکو ئەمرۆ ئەو راستییەیان سەلماندووە. کەواتە رۆمان رەهەندو مەودا جۆراوجۆرەکانی بوون لە مەحەکی هونەر دەدات و هونەرییانە بێ پایانی و ئاڵۆزی بوون نیشان دەدات" دیارە ئەم پرۆسە هونەرییە وا دەخوازێت کە خەیاڵ و واقیع ئاوێتەی یەکدی بکرێن و ئاسۆی بەرینی بوون نیشان بدرێت" کە ئەم کارەش کرا، ئیدی بۆ خۆی قاڵب و فۆرمی خۆی دەخوڵقێنێ و هەنگینێ ژانرێکی هونەری دەردەکەوێت کە هونەری رۆمانی پێدەگوترێت. هەڵبەتە لێرەداو بۆ روونکردنەوەی پتر و سوودی زێدەتر دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە کافکا لەم بوارو مەیدانەدا سەر ئامادەو لە ریزی هەرەپێشەوەیە.

(2)

گوتمان رۆمان پابەندی یاساو رێسای گۆڕانەو هەرگیز لە یەك قاڵب و چوارچێوەدا نەماوەتەوەو تەنانەت مالیجەی هونەری بابەتەکانیشی گۆڕاون، بۆ وێنە رۆمانی سەدەی هەژدە پتر خووی دابووە سەرگەرمکردن و خوڵقاندنی رووداوی سەیر و بەرێکەوت، بەلام لە سەدەی نۆزدەدا پتر رووەدەکاتە واقیعگەرایی (بالزاك و فلوبیر") رۆمانی سەدەی بیستەم پتر یاخی بوونە لە کەلتوور و کەلەپووری رۆمانی سەدەی نۆزدەم و ئیدی لەگەڵ ئاڵۆزبوونی ژیان و دنیاو ژینگەو دەوروبەردا رۆمانی فرە دەنگ، یان فرە دەنگی لە رۆماندا پەیدا دەبێت و ئەمەش حەزوو ئارەزوویەکی شەخسی دروستی نەکردووە، بەڵکو زەرورەتی کەشفکردنی (بوونی مرۆڤ) وای خواستووەو تا رۆژگاری بەشەرییەت بەم رۆژەگەییوەو


www.pertwk.com

PDF4Kurd

رۆمـانی تـازە پەیـدابووە. رۆماننووسـان هەوڵـدەدەن خـۆ لـە مەتـەڵی زەمـەنی بەشـەری بـدەن، خـۆ لـە یـادەوەریی وبیرەوەریـی شەخسـی دووربگـرن و، چـەند قۆنـاغێکی مێـژوویی لـە فـەزای یـەك رۆمانـدا بهونەرێنن.

رۆمـان بـەپێی قۆناغـەکانی چەکەرەکردن و نەشونوماو گەشـەکردن و گـۆڕانی خـۆی، هـەر جارەو هـەر قۆناغـەی بەشـێك یـان لایـەنێکی نەناسـراو و نادیـاری (بـوونی) کەشـف کـردووە. بێگومـان کەرەسـتەی کەشـف و کەشـفکاری رۆمـان تـەنیا هونـەرو وردەکـاری هونەرییـە، بابـەتی ئـەم پرۆسـەیەش مـرۆڤ و پاراستنی مرۆڤایەتی مرۆڤە. خۆ ئەگەر رۆمان لەم خەتە لایدا هـەنگێ دەکەوێتـە دەرێـی بازنـەی مێژووی خـۆی و" رۆماننوس دەبێت بە بابایـەکی هـەرزە وێـژی فرە وێـژی چـەنەبازی چەقاوەسووی درێـژدادڕی منجڕی حیکایەتبێژ لە پێناوی حیکایەتدا. بێگومان ئەمەش پێچەوانەی پرۆسەی کەشف و کەشفکارییە کە یەکێکە لـە بنـەماکانی رۆمـان. بـرۆخ لـەم بارەیـەوە دەڵێـت:(هـەر رۆمانێك کە بەشێکی نادیاری بوون کەشف نـەکات، نا ئەخلاقییە، کەشفکردن تاقە ئەخلاقی رۆمانـە) رۆمـان دنیایـەکی تـەواو سـەربەخۆیەو ناچێتە ژێـر بـاری هـیچ جـۆرە وابەسـتەگییەك یـان پەیامدارییەکـەوەو خـۆی بـۆ خزمـەتی هـیچ جـۆرە ئایدۆلۆژیایـەکی دیـاریکراو یـان رژێمێکـی سیاسـی تـەرخان ناکـات، رۆمـان کـار بـۆ ئـەوە ناکـات بـبێ بـەخودانی حەقیقـەت، بـەڵکو بـەدووی حەقیقەتـدا دەگـەڕێت" هەڵبەتـە گـەڕانێکی بـێ کۆتـایی، چـونکە حەقیقەت لە گۆڕان و، گۆڕینی هەمیشەیی و بەردەوامدایە.

**(3)**

رەنگە هەندێك پێیان وابێ کە ئێمـە لەسـەروبەندو رۆژگارێکداین کە کەشف و کەشفکاری زانستی و تەکنولوژیا هەموو شتێکی فەتح کردووەو حەقیقەتەکانی خستۆتە بەردەستی خاس و عام، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا رۆمـان هـەر لەکـەڵك نەکـەوتووە\و کـە وەکـو هونـەر قـاڵبی خـۆی وەردەگرێـت و بابـەتێك لـە چوارچێوەی خۆیدا هونەریانە کەشف و مالیجە دەکات، بەخۆێنەر دەڵێت:(شتەکان لەوە ئاڵۆزترن کە تۆ خەیاڵیان لێدەکەیت).

مـن، چ وەکـو چـەمك چ وەکـو لوغزێـك هەمیشـە پـرس و دۆزی بناغـەیی رۆمـان بـووە" تەنانـەت ئـەو رۆمانانـەی کـە بەسـەرەتای سـەرهەڵدانی رۆمـان دەژمێـردرێن و ئەوسـا رۆماننوسـان ئاگـاداری و رۆشـنبیرییەکی ئـەوتۆیان لەمـەڕ سـایکۆلۆژی نـەبووە. قارەمانانێکیـان خولقانـدووە کـە بـە (کـردەوەی) خۆیـان خۆیـان لـە کەسـانی دی جیاکردۆتـەوە. بـەڵام کـە ئـەوە بەدیارکـەوت دنیـای دەرەوەی پراکتیکـی زەمینەیـەکی ئەوەنـدە لـەبار نییـە بـۆ دەرککـردن و تێگەیشـتن لـە (مـن) ئیـدی رۆمـان رووی کـردە دنیـای ناوەوەی مرۆڤ (پرۆست و جویس).

جیهـان داوێکـەو مرۆڤـی پێـوە بـووەو دەرچـوونی بـۆ نییـە. جـا لـەناو جەرگـەی ئـەو دنیایـەدا رۆمـان پرسـیارێکە یـان کۆمەڵـە پرسـیارێکە لەمـەڕ لـوغز و معـەمای بـوونی قارەمانـانی رۆمـان – قارەمانـان بـەو جـۆرەی کـە زادەی خـەیاڵی رۆماننوسـن، نـەك هاوشـێوەسازی بـوونی واقیعـی. چـونکە (رۆمـان بـوون بـە هەموو جەنجاڵییەکییەوە دەپشکنێ، نەك واقیع. بێگومان بوونیش ئەوە نییـە کـە روویـداوە، بـەڵکو بـوون مەیدانی توانا زۆرو زەبەندەکانی مرۆڤە، هـەموو ئـەو شـتانەیە کە بەشـەر دەتـوانێ ببـێ، هـەر شـتێکە کـە مرۆڤ بتوانێ واقیعیەتی پێ ببەخشێت.)

کەواتـە بـوون، بـوونی بەشـەری، بـوونی دەروونـی بەشـەر بابـەتی بنـەڕەتی رۆمانـەو گەڕانـە، گـەڕانێکی هونـەری وردە بـەدووی ناسـینی ئینسـاندا و مـەوداو رەهەنـدە زۆر و زەبەنـدو جۆراوجۆرەکـانی کەشـف


www.pertwk.com

PDF4Kurd

دەكات" دیارە دەبێ ئەوەش فەرامۆش نەكەین كە بیركردنەوە لە قاڵبی رۆماندا پتر بەشێوەی پرسیارە، سروشتی رۆمان لە باوەڕی ئایدۆلۆژی جیاوازە. رۆماننووس باوەڕەكانی خۆی ئەوەندە بەلاوە گرینگ نییە، بەڵكو ئەوەی بەلاوە گرینگە كە بەزەبری خەیاڵی خۆی، شتە نادیارەكان كەشف و بەرجەستە بكات. بیركردنەوەی رۆماننوس ناكەوێتە پێش رۆمانەكەیەوە، بەڵكو لە رۆمانەكەوە هەڵدەقوڵێت و دروست دەبێت. كەواتە كەشفكردن و پرۆسەی كەشفكردن بابەت و پەیامی رۆمانە. هەڵبەتە ئەم پرۆسەی كەشفكردنە، بە گوێرەی زەمان و رۆژگار و بەپێی میكانیزمی گۆڕان، گۆڕانی بەسەردا دێت" دیارە رۆمان و هەموو هونەرەكانی دی، هەستی ناسك و دەركی شاعیرانە لەلای مرۆڤ دەمەزەرد و تازە دەكاتەوە. پێویستە ئەوەش بگوترێ كە رۆمان – وەكو هەر ژانرێكی دیكەی هونەری – بە قاڵببەندی قاییل نییە و رۆمانی ئەمرۆكە وەكو دەبینین كورت و چڕ و سخە، خۆی لە زۆربێژی و درێژداری دوور دەگرێت" یەكسەر دەچێتە سەر بابەت، فرەدەنگی رەچاو دەكات. دیارە ئەم فرە دەنگییە پتر قاڵبی شیعرییە تا تەكنیكی رۆمان بێت.

(4)

بەبێ رزگاری لە رەمزوبتە زەینییەكان، گیان و زەینی رەخنەیی دروست نابێت و قاڵب و رەوتی خۆی وەرناگرێت. دیارە لە دونیاو چوارچێوەی هەر بیرێكدا كە لە سەر بناغەی رەمزو وێنەو هێمای نمونەیی و ئایدیالی رۆنرابێ، ئەوا ئەقڵ و ئەفسانە لێكدی جیا ناكرێنەوە، واتە بەجۆرێك ئاوێتە دەبن و رەگ لە رۆحی بنیادەمدا دادەكوتن كە بەیەك ئەندازە تەماشا دەكرێن. دیارە ئەم جۆرە بیركردنەوەیە، لە تاریخیەت بەدەر نییەو زادە\و بەرەنجامی قۆناغێك یان چەند قۆناغێكەو لە قۆناغی تازەی بیركردنەوەدا، ئەم ئاوێتە بوونە رەتدكرێتەوە و ئەفسانە وەلا دەنرێ و رێگە بە ئەقڵ و زاڵبوونی ئەقڵ دەدرێ و ئیدی بەمجۆرە مێژووی سەردەمی تازە دەست پێدەكات. ئەقڵ دەبێت بە مەحەك و پیوانەو پێوەری هەموو شتێك و كەون و گەردوون لەلایەن ئەقڵەوە فەتح دەكرێت و چ شتێك لە دەسەڵاتی ئەقڵ بەدەرنابێت، ئەقڵ بەرادەیەك زاڵ دەبێت و زاڵ دەكرێت كە جێی ئەفسانە و وێنەیێن نموونەیی دەگرێتەوەو خەرمانەیەكی ئەفسانەیی دەوری دەدات. بەهەر حاڵ كار دەگاتە رادەیەك كە مرۆڤ لە خودی خۆیشی دوور دەكەوێتەوەو بوونی لەبیر دەچێتەوە، دیارە ئەمەش زادەی گواستنەوەیە لە قۆناغێكەوە بۆ قۆناغێكی دیكەو بەناچاری لە وەخت و رۆژی خۆیدا دەنیشتێتەوە" دیارە كە زانست یان ئەقڵ و هەموو دەستكەوتە زانستییەكانی ئەقڵ زاڵ ببێ و جێی چ شتێكی دیكەی نموونەیی یان ئەفسانەیی و مەیلەو ئەفسانەیی و خەیاڵ و خەیاڵپڵاوی و خەون و هەستپەروەری و سۆز و گوداز و سۆزداری نەمێنێ، ئەوا هیچ یەكێك لەمانە بەتەواوی لەناو ناچن. بەڵكو پاشەكشە دەكەنەوە بۆ ناو ناخ و دەروونی مرۆڤ و ئیدی لێرەوە چارەنووسیان بە هونەر، بە رۆمان و چیرۆك و شیعر و" هتد دەسپێردرێت و رۆمان مەوداو و ئیمكانیاتە جۆراوجۆرەكانی بوون كەشف و مالیجە دەكات و هاوسەنگییەكی دیالكتیكی لە نێوان ئەقڵ و ئەفسانەدا دەسازێنێ و ئیدی دنیای بێ سنووری روح دەپشكنێ و. كەواتە رۆمان سنووری روح دەپشكنێ و مێژووی خەونەكانی مرۆڤ لە قاڵبی هونەردا بەرجەستە دەكات. كەواتە رۆمان بەهەموو نەوەستانێكی خۆیەوە. بەهەموو سەردەمەكانییەوە، بەهەموو گۆڕانەكانییەوە و لە هەموو زەمانێكدا مامەڵە لە تەك بەشێكی نادیار و نەدۆزراوەی بووندا دەكات، وبەم كارەش" واتە بەم دۆزینەوە بەردەوامانەی، روناكی بە ژیان دەبەخشێت و لێرەوە هەر هەموو بوون، بە دوور لە باوەڕو ئایدۆلۆژیاو پەیوەندییەكی پێشوەختە، دەبێت بە بابەتی هونەرو رۆمان. كەواتە كوندرا گوتەنی:(رۆمان بەهەشتی


www.pertwk.com

PDF4Kurd

خەیاڵی تاکە، رۆمان قەڵەمڕەو و دنیایەکە کە کەس تیایدا خودانی حەقیقەت نییە). (بڕوانە میلان کوندرا– هنررمان – ترجمە دکتۆر پرویز همایون پور)، کەواتە بابەت و ناوەڕۆکە جۆراوجۆرەکانی بوونی مرۆڤ، بە دوور لەهەر پابەندییەکی سیاسی یان ئایدیۆلۆژی، لەلایەن رۆماننووسەوە دەخرێتە بەر شیکردنەوەی هونەری.

(5)

زۆر جار دەبینین قارەمانانی هەندێك رۆمانان دەگەنە کوێرە کۆڵان و ناتوانن دەربچن، هۆیەکەی ئەوەیە کە لە کۆمەڵگایەکی بێ ئازادیدا دەژین" جا کۆمەڵگەی ئاوا وەکو بەرد وایە چ ئیمکاناتێکی تێدا نییە. ناکامی و شکستی ئەم قارەمانانە، نیشانەی روانینێکی تازەیە بۆ مێژوو، مێژوویەك کە دەبێت رەوش و رەوتێکی تازە بگرێتە بەر. رەوشێکی ئازاد" زەمینەیەکی وەها بۆ توانا جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ بسازێنێ کە ئازادانە واقیعییەت پەیدا بکەن، ناکامی و تێشکانی ئەم قارەمانانە، سەرەتای هاتنە مەیدانی قارەمانانی دیکەیە" قارەمانانێك کە قۆناغێن دیکەی گۆڕانی کۆمەڵگەی بەشەرییان دێتە بەر و، ئەوانیش تێشکان و سەرکەوتنی تازەی مرۆڤ لە مێژوودا تۆمار دەکەن. ئیمکاناتی مرۆڤ ئیمکاناتی شکست و تێشکانی خۆین، لە هەر شکستێکدا هەوێنی سەرکەوتنێك هەیە و، هەر سەرکەوتنێکیش لە مەوقیعییەت و قۆناغێکی تازەدا دەجەربێنرێت"

رۆمان وەکو هەر بەشێکی دیکەی هونەر، بگرە زیاتریش، بریتییە لە زنجیرە پرسیارێکی بێبڕانەوە دەربارەی مەتەڵی بوونی قارەمانەکانی نێو رۆمان، کە دەکاتە نموونەیەکی بچوککراوەی هونەریانەی ژیان، ئەو قارەمانانەی کە لە هەوڵ و تەقەللای ناسین و ناساندن و کەشفکردنی دیاردەکانی بووندان و بەناو حەقیقەتە رێژەیی و ناکۆکە زۆرو زەبەندەکان دەکەون و نیگەرانی و سەرگەردانی و خەو و خەیاڵ و خۆ هەڵکێشان و فشەکەری خۆیان کەوی دەکەن، کە لێرە کەوی دەکەی، هەر کە چاوت لێ غافڵ کرد لە شوێنێکی دیکەدا کێوی و هۆڤی دەبێتەوە.

رۆمان، وەکو لە رۆمانی تازەشدا بە ئاشکرا دیارە، تاقیگەیەکە کە مرۆڤ بەڕووت و قووتی تێدا شیکار دەکرێت، ئیدی جەوهەر و کرۆکی واقیعییانەی بەشەر، کاروکردار و رەفتاری، لە سایەی حوکمی پێشوەختەو رواڵەتسازی و" هتد" پەنهان ناکات، ئیدی گەلێك خەڵکی زەبەلاحی بەڕواڵەت قارەمان دەبن بە مشکی تۆقیوی هەترەش چوو، قسەی زل و قەبەو قەڵەو دەکەونە ئەو گۆڕەو پەردەیان لەسەر لادەچێت" ئەو کەسانەی کە خۆیان فریو دەدەن و واقیع بەگوێرەی حەزی خۆیان لە خەیاڵدا پەروەردە دەکەن" خەڵکانی خەیاڵپلاو، غافڵگیر دەبن و نە رابردووی خۆیان پێ دەسڕێتەوە نە شوێن پێی خۆیان و نەجێ پێی کەسانی دیکەیان پێ کوێر دەکرێتەوە و هیچ چارێکیات نامێنێ تەنیا خۆ ناسین و ناسینی دنیای خۆیان و دەوروبەری خۆیان نەبێت و ئەوجا روحی خۆیان لە دۆستایەتی و خۆشەویستی مرۆڤدا بسمیل بکەن و رۆحی خۆ تازە بکەنەوە و ماقوڵییەت بە ژیان ببەخشن و لە زەمینەی خۆشەویستیدا، ئازادی بجەربێنن و مانایەك بۆ ژیانی خۆیان بدۆزنەوە.

رەنگە خەڵکانێك پێیان وابێ، رۆمان لەم سەردەمە جەنجاڵ و زانست زەدەیەدا مردبێت، یان لە گیانەڵلای مەرگدا بێت، یان بە تۆبزی بێتە کوشتن. بەڵام تاکو ئەندێشەو خەیاڵ و خولیاو کەڵکەڵەو ترس و نیگەرانی و سەرگەردانی، خەون و خۆزگەی رەسەنی بەشەری مابێ. سەرچاوەکانی رۆمان وشك ناکەن و رۆمان وەکو ژانرێکی باڵای ئەدەبی دەمێنێ و قۆناغ بە قۆناغ وەکو شێوەو نێوەرۆك خۆی تازە


www.pertwk.com

PDF4Kurd

دەکاتەوەو کاژ فڕێ دەدات و وەکو پێویستییەك درێژە بە ژیانی خۆی دەدات و ناچارمان دەکات لە مێژوو و، بوونی مرۆڤ رامێنین.

(6)

بەهەر حاڵ پێشکەوتنی زانست و لق و پۆپەکانی زانست و پسپۆڕی پەیداکردن لە بوارەکانی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیدا، وای لە مرۆڤ کرد کە بەرە بەرە بوون لە بیر بکات و لە فەرامۆشخانەی بووندا غەرق ببێ و هێزە تەکنیکی و سیاسی و مێژووییەکان بەسەریدا زاڵ ببن و تا رادەیەك بخرێتە پەراوێزەوە" دیارە لێرەدا دەبێت ئەوە بگوترێت کە دامەزرێنەرانی سەردەمی تازە تەنیا زانایان و دانایان نین، بەڵکو ئەدیبان و هونەرمەندانیش لەوان کەمتر نین. رەنگە بتوانین بڵێین کە سیر ڤانتس هاوشانی دیکارتە" دیارە هەر یەکەیان لە بواری خۆیدا" ئەگەر بشێت بگوترێ کە فەلسەفەو زانست، بوونی مرۆڤیان فەرامۆش کردووە، ئەوا ئەدەب بە هەموو لقەکانییەوە، بەتایبەتی رۆمان، خۆی بۆ هەڵکۆڵینی ئەو بوونە فەرامۆشکراوە تەرخان کردووەو بە دوویدا دەگەڕێت. بۆیە تا بوونی مرۆڤ هەڕەشەی لەسەر بێ، ئەوا رۆمان نامرێت و لە حاڵەتی (دۆنایدۆندا) سەرهەڵدەداتەوەو مرۆڤ لە (فەرامۆش بوون) پاسدەکات ولایەنە نەناسراوەکانی بوونی بۆ دەدۆزێتەوەو کەشف دەکات، کەشفکردن و دۆزینەوە تاقە پەیامی ئەخلاقی رۆمانە.

(7)

قەدەغەکان، سانسۆر، سەرکوتی ئایدۆلۆژی بەهەر هەموو جۆرەکانییەوە، تەنانەت بە ئاینیشەوە دوژمنی سەرسەختی رۆمان بوون و تا رۆژگاری ئەمڕۆش ئەمە لە زۆر وڵاتدا هەیە. رۆمان هەر کە لە قاڵبدراو بیرو ئایدولۆژیایەکی دیاریکراوی پێشوەختەی لێ بارکرا، ئیدی دەکەێتە دەرێی مێژووی رۆمان، بۆ وێنە گەلێك لەو رۆمانانەی کە لە سایەی حوکمڕانی سۆڤیەتداو بەمەبەستی چەسپاندنی ئایدۆلۆژیای دیاریکراو هاتنە چاپ و بڵاوکردنەوە، چ کەشفێکی تازەیان بۆ بوون پێ نەبوو، واتە چ بەشدارییەکیان لە پرۆسەی کەشف و دۆزینەوەی تازەی بوون نەبوو کە ئەو پرۆسەیە دەکاتە مێژووی راستەقینەی رۆمان واتە رۆمان تا رادەیەکی بەرچاو لەسەردەمی حوکمڕانی سۆڤیەتدا وەستابوو.

دیارە هەر وەستانێك لەم مەیدانەدا گەر درێژە بکیشێت و بەردەوام بێت. هاوتای جۆرە مەرگێکە. هەڵبەتە مەبەست ئەوەیە کە رۆمان لە مێژووی خۆی دادەبڕێت" بەڵام لێرەدا دەبێت ئەو پرسیارە بکرێت کە ئەگەر هۆی سەرهەڵدانی رۆمان و پەیامی رۆمان – ئەگەر قەرار بێ پەیامێکی هەبێ – ئەوە بێ کە رووناکی، کە ماقووڵییەت بە ژیان ببەخشێت و مرۆڤ لە (فەرامۆشبوون) پاس بکات، ئایا لەم رۆژگارە هەرە ئاڵۆز و جەنجاڵ و ترسناکەی ئەمڕۆدا، لە هەموو سەردەم و رۆژگارێك پتر پێویست بە رۆمان نییە؟! رەنگە وا بێ، ئەمەش بۆ خۆی نوقڵانەی بووژانەوەی رۆمانە ، نوقڵانەی سەرهەڵدانی رۆمانی تازەو هاوچەرخە، مژدەی گەڕانەوەی رۆمانە بۆ ناو جەرگەی مێژووی خۆی، کە لەبەردەوامی کەشف و کەشفکاری و دۆزینەوەکانی رۆماندا بەرجەستە دەبێت، رۆمان سەروسەختی لەگەڵ رۆحی بووندایە، رۆحی بوونیش لەوە ئاڵۆزترە کە خوێنەر بیری لێ دەکاتەوە.

(8)

دیارە رۆمان وەکو ژانرێکی زۆر دیاری ئەدەبیات، بریتییە لە وروژاندنی پرسیار لە دووی پرسیار و گەڕان بەدووی وەڵاماندا، هەر ئەم بناغەو هەوێنە لق و پۆپی فرەی لێ دەبێتەوەو لق و پۆ بۆ دنیای ئەشق و خەباتی چینایەتی، دیاردەناسی و دەروونناسی و کۆمەڵناسی و مرۆڤ ناسی دەهاوێ و لە


www.pertwk.com

PDF4Kurd

تاقیگەی هونەردا تەجرەبەی دەکات و هونەرییانە پێمان دەڵێت کە جیهان و مرۆڤ لێکدی جیا نابنەوەو تەواوکەری یەکترن و کە جیهان دەگۆڕێت بوونیش دەگۆڕێت، دیارە لێرەدا دەبێت ئەوە بگوترێت کە جیاوازی رۆمان لە کایە رۆشنبیرییەکانی دیکە، لە گوتنی شتێکدایە کە تەنیا رۆمان دەتوانێ بیڵێ" واتە رۆمان بوون دەپشکنێ نەك واقیع، بوونیش زنجیرەی رووداوەکان یان کۆی رووداوەکان نییە، بوون مەیدانی ئیمکاناتی تیرەی بەشەرە، هەر شتێك کە مرۆڤ بتوانێ واقیعییەتی پێ ببەخشێت. رۆماننووسان نەخشەی بوون بە کەشفکردنی ئەم یان ئەو ئیمکاناتی بەشەری دەکێشن. بەڵام هەبوونیش دەکاتە بوون لە جیهاندا، بۆیە دەبێت هەم کەسایەتی رۆمان و هەم جیهانی رۆمان وەکو ئیمکانات دەرك بکرێت، یانی رۆماننوس نە مێژوونووسە نە پەیامبەرە، بەڵکو لێکۆڵەرەوەی بوونە.

** •

یەك ژیان بەشی یەك کەس ناکات، یانی بۆ دروستکردنی کەسێك چەندین ژیان پێویستە، ژیانیش بریتیە لە عەمەل، جا با بزانین عەمەل چییە؟! ئەمە مەسەلەی هەرە بنەڕەتی رۆمانە، مەسەلەیەکە کە رەگەزی بناغەیی رۆمان پێکدێنێ" هەر لەم پێودانگەوە مەسەلەی نەخشەو بڕیار دێتە ئاراوە، نەخشەو بڕیار چۆن بۆ کردەوە دەگۆڕێن. کردەوە بۆ ئەوەی ببێ بە رووداو چۆن ریزبەندی دەبێ؟ زۆر لە رۆماننووسان پێیان وایە کە بزوێنەرێکی دیارو ئاشکرا کردەوە دەخوڵقێنێ و هەر کردەوەیەك دەبێتە باعیسی کردەوەیەکی دی. رووداویش دەکاتە زنجیرەیەکی ئاشکرای هۆ و ئەنجامی کرداران"

وەکو لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە رۆمان سەروساختی لەگەڵ ئەو شتانەدایە کە تەنیا رۆمان دەتوانێ بیڵێ و نیشانی بدات، کە تەنیا رۆمان دەتوانێ کەشفی بکات" دیارە رۆمان، بۆ ئەوەی بگات بەو ئاستە، دەتوانێت بە شێوەیەکی هونەریانە، کایە رۆشنبیرییەکانی دیکەی وەکو شیعرو فەلسەفە بخاتە خزمەتی خۆیەوە بەبێ ئەوەی ناسنامەی خۆی لەدەست بدات، بەڵام جیاوازییەکی زۆر لە نێوان شێوەی بیرکردنەوەی فەیلەسوف و شێوەی بیرکردنەوەی رۆماننووس هەیە" واتە رۆماننووس کاری خۆی لە قاڵبی هونەرداو بەگوێرەی بیرکردنەوەی خۆی دەکات، واتە ئەگەر فەلسەفەو فیکر هونەریانە دەخزمەتی رۆمان خران، مانای وا نییە رۆمانووسەکە بوو بە هزرڤانێکی مەزن یان فەیلەسوفێکی گەورە، ئەگەر ئەمە بشبێ ئەوا تەنیا وەکو رۆماننووس خودانی فەلسەفەو هزرە" واتە بەو مانایەی کە دەتوانێ چۆن لە رێگەی قارەمانەکانییەوە دنیایەکی زەینی زۆر دەوڵەمەند و جوان بخوڵقێنێ" واتە فیکر کە چووە ناو چوارچێوەی رۆمانەوە لە رووی ماهییەتەوە دەگۆڕێت و ئەو قاتیعیەتەی دەرێی رۆمانی نامێنێ و بە تان وپۆی ناسکی خەون و خەیاڵ دەهونەرێنرێت" واتە ئەوەی رۆمان دەتوانێت بەشێوازی خۆی پێمانی بڵێت، هیچ جۆرە بیرکردنەوەو تێفکرینێکی کۆمەڵناسانە یان سیاسەتوانانە یان فەیلەسوفانە ناتوانێت بەو ئاوایە پێمانی بڵێت.

**(9)**

فرەدەنگی یەکێکە لەو بنەمایانەی کە خزمەتی پێکهاتەی رۆمانی، لە باری هونەرییەوە کردووە. رۆمان هەر لە سەرەتاوە هەوڵیداوە خۆی لە یەك هێڵی یان تاك هێڵی قوتار بکات و لە گێڕانەوەی رووداوەکاندا چەند کلاوڕۆژنەیەك لە خۆی و بۆ خۆی بکاتەوە" جا ئەم دەنگانە ئەگەر چی بەیەکەوە پەیوەستن و و لەیەکدا جۆشیان خواردووە. بەڵام سەربەخۆیی رێژەیی خۆیانیش هەیە.


www.pertwk.com

PDF4Kurd

رۆمان کەشف و دۆزینەوەی مەبەستە، بەڵام هەموو ئەو لایەنانەی کە کەشفیان دەکات، وەکو جوانی کەشفیان دەکات، جوانیش تروسکەیەکە لە ناخی دەقەوە خێرا هەڵدێ و گەشکەیەکی بە لەزەت و حیرەتئەنگێز بە رۆح دەبەخشێت.

لە کۆتاییدا دەبێ ئەوە بگوترێت کە رۆماننووس پەیڤداری هیچ کەسێك نییەو پەیڤداری بیرە تایبەتییەکانی خۆیشی نییە، بەڵکو ئەویش دەبێت بەکەسێکی ناو رۆمان، رۆمانیش بەهەشتی خەیاڵی تاکە، رۆمان جیهانێکە کە کەس تیایدا خودانی حەقیقەت نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانی ناو رۆمان هەقی ئەوەیان هەیە کە بناسرێن و دەرك بکرێن.

رۆمان، بەتەبیعەت و سروشتی خۆی، سەر بە یەقینیەتی ئایدیۆلۆژی نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، واتە ریسی فەیلەسوفان و هزرڤانان دەکاتەوە بە خوری، ئەمەش لایەنێکی هەرە گرنگی رۆحی و مەعنەوی قۆناغ و سەردەمی خۆی پێکدێنێت و دەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی هەر قۆناغ و سەدەیەك حەساوی بۆ بکرێت، دەنا هەڵسەنگاندنەکە سەنگەلا دەردەچێت.

<u>**تێبینی:**</u>

*** بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: میلان کوندرا، هنررمان، ترجمە: دکتر پرویز همایون پور- نشر گفتار/ تهران 1377 (1998)**

* رۆمان لە نێوان موغامەرەی نووسین و نووسینی موغامەرەدا حەمەکەریم عارف/ نەوشەفەق ژمارە: 18 ئەیلولی 2004 ل 33-39.


www.pertwk.com

PDF4Kurd

# رۆمان لە نێوان

# موغامەرەی نووسین و نووسینی موغامەرەدا

(1)

رۆمان وەکو باڵاترین ئامرازی گوزارشت و دەربڕین لە نیوەی سەدەی بیستەمەوە برەوی تەواوەتی سەند، لە کاتێکدا کە لە رابردوودا هۆیەکی سەرگەرمی و پاراوکردنی خەیاڵ و سۆز بوو، ئەوڕۆکە گوزارشت لەو بەرپرسیارێتی و رازو نیگەرانییانە دەکات کە جاران ئەرکی داستان (ملحمە)و مێژوو و باسی ئەخلاقی و تەسەوف و هەندێ جار شیعر بوو.

بە هەرحاڵ لە سەدەی بیستەمدا ئەرکی رۆمان بوو بە شۆڕبوونەوە بۆ ناو قوڵاییە هەرە قوڵەکانی ناخ و دەروون، هەروەها هەمان لەزەتی منداڵانە کە چیرۆکی کاریگەری روح و حیکایەتان پێشکەشی دەکەن، پێشکەش دەکات. رۆمان ئەمڕۆ رۆڵی غەیبزانی دانا، سەرپەرشتیاری سیاسی، کارەکەرو پەرستاری منداڵان، رۆژنامەنووسی رووداوە رۆژانەکان، پێشڕەو و مامۆستای فەلسەفەی نهێنی دەبینێ، رۆمان ئەم هەموو دەورو رۆڵانە لە میانەی هونەرێکی جیهانییەوە بە جۆرێ دەبینێ وەك ئەوەی بیەوێ جێی هەموو هونەرەکانی دی بگرێتەوە.

هونەری رۆمان، لە یەك کاتدا سەرنجڕاکێشی (حیکایەت) پێشکەش دەکات و تۆمارێکی دەوڵەمەندیشە بۆ دەنگ و دەنگدانەوە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و ئەنتولۆژی و ئەستاتیکی کە دەشێت لە حیکایەتدا هەبن. رۆمان هەر لە سەرەتای سەدەی هەڤدەوە رووی کردۆتە بوارە هەر قووڵ و نادیارو نهێنی و پڕ جووڵەکانی ناخی مرۆڤ و بووە بە هونەری کەشفکردنی رازو نهێنییان. جا رۆماننوسی کارامەو لێهاتوو یارمەتیمان دەدات ئەو بەشەی ژیانمان بناسین و گوزارشتی لێ بکەین و بیهونەرێنین، ئەو بەشەی لە هەوەڵێڕا وا دەنوێنێ کە لە کەشف کردن و کرانەوە نەیەت.

رۆمان هەر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانیدا پتر زادەی پێداویستییەکی ئەدەبی بووە، بریتی بووە لە گێڕانەوەی حیکایەتێك، بەڵام بە تێپەڕبوونی رۆژگارو پاش چەند سەدەیەك لە گۆڕان و گۆڕانکاری بووە بە وەڵامدانەوەی پێداویستیانی گەلەك نهێنی دی قوڵترو قوڵتر.

کەواتە رۆمان کە وەکو هونەرو ژانرێکی ئەدەبی سەرڤە سەرڤە (لە ئەدەبیاتی کۆندا ژانرێکی بازاڕی بووەو تا سەدەی هەژدەش هەر ڤێزەوەرو ناپەسەند بووە) پەرەی سەندو بە ئامانج و مەرامی غەریب لە ماهیەتی خۆی موتوربەو دەوڵەمەند بوو... بە کورت و کرمانجی رۆمان لەگەڵ مرۆڤی تازەدا لە دایك بووەو پەرەی سەند...

(2)

(دۆنکیشۆت) بریتییە لە تەوس و قەشمەری بە وەهم و خەیاڵاتی سوارچاکی، کە سرڤانتس گاڵتەی بە خەیاڵاتی دونکیشۆت دەکرد لە هەمان کاتدا بەشداری لە وەهم و خەیاڵاتی سەردەمی خۆی دەکرد.


www.pertwk.com

PDF4Kurd

ڕۆمان لە کۆتایی سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم، پەرەی سەندو بە (حەقیقەت) ئاوس بوو. لەوە دەرچوو تەنیا بۆ سەرنجڕاکیشان بێ، وای لێهات خەڵکی بڕواننە ئامانجەکانی: ئامانجی بریتییە لە وێنەگرتنی مرۆڤ، یان قۆناغێکی مێژوو، یان کەشفکردنی میکانیزمی کۆمەڵگە، لە دواجاریشدا وردترین گیروگرفتی دەخاتەڕوو.

لە سەدەی حەڤدەدا هەموو شتێك هەر گێڕانەوە بوو، خەڵکی دیقەتی ئەوەیان نەدەدا کە (کار)ی مرۆڤ کەرەستەی بنەڕەتی داهێنان و ئەفراندنی ڕۆمانە.

لە سەدەی حەڤدەدا ئەوە بوو کە گەمەی زمان و زمانبازی و ڕێزمانبازی گۆڕا بە لێکدانەوەی حەقیقی سۆزەکان.. بە کورتی ڕیای ئەدەبی جوان و ڕازاوە چوار دەوری ئەم سەدەیەی تەنی.. جاران قارەمان بەدەستی گوتیار (نووسەر بوو) گوتیار (ڕاوی) بە کەیف و ماشای خۆی هەڵیدەسوڕاند، لێی دەکۆڵییەوە. حەپسی دەکرد، تەجرەبەو تاقیکردەوەی لەسەر دەکرد: هەم زیندانەوان بوو هەم جەلاد، بەڵام ڕۆمانی تازە بوو بە قەرەوێڵەکەی برۆکۆست* (کەسایەتییەکی ئەفسانەییە گوایە هەر بەوە سوکنایی نەدەهات کە ڕێبوارانی ڕووت دەکردەوە، بەڵکو لەسەر قەرەوێڵە تایبەتییەکەی خۆی درێژی دەکرد، هەر کەسێك لاقی لە قەرەوێڵەکە درێژتر بوایە بۆی دەبڕییەوە، هەر کەسێك کورتتر بووایە بە کندڕ رایدەکێشا تا بە قەد قەرەوێڵەکەی لێدەهات.) یان بوو بە ژووری ئەشکەنجە"

نووسەری ڕۆمانی (گوڵە زەنبەقی دۆڵێ) بۆ وێنە خادوم ورتسوف–ی ئازار دەدا، بەڵام فلوبیر هات و بەجارێ مەسەلەکەی ژێرو ژوورکرد.

هەر خۆی ئازاری خۆی دەدا. ڕۆمانی (گوڵە زەنبەقی دۆڵێ)–ی بەلزاك شیتەڵکردنەوەیەکی سامناکە، بەتایبەتی لە وێنەگرتنی مەدام دومورتسوف\دا\" هەروەها ڕۆمانی (دومینیك)ی ئوجین فرومناف–ش ئازارو سۆزان ڕوون دەکاتەوە.

بەمجۆرە ڕۆمان بە درێژایی سەدەی نۆزدە– جگە لە ڕۆمانەکانی نرفات و لوتدامون– پابەندو گیرۆدەی گرێیەکی سایکۆلۆژی و پابەندبوونی (قارەمانان) بە ئەشقێکی کاریگەرەوە بوو.

سەدەی بیست، لە هەندێ حاڵەتدا دەستبەرداری فەندوفێڵی گێڕانەوەو بابەتەکانی گێڕانەوە بوو، تا بایەخ بە (شذوذ)ی ویژدان و لق و پۆپەکانی ویژدان بدات. ئەو ویژدانەی گەڕێنرایەوە بۆ خودی خۆی و نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکانی و ڕازو نهێنییەکانی.. هەنگێ ڕۆمان زیاتر لە قەسیدەیەك دەچێت لەمەڕ ڕازەکانی ویژدان تا (ڕۆمان) یان گێڕانەوە. بۆیە موحافەزەکاران کە هەستیان کرد ئەم (ژانرە) تازەیەی ئەدەب، واتە ڕۆمان لە مێژووی ئەدەبیاتدا، بەتاسەیەکی پڕ نیگەرانییەوە ڕوو لە ناخ دەکات، لە ناخی هەڵچوون، خەون، لایەنە پەنهانەکانی دەروونی مرۆڤ، ئەوەیان بڵاوکردەوە کە خوێندنەوەی ڕۆمان بۆ کیژان خەتەرو بڤەیە" چونکە چۆن بابایەکی غەواس ناتوانێ جگە لە بڕێکی دیاریکراوی ئۆکسجین پتر لەگەڵ خۆیدا بەرێتە بن ئاو، ڕۆمانووسی بوێرو سەرکێش و سادیش کە ئامادەیە گۆمی مەنگی دەروونی مرۆڤ بشڵەقێنێ، کە خۆی بە قوڵایی نهێنییەکانی دەروونی مرۆڤدا دەکات ناتوانێ تەنیا بڕێکی کەم لە ئەخلاق لەگەڵ خۆیدا ببات... تەنیا دواتر ڕێگە بۆ ڕۆمان رەخسا خۆی بە قوڵایی دەریایاندا، بە جیهانی دەروونی مرۆڤدا، بە هەموو جەنجاڵی و عاجباتییەکانیدا بکات.

ڕۆمان لە سەدەی نۆزدەدا دووچاری ئیغرایەکی دیکە بوو: ئیغرای بیری پتەو، کە دەیکات بە بەڵگەنامە، بە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی، فێری وەسفی فۆتۆگرافی و شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی و بەڵگەنامەیی و ڕیپۆرتاژی دەکات. توێژەری زادەی کۆمەڵگەی خودان ژیارو شارستانیەتی بەرز، خودان

PDF4Kurd

بیری پرۆپووچ، کە رۆمانی وا لێکرد بە ناخی مرۆڤدا رۆ بچێ، ماوەیەکی یەجگار زۆر بە گوێرەی رێچکەی خۆی رۆیی، کۆمەڵگەی بۆرژوازی تازە داوا لە رۆمان دەکات و بە تەمایە زانیاری و بەڵگەی بداتێ، جا لێرەوە قوتابخانەی واقیعی پەیدا بوو..

**(3)**

لێ رۆمان لە سەدەی نۆزدەدا وەرچەرخانێکی گەورەی بەسەردا هات، کە سەرهەڵدان و پەرەسەندن و سەرکەوتنی بۆ مسۆگەر کردبوو بە (بەڵگەنامەیەکی) بە رۆمانکراو. ئەم وەرچەرخانە بەر لە هەر شتێك دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی بلاوکردنەوە. ئێمە ناتوانین لە رۆمانی واقیعی سەدەی رابردوو بگەین ئەگەر ئەوە لەبەر چاو نەگرین کە بۆ ئەوە دەنووسرا (لە گۆڤارێکدا یان لە رۆژنامەیەکی رۆژانەدا بلاوبکرێتەوە) گەورەترین رۆمانەکانی سەدەی نۆزدە هەوەڵجار بە (زنجیرە) بلاوبوونەتەوە. دیکنز لە رێگەی رۆژنامەوە بوو بەو رۆمانووسەو ناوی پەیدا کرد. دوستوفسکی لەسەر داواو هاندانی سەرنووسەرێن رۆژنامەکان، بە زنجیرە رۆمانی بلاودەکردەوە.. بەمجۆرە توێژینەوەو شیکردنەوەی کۆمەڵ و نهێنی و پشت پەردەکانی کۆمەڵ و دیمەنە شایستەکانی بە وێنەگرتن، بەسەر ئەوانەدا داسەپا کە پێیان دەڵێن (واقیعییەکان).

رۆمانی بە زنجیرە (بە گوێرەی تێگەیشتنی سەدەی نۆزدە) بوو بە سەرامەدو پێشەنگی رۆمان. بەرهەمێن بەلزاك و دیكنز و زۆلاو تەنانەت فلۆبیر لە گۆڤاراندا بلاودەکرانەوە.. بەلزاك شێوازو شێوەو ئامانج و رێچکەیەکی تایبەتی جیهانبینی و شیکردنەوەی لە رۆژنامەوانییەوە وەرگرت، بەلام هەموو ئەمانەی گۆڕی کردی بە رێچکەیەکی ئەدەبی بۆ دەرککردنی جیهان.. بەلزاك نەك هەر خۆی بە نووسەرێکی بچووك یان ئەدیبێکی ئاسایی نەدەزانی، بەڵکو خۆی لە ئاستی ناپلیۆن\دا دەبینی و لە بارەی خۆیەوە دەڵێت: (... من دەتوانم کۆمەڵگەیەك بە تەواوەتی لە زەینی خۆمدا هەڵبگرم.) هەڵبەتە ئەوەی مایەی سەرسامییە، ئەو هونەرکارییەی کە بەلزاك جێگەی رەخنەی سایکۆلۆژی و رەخنەی کۆمەلایەتی تێدا کردۆتەوە. بەلزاك، حەیوان و قاوغەکەی وەسف دەکات.

مرۆڤ و ژینگەو بنج و بناوانی لێکدەداتەوە، بەلام دەرفەتی ئەوەشی دەداتێ کە زاڵ بێت بەسەر ژینگەی خۆیداو چارەنووسێك بۆ خۆی دابنێ.

دیکنز، یەکەم کەس بوو لە بڕی وەسفی دووردرێژو تێروتەسەلی سایکۆلۆژییەوە روویکردە وەسفی ئەو کەشوهەوایەی کە سەدەیەك دواتر سینەما کەوتە کەشفکردنی بە هەرحاڵ وەسفی زیاد لە پێویست وردە وردە بایەخ و رەمزییەتی خۆی لە دەستدا، چونکە هونەری وەسف زۆرجار حەقیقەتی حیکایەتەکەی دەخستە بنەوە. ئێمە کە (مەدام بۆڤاری) یان چیرۆکێکی موپاسان دەخوێنینەوە لەگەڵیا تێکەڵ نابین، نابین بە هاوڕێی قارەمانەکانی: چونکە زۆر بەوردی و زیاد لە پێویست وەسف کراون و وا هەست دەکەین کە خۆیان خۆیان دەبینن، ئیدی نە لەگەڵیاندا هەڵدەچین و نە ئازار دەچێژین، وەکو چۆن لەگەڵ قارەمانانی دیکنز و بەلزاکدا دووچاری ئەمە دەبین و دەبین بە شەریکی ئەو مەینەتیانەی ژیان بەسەریاندا دێنێ..

**(4)**


www.pertwk.com

PDF4Kurd

رۆمـان هـەرگیز ئـەو رەواج و بـاوەی سـەدەی بیسـتەمی بـە خۆیـەوە نـەدی بـوو. لـە سـەدەی بیسـتەمدا خـەڵکی بـە تـەواوەتی روویـان تێکـردو بـرەوی سـەند. رۆمـان لەگـەڵ پەرەسـەندنی رۆژنامـەوانی و رای گشتیدا گەورە بوو. رۆمان لە پاڵ لایەنی راگەیاندن و موناقەشەی رای گشتیدا، بوو بە ئامرازێك بۆ رامان و تێفکـرین و سـادەکردنی بابەتـەکان و نیشـادانیان، لـە سـەردەمی بـەلزاك یـان دیکنـزەوە بـوو بـە (ریپۆرتاژ)ێکی خەیاڵی، زۆلا زیاتر پێی لەسەر ئەم لایەنە داگرت. واتە ئەو ریپۆرتاژەی (فەلسەفەیەکی کۆمەلأیەتی تێدا بەدی دەکەین.

دەبوایـە رۆمـان لـە سـەدەی بیسـتەمدا ئـەم رۆڵـە بیـارێزێ: زۆربـەی رۆمانـەکان (گرفتێك) دەخـەنـەڕوو دەشێت ببێ بە بابەتێکی تەحقیقی رۆژنامـەوانی، رۆمـان لەگـەڵ بـەلزاك و فلـۆبیر و زۆلاو موپاسـاندا واتـە (کلاسـیکییەکان) لـە دایـك بـوو، پاشـخانی مەلحـەمی ئـاڵۆزی پشـتگوێ خسـت.. بـەلأم جیهانبینییـە واقیعییەکـەی پاراسـت و بـە شـێوەیەکی بابەتیانـە دیمەنـە حەقیقییـەکانی بەرجەسـتە دەکـردو هـەردوو نووسـەرو خوێنـەری لـە دەرێ و لـە سـەروو حەقیقەتەکـەوە دانـا وەکـو تەماشـاڤان و شـیکەرەوەو داوەر، هونـەری رۆمـان لـەو سـەردەمەدا لـە وزەی شـیکردنەوەو لێهـاتوویی سـیحر ئـامێزو نیشـاندانی ئـەم حەقیقەتەدا خۆی دەنواند.

لە سەدەی بیستەمداو لەگەڵ پەیدابوونی جۆیس و پروستدا ئیدی ئەم شێوازە رۆمانە بەرە بەرە لـە باوکـەوت و بـرەوی نـەما. ئیـدی رۆمـانی میتـا واقیعـی پەیـدا بـوو، کـە رۆر بلیمەتانـە مالیجـەی رازە کۆمەلأیەتییـە هەمـە جـۆرە بـێ سـنوورو بـێ پایانـەکانی دەکـردو دیـالۆگ هێنـدە خۆرسك و خۆبـەخۆ لـە رۆماندا جێی خۆی کردەوە، لە تۆ وایە دیالۆگی ئاسایی پچڕپچڕی ناوخودی ژیانە. قارەمانانی رۆمان لە سەدەی نۆزدەدا یان لە سەرەتاکانی سەدەی ناوبراودا بەم شێوەیە قسەیان نەدەکرد...

بەلزاك لە سەردەمی واقیعیدا پێی دەگوتین کە (راستیناك) هەست بەچی دەکات، یان قارەمان قسـەی نـەدەکرد، بـەڵکو بـەلزاك قسـەی دەکـرد... بـەلأم لـە رۆمـانی میتـا واقیعیـدا خوێنـەر راستەوخۆ دەبـێ بـە شەریکی گیانی بە گیانی خۆشی و ناخۆشییەکانی قارەمان و دەبێت بە شەرێك شعور لەگەڵیدا.

رۆماننووسـی میتـا واقیعـی لەسـەر ئاسـتێن بـێ شـومار گـەمان دەکـات. هونـەری (کورتکردنـەوە)ی لەدەستدایە. جا بۆ ئەوەی (وێنەیەکی) قارەمانێکی بگرێت، هەر هەموو ئەوزارەکان بەکار دێنێ: ئیدی هەر لە دەستپێکی راستەوخۆی رووداوەکەوەو ئەوجا تەفسیرێن تەواوکەر، روانینێك لە دەرێڕاو یەکێك لە ناوەوەڕا، یەکانگیر بوونەوە لەگەڵ روانین و جیهانبینی قارەمانەکانی دیکەدا.

جا بۆ ئەوەی مادەکەی بتەقێنێتەوە، مەبەستمان (ژیانی رۆژانەیە) ئیدی هەموو رێگەیەك دەگرێتەبەر: وەسفی بابەتی، یەکێتی دەگەڵ ویژدانی قارەماندا، پەنابرنەبەر وەسفێك کە (شاهیدێك) دەیکات... تاد. هەروەها بە ئاسانی ئەوەش دەبینین کە چۆن گەمە بە زەمان دەکات.

بـەلأم رۆمـانی میتـاواقیعی خەوشـێکی هـەبوو: ئـەویش ئەوەیـە کـە رۆمـاننووس بـە تـەواوەتی بەسـەر کەرەستەو بابەتی رۆمانەکەدا زاڵە.

(5)

هـەر لـەو سـەروبەندەدا کـە حیکایـەتی (بونیـاد مەحکـەم) گەییـە لوتکـەی گێڕانـەوەو وەسـف و شیتەڵکردنەوە، خرایە بەر لۆمەو گازاندەو تاوانبارکردن: رەمزییـەکان پشـتیان تێدەکرد، پاشـینانی وان، کـە بـە زۆری رەمزییـە کۆنـەکان بـوون وەکـو (جیـد) لـە شـێوە قـاڵبێکی پێچـەوانەی رۆمـان دەگـەڕان ئـەو مەنتیقە تێك بشکێنێ کە گوتیار بەسەر کەرەستەی رۆمانی دا دەسەپاند.

PDF4Kurd

کاتیٚ ئەفراندن گیرۆدەی یەك ریتمی دەبێت و زۆر میکانیزمانە دەکەوێتە بەرچاو، ئیدی داهێنانێکی فرەدەنگ دێتە پێشی و خۆی دەسەپێنیٚ: ئیدی رۆمان بابەت و کەرەستەیەکی چڕتر دەگرێتە خۆو ژیانی هونەری پیٚ دەبەخشێت، ئیدی خوێنەر بەدوای گرێدا ناگەڕێت، بەڵکو تێکڕژانی چارەنووسەکان یەخەی هزرو بیرو هەستی دەگرێت، ئیدی لەسەر هێڵی سەرەکی ئاوازو ریتمەکەدا هێڵی دیکە تێکەڵی دەبن، دەپچڕێن، دەوەستن، ئەوجا یەکدەگرن و لە یەکدیدا دەتوێنەوە.

جا ئەمەش حیکایەتێکی پەستاوتە نییە، بەڵکو رەنگێن هاوتەریب یان لێکدووری هەندیٚ بابەتێن سەرەکین.. ئەمەش خۆی لە خۆیدا فرەدەنگی بە گەڵ خۆی دەخات و ئەوەمان پیٚ دەڵێن ژیان ئەوەیە لەو دیوی هەراو زەناو کپی و خامۆشی ژیانەوە دەبیستریٚ، ژیان مۆسیقایە..

رۆمانی شموولی بەشێوەیەکی گشتی، تەنانەت لە ئەوروپاو لە ئەمریکاش، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا برەوی سەندو رەواجی پەیداکرد.

رۆمانی شموولی گشتگیری سۆڤیەتی کە جیهانبینییەکی میتۆدی بۆ مێژوو ئاراستە دەکات، بە تەواوەتی گونجاو و کۆك و سازگارە. رۆماننووس کە پێشوەختە ئامانجەکانی دەزانیٚ و دیاریان دەکات، ئەمە وای لێدەکات ئازادانەتر خۆی بۆ دروستکردنی هاوسەنگی نێوان هەردوو رەگەزی تراجیدی و وێنەگری تەرخان بکات، هەر چەندە زۆربەی کات بایەخی کەمتر بە رەگەزی وێنەگری دەدات.

رۆمانی (دنی ئارام)ی میخائیل شولوخۆف داستانی ماڵباتی و مێژوویی خەڵکی قۆزاقی سەر رووباری (دن)ـە کە نیوە عەسکەرو نیوە شوانن، لە نێوان ساڵانی 1912– 1920 لەو رۆمانەدا نەفەسێکی مێژوویی، کە بە ئاشکرا تولستوی–مان وەبیر دێنێتەوە، سەربوردەی دەشت و ژیانی رۆژانەو قەرقەشەی گوندو ناکۆکی خانەوادەیی، وەرزو رۆژان، خۆشی و شادی، هەڵەو توندوتیژی ئەشق–مان بۆ دەگێڕێتەوەو ئێمەش لە سادەیی گێڕانەوەکەوە هەست بە باری رۆژانەی ژیانی بە کۆمەڵ دەکەین، هەست بە ژیان دەکەین وەکو چۆن مرۆڤ راستەوخۆ تێیدا دەژی، بە چاوی خۆی دەیبینیٚ، بە گوێی خۆی دەیبیستیٚ.

رۆمانی گشتگیرو فرە رووداو ئەگەرچی لە باری شیعرییەت و کۆمەڵایەتییەوە لە سەرچاوەی مەلحەمییەوە هەڵدەقوڵێت، توانی پەیامی رۆمان وەکو چۆن سەدەی نۆزدەی دیاریکردو خوڵقاندنی بگەیەنیٚ، دیارە ئەمە پەیامێکە وشك ناکات و وەکو خۆشی و ناخۆشی و تیرەی بەشەر بەردەوامە، ئیدی بەمجۆرە لە سەدەی بیستەمدا شێوەیەکی دیکەی هونەر پەیدا بوو، بیٚ ئەوەی شێوەکانی دیکەی رۆمان بخاتە ژێرەوە یان بسڕێتەوە.

**(6)**

رۆمان لە سەدەی بیستەمدا وای دەخواست گوزارشت لە ویژدان و ناخێك بکات، نەیەتە گێڕانەوە، چونکە هەموو شتێك لە گێڕانەوەدا پێشوەختە لێکدراوەتەو گوتیار (راوی) ئاگای لە هەموو رووداوەکان و ئاکامی رووداوەکانە، بەڵام لەرۆمانی تازەدا گوتیار هەموو شتەکان نازانێت و شتەکان ناکەونە ژێر رکێفی ئەوەوە. لێرەدا نووسەر بەرەبەرە جێی خۆی بۆ خوێنەر چۆڵ دەکات و خوێنەر دەبیٚ بە کەسێکی چالاك و ئیجابی ئەوتۆ کە دەوری یەکەمی لە پرۆسەی ئەفراندنی ئەدەبیدا هەبێت... واتە لە رۆمانی تازەدا بابەت نییە یان بابەتی پێشوەختە زانراو نییە، پاشان بابەتەکە لە ناو خودی پرۆسەی

PDF4Kurd

داهێنانەکەوە چەکەرە دەکات و بە شێوەیەکی خۆڕسك دروست دەبێ و پەرە دەستێنێ. کەواتە ڕۆمانی نا ئاسایی دەخوازێ وەرگر سەرسام و مەدهۆش بکات.

لەبری وەسف و شەرح و شرۆڤە, هەواڵ و زانیاری پێشکەش بکات.

واتە هەموو پاشماوەی میراتی سەدەی نۆزدە ڕەفز دەکاتەوە.. جا بۆیە ئەوانەی لە ڕۆمانی ئاسایی یاخی بوون، دەیانەوێ جیهانێکی ڕەمزی و هونەری بخوڵقێنن لە بری ئەوەی جیهانێکی ریوائی ئەوتۆ بخوڵقێنن کە دووبارە کردنەوەی جیهانی راستەقینە بێ, ڕۆماننووسی راستەقینە، هونەرمەندێکە زیاتر لە خەمی بونیاتی هونەری ڕۆمانە تا لە خەمی جیهانبینی فەلسەفەی سایکۆلۆژی تیرەی بەشەر بێ، بە هەرحاڵ ڕۆمان بە زۆر قۆناغدا هات تا لە دوا ئەنجامدا بوو بە هونەرو دەستبەرداری مێژوو و بارودۆخی مەدەنی و حیکایەت و گێڕانەوە بوو تا جیهانبینییەکی تایبەتی بۆ جیهان بەدەست بێنێ و جیهانبینییەك هاوتای جیهانبینی نیگارکێش و پەیکەرتاش بێ، واتە وەکو چۆن نیگارکێش بە ڕەنگ دەبینێ. پەیکەرتاش بە بارست دەبینێ، ڕۆماننووسیش دەتوانێ (سەرنجی تایبەتی خۆی) بدینێ واتە (ڕووداوەکان و هەست) بداتە بەر زەین و ژیان و کەماڵی حەقیقەت بخوڵقێنێتەوەو بهونەرێنێ و ڕۆمان ببێ بە مەتەڵێك و خوێنەر بۆ خۆی هەڵی بێنێ و لێکی بداتەوە.

سەدەی بیستەم لەگەڵ بروستدا ئەوەی کەشفکرد کە حەقیقەتی ڕۆمان، وەکو جیهانی ئاسایی یەك شێوەی نییەو لە هەموو شوێنێکدا پابەندی هەمان یاسا نییەو چونکە کەرەستەی ڕۆمان (حیکایەتێك) نییە پێشەکی و گرێ و ئەنجامی هەبێ و بە دەوری خۆیدا بخولێتەوەو هەنگڵەشەلی بکات. دەشێت ژیانی هەژاری بوونەوەرێك، هێندەی نیگەرانی و دوو دڵی و وەسوەسە لەخۆ گرتبێ، ببێ بە کەرەستەو بابەت و هەوێنی ڕۆمانی زۆر چڕوپڕو ئاڵۆزو هونەری، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ کرۆك و جەوهەری ڕۆمان پێکدێنێ (ڕەگەزی کاریگەری)یە.

(7)

بەپێی پێناسەی فەرەنسی، ڕۆمان هەر لە سەدەی چواردەوە بریتی بووە لە دانراوێکی بازاڕی، بە زمانێکی بازاڕی نووسراو، حیکایەتێکی ساکاری بە زنجیرە دەگێڕایەوە. کارە جدییەکانی سەرووی حیکایەت ئەرکی قەسیدەی مەلحەمی یان فێرکاری بوو... ڕۆمان تا ساڵی 1600 بریتی بوو لە (گوێزانەوەی بەرهەمی کۆنی ڕەسەن بۆ پەخشانێکی سۆزداری و زنجیرە حیکایەتی میللی...)

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ژانرە ئەدەبییە کە لە سەرەتادا تەنیا بۆ کات بەسەر بردن و سەرگەرمی بوو، لە سەدەی هەژدەوە هاتە ریزی هەرە پێشەوە، زانستەکانی دەروونزانی و کۆمەڵناسی دەوڵەمەندیان کرد، پاش ئەوەی وەکو ژانرێکی ئەدەبی هەوڵی دەدا خوێنەر سەرگەرم بکات و ئارەزووەکانی پاراو بکات بەرە بەرە ڕووی کردە ئەوەی پایەیەك لە ئەدەبیاتدا بگرێت کە گوزارشت لەکەڵکەڵەو ئارەزووەکان و داهێنان بکات. ئەوەبوو لە سەدەی بیستەمدا بوو بە بڵاوترین و باوترین شێوەی گوزارشت و هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەی ڕاماڵی و لە برەوی خستن. ئیدی لەم ماوەیەدا بە زەبری توانای خۆی و تەماحی ئەوەی کە لە بوارێن حەقیقەت و خەیاڵ و ڕەمزدا هەموو ئەو پێداویستی و توانایانە پڕ بکاتەوە کە لە رابردوودا ژانرە ئەدەبییەکانی دی گوزارشتیان لێدەکردن.

PDF4Kurd

گوتمان رۆمان لە سەدەی بیستەمدا هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەی راماڵی و لە خۆیدا تۆوی دان، بۆیە خەڵکانێك پێیان وایە (ئولیس)ی جیمس جویس قەسیدەیەکی مەلحەمییە لە جلکی رۆماندا یان بە پێچەوانەوە...

مەبەستی کۆنی مەلحەمە (داستان)و شیعر ئەوە بوو ژیان بگۆڕن بۆ ئەفسانە یان حیکایەتێکی خوازەیی, بەرهەمەکانی جیمس جویس، لە پشت رۆمانەوە، بۆنی ئەم پرۆسە ئەفسوناویانەی لیَ دێ ئەگەر بەدیشی نەهێنابن، رۆمانی (هونەرمەند لە لاویدا) دیدالۆس و رۆمانی (ئولیس) گوزارشت لەم کێشە دژوارەی نێوان رۆمان و ئەو رۆمانەی دەیەوێ ریوایەت ببەزێنێ، دەکات. رۆمانی (ئولیس – 1922) پلان و نەخشەیەکی فەلسەفی نهێنی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کەرەستەو بابەتەکەی هیچە، بریتییە لە رۆژی 16ی حوزەیرانی 1904 وەکو چۆن دەلاَلێکی بچووك لە (دبلن)دا بەسەری بردووە، دەلاَلەکەش لیوپولد بلوم–ـە سەعاتەکانی ئەم رۆژە پڕن لە هەست و بۆنی جیاوازو زاوزێی بیروفکران و واقیعی سایکۆلۆژی و کۆمەڵناسی. بریتییە لە 24 سەعات لە ژیانی جولەکەیەکی ئیرلەندی. جا لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە رۆمانی (داخراو) هەیەو رۆمانی (کراوە)ش هەیە. لە رۆمانی داخراودا حیکایەتەکە خۆی بەشی خۆی دەکات، هەموو شتێکی تێدا شەرح و شرۆڤە دەکرێت، مرۆڤ لە ئاوێنەیەکی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیدا تەماشای خۆی دەکات، بەڵام لە رۆمانی کراوەدا نووسەر پێشوەختە لەگەڵ فرجینا وولف و جویس و کافکادا دەزانیَ کە بۆی نالویَ خۆی راڤە بکات و بە هوشیارییەوە لەوە حالّی ببیَ کە خولّقاندوویەتی، واتە نووسەر دەسەلاّتی بەسەر رەفتاری قارەمان و رەوتی رۆمانەکەدا نامێنیَ، بۆیە رۆمان بەو حەساوەی کە ریسکێکی هونەرییە دەبێت پشت بە شێوازێکی ناباو، سەرسامکەر، لە زۆربەی کاتدا، ببەستیَ تا بابەتێك گەمارۆ بدات یان دەورو خولی بابەتێك بدات کە بە سروشتی خۆی پێناسە هەڵنەگرێت" چونکە هونەر دەقاودەق دەرفەت دانە بە چۆنیەتی بینینی ئاساییمان.

بە کورتی و کرمانجی هەمیشە –جگە لە هەندیَ سەردەمێن کۆن– ئاسایی بووە کە خەڵکی هونەر بە داهێنانێك بزانن کە لە سەرووی ژیانەوەیە، هەندیَ بە سامە، تا رادەیەك ئاڵۆزو بە تەمومژەو خەڵکی دەتوانن هەوڵبدەن لە ژیانی خۆیاندا لاسایی هونەر بکەنەوە، بەڵام کە هونەر لاسایی ژیان بکاتەوە، ئەمەیان لە هەموو سەردەمەکانی داهێنانی هونەریدا، بیرۆکەیەکی زۆر غەریب و نامۆ بووە.

**(8)**

رۆمانی تەقلیدی لە یەك روانگەو جیهانبینیدا کۆ دەبێتەوە ئەویش روانگەو جیهانبینی گوتیارە (راوی) بۆ دنیا... بەڵام لە رۆمانی تازەدا، ئێمە پەیگیری ژیان، رووداو لە دوای رووداو، لە چوارچێوەی رەوتی دوا بەدوای یەکی زەماندا ناکەین، خوێنەر دەخرێتە ناو (ئێستایەکی کاریگەر)ی ئەدەبی کورت، چڕو تیژ تێپەڕەوەو هەموو شتێك لەم ئێستایەداو لە رێگەی فلاش باك و گەڕانەوەی خێرا بۆ پاشەوە رەنگدەداتەوە. لە رۆمانی تازەدا –کە ئالان روب گرییە دامەزرێنەرێتی– مرۆڤ دەچێتە ناو قاوغی خۆیەوەو، لە ماوەی چەند سەعاتێکدا، لە چەند سەعاتێکی خەو زڕاندا، حیکایەتی خۆی بۆ خۆی دەگێڕێتەوە. ئیدی نووسەر یان گوتیار نایەت گوزارشت لە خۆی بکات، بەڵکو تەنیا دیمەنەکان ئاراستە دەکات بەبیَ ئەوەی دەنگی خۆی بەو دیمەنانە ببەخشێت، واتە دەنگی گوتیارو شێوازی گوتیار لە بەین دەچێت و رۆمان دەکاتە کۆمەڵە رووداوێکی بابەتی یەك لە دوای یەکی وەستایانەو بێلایەنانە هەڵبژێردراو.


www.pertwk.com

PDF4Kurd

رۆمانی تازە هەوڵ نادات ببێ بە خودانی حەقیقەت، بەڵکو هەستکردن بە حەقیقەت چێدەکات. هەستکردن بە حەقیقەت لە ناوەوە، واتە رۆچوونە بەناو ناخی واقیعدا، کە مرۆڤ دووچاری هەزارو یەك بنبەست و کوێرەڕێ و هەزار لۆغانەی تاریك دەبێت و رووبەڕووی دنیای کێوی بەدەر لە هەر شەرح و شرۆڤەو لێکدانەوەیەك دەبێتەوە.

هەر رۆمانێکی هونەری سەرکەوتوو، لە رووی ئەستاتیکییەوە قاڵبێك وەردەگرێت. بەڵام شێوەیەکی ئامادەو گشتی بۆ رۆمان نییە" واتە هاوکێشەی ریتمی رۆمان و ئاوازی رۆمان لەگەڵ هەر رۆمانێکدا، لەگەڵ هەر بابەتێکدا، لەلای هەر نووسەرێك دەگۆڕێ و شێوازی تازە وەردەگرێت، ئەمەش لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ زۆری و هەمە جۆری فاکتەرەکانی بواری ئەفراندنی هونەری.

ریتم، رەگەزێکی دیاری هونەرە، دیارە ئەم ریتمەش نا خوڵقێ و بەرجەستە نابێت تا هەموو جارێك بارودۆخی تایبەتی و دیاریکراوی بۆ نەڕەخسێت، بۆ وێنە ئێمە هەرگیز تووشی ریتمی هونەری رۆمانی (جەنگ و ئاشتی) نابین" بۆ ئەمە پێویست بە حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو هەیە، پێویست بە بوونەوەرێکی دیاریکراو، روسیای کۆیلان، ئەرستۆکرات و فیوداڵ، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا هەیە، هەروەها پێویست بە لیون تولستوی یەکیش هەیە کە لە هەمان کاتدا سۆڤ و مرۆڤدۆست و ئەرستۆکرات و دژە سوسیالیزم و رێبازی ناچرالیزم بوو. بەمجۆرە گیروگرفتی بابەت و نێوەڕۆك لە رۆمان دوور دەکەوێتەوە، بایەخی رۆمان بە بابەت و نێوەڕۆکەکەی دیاری ناکرێت، بەڵام بەبێ ئەم ناوەڕۆکەو بەبێ ئەم بابەتەش ناکاتە رۆمان. هونەر لە بابەتدا نییە، بەڵام پێوەیشی بەندە. هونەرمەند دەزانێت چۆن ناوەڕۆکی رۆمانەکەی هەڵدەبژێرێت. بۆیە ناتوانین هەرگیز بابەت لە هونەر دابڕین، جوانترین و راستگۆترین و پڕ بەهرەترین و پەیوەستترین رۆمان بە نووسەرەکەیەوە، ئەگەر نووسەرەکەی مالیجەی بابەتێکی نەکردبێ، لە خوێندنەوەی دووەمدا هەرەس دێنێ و لەبەر چاو دەکەوێت.

بۆیە رۆمان دەبێ بە زەبری (رەگەزی کاریگەری هونەری) سنووری بابەتەکەی (ببەزێنێ) هەر چەندە ئەم بابەتە زەرووریيە.

رۆمان لە هەر هەموو هونەرەکان پتر لە ژیان دەچێت، تەنیا بەوە چێدەبێت کە ئەو وێنەیەی پیشانمانی دەدات زادەی یاخی بوون بێ لە فەرمانەکانی رۆمان" **رۆمان بە مانا گشتییەکەی بریتییە لە باری سەرنجی شەخسی دەربارەی ژیان**، هەر ئەم باری سەرنجەشە کە بەپلەی یەکەم بایەخەکەی پێکدێنێ، ئەم بایەخەش بە گوێرەی دەوڵەمەندی و چڕی باری سەرنجەکانی نووسەرەکە دەگۆڕێت، بە کورتی رۆمان داستانێکی خودییە، نووسەر بە شێوازێکی تایبەتی خۆی ئازادانە وێنەی جیهان دەگرێت. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە بزانین ئاخۆ نووسەر شێوازو رێبازی تایبەت بە خۆی هەیە, ئەوی دیکەی خۆبەخۆ دەڕسکێ. حەقیقەتی رۆمان لە بابەتەکەیدا نییە، بەڵکو لە شێوازەکەیدایە. مەبەست لە شێواز، رێبازی نووسین نییە، چونکە لەم حاڵەدا ئێمە گیرۆدەی زمانەوان و شێوازپەروەران دەبین نەك رۆماننووس، بەڵکو مەبەست لە شێواز (رێبازو رێچکەو نەفەسی) تایبەتی نووسەرە کە لە باری هونەرییەوە قەناعەت بەخش بێ، بێ ئەوەی پەنا وەبەر سەلماندن و هێنانەوەی بەڵگە ببات.


www.pertwk.com

PDF4Kurd

**سەرچاوە:**

1- عالم الرواية، رولان بورنوف/ ريال اوئيلية- ترجمة نهاد التكريتي ط 1991 بغداد.
2- قضايا الرواية الحديثة، جان ريكاردو/ ترجمة صباح الجهيم ط1 دمشق 1977.
3- تاريخ الرواية الحديثة، ر.م. البريس/ ترجمة جورج سالم- ط 1، 1967.


www.pertwk.com

PDF4Kurd

دەربارەی رۆمان

هونەرییەت ناسنامەی هەر دەقێکە

حەمە کەریم عارف

((1))

رۆمان، رەنگە تەرو تازەترین مەیدانی ئەدەب بێ. چونکە سەدان جۆگەلەی وردو درشت, لە دوورو نزیکەوە دێن و تێی دەرژێن و زۆر جار شێوەی دەریا وەردەگرێ.. واتە رۆمان دەریایەکی مەنگی بەسام و هەیبەتەو سەدان جۆگەلەی سەرهەڵگرتووی خرۆشاو دێن و خۆیانی پێدا دەکەن و لەوێندەر ئارامدەگرن و دەبن بەبەشێك لەپێکهاتەی ئەو دنیا باڵایەی ئەدەب کە پێی دگووترێ رۆمان. شیعرو مێژوو دوو جۆگەلەی هەرە سەرەکین لەو جۆگایانە!.. بەکورتی، رۆمان چیرۆکێکە، قووڵی و بەرینییەکی تایبەتی هەیە, کە رەنگە ئەم قووڵی و بەرینییە بەکەمتر لە پەنجا هەزار وشەیەیەك نەیەتە نیشاندان، چونکە رۆمان وێنەگرتنێکی هونەرییانەی تەواوی ژیانی بنیادەمە چ لەباری ئاسایی و چ لەباری قارەمانییەوە, چ لە رووی تاوتوێکردنی ناخی روحی بنیادەمەوە, کە ئەمانە هەر وا بەسانایی و لە چەند وشەیەکی کەمدا نایەنە نیشاندان. ئەمە جگە لەوەی کە رۆمان ئاوێتەی تایبەتمەندییە مرۆڤانییەکانەو هەرگیز ناشێت مرۆڤ لە مەیدانی رۆمان وەدەر بنرێ. چونکە ئەمە زیان بە رۆمان دەگەیەنێ و دەیپوکێنێتەوەو لە هونەرییەتی دەخات وئەو کاتە لە کۆمەڵە وشەیەکی مردوو بەولاوە چ ناوێکی دی هەڵناگرێت. واتە چەند جوانش بێ، دەبێ بەکۆشکێکی بێ ئاوەدانی وچۆڵ و هۆڵ.

((2))

یەکێك لە بنەما سەرەکی و بنەرەتییەکانی رۆمان، رەگەزو توخمی حیکایەت و نەقڵە, ئەم رەگەزە بەرادەیەك زاڵە کە زۆر جار بەچیرۆکی هونەریش گوتراوە نەقڵ یا حیکایەت. بۆیە هیچ نابێتە زێدەرۆیی گەر لە پێناسەی رۆماندا بگوترێ:(( بابەتێکی ئەدەبییە بە شێوەیەکی هونەری حیکایەت و نەقلأن دەگێرێتەوە.)) بەم پێیە گێرانەوەی حیکایەت یەکێکە لەو بنەمایانەی کە لە هەموو رۆمانێکدا هەن و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە رۆمان بەبێ ئەم رەگەزە پێکنایەت.. هەڵبەتە رەگەزی حیکایەتو نەقڵ پێویستە رەگەزێکی دیکەش بەگەڵ خۆی بخات, ئەویش ئەوەیە وا لە خوێنەر یان گوێگر بکات بەتاسەوە چاوەروانی وەڵامی ئەم پرسیارە بکات: پاشان چ دەبێ؟ واتە رووداوەکان کیڤە دەچن و بە چ ئاکامێك دەگەن, ئەمەش دەکاتە ورووژاندنێکی هونەرییانەو وەستایانەی ئیشتیای گوێگرتن یا خوێندنەوە.دیارە ئەم رەگەزەش بایەخی زۆر گرینگی خۆی هەیەو هەر ئەمەش لە حیکایەتەکانی هەزارو یەك شەوەدا، شەهرەزاد لەمەرگ رزگار دەکات. واتە شەهرەزاد دەیزانی وەستایانەو هونەرییانە چەکی((چاوەروانی)) بەکاربێنێ و وا لە بەرانبەرەکەی بکات کەچاوەروانی ئاکامی رووداوەکان بکات. هەڵبەتە بۆ بەکارهێنانی ئەم چەکە، پێویست


www.pertwk.com

PDF4Kurd

بەوەسفی وردو دڵگیر ودروستکردن و خوڵقاندنی رووداوی تازەو هۆشمەندانەو وێنەی زندوو هەیە. واتە ئەمانە هەموو دەبیٚ لە خزمەتی رەگەزی چاوەڕوانیدا بن, چاوەڕوانی ئەنجامی ئەم پرسیارە:– پاشان چی روودەدات؟

((3))

گوتمان، یەکێك لەبنەما هەرە سەرەکییەکانی رۆمان، حیکایەتو نەقڵە،... حیکایەت و نەقڵیش گێرانەوەی رووداوەکانە بەپێی تەرتیبی زەمان, ئەمەش خۆی لە خۆیدا، گرینگی زەمان لەرۆماندا دەردەخات, چونکە رۆمان بەبیٚ زەمان و لە دەرێی زەماندا ناتوانیٚ هیچ شتێك بەیان بکات یان دەرببڕیٚ.

((4))

رەگەزێکی زۆر گرنگی دیکەی رۆمان بریتییە لە قارەمان. دەتوانین بڵێین هۆکاری بەرجەستەبوونی رووداوە لەچوارچێوەی زەمەنی هونەرییانەی چیرۆکدا. دیارە قارەمان راستەوخۆ و وەکو چۆن لەواقیعدا هەیە، ناگوێزرێتەوە بۆ نێو دنیای رۆمان وچیرۆك, بەڵکو دەسکارییەکی هونەرییانەی ئەوتۆ دەکرێت کە تەنیا لەنێو واقیعی رۆمان و چیرۆکاندا، پاساو بۆ بوونی دەمێنیٚ. هەرکە لەو واقیعە هەڵاوێردرا، ئیدی ئەو بوونە زندوو وکاریگەرەی نامێنیٚ.. واتە چیرۆکنووس و رۆماننووس پتر بەدیووی ناوەوەی کاراکتەرو قارەماندا شۆر دەبێتەوەو بۆ خوێنەری کەشفدەکات. بەکورتی رۆماننووس، قارەمانێك دروستدەکاو دەخوڵقێنیٚ کە زۆر جیاوازە لە قارەمانی واقیعی, خۆ ئەگەر لەواقعیشەوە وەریبگریٚ کوتومت وەو خۆی وەریناگریٚ, بەڵکو دەیکات بەخەڵقەندەیەکی هونەری و پۆشاکی خوێندنەوەیەکی تازەی نووسەر یا هونەرمەندی بەبالآدا دەبڕدریٚ..دیارە ئەم خوێندنەوەیە لایەنەکانی هەستو ئارەزوو, وخەون وخۆشی و شادی وخەمو ئەو خەون و خەیاڵ وهزرو بیرکردنەوە هەرە تایبەتییانە دەگرێتەوە کە رەنگە داب و نەریت و پاساو رێساکۆمەڵایەتییەکان و شەرمو حەیا رێگەی بەرجەستە بوون و دەربرین و نیشاندانیان نەدەن..چونکە نیشاندانی ئەم لایەنانەی تەبیعەتی مرۆڤ یەکێکە لە ئەرکە هەرە سەرەکییەکانی رۆمان.. بەهەرحاڵ رۆمان, بەرهەمێکی هونەرییە بنەماو رێساو پاساى خۆی هەیە.. قارەمانی رۆمان وەختیٚ واقیعییە کە لەگەڵ ئەو پاساو رێسا تایبەتیانەدا بگونجێن و– هەڵبەتە دەشێت هەر رۆمانێك پاساورێسای تایبەت بەخۆی بخوڵقێنیٚ– کاتیٚ پێیان دەگوتریٚ واقیعی کە لە نێو کەشو هەواو پاساورێسای تایبەتی رۆمانەکەدا، وەکو کارێکی هونەری, قەناعەت بەخش بن. نەك لە نێو ژیانی رۆژانەدا نموونەو وێنەی زۆر بیٚ..

دیارە لەنێو قارەمانانی رۆمانو چیرۆکدا قارەمانی ئاڵۆزو فرەلایەن هەیەو قارەمانی سادەو یەکلایەن یا کەم لایەن هەیە . قارەمانی ئاڵۆزو فرەلایەن، بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات و لە ئەنجامی گۆرانی رووداو و کەشو هەوای رۆمانەکەوە دەگۆرێن و بەشێوەیەکی قەناعەت بەخش خوێنەر رووبەرووی سەرسامی دەکەنەوە.. بەڵام سادەو کەملایەنەکان, زوو دێنەناسین و ئەگەر هونەرمەندانە مامەڵەی لەتەکدا بکریٚ بەئاسانی لە هزو بیری خوێنەردا دمێننەوەو خوێنەر تووشی سەرسامی ناکەن .. بەکورتی قارەمانی چاك ئەوەیە کە هەم بەژیانی ئاساییەوە

PDF4Kurd

پەیوەستبێ و هەم لەکەشو هەوای خۆیدا, واتە لە دنیای رۆمان و چیرۆکەکەدا بژی و ئەو رووداو بەسەرهاتانەی بەسەریان دێن, تووشی هەڵچوونمان بکەن و لەزەتێکی ستاتیکی بەروحمان ببەخشن.

((5))

گرێ,یا هۆکارو ئەنجام , رەگەزێکی هەرە گرنگی تری رۆمان و چیرۆکە.لە سەرەتادا گوتمان نەقڵ و حیکایەت دەکاتە گێرانەوەی رووداوەکانی ڕۆمان بە پێی تەرتیبی زەمان .هەڵبەتە گرێ-ش گێرانەوەو نیشاندانی رووداوەکانە بە پێی ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان هۆ و ئەنجامدا هەیە . وا تە هەر هۆیەك یان چەند هۆیەك, ئەنجامێك یان چەند ئەنجامێکیان لێ دەکەوێتەوە و ئەمە پێی دەگوترێ رێسای هۆو ئەنجام. بۆ وێنە گەر بگوترێ:((شا مرد و پاشان شاژن مرد))ئەمە حیکایەت و نەقڵە..بەلآم کە بگوترێ:(( پاشا مردو دوای ماوەیەك شاژن لە سوێیاندا مرد))ئەمە گرێ یە..هەرچەندە لێرەشدا تەرتیبی بەدوا یەکدا هاتنی زەمەن پارێزراوە، بەلآم رێسای هۆو ئەنجام زاڵە.. گوتمان نەقڵ و حیکایەت وەکو رەگەزێکی رۆمان بەشێوەیەکی راستەوخۆ و نا راستەوخۆ ئەم پرسیارە دەوروژێنی:-پاشان چی دەبێت ؟ بەلآم گرێ ئەم پرسیارە دەگرێتە خۆ:-بۆچی ؟بۆ نموونە شاژن بۆچی مرد ؟واتە ئەگەر رەگەزو توخمی حیکایەت نەقڵ کەڵکەڵە بوروژێنێ, ئەوا گرێ هۆش و هزر دەوروژێنێ. ئەمە جگە لەوەی کە هەموو گرێیەك دەبێت جۆرە نهێنی یەکی وەهای تێدا بێ کە بە بێ هزر و هۆش نەدۆزرێتەوە. واتە هەر گرێیەك نهێنی یەکی تایبەتی خۆی هەیە و هۆش و بیر دەدوێنێ . بەلآم نابێ ئەوەش لە بیر بکرێ کە ئەو نهێنی یە دەبێت کورت و پوخت پەسەند و بەجێ بێت . خۆ ئەگەر هەندێك ئالۆزو تەماوی _ش بێت ئەوا نابێت بەو رادەیە بێت کە خوێنەر چەواشە و گومرا بکات.

((6))

فانتازی وەکو چۆن هەوێنی ژیان و رەواندنەوەی سەرگەردانی مرۆڤە، رەگەزێکی پێویستی جیهانی ئەدەبیاتیشە..فانتازی، لایەنی بەرزە خەیاڵی و نائاسایی و ناواقیعی دەگرێتە خۆ و بە و مەبەستە رۆماننوس و چیرۆکنوس پەنای وەبەر دەبەن کە پتر هونەرییەت بە دەقەکانیان دەبەخشێت وجوانییەکی هونەرییانەی گەشکە بەخشی پێبدات و یەکپارچەیی و شکۆی دەق بەرجەستەتر بکات..

رەگەزی فانتازی کە لە رۆمانی تازەی دنیادا زۆر لە برەودایە, پێویستە یارمەتی پێشڤەچونی حیکایەتی چیرۆك بدات و دەوڵەمەندی بکات. واتە دەبێت لە خزمەتی پێشخستنی دەقەکەدا بێت .دەنا دەبێت بە پەڵیەکی زەق و دەقەکە عەیبدار دەکات. چونکە فانتازیا پتر بە مەبستی بەرجەستە کردن و نیشاندانی هونەرییانەی دیمەن و رووداوە پەراگەندەکانی ژیانە...

((7))

هەڵبەتە , ئێمە بەشێوەیەکی گەلەك لەز و پەراگەندە ئاماژەمان بۆ هەندێ توخم و رەگەزی رۆمان کرد هەر هێندەی گوتارێی رۆژنامەوانی هەڵبگرێ مامەڵەمان لە تەکدا کردوون ,لێ لەگەڵ ئەوەش

PDF4Kurd

دا دەبێت  ئەوە بگوترێ کە سەرا پای رەگەزەکان جۆگەلەن و دەبێت برژێنە نێو دەریای رۆمانەوە و دەقێکی یەکپارچە پێکبهێنن و بۆ زەرورەت نەبێ, نەکرێ لێکدی هەڵاوێردرێن .

واتە دەبێت هەموو رەگەزەکان بەدەوری یەك بابەت دا بسورێنەوەو هەم بۆ خۆیان نەشونما بکەن و هەم گەشە بە بابەتە سەرەکی یەکە بدەن و بابەتەکەش, قارەمانانی رۆمان توند لە هەمێز بگرێ و هۆکارو ئەنجام بخەملێنێ و فەراهەمی بکات و لە ئەنجامدا رۆمان وەکو دەقێکی زیندووی هونەری لە دایك ببێ و هەموو رەگەزەکانی لە یەکەیەکی یەکپارچەدا پێکەوە ببەستێ ئەوجا جاری هونەرییەت و بە دەقبوونی خۆی بدات...

---

تێبینی

---

بۆ زانیاری زیاتر بروانە

جنبەهای رمان– ادوارد مورگان فورستر

ترجمە –ابراهیم یونسی

چاپ چهارم - 1990



www.pertwk.com

PDF4Kurd

# سەرەتاو سەرهەڵدانی
# رۆمانی مەغریبی

(1)

لە سەرەتای ساڵانی شەستی سەدەی بیستەم دا، لە وولاتی مەغریب دا ئەدەبێکی تازە سەری هەڵدا لە ماوەی (20) ساڵێکدا زۆر بەخێرایی گەشەی کردو سەرنجی رەخنەگران و لێکۆڵەرەوانی راکێشا، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ راستگۆیی کول و کۆڤانی ئەو ئەدەبە و تازەیی تەکنیك و جدیەتی ناوەرۆکی.

هەڵبەتە ئەو رۆمانانە هەر یەکەیان سەر بە رێچکەو رێبازو قوتابخانەیەکی ئەدەبین و رەخنەگرو توێژەر دەبێ زۆر ورد بێ لە دۆزینەوەیان و ماندووبوونێکی زۆری دەوێت تا گونجاوترین میتۆد بدۆزێتەوە و لە روانگەی ئەم میتۆدەوە دەقە ئەدەبی یەکان بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، چونکە میتۆدەکان زۆرن لەوانە: میتۆدی کۆمەلایەتی، سایکولوژی، بونیاتگەری، فۆرم گەری،... هتد هەروەها میتۆدی (بابەتی) کە رۆمان دەخاتە خانەی رۆمانێن مێژوویی، نیشتمانی، و کۆمەلایەتی یەوە... هتد هەروەها میتۆی (هونەری)ش هەیە کە رۆمان دەخاتە خانەی رۆمانی تەقلیدی (کلاسی)، رۆمانسی، رەمزی، و واقیعی یەوە.

ئەم باسە لە رۆمانی عەرەبی مەغریب دەکۆڵێتەوە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی یەوە تا سەرەتای ساڵانی هەشتا، پێگەی رۆمانی عەرەبی مەغریبی لەناو رۆمانی عەرەبیدا، ئەو فاکتەرانەی کاریان لەسەر سەرهەڵدانی رۆمانی مەغریب کردووە.

(2)

دنیای رۆمانی مەغریبی گەلێك ناوی بەخۆیەوە بینی کە پێگەیان لە نەخشەی رۆشنبیریی عەرەبیدا لە پێشەوەیە لەوانە: مبارك ربیع، محمد زفراف، محمد عزالدین التازی، خناثە بنونە، احمد المدینی و زۆری دیکە. دیارە ئەم ناوانەو هی دیکەش کەوتنە گەڕان بەدووی تایبەتمەندیدا لە چوارچێوەی یەکێتی دا. هەروەها لە چوارچێوەی کەلتوری باودا بۆ دەنگ ورەنگی ناوازە و تاك و دیاری خۆیان دەگەڕان.

رۆمان لە وولاتی مەغریب دا لە قۆناغی یەکەمیدا لاسایی کردنەوە و فێرخوازی بووە، ئەوجا لە قۆناغی دووەمدا کەوتۆتە تێ پەڕاندن و دوور نییە لە قۆناغەکانی دیکەیدا بگاتە ئاستی (مامۆستایەتی = الاستذە) چونکە ئەوەتا گەلێك ئەزموونی بەپێز لەو بوارەدا ئەنجام دەدرێن و سوارچاکانی خۆی هەیە لەوانە (التازی، العروی، مبارك ربیع، احمد المدینی..) کە سوود لە تازەترین تەکنیکی رۆمانی ئەورووپی دەبینن و خولیای بەزاندن و جەڕباندن لە هزرو روحی خۆیاندا پەروەردە دەکەن و پێیان وایە رۆمان تەنیا کردەیەکی رەنگدانەوەیی نی یە، یان ئاوێنەیەك نی یە و واقیع بنوێنێ، بەڵکو (چرایەکە) ئێستا بە ئاڕاستەی ئایندەدا رووناك دەکاتەوەو بەمەش لەوە دەردەچێت تەنیا (وعیاً واقعاً) بێ تا ببێ بە (وعیا ممکنا).


www.pertwk.com

PDF4Kurd

هەڵبەتە جەڕباندن و ئەزموونگەری (التجريبية) لق و پۆپی لێ دەبێتەوە، یەکێك لەو لقانە هونەر بە جۆرێك لە وڕینەی زمانەوانی و سایکولوژی دەزانێت و لە گێژاوی خۆ نەدۆزینەوەدا دەخولێتەوەو لقی دووەم جۆرەپێشەنگایەتی یەك دەگرێتە خۆی و جەڕباندن و ئەزمونگەری لە چوارچێوە شارستانیەتەکەی خۆیدا دادەنێت و بەو چاوەوە تەمەشای پەیوەندی نێوان داهێنەرو وەرگر دەکات کە هاوکوفە و دڵسۆزییە بۆ بەردەوام بوون، دەیەوێ هەموو یاساو ڕێسا هونەرییەکان هەڵوەشێنێتەوە تا لە نوێ لە فەزاو کەش و هەوایەکا کە خەیاڵ و زمان دەوری بنەڕەتی تێدا دەبینن، بونیاتی بنێتەوە، جا نووسەر لە جیهانبینی یەکی هزری و دەرونی یەوە تێ هەڵدەچێت و لە تەکنیکێکی تازەی پڕ گوزارشت دەگەڕێ و نوێخوازی بە تەجاوزێکی بەردەوام لە چواچێوەی گەڕانی ئەدەبیدا دادەنێت.

سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمانی مەغریبی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سالانی پەنجاکانی سەدەی رابردوو و یەکەم بەرهەمی ئەم بوارەش (فی الطفولە – 1947)ی عبدالمجید بن جلون –ە. کە نووسەر یادەوەری یەکانی منداڵی خۆی لە ئینگلتراو مەغریب دا لە چوارچێوەی ژینامەدا دەگێڕێتەوە و ئەم ژینامەیە هەرچەند لە رووی دەست پێشخەری یەوە یەکەمە، بەلام نەبوو بەو نموونە هونەرییەی کە چاوی لێ بکرێت، بۆیە بایەخی مێژوویی ئەم ژینامەیەی نووسەر زۆر زیاترە لە کاریگەرییە هونەری یەکەی.

ڕۆمانی مەغریبی لە سەرەتاوە دوو ڕێچکەی گرت: ژیننامە، و ڕۆمانی مێژوویی. دیارە هەردوو جۆرەکە کەوتنە داوی نێرگزیەتەوە، یەکەمیان نێرگزیەتی خودی و دووەمیان نێرگزیەتی جەماعی. هەڵبەتە ڕۆمانی سەرەتاکان لە باری فۆرم و ناوەڕۆکەوە ڕۆمانێن تەقلیدی و ئاسایی بوون رەنگە هۆیەکی ئەمە بگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هوشیاری رەخنەیی و جیهانبینییەکی بەرین سەبارەت بە بزاڤی مێژوو و کۆمەڵ.

بۆیە سالانی شەستەکانی سەدەی رابردوو بە سەرەتای لەدایك بوونی راستەقینەی ڕۆمانی مەغریبی دادەنرێت، چونکە لەو قۆناغەدا هوشیاری کۆمەلایەتی و هونەری رەگیان داکوتا و ڕۆمان لەوە دەرچوو ئاوێنەیەك بێ و واقیع وەکو خۆی بنوێنێ، بەڵکو بوو بە ئەوزارێك بۆ هوشیار کردنەوەوە شۆڕشگێڕاندن، بوو بە چرایەك کە ڕێ ی ئاسۆی ئایندە روون بکاتەوە. هەر ئەمەش ئەرکی ئەدەبیاتی پێشەنگە کە سنووری ئەدەبیاتی دەنگدانەوە و رەنگدانەوە بە هەردوو لقەکەیەوە: ئەدەبیاتی بورژوازی، و ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕ دەبەزێنێ کە لە سنوور و کەوشەنی عەکسکردنەوەی واقیع یان چەپڵەلێدان بۆ دەستکەوتەکان، دەوەستن. لەوەیە زۆر هۆکار دەوریان لە دواکەوتنی سەرهەڵدان و خەمڵینی ڕۆمانی مەغریبی دا بینی بێ، کە گرنگترینیان ئەمانەن: سەرقاڵی ئەدیبان بە خەباتی نیشتیمانی یەوە، و پێش خستنی ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەی وەك چیرۆك و گوتار و شیعر بەسەر ڕۆماندا، چونکە خێراتر گوزارشت لە هەستە هەنوکەییەکان دەکات و رووداوە تازەکان دەگرێتە خۆ. لە حاڵێکا ڕۆمان پێویستی بەکاتێکی زۆرە تا لە رووی فیکری و هونەرییەوە بخەمرێ. هەروەها کەمی ئەو بوارە کەلتوریانەی کە ئەدەبیاتی تازە هاندەدات و کارەکانیان لە ئامێز دەگرێت کردی یەکارێك ئەدەبیات تەنیا بۆ (هەڵبژاردە) بێ لەناو کۆمەڵگەیەکدا نەخوێنەواری بەسەریدا زاڵ بێ، و بورژاوزیەتیش تەنیا لە خەمی کۆکردنەوەی سەروەت و سامانی خۆیدا بێ.

هەرچەندە ڕۆژنامەوانی نیشتیمانی دەوری لە گەشەکردنی چیرۆکی کورت و شیعردا، بەلای کەمەوە لەبەر هەندێك هۆی تەکنیکی بینی، لێ ڕۆمانی لە ئامێز نەگرت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ڕۆمان لە

PDF4Kurd

رووی چەندی و چۆنی یەوە کەمتر بێت. بەڵام ئەم واقیعە رۆمانەوانی یە گۆڕا، هەنویٚ زروف بۆ رۆمان و گەشەکردنی رۆمان رەخسا، لەوانە: دیتنی رۆمانی عەرەبی تازە (المشرقی) و کەڵەکە بوونی ئەزمونی نووسینی رۆمان لە هەردوو ئاستی فۆرم و نێوەرۆك، ئەوە بوو ئەرکی یەکەمی رۆماننووس بوو بەکەشف کردنی ناکۆکییە کۆمەڵایەتی یەکان. و لە قاودانی پەیوەندییە نامرۆڤانی یەکان، و دڕینی دەمامکە دەستکردەکان لە پێناوی کەشف کردنی جەوهەرو گەوهەری راستەقینەی مرۆڤ. ئیدی رەنگە ئەمە قەدەرو چارەنووسی هونەرمەند بیٚ کە ببیٚ بە دەنگی هەق و داد و خێر و چاکە و هەموو بەها مرۆڤانی یەکان لەم دنیا دارستانەدا. هەروەها تیٚ گەییشتن لە جیهان و ئەوجا دەرك کردنی کاری هونەری دوو مەرجی سەرەکێن بۆ داهێنان. جا ئەگەر ئەدیب نەتوانیٚ پەیوەندییە سەرەکی یەکان دەرك بکات و هوشیاری دروستی نەبێت، و وا خەیاڵ بکات رۆمان تەنیا گێڕانەوەی دوورو درێژی رووداوان یان یادەوەریانە، ئەوا – بێگومان – رۆمانەکەی دەکەوێت و لەوە دەردەچێت کە گەڕانێکی هونەری بیٚ بەدوای بەهاێن مرۆڤانی دا لە جیهانێکدا هەرەس دێنیٚ. ئەمەش وا ناگەیەنیٚ کە رۆمان رووداوان نییە، بەڵکو ئەوە دەگەیەنیٚ کە رۆمان بریتی یە لە بەرزکردنەوەی ژیانی رۆژانە لە چڕترین خاڵدا بۆ ئاستێکی هونەری.

واتە هونەراندنی ژیانی رۆژانە لە چڕترین خاڵیدا و دەلالەتێکی ئیلهامبەخشی وای بدرێتیٚ کە ببیٚ بە بریکاری ژیان و خوێنەر وا هەست بکات دووجاران دەژی: جارێك لە رۆمانەکەدا و جارێك لە واقیعدا.

وێرای ئەوەی رۆمانی تازەی مەغریبی رۆمانی شەستەکان و هەفتاکانی سەدەی رابردووە، بەڵام، رۆمانی شەستەکان وەکو پێویست دەوری لە خولْقاندنی هوشیاری کۆمەڵایەتی و ریشاژۆکردنی دا نەدیتوە، لەبەر کۆمەڵێك هۆ کە هەندێکیان بریتین لە: رۆمان بۆ خۆی ئەدەبێکی بورژوازی یە، لە کەلتووری فیوداڵە کە وەختی هەبووە و ئیسراحەت بووە، کەچی مرۆڤی ئێستا وەختی ئیسراحەتیشی نی یە، ئیدی چۆن دەتوانیٚ خۆی رۆشنبیر بکات و مومارەسەی ئارەزوو کەڵکەڵەکانی بکات؟ زۆربەی رۆماننووسانی مەغریب سەر بەچینی بوژاوی گەورە یان بچووکن و گوزارشت لە جیهانبینی هزری و هونەری ئەو چینە دەکەن و.. بورژوازیەت لە راستیدا تەنیا بەرگری لە بەرژەوەندی چینایەتی خۆی دەکات، بەو حەساوەی لە کاتی حیمایەدا پاشکۆی داگیرکەرەو لە کاتی خۆیبووندا میراتگری داگیرکەرە. بۆیە نائومێدی نیشتمانپەروەران زۆر گەورە بوو کاتیٚ کە هەستیان کرد لە پێناوی دۆزێکدا خەبتیوونی خەڵکانێکی دی قازانجەکەیان برد و خوارد. دیارە وردە بورژواش لە بورژوای گەورە باشتر نەبوو، ئەمەشیان لە سایەی خۆیبوونی رواڵەتی دا بەناوی سوربوون لەسەر دادی کۆمەڵایەتی و یەکسانی یەوە خۆی پێگەیاندو خێرا لە ئەسڵ و فەسڵی خۆی هەڵگەڕایەوەو دایە پاڵ بورژوای گەورە و خۆی بە بەرژەوەندی یە چینایەتی یەکانی یەوە هەڵواسی و هەوڵیدا بارودۆخەکانی رابگریٚ و نەیەڵێت بە قازانجی بەرژەوەندی جەماوەری خەڵك دا بگەڕێت.

جا ئەگەر رۆشنبیرانی بورژوازی بایەخیان بەرابردووی (نیشتیمانی) وەکو بواری تاقەشانازی خۆیان دابیٚ، ئەوا رۆشنبیرانی نەوەی نویٚ بایەخ بە واقیعی ئێستا دەدەن نەك بەرابردوو.. دیارە ئەمە هەمووی لە بوارەکانی ئەدەب دا، کە رۆمان یەکێکە لەو بوارانە رەنگی داوەتەوە. بەڵام کە ئەو بەرهەمانە وەکو پێویست هونەرییەتیان وەرنەگرتووەو لە باری هونەرییەوە نەخەمڵیوە دەگەڕێتەوە بۆ گەلێك هۆکاران لەوانە درێغی و تەخسیری جیهانبینی هونەری یە لەلای هەندیٚ لە رۆماننوسەکان کە پاشخانی

PDF4Kurd

کۆمەڵایەتی و هـزری خـەملیویان لـە پشتەوە نـی یـە تـا پشتیوانی لـە کارە ئـەدەبی یـەکان بکـات و مـەدا راستەقینەکانی خۆی پیٚ ببەخشێت.

جا کارە رۆمانەوانییەکانی مەغریب لە نێوەڕۆك و فۆرمدا تازە نەبوون و لە باری هـزری یـەوە پاشکۆی شوێنەوارو کاریگەری بزاڤی نیشتمانی بوون و لە باری هونەریشەوە پاشکۆی قوتابخانە ئەورووپی یەکان و قوتابخانـە عـەرەبی یـە وەرگیراوەکـان لـە ئـەورووپاوە بـوو. بۆیـە رۆمـانی ئەمڕۆکـەی مـەغریب لـە ئاسـتی بەپیتی و دەوڵەمەندی واقیعی ژیانی رۆژانەدا نییە چ وەکو چەندی و چ وەکو چۆنی قارەمان لـە رۆمـانی شارسـتانیدا، رۆشـنبیرێکە لـە بـاری فیکـری یـەوە پـەروەردەی ئەورووپایـە، ئـەوجا وەکـو پەیامبـەرێکی کـەلتووری گەڕایـەوە وولات، کـە دەبینیٚ هـەموو دەرگاکـان لـە رووی تواناو بـەهرەکانیا داخـراون دەگاتـە دووڕیانێـك و دەبـیٚ هەڵبـژێریٚ و خـۆ سـاغ بکاتـەوە: یـان دەبـیٚ سـواری شـەپۆلی زاڵ بـیٚ و بـبیٚ بـە مەیمونێکی سێرکەکە، و وەکو هـەزاران هەڵپەرسـتی دی تواناو بـەهرە و پسپۆڕی خۆی بخاتـە خزمـەتی چینی دەسـەڵاتدارەوە کـە هەنـدیٚ کەڵکەڵـەی خـۆ پەرسـتانەیان دابین دەکـات، و ئـەو جـەماوەرە رەش و رووتە لە بیر بکەن کە لێوەی هاتبوون. یان دەبیٚ بەبیٚ دەنگی بسووتیٚ و قەبوڵ نـەکات بازرگـانی بـە بـەها فیکری یەکانی یەوە بکات.

یـەکێك لـە خەسـڵەتە فیکـری و هونەرییـەکانی رۆمـانی مـەغریبی ئەوەیـە کـە قارەمـان زۆر جـار خـودی نووسەرەکەیە بۆیە زۆر جار رۆمان پتر ژیننامەیە تا رۆمانێکی هونەری بیٚ، چونکە رۆمان دەبیٚ بابـەتی و فرەلایەن و فرە ریتم بیٚ، بـەڵام ژیننامـە (السیرە الذاتیـە) روانگەیـەکی بەرتـەنگی هەیـە و لـە چوارچێوەی هوشیاری خودی دا، کە زۆر جار لەبەر زاڵی نەرگزیەت ئیفلیج دەبیٚ، قەتیس دەمێنیٚ.

**(3)**

ژینامـە (السـیرە الـذاتیـە) (Auto Biography) بـەوە لـە ترجمـە الحیـاە/بیـوگراف (Biography) جیادەکرێتـەوە کـە تەرجەمـەی نووسـەرەکە خۆیـەتی. بـەڵام لـە دووەمیانـدا ئـەدیب ژیـانی خـەڵکێکی دی دەگێڕێتەوە. هونەری ژینامە جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەدەب، مەبەست تۆمارکردنی ژیانی کۆمەڵایەتییە لـە رێگـەی ژیـانی شەخسـییەوە، یـان مەبەسـت گوزارشـت کردنـە لـە ئـەزموونی هەسـتی یـان فیکـری، یـان شیکردنەوەی سایکولوژی و روون کردنەوە، یان نەقڵ کردنی ئەزموونێك بۆ خەڵکانی دی.

پێویسـتە سـیرەی سـەرکەوتوو هـەردوو رەگـەزی بـوێری و تەجرەبـەی تێـدا بـیٚ، چـەند تەجرەبەکـە دەوڵەمەندبیٚ، و چـەند بە ئەمانـەت و راستگۆییەوە بگێڕدرێتـەوە بەلـەزەت تـر دەبێت. درکاندنی نهێنی یەکانی سۆز و فیکر رادەی گوشار لەسـەر دەرون کـەم دەکاتـەوە. بەمـەش سیرە دەبێت بـە دەلاقەیـەك بۆ هەناسەدانی هەستە کپ کراوەکان.

رۆمان لە قۆناغی بزاڤی نیشتمانیدا، بەتایبەتی رۆمـانی مێـژوویی دۆزێکـی هـەرە گرینـگ دەخاتـە روو، ئـەویش ئەوەیـە خوێنـەر لـە دوو تـویٚ ی دەقـە رۆمانەوانییەکـەدا بـۆ خـۆی، بـۆ گیروگـرفتی قۆناغـە کۆمەڵایەتی یەکەی خۆی دەگەڕێت بۆیە خوا خوایەتی نووسەرێك بدۆزێتەوە کە گوزارشت لـە موعاناتی ئەو بکات.. بەڵام لە قۆناغی دواتردا ئەمە بەکەڵك نایـەت و گێڕانـەوەی رابـردوو بەکەڵکی ئێستا نایـەت، بۆیە ئاوڕدانـەوە لـە رابـردوو یـان گێڕانـەوەی رابـردوو بەمەبەسـتی وەبیرهێنانـەوەی ئـەو قارەمانێتییانـەی بوون بە موڵکی مێژوو، دەبێتە جۆرە هـەڵاتنێك لـە ئێستا. بەمـەش السیرە الـذاتیـە دوو جـاران دەکەوێتـە دواوە: لە رووی مێژووییەوە کە ناوەڕۆکەکەی دەڕوانێتە پاشەوەی بەسەر چوو، و لـە رووی هونەرییـەوە سیرە هەرچی یەك بیٚ هەر قۆناغی سەرەتای سەرهەڵدانی رۆمانە.


www.pertwk.com

PDF4Kurd

ئەگـەر ڕۆژاوا تـوانی بـی لـە مـاوەی سـەدەیەك لـە پەیوەنـدی بـەردەوامی شارسـتانیدا تـەنیا ڕانـی قەحپـەکانی بـە ڕۆشـنبیرانمان ببەخشـێت، تـەنیا بـەرماوەی خوانـە ڕۆشـنبیری یـەکانی خـۆی بـە ڕۆشنبیرانمان ببەخشێت، ئەوا گلەییەکە ناکەوێتە سەر ڕۆژاوا بەتەنیٚ بەڵکو لە ڕۆشنبیرەکانی خۆشمانە کە هەموو هۆشێکی خۆ ڕۆشنبیراندنیان لە کۆشیان بووە و ڕۆژاوایان بە کۆمەڵێك کوزی بەڕەڵلا زانیوە.. هەندیٚ لە ڕۆشنبیرانی مەغریب توانیان ئەم قۆناغە ببەزێنن و دیالۆگێکی هزری بەرپا بکەن و هەوڵبدەن ئەوە بسەلمێنن کە ئەوانیش توانای داهێنەرانەی خۆیان هەیەو لە پلەی هەرە خوارەوەی پەیژەی شارستانیدا نین.

ڕۆمانی مێژوویی و ڕۆمانی نیشتمانی هەردووکیان باس لە ڕابردوو دەکەن، ڕابردوویەکی جوان و گەشەدار، دوور لە خودپەروەری کە لە سیرەدا خۆی دەنوێنیٚ و بەرجەستە دەبێت، بەڵام هێشتاش هەر قۆناغی هەوەڵی سەرهەڵدانی ڕۆمانن و دەبیٚ بەسەر خۆیاندا بپەڕنەوە بۆ ڕۆمانی کۆمەڵایەتی .

ڕۆمانی مێژوویی و ڕۆمانی نیشتمانی دوو گوتاری زۆر لێکدی نزیکن: گەڕانەوەن بۆ بنج و بناوان و سەرچاوە، گوتـاری بـەرەڤانین. خـۆ پاراسـتنە لـە زوڵمـی داگیرکـەر کـە پاشـان دەبـیٚ بـە جـۆرە بەرەنگاربوونەوەیـەکی کـەلتووری داگیرکـەر.. هەربۆیـە ئـەدیبانی مـەغریبی لـە سـایەی داگیرکـەرانی فەرەنسی و ئەسپانیدا ڕویان کردە کەلەپووری خۆیان و ئیلهامیان لیٚ وەردەگرت و هێزو توانایان لێوە هەڵدەهێنجاو ڕوو بەرووی توانەوە و بەرۆژاواییی بوون و شێوانی خۆیان دەوەستان. گەلێك ڕۆمان و شانۆ نامانیان بە مەبەستی جۆشدانی هوشیاری نیشتمانی نووسی. کە بایەخی مێژووییان لە بایەخی هونەرییان زیاترە.

بەڵام پاش سەربەخۆیی ڕۆمانی مێژوویی لە برەوکەوت، چونکە قۆناغ و سەردەم و زروف بەسەر چوو و لە ڕووی فیکری و هونەری یەوە بەجیٚ ماو کەوتە دواوە، چونکە بابەتی مێژوویی بابەتێکی ئامادەیەو زۆر کاری نووسەر ئاسان دەکات و نووسەر بە ئاسانی پەنای بۆ دەبات، ئەمە جگە لەوەی قۆناغەکە قەبوڵی دەکات و دەیخوازیٚ. بەڵام گۆڕانی بارودۆخ، لە دوای سەربەخۆیی، هیچ هەنجەت و بیانوویەکی بۆ بەرهەم هێنانی ئەم جۆرە جیهانبینی یە نەهێشتەوە.

بەمجۆرە ڕۆمانی مێژوویی دەوری خۆی گێڕا، لە سەردەمی داگیرکەردا هاندەرێك بوو بۆ خەبات و تێکۆشین دژی داگیرکەر، و کاتیٚ کە بەرەڤانی نیشتمانی دەستی پێکرد، دەنگی کردەوە و کار کەوتە سەروی دەنگی ووشەوە، ئیدی ڕۆڵی ڕۆمانی نیشتمانی دەستی پێکرد کە زادەی شەرعی ڕۆمانی مێژوویی یەو لە هەمان کاتدا بەزاندنی ڕۆمانی مێژووییە.

جا ڕۆمانی نیشتمانی وێنەی تاوانەکانی داگیرکەری گرتووە، هەر لە دژمنایەتیکردنی ئازادی هاوولاتی یەوە بیگرە تا دەگاتە بلاوکردنەوەی نەزانی و هەژاری و پاشکەوتەیی و جیایی و خێلاتییەوە. بەرەڤانی سەلبی و خۆپیشاندان و دامەزراندنی سەندیکای پیشەیی و تەقینەوەی هوشیاری نیشتمانی وەسف کردووە، ئەوجا هاتۆتە سەر خەباتی چەکداری و بەرەڤانی نیشتمانی. نووسەرانی نیشتمانی ئەو چەمك و مانا بەرزانەیان بەرجەستە کردووە کە ویژدانی قارەمانەکانیان بەدەم مێژوو دروستکردنەوە ئاوەدان کردۆتەوە، و بە خوێنی خۆیان داستانی قارەمانێتی و ڕزگاریان تۆمارکردووە. وێنەی (قارەمانی ئیجابیان) گرتووە کە چۆن ئازار و ئەشکەنجە بە سەبر و خۆڕاگری سەیرەوە قەبولٚ دەکەن و بەو پەڕی بوێری یەوە پێشوازی لە مەرگ دەکەن.

PDF4Kurd

بەلاٚم رۆمانی نیشتمانی ئەوەی لیٚ دەگێڕێت کە وەکو رۆمانی مێژوویی لە سەردەمی داگیرکەردا، کە هێشتا ئاسنەکە گەرم بووە نەنووسراوە تا ببیٚ بە بەلٚگەنامەیەکی نیشتمانی و شایەتی یەکی قارەمانێتی. بەلٚکو لە پاش خۆیبوون نووسراوە بۆ وێنە عەبدولکەریم غەلاب.

کە یەکەم نووسەری نیشتمانی یە لە سالٚی 1961دا (یادەوەری بەندییەك)ی بلاٚوکردەوە، واتە شەش سالٚ پاش خۆیبوون، رۆمانی نیشتمانی دووەمی (رابردوومان ناشت 1966) و (مامۆستا عەلی – 1971) بلاٚوکردونەتەوە. جا ئەم دواکەوتنە ئەگەر چی وێنەیەکی پرشنگداری رابردووی نزیکی گرتووە، بەلاٚم کاریگەری ئەدەب لەسەر رووداوەکان کز دەکات یان نایهێلٚیٚ. چونکە هەر قۆناغەو دۆزێن خۆی هەیە، باسکردنی دۆزێن قۆناغێکی رابردوو پاش تیٚ پەڕبوونی وەختی خۆی کارێکی وەها دەکات هاوسۆزی لەگەلٚ دا لاوازتر و کەمتر بیٚ. هەر لێرەشەوە کێشەی رەسەنایەتی و هاوچەرخێتی دێتە گۆڕیٚ، کە خەتەرترین مەسەلەێن جیهانی پاشکەوتووە، چونکە ئارەزووی تازەکردنەوە و گەشەسەندن و پەرەپێدان روو بەرووی ئارەزوویەکی پێچەوانە دەبێتەوە کە ئەویش پابەند بوونە بە کەلەپووری کۆن.

هەلٚبەتە نووسین لەسەر قۆناغی رابردوو زۆر ئاسانترە لە نووسین لەسەر دۆزو کیشەو گرفتەکانی ئێستا، چونکە قۆناغی خەباتی نیشتمانی، رابردوویەکی جوان و رەنگاو رەنگە و هەموو چین و توێژەکان بەشدارییان تێدا کردووە و لە پێناویدا خەبتیون. بەلاٚم نووسەری بورژوا خەباتەکە بۆ چینەکەی خۆ قۆرخ دەکات و وای ئاڕاستە دەکات کە بورژوازیەت بە تەنیا خۆیبوونی وە دەست هێناوە و هەر بۆیەش لە هەموو کەس لە پێشترە بۆ خواردنی بەر و بوومەکەی.

بەهەر حالٚ لێرەدا دەبیٚ ئاماژە بۆ ئەوە بکریٚ کە دەستبەردار بوونی ئێستا بە هەموو گیروگرفتەکانی خۆیەوە و گەڕانەوە بۆ رابردوو تا قارەمانێتی باب و باپیرانی وێنە بگیرێت خۆی لە خۆیدا هەلاٚتنە لە واقیع، بیٚ لایەنکردنی ئەدەبە، دوور خستنەوەیەتی لە ئەرکی قۆناغە مێژووییەکەی خۆی. دیارە ئەم هەلٚوێستە زۆر کەمترە لە هەلٚویستی باب و باپیران کە هەر بەوەوە نەوەستاون لە رۆمانی مێژوویی دا وێنەی قارەمانێتی پێشینان بگرن، بەلٚکو ووشەیان گۆڕیوە بۆ ئەو کردەوەیەی کە سەر بەخۆیی وەدیهێنا. جا ئەگەر رۆمانی نیشتمانی پاش خۆیبوون جگە لە وێنەگرتنی (قارەمانێتی) پێشینان چ سوودێکی دیکەی نەبیٚ، ئەوا ئەم لایە ئێجابی یە (وێنەگرتنی قارەمانێتی پێشینان) دەبیٚ بە لایەنێکی سەلبی کاتیٚ ئەم پێشینانە لە رووی تازەکردنەوەی مێژوو بوەستن بەو بیانووەی (پەنجەرەیەکە یان راونگەیەکە) بەسەر ئەو رابردووەدا دەڕوانیٚ کە ئەوان قارەمانی بوون. دیارە چارەسەرکردنی گیروگرفتی واقیع و دۆزێن تازەی کۆمەلٚگە بەوە نابیٚ پەنا بەریتە بەر رابردوو، لە ئێستا هەلٚیی بۆ رابردوو، و ئایدولۆژیای کۆمەلٚگەیەکی هەرەس بردووی داروخاوی لە حالٚی مەرگ و گیانەلٚەدا دادی کۆمەلٚکەی تازە نادات.

**هەلٚبەتە لێدانی ژێی رابردووی (خۆش) تەنیا کۆمەلٚە دۆنکیشۆتێك دەخولٚقێنیٚ کە بە شمشێری قەستینەی دارینەوە بەگژ چەرخی زانست و تەکنولۆژیای هەرە پێشکەوتوودا دەچن.**

بۆیە لەم قۆناغەدا ناتەبایی و ناکۆکی دەکەوێتە نێوان چەوسێنەرو چەوساوەی نیشتمانی یەوە، کە پێویستە ئەم کێشەیە بکەوێتە سەرووی لیستی ئەرکەکانی ئەدەبیاتی تازەوە.

**(4)**


www.pertwk.com

PDF4Kurd

ڕۆمانی کۆمەڵایەتی کە زادەی کۆمەڵگەی پاش ڕزگاری و خۆیبوونە، لە وولاتی مەغریب دا هەندێ دواکەوت و (الرحلە المراکشیە)ی محمد بن عبدالله الموقت بە یەکەمین هەوڵی ڕۆمانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بە مانای تازەی ڕۆمانی کۆمەڵایەتی، دادەنرێت.

ڕۆمانی کۆمەڵایەتی لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی بیستەمدا دەستی پێکرد. ڕەنگە هۆی دواکەوتنی تا ئەو کاتە بگەڕێتەوە بۆ پاشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی گشتی، و بۆ سەر قاڵ بوون بە خەباتی نیشتمانی، و بایەخدانی پێشینان بەوژانرە ئەدەبییانەی زوو دێنە دەستەوە و کاریگەرییان خێراترە وەك: گوتار، چیرۆك، قەسیدە، چیرۆکی کورت.

لە ڕاستیدا دۆزی خۆیبوون یەکێکە* لە تەوەرە سەرەکی یەکانی ئەدەبی تازەی مەغریبی، لە سەرانسەری ئەدەبیات دا وێنە گیراوە و باسکراوە، هەر هەمووی ئەوەی ساغ کردۆتەوە کە (خۆیبوون) ئەو ئامانجەی وەدی نەهێنا کە لێی چاوەڕوان دەکرا، گەل ڕۆڵەکانی خۆی هاویشتە تونی شەڕی سەربەخۆییەوە، هیچ قازانجێکی لەوە نەکرد، بەڵکو بوژوای گەورە بە بازرەقەیەك گەییە دەسەڵات و جێگەی داگیرکەری گرتەوەو بەو پەڕی دڕندەییەوە هەموو جۆرە چەوسانەوەیەکی لەسەر چینێن هەژارو بێ نەوا جەڕباند ئەو چینەی هەڵخەڵەتێنرا و سەر و ماڵی کردە قوربانی و هەموو شتێکی دۆڕاند و ئەو جیهانەی نەبینی کە وەعدی پێ درابوو.

(5)

ڕۆمانی هاچەرخی مەغریبی لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمدا سەری هەڵدا دیارە قۆناغی لە دایك بوون و نەش و نمای ئەم هونەرە ئەدەبییە لە باری هونەرییەوە لاواز بووەو هۆیەکە شی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە باری هونەرییەوە پاشکۆ بووە. بەڵام دواتر و لە قۆناغی دامەزران دا ڕێبازە هونەرییەکانی وەکو کلاسیکی و ڕۆمانسی و واقیعی گەشەیان کردو بەشدارییان لە دامەزراندنی دیدێکی ناوەڕۆکی کرد کە لە واقیعی جەماوەرو ئاواتەکانی جەماوەرەوە هەڵدەقوڵا.

بەڵام لە قۆناغی تازەکردنەوەدا، ئەدیبە لاوەکان بە جۆش و خرۆشێکی ئەزمونگەرییەوە هاتنە پێشێ و دەستیان دایە تەکنیکی نوێی ئەوتۆ کە بتوانێ تەجرەبە تایبەتیەکانیان بکرێتە خۆ، چونکە واقیعی پابەندی گۆڕان، دەقە ئەدەبییەکانیشی لەگەڵ خۆیدا گۆڕی. ئا بەمجۆرە تازەکردنەوە لە ئەنجامی کارلێکی کەلتووری لەگەڵ ڕۆژاواو شارستانی و ڕۆژهەڵاتی پێشکەوتوو (عرب المشارقە) و واقیعی تایبەتی خۆماڵیدا دەستی پێکرد. جا لێرەوە دەتوانرێ بگوترێ ئەگەر ئەدەب شایەدی یەکی مێژوویی بێ دەربارەی قۆناغێکی دیاریکراو، هەر چەندە ئەدەب مێژوویی یە، ئەوا لە هەمان کاتدا داهێنان و خوڵقاندنەوەی واقیعیشە نەك تەنیا وێنەگرتنی. لەوەیە واقیعی وێناکراو پێشکەوتووتر بێ لە واقیعی دەرەکی. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە بنەما تیۆری یەکانی هونەر دابڕوخێنرێن، بەڵکو بەزاندنی ئێستایە بۆ باشتر و بالاتر، لە پێناوی داهێنانێکی گەورەی ئەوتۆدا کە تۆو ماکی هەموو پێشکەوتن و بەزاندنێکی تێدا بێ.

کە دەق لە داهێنەرەوە دەردەچێت، ئیدی سەر بەخۆیی خۆی وەردەگرێت و نەهەقی بەسەر داهێنەرەوە دەمێنێ و نە بەسەر وەرگرەوە. کە دەق دەگاتە بەر دەستی وەرگر دەبێ بە موڵکی ئەو، بە پێی توانا ئەبستمولۆژی و هونەری یەکانی خۆی مامەڵەی لە تەك دا دەکات. هەر لەبەر ئەمەشە لێکدانەوەی جۆراو جۆری کاری هونەری دروست دەبێت، چونکە هەر خوێنەرێك تەئویل و لێکدانەوەی تایبەتی خۆی بۆ دەق هەیە. هەروەها هەندێ دەقیش تایبەتمەندی فرە ئاستی هەیە کە فرە تەئویل و لێکدانەوەی


www.pertwk.com

PDF4Kurd

لێدەکەوێتەوە، چونکە پیوانەی رەمزی یان بابەتی جۆراوجۆری تێدا بەکارهاتووە. دەق بونیادێکی فرە دەلالەتی داخراوە، ئەگەرچی وێنەگرتنی واقیعە بەڵام واقیعێکی سەر بەخۆشە.

رۆمانی هاوچەرخی مەغریبی لە رووی بینای هونەرییەوە و بە گوێرەی رەوتی مێژوویی بەم رێبازە هونەریانەدا رۆییوە: کلاسیکی، رۆمانسی، واقیعی، رەمزی، تەلیعی، تەجریبی هەموو ئەمەش لەماوەی چل ساڵێکدا روویداوە دیارە ئەم رێبازانە بە تەواوەتی لێکدی جیاواز نین و رەگ وریشەیان لەناو یەکدا هەیە، تازە لە هەناوی کۆندا دەمەیێ و لە دایك دەبێ و تاماوەیەك شان بە شانی دەڕوات و تا تازەکە کۆن دەبێ، تازەیەکی دی دێتە جێگەی. ئەمە لوژیکی پەرەسەندنە لە ژیان دا.

دیارترین سیماتی رێبازی کلاسیکی بریتییە لە لاسایی کردنەوەی کۆن، پاراستنی کەسایەتییە مەزنەکان، پاراستنی ئورستۆکراتیەتی زمان، بایەخدانی زیاتر بە فۆرم تا بە ناوەڕۆك. جا ئەگەر زاراوەی کلاسیکی بە باڵای رۆماندا بگرین ئەوا ئەو رۆمانە مێژووییانەی روداوەکانی رابردوو وەسف دەکەن، ئەو رۆمانە نیشتمانیانەی وێنەی قارەماێتی باب و باپیران لە بەگژا چوونی داگیرکەردا دەگرن، ئەو رۆمانە کۆمەڵایەتیانەی وێنەکانی خەباتی کۆمەڵایەتی دژی کلۆڵی و کوێرەوەری دەگرن، هەر هەموویان بە پێی دید و جیهانبینی کلاسیکی هاتونەتە نووسین.

رۆمانسیەت لە ئەدەبی تازەی مەغریب دا، لە هەموو رێبازە ئەدەبی یەکانی دیکە لاوازترو بێ نموود ترە. رەنگە هۆی ئەوە بێ کە ئەدیبان لە سەردەمی خەباتی نیشتمانی دا سەرگەرمی ئەوەبوون بە شێوازێکی روون و ئاشکرا و دوور لە تەم و مژی رۆمانسیەت، تاکید لەسەر بەهاێن شارستانی لە کەلەپوری ئەدەبی دا بکەن. هۆی دووەم ئەوەیە کە ئەدیبانی قۆناغی خۆیبوون، روو بەرووی دۆزە کۆمەڵایەتی و کێشە تازەکانی واقیعی تازە بوونەوە.

دیارە رۆمانسیەت لە بنەڕەتدا ریبازێکی ئەدەبی تازەیە و گوزارشت لە چینی بورژوا دەکات، ئەو چینەی گەییە رێبەری کردنی کۆمەڵ، ئەم رێبازە لەگەڵ ئەم چینەدا هات و هەڵکشاو باوی سەند، لە هەردوو قۆناغی هاتن و گەییشتن دا گوزارشتی لە بورژوا کردووە، کە بورژوا هێشتا لە هەوڵی پێگەییشتن و وەرگرتنی دەسەڵاتدا بوو رۆمانسیەت شۆڕشگێڕانە بوو، کە بورژوا جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست و کەوتە پاراستنی دەستکەوتەکانی رۆمانسیەتیش بوو بە رێبازێکی محافەزەکاری کۆنە پەرستی هەڵاتن ئامێز.

ئەدەبی ریالیستی ئەدەبێکی نا شەخسی یە، نووسەر نایەوێ خۆی تێدا پیشان بدات، بەڵکو حەز دەکات نوسینەکەی وێنەیەکی ئەمینی واقیع بێ، بەڵام ئەدیبی ریالستی بە هۆشیاری یەوە دەکەوێتە ناو پرۆسەی هەڵبزاردنەوە، دەگەڕێت بە دوای شتە جەوهەری یەکانی ئەو دنیایەوە کە دەیەوێ وێنەی بگرێ و شتە سەرڤەسەرڤەکان پشت گوێ دەخات. وێنەی هونەریش لەلای ئەو دەکاتە کۆکردنەوەیەکی ئۆرگانی لە نێوان گشتاندن و نموونانندا، هەر بۆیەش رەوتی هەمە جۆری ریالزمی وەك: ریالزمی رەخنەیی، ریالزمی سوسیالستی، ریالزمی ئەزمونگەری، ریالزمی رەمزی، ریالزمی حیکایەتخوانی، و تەنانەت ریالزمی بێ کە نارو کەوشەن هاتنە ئاراوە. بێگومان رۆمانی کلاسیکی (تقلیدی) مەغریبی بازرەقەیەکی هونەری گەورە بوو لە ئەدەبی مەقامات و گوتارو ئیعترافنامە وە بۆ بونیاتنانی رۆمانی واقیعی تازە. بێگومان ئەزمونی ژیانی و فیکری رۆماننووسانی کلاسیکی مەغریبی راستگۆیانە گوزارشتیان لەو قۆناغە مێژووییە کردووە کە ویستویانە، بەڵام بەردەوامی ئەم دید و جیهانبینییە لە سایەی بارودۆخی تازەدا ئەدەب دەخاتە گێژاوی خۆکاوێژ کردنەوە و دووبارە کردنەوەوە، چونکە هەر


www.pertwk.com

PDF4Kurd

قۆناغێکی شارستانی دۆز و کێشەی تایبەتی خۆی هەیە و دیدی هزری و هونەری تازە دەخوازێ، بۆیە لەم حاڵەدا دیدی کلاسیکی پیر دەنوێنێ و ناتوانێ گوزارشت لە روحی نەوەی نوێ و ئەڵهاو ئاواتەکانی بکات. بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێ کە نکوڵی لە دەستکەوتەکانی بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم دەستکەوت و دابە هونەریانەو بوونی بەو کەلەپورەی دەبێ ببەزێنرێت و بەگەڵ شەپۆلی تازەی ژیان بکەوین، هەرچەندە رێبازی کلاسیکی نەبووە کۆسپ لەسەر رێگەی پەرەسەندنی رۆمان، بەڵکو ئەو بناغەیە بوو کە رێبازی ریالستی رەوتە هەمە جۆرەکانی خۆی لەسەر رۆنا.

پێشڕەوایەتی یان رۆمانی پێشەنگ (طليعي) بریتی یە لە بەکارهێنانی تەکنیکێن نوێ ی ئەوتۆ کە ئەستاتیکا زانراو و باوەکان دەبەزێنێ، بریتی یە لە تازەکردنەوە لەسەر ئاگرێکی هێدی، واتە وەکو ئەزمونگەری نییە کە دەکاتە تازەکردنەوەی بنجبڕو بە پەلەو تەجریبیەت رەوتێکی تازەیە لە بواری تەکنیکی ئەدەبیدا، ئەدیبانی تازە بۆیە پەنایان بۆ برد تا لە واقیعی هونەری سواو لە هەموو بوارەکانی داهێنان دا رزگارین دیارە دەرچوون لە واقیعیەت بە مانای خۆ دزینەوە لە دۆزەکانی جەماوەرنی یە، بەڵام کە ووشە بوو بەبڵاوکراوەیەکی هورایی و هوتاف.

ئەوا لە ئەدەبیەت و داهێنان دەکەوێت، بۆیە دەبێ ووشە هەر بە باڵایی بمێنێتەوە و دید و جیهانبینی یەکی جیاواز پێشکەش بکات، کول و کۆڤانی خودی و کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەیەکی داهێنان دا تیایدا بەرجەستە ببێ و هەر رەگەزێك لە رەگەزەکانی پرۆسەی هونەری ئامادەیی خۆی تێدا هەبێ. هەر بۆیەش جەربانـدن و تـێ پەڕانـدن لایـەنی جۆراوجـۆر دەگرنـە خـۆ. جەربانـدنێکی سـەرکێش هەیـە کـە هـەموو داهێنانێکی بەر لە خۆی رەت دەکاتەوە، ئەمە جەرباندنێکی خۆڕاییە، نە پشتیوانەی هەیەو نە ئایندەی دەبێ چونکە هونەر بە ورێنە دەزانێ، جەرباندنێکی دی هەیە کە حەساوی گەورە بۆ داهێنانی بەر لە خۆی دەکات و وەکو سەرچاوە سودی لێ وەردەگرێت، ئەمە ئایندەی خۆی هەیە.

بیناکردنی ئەدەبێکی دژ بە داهێنانی باو، لە رێگەی روخاندنی بونیادی فۆرمی رۆمان، و رەگەزە هونەرییەکان، و تەقاندنەوەی زمان، و دەرچوونی لە شێوە باوەکانی رۆمان، و تێ پەڕاندنی جیهانبینی واقیعی، و ئەرکی میکانیزمی خەیاڵ بۆ ئەرکێکی داهێنەرانەی ئەوتۆ کە واقیعێکی تازەی لەسەر رۆ بنرێ، واتە واقیعی رۆمان، نەك ئەو واقیعەی لە رێگەی نەقڵی میکانیزمی و رەنگدانەوەوە رۆ بنرێت.

رەوتی یەکەمی تەجریبی رۆمان لە مەغریب دا احمد المدينی نوێنەرایەتی دەکات کە پێ ی وایە رۆمان لافاوێکی زمانەوانی، دەوڵەمەندییەکی درکەیی یە لەسەر حیسابی هونەری چیرۆکڤانی، کاراکتەرێن نادیار، بونیادی لێك ترازاوی رۆمانەوانی، دەقی دڵخوازی ئەو بریتی یە لە بەزاندنی ئاسایی و باو. ئارەزوو کەڵکەڵەی تازەکردنەوەی تەکنیکی رۆمانەوانی لەلای المدينی وای لێکرد بونیادی رۆمانی کلاسیکی پشت بەستوو بە روداو و قارەمان و شوێن و کات و لوجیك رەت بکاتەوە. بەڵام رەت کردنەوەی هەموو ئەم رەگەزە هونەریانە رۆمانی تەجریبی خستە ئاستەنگی ناشەکلانیەتەوە.. چونکە نیاز چاکی بە تەنیا ئەدەب دروست ناکات. هەروەها هوشیاری مێژوویی و حەیاتی بریکاری هوشیاری هونەری نین. نووسینی خەملیو دەبێ هوشیاری کۆمەڵایەتی و هوشیاری هونەری ئاوێتە بکات.. هەرچەندە بەها ئەستاتیکی و هونەرییەکان دوا گوزارشت نین و داهێنەران دەتوانن ئیمکانیاتی رۆمانی ئایندە کەشف بکەن، بەڵام گەڕان و جەرباندن لە ئەدەب و هونەردا زەرورین وەکو چۆن لە زانست دا زەروری یە، جا گوزارشت کردن لە رێگەی فۆرمێن تازەوە زۆر جار خزینی بەدوادا دێت، بە تایبەتی


www.pertwk.com

PDF4Kurd

ئەگەر ئەم فۆرمانە هەڵقوڵاوی پێداویستی یەکانی پەرەسەندنی هوشیاری ئەو کۆمەڵە نەبن کە بۆی دەنوسرێ...

ئیدی رۆمان تا هاتنی جیمس جویس و مارسیل بروست ناسنامەی خۆی پاراست، بەڵام ئەو دووانە هاتن، هەردوو مەودای شوێن و کاتیان هەڵوەشاندەوە، لەمپەرێن نێوان شیعر و رۆمانیان روخاند، قەباغی لاوەعیان لابرد، مەنەلۆگ هەڵقوڵی. ئەوجا شۆڕە سوارانی رۆمانی تازە" ئالان روب گرییە، و میشال بوتور، و ناتالی ساروت سەرەکێشی (مغامرە) رۆمانیان تەواوکرد، دوا بزمارییان لە جەستەی رۆمانی کلاسیکی دا، و دروشمی (نا رۆمان)، یان (رۆمانی تازە) یان هەڵگرت، تا دەرفەتی شتەکان برەخسێ کە بە ئازادی یەکی میلودرامی، و بێ لایەنی یەکی سارد، و بەو پەڕی (بابەتگەری) یەوە گوزارشت لە خۆبکەن.

دیارە رۆماننووسانی عەرەب پەیگیری ئەم تازەگەری یەی رۆمانیان کردوەو.. قۆناغی وەرگرتن و کاریگەریان بڕیوە و لە قۆناغی داهێنانی زاتی دان کەپشت بە دوو رەگەزی تایبەتمەندی و هاوچەرخێتی دەبەستێت. لە دوا جاردا کەوتنە دوو ریانێکی دژوار یان بە پاشکۆیەتی قابیل بن و لە لاسایی کەرەوەیەك زیاتر نەبن، یان لە رێگەێن تازە بگەڕێن، تا گوزارشتی پێ بکەن لە داهێنانی تایبەتی خۆیان.

جا نووسەر لێرەدا هەر خۆی بە تەنیا داهێنەر نییە، بەڵکو کۆمەڵیش بەشداری دەکات لە پرۆسەی قەبوڵکردنی داهێنانی تازەدا، ئەویش لە رێگەی لە ئامێزکرتنی تۆوی تازە و تەقاندنەوەی هوشیاری کۆمەلایەتی و هونەری. بە مجۆرە دەبێ زەمینەیەك هەبێ بۆ ئەوەی تەجریب بەشداری لە داهێنانی دا بکات، کەش و هەوایەك هەبێ تەجریب لە باوەش بگرێ، خوێنەرانی نزیك لە ئاستی هزری هونەری نووسەر هەبن و هاوسۆزی لەگەڵدا بکەن، دەنا دەکەوێتە داو و تەڵەی ئەوەوە کە گوایە (پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتووە) یان (نەوەکانی ئایندە) دەیخوێننەوە و هەقی خۆی دەدەنێ.. دیارە ئەمە جۆرە گەشبینی یەکی تەم و مژاوی و نامسۆگەرە، چونکە نەوەێن ئایندە ئەدەبی تایبەتی بە خۆیان و بەقۆناغ سەردەمی خۆیان دادەهێنن، جا لەبەردەم ئەم جۆرە فەشەلەدا دورگەێن رۆشنبیریی دابڕاو لەناو جەرگەی کۆمەڵگەی پاشکەوتوودا دروست دەبن و وەکو پێشەنگی واقیعی و فیکری و هونەری خۆیان تێی دەپەڕێنن لە رووی هزری و هونەری یەوە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشداری پەرەپێدان و گۆڕینی کۆمەڵ دەکەن.

رەوتی دووەمی رۆمانی تەجریبی لە مەغریب دا محمد عزالدين التازى رێبەرایەتی کرد کە پێ ی وایە ئەو گۆڕانکاریانەی هەر لە قۆناغی کلاسیکی یەوە بەسەر رۆمانی عەرەبیدا هات، دەکرێ بە گۆڕانی ئەقڵیەتی عەرەبی لێك بدرێتەوە، بە کارلێکی رۆشنبیریی تازە لەگەڵ رۆژاوادا لێك بدرێتەوە، کارلێکێ کە تەنیا بە لاسایی کردنەوە قابیل نییە، بۆیە نەوەی تازە هاتن یاساو رێسای تازەیان بۆ بونیادی دەقی چیرۆکڤانی داهێنا، ئیدی خەیاڵیان لەوە رزگار کرد کە تەنیا رواڵەت و دیاردە واقیعییە رۆژانەکان بگوازێتەوە، ئیدی خەیاڵی نوسەر رۆڵی تەقاندنەوەی وەرگرت، واقیعی دەتەقاندەوە تا لە کەش و هەوایەکی چیرۆکڤانی دا دروستی بکاتەوە و دای برێژێتەوە، داڕشتنەوەیەك کە زمان دەوری سەرەکی تێدا بدینێ. چونکە زمان لەوە دەرچوو رەگەزێکی کروکپ و مات بێ.. و رۆمان لەوە دەرچوو کە کارێکی سادە و ساکار بێ واقیع وەکو خۆی نەقڵ بکات یان بە شێوەیەکی میکانیزمی وەسفی بکات.

هەندێ لە رۆماننووسەکانی مەغریب:


www.pertwk.com

PDF4Kurd

**مليكه الفاسى، محمد بن عبدالله الموقت، آمنه اللوه، محمد الصباغ، احمد عبد السلام البقالى، عبد المجيد بن جلون، عبدالكريم غلاب، فاطمة الراوى، عبدالله العروى، محمد زفراف، عبدالعزيز بن عبدالله، محمد عزيز الحبابى، احمد زياد، احمد المدينى، مبارك ربيع، سعيد علوش، خناثه بنونه، محمد شكرى، محمد عزالدين التازى.**

**سەرچاوەكان:**

1- **محمد عزام، وعي العالم الروائي، دراسات في الرواية المغربية ط** 1990 . 2- **جورج طرابيشي - رمزية المرأة في الرواية العربية. بيروت** 1981 .

3- **حنا مينا - هواجس في التجربة الروائية - بيروت** 1982 .

4- **جورج لوكاش - الرواية كملحمة بورجوازية - ترجمة: جورج طرابيشي بيروت** 1979 .

5- **الريف في الرواية العربية - محمد حسن عبدالله - عالم المعرفة - الكويت** 1989 .

6- **يمنيَ العيد - الراوي: الموقع والشكل - بيروت** 1986 .

PDF4Kurd

# جیهانی چیرۆکڤانی

## ئەحمەد مەحموود

2002 – 1931

**(1)**

**یەکێکە لە چیرۆکنووسە ناودارەکانی ئێران و چەندین ڕۆمانی گەورە و کاریگەری هەیە، لەوانە: (هاوماڵەکان، چیرۆکی شارێك، زەوی سووتماك، مەداری سفر دەرەجە و، درەختی هەنجیری مەعابد). لە پاییزی ساڵی 2002دا بەدەم ئازاری نەخۆشییەوە لە نەخۆشخانەی میهرداد –ی تاران کۆچی دوایی کرد و کار و بەرهەمێکی زۆر و ڕەسەنی لەپاش بەجێما و، لە ڕیزی پێشەوەی نووسەرە بەرجەستە و شەریفەکانی ئێرانە.**

**لە ساڵی 1931دا لە ئەهواز لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لەوێندەر تەواو کردووە. لێ پتر خۆی بەخەڵکی دیزفول دەزانی" چونکە دایك و بابی خەڵکی ئەو شارە بوون. بێ گومان ئەحمەد مەحموود بەڕەگەز کوردە و بەخۆیشی ئەمەی نەشاردۆتەوە و شەرمی لەم حەقیقەتە نەکردووە! ئەم نووسەرە وەکو گەلێك لە خەڵکانی ڕۆژهەڵات، هەر لە سەرەتای گەنجییەوە تووشی سیاسەت بوو و، کەوتە زیندان و پاشان نەفی کرا بۆ بەندەری (لنگە) کە ڕۆمانی (درەختی هەنجیری مەعابد)ەکەی یادگار و یادەوەری ئەو شارەیە، دەیگوت درەختێکی گەورە و بەسێبەر و پڕ سایە بوو و لەژێریدا سفرەمان ڕادەخست و نانمان دەخوارد.**

**یەکەم چیرۆکی خۆی بەناوی (صب میشە – ڕۆژ دەبێتەوە)، لە ساڵی 1954دا، لە گۆڤاری (ئومیدی ئیران)دا، بەناوی ئەحمەد مەحموودەوە بڵاو کردەوە و ئیدی لەوە بەملاوە (إعطا) بوو بەئەحمەد مەحموود. ئەحمەد مەحموودیش بوو بەو کەڵەنووسەرەی کە چەندین شاکاری ئەدەبی لەدوای خۆی بەجێهێشت. ئەحمەد مەحموود بۆ کاروباری بژێوی و بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە، خەم سارد و بێ موبالات و تەنانەت بێ سەروبەر بوو، بەخۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئەگەرچی لەو کارانەی کە بۆ دابینکردنی ژیان پێویست بوون، ناپایەدار بووم، بەڵام لە بیرکردنەوە و نووسیندا زۆر مکوڕ و تەنانەت سەرسەخت بووم). هەر ئەم سووربوونە بوو کە لە ساڵی 1957دا کۆمەڵە چیرۆکی (مول)ی لێکەوتەوە و هاتە چاپ و بڵاوکردنەوە. ئیدی لەمە بەدواوە وەکو نووسەری بواری کورتە چیرۆك ناسرا، تا لە ساڵی 1974دا یەکەم ڕۆمانی بەناوی (هاوماڵەکان) بڵاو کردەوە. تەنیا چیرۆکی کورتی دەنووسی. لەوانە: (دەریا هێشتا ئارامە – 1960، بێهوودەیی – 1962، میوانی ژێر باران – 1967، کوڕێژگەیی خۆیی غەوارەکان – 1971).**

**هەرچەندە نووسەر لەپاش ڕۆمانی (همسایەها – هاوماڵەکان) زیاتر ڕووی کردە ڕۆمان، بەڵام کورتە چیرۆکیشی فەرامۆش نەکرد و پاش ڕۆمانێن (هاوماڵەکان – 1974، چیرۆکی شارێك – 1979، خاکی سوتماك – 1982) سێ کۆمەڵە چیرۆکی کورتی بەناوی (دیدار 1990، حیکایەتی ئاشنا 1991، از**

PDF4Kurd

مسافرت تاتب خال – 1992) چاپ و بلاو كردۆتەوە و ئەوجا لە ساڵی 1993دا ڕۆمانی (مەداری سفر دەرەجە)ی بلاو كردەوە. (درەختی هەنجیری مەعابد – 2000) دوا ڕۆمانیەتی.

ئەحمەد مەحموود لە ساڵی 2000دا تووشی نەخۆشی هەناسەسواری (تەنگەنەفەسی) بوو.

لە ساڵی 2001دا چەندین خەلاتی ئەدەبی پیٚ درا، دیارە ئەم خەلاتانەش زۆر لە جێی خۆیدابوون، چونكە ناوەندی ئەدەبی ئێران كەسێكی خەلات كرد كە لە نێوان ڕۆماننووسانی ئێرانیدا دیار بوو.

جا ئەحمەد مەحموود لە نامەیەكیدا بۆ كۆڕی خەلاتەكەی، كە خۆی بەشداری تێدا نەكرد دەڵێت:

(خەڵكانی وەكو من كە 45 ساڵی ڕابردوویان لە گۆشەگیری و بیٚ دەنگی تەواودا قەتاندووە، ئەوەی توانیویانە كردوویانە، ئێستاش كاتی ئەوە هاتووە شوێن پێی حافیز هەڵگیرێت، لە خەڵوەتخانە وەدەربكەون و دەرفەت بەلاوان بدریٚ كە بەخەلات و هەر جۆرە هاندانێكی دیكە دڵخۆش بكرێن تا بەرهەمی زیاتر و چاكتر لە هی هاوتەمەنانی من دابهێنن و بخوڵقێنن). ئیدی مەحموودی دەوڵەت ئابادی لەجیاتی ئەحمەد مەحموود، خەلاتەكەی گەڕاندەوە و ڕایگەیاند كە ئەحمەد مەحموود لەدوا تەلەفۆنیدا لەگەڵ ئەودا، سوپاسی خۆی بۆ بەڕێوەبەرانی بۆنەكە ڕادەگەیەنیٚ و خەلاتەكە ڕەت دەكاتەوە، چونكە ئەم جۆرە خەلاتانە تازە بۆ ئەو ناكەنە هیچ جۆرە هاندانێك" دەوڵەت ئابادی لە تەعلیقی خۆیدا گوتی:

(وا جارێكی دیكە حیكایەتەكەی فیردەوسی لە مێژووی ڕۆشنبیریماندا دووبارە دەبێتەوە*).

حەسەنی میر عابدینیی توێـژەر و ڕەخنەگر لە بۆنەی خەلاتكردنی ئەحمەد مەحمووددا دەڵێت: (چیرۆكنووسێكی بەتوانایە" خوێنەر ڕادەكێشێت و ناچاری دەكات تا كۆتایی لەگەڵیا بڕوات).

مەحموودی دەوڵەت ئابادی لە كۆڕێكی دیكەدا دەڵێت: (ئەحمەد مەحموود – بیٚ خۆهەڵكێشان و لاف لێدان بەوەی كە كاری گەورەی ئەنجامداوە – كاریگەرییەكی گەورەی بەسەر زمان و ئەدەبیاتی ئەم ولاتەوە بەجێهێشت).

محەمەد قاسم زادە –ی نووسەر و ڕەخنەگر دەڵێت: (لە كارەكانی مەحمووددا، شێوە خاوەكەی زمان دەگۆڕیٚ بۆ ئەدەبێكی بالا).

سەفدەری تەقی زادەی نووسەر و ڕەخنەگریش دەڵێت: (بەدەگمەن نووسەرێك توانیویەتی وەكو ئەحمەد مەحموود هەڵكشان و داكشانی بزاڤە كۆمەلایەتی و ڕووداو و ئەنجامە پەیوەستەكان بەخەباتی ڕزگاریخوازی و بارودۆخی جەماوەری خەڵكی باشوری ولاتەكەمان بەو زیندوویەتی و كاریگەرییە نیشان بدات). هەروەها دەربارەی زمانی مەحموود دەڵێت: (زمانی مەحموود ڕەوان و خۆشە، خوێنەر ڕادەكێشێت، فارسییەكی دەوڵەمەند و دروست و مكومی هەیە، زاراوە ناوچەییەكان لە شوێنی ئاسایی خۆیاندا بەكار دێنیٚ. وەسفی زیندان و زیندانیان و ئەشكەنجە بەرجەستەترین دیمەنێن ناو ئەدەبیاتی ڕۆمانی ئێمەن")

بەلام مەخابن پاش ئەم خەلات و خەلاتكارییە و بەكەمتر لە ساڵێك، بەدەم زۆرانبازی دەگەڵ نەخۆشی هەناسەتەنگییەوە، لە ڕۆژی هەینی 2002/10/4دا لە نەخۆشخانەی میهرداد لە تاران بەیەكجارەكی تەسلیم بوو و گیانی سپارد.

**(2)**

ئەحمەد مەحموود یەكێك بوو لە نووسەرە گەورە و مرۆڤدۆستەكانی سەدەی بیستەم. ئەم كەڵەنووسەرە هەرچەندە ژیانی شەخسی زۆر بەرتەنگ بوو، لە ماڵێكی بچووكی گەڕەكی نارمەك –ی ڕۆژهەلاتی تاراندا، لەگەڵ ڕۆژانە ژیاندا لە زۆرانبازیدا بوو، لیٚ لە بوارێن وشە و چیرۆكاندا دنیایەكی

PDF4Kurd

ڕەنگین، بەرین و پڕ جۆشوخرۆشی ئەوتۆی بۆ خۆی سازاند بوو کە سەری لە کەشکەڵانی فەلەك دەسوو و پەیوەندی بەئایندەوە دەکرد" مەحموود مسیبەت و شکست و قارەمانێتی و مێردەزمەی هاوبەشی مرۆڤی ڕەنجبەری وڵاتی خۆی و هەموو جیهانی لە چیرۆکدا هونەراندووە. بۆیە مەحموود وێڕای هەموو تەنگدەستی و مەزڵومیەت و گوشارێك کە لە ژیانی شەخسیدا ڕووبەڕووی بوو، مرۆڤێکی بەختەوەر بوو" چونکە ژیا بەبێ ئەوەی ببێ بەنێچیر و چەشەی ژیان. بەڵکو بوو بەفەرمانڕەوای ژیان و بەبوونی ئەدەبی خۆی فەسڵێکی سەرەکی مێژووی ئەدەبیاتی چیرۆکی هاوچەرخی تۆمار کرد" بەهەرحاڵ جیهانبینی و بیری مەحموود لە ڕێگەی هونەرەوە ڕێی خۆی بەرەو ئایندە کردۆتەوە، ئیدی ڕۆخانەیەکە و لە ئەنجامدا دەڕژێتە ئۆقیانووسەوە.

ئەم پیاوە بەبەردەوامی لە خۆتازەکردنەوە و خۆجەڕباندنی ئەدەبیدا بوو. تا لە ژیاندا بوو دەستبەرداری ئەم خەسێت و سوخەت و نەفەسی خۆتازەکردنەوەیە نەبوو، بەتایبەتی لە بواری ئەستاتیکادا. ئەم دیاردەیە زۆر بەڕوونی لەدوا دوو ڕۆمانیدا، واتە لە: (مەداری سفر دەرەجە و، درەختی هەنجیری مەعابد)ا بەدی دەکرێت. لەم جووتە ڕۆمانەدا سەرەتای سەرهەڵدانی ڕەگەز و تۆخمی بونیادگەری و فورمالیستی، لە تەکنیکی هونەری خودانی (هاومالەکان و، چیرۆکی شارێك)دا دیارە. لێ بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا کە ئەم تەکنیکە تازەیە بەشێوەی چڕتر لە چەند شاکارێکیدا ڕەنگ بداتەوە و فەسڵێکی تازەش لە بواری جوانیناسیدا بکاتەوە و هونەر و دەستەڵاتی خۆی تێدا بنوێنێ.

ڕۆمانی (مەداری سفر دەرەجە)ی ئەحمەد مەحمود، ئەگەر لە چوارچێوە گشتییەکەیدا لە خانەی ڕیالزمدا بێ، ئەوا نووسەر هەوڵیداوە هونەرمەندانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕەگەزێن ڕەمزی و چەمکێن ڕەمزئامێز و هەندێ جار چەمکی خواستنکاری لە چوارچێوەی بونیادی ڕیالستیدا، قوڵییەکی هونەری ئەوتۆ بەکارەکەی ببەخشێت کە خوێنەر ناچار بێت لە ڕێگەی دیار و ئاشکرایانەوە پەی بەپەنهان و نائاشکرایان ببات و ئەودیوی ڕووداوە دیار و ڕواڵەتییەکان دەرك بکات"

مەحموود، ئەوەندە ئاشقە مۆدپەروەری و قوتابخانە و ڕێبازێن ئەدەبی نەبوو. پتر پابەندی چۆنیەتی خوێندنەوە و سەرنجێن هونەری خۆی بوو. لە خەمی ئەوەدا بوو کە بەرهەمی هەمەجۆر و نەمر بخوڵقێنێ، کە سەرچاوەی هەر یەکێك لەو بەرهەمانەی، خەیاڵی خۆی و ئەزموونی تایبەتی خۆی دەربارەی ژیان بووە. هەمیشە وێڵی دوای تازە بوو، کاتێك جیاوازترین و تازەترین تەجرەبەی چیرۆکڤانی خۆی لە بوارێن فۆرم و بونیاد و زماندا دەستپێکرد کە هەموو بەرهەمەکانی ڕابردووی لە زەین و یادی زەمان و مێژوودا مۆری نەمری و جاویدانی لێ درا بوو.

لە هەندێ کورتەچیرۆکێن کۆچیرۆکی (دیدار – 1990)وە تا ڕۆمانی (مەداری سفر دەرەجە – 1993) و پاشان (درەختی هەنجیری مەعابد – 2000) کە بەرهەمی دوایین دە ساڵی تەمەنیەتی، دەبینین نووسەری (هاومالەکان – 1974) و (چیرۆکی شارێك – 1981) و (زەوی سوتماك – 1982) لە هەوڵ و کۆششی بەردەوامدایە بۆ داهێنانی بەرهەمی جیاواز لە (بواری جوانناسی ڕۆمان)دا. بەرجەستەترین بەرهەمی ئەم قۆناغەی تەمەنی تەژی ڕەگەزێن تازە، چەمکی کینایی و قارەمان و وەزع و حاڵی ڕەمزی ئەوتۆن کە خوێنەر هەواڵەی ئەودیو مەبەستە ڕواڵەتییەکان دەکەن و خوێنەر ئاوێتەی زهنیەتی ڕەمزیی ڕۆمانەکە دەبێ و لەدوای تەواوبوونی ڕۆمانەکەش هەر لەناو جیهانی دەقەکەدا دەژی و لە گێژاوی ژانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا بۆ پێگە و دەوری خۆی دەگەڕێت. ئەمەش زۆر بەڕوونی لە ڕۆمانی (مەداری سفر دەرەجە)دا ڕەنگی داوەتەوە و بەرجەستە بووە.

PDF4Kurd

تا زەمانی بەرهەمهێنانی ڕۆمانی (مەداری سفر دەرەجە) و پاشان ڕۆمانی (درەختی هەنجیری مەعابد) کە هەردووکیان لە ڕوانگەی (زانای گشت)ەوە دەگێڕدرێنەوە. هەموو ڕۆمان و زۆربەی چیرۆکە کورتەکانی مەحموود لە ڕوانگە و زمانی یەکەم کەسی تاکەوە (منی گوتیار)ەوە گێڕدراونەتەوە. (مەداری سفر دەرەجە) لە باری بونیادی گشتی چیرۆك و، زمان و بابەتەوە زۆر لە ڕۆمانەکانی تری مەحموودەوە بەتایبەتی (هاوماڵەکان) نزیکە و لە ڕووی جیهانبینی و ڕوانگە و کاری ڕەگەزەکینایی و ڕەمزییەکانی چوارچێوەی تێفکرینی ڕیالستی چیرۆکەوە و لە ڕووی ئەسڵی بونیادییەوە لێکچوونی لەگەڵ ڕۆمانی (درەختی هەنجیری مەعابد)دا هەیە. لە (هاوماڵەکان) و (مەداری سفر دەرەجە)دا هەموو شتەکان، ژینگەی کۆمەڵایەتی و تەنانەت بەرژەوەندی و پەیوەندی نێوان قارەمانەکان و پێگەکانیش تەنیا بەکۆمەکی کاری ناوەڕۆك و کاردانەوەی زمان دەکەونە بەر دیدەی بینین و گۆشە تاریك و نادیارەکانیان دەردەکەون. دەڵێی هەر کاراکتەرێك چرایەکە کە بەحەرەکەتی بەردەوام لە شوێنی خۆیدا، هەم خۆی ڕووناك دەکاتەوە و هەم ئیمکانی دیتنی گۆشە و کەنارێن دیمەن و شتەکان و مرۆڤەکانی دی بۆ خوێنەر دەڕەخسێنێ. جیاوازی سەرەکی نێوان گۆشەنیگای یەکەم کەسی تاك لە (هاوماڵەکان)دا و دیدی (زانای گشت) لە (مەداری سفر دەرەجە) لە جوملەی ئەو چرایانەن. لە (هاوماڵەکان)دا دەڵێی یەك چرا هەیە کە ئەویش بەدەستی گوتیاری چیرۆکەکەوەیە و شتەکان، ژینگە و ڕووداوەکانی ناو شانۆکەی پێ ڕووناك دەکاتەوە و بەخوێنەری نیشان دەدات. لە حاڵێکدا لە (مەداری سفر دەرەجە)دا (زانای گشت) گەرچی دەسەڵاتی ڕەهای هەیە و دەتوانێ هاوکات تیشك بخاتە سەر هەموو دیمەن و گۆشە و کەنارەکان و بەردەوام گۆشەنیگای خۆی چڕ بکاتەوە و بەدرێژی و پانی و قوڵی زەمان و شوێندا بیگێڕێت، بەڵام وەکو پێویست سوود لەم گۆشەنیگا بێ سنوورە وەرنەگیراوە.

ئەگەر (هاوماڵەکان) چ وەکو بونیاد و چ وەکو قارەمان و ڕووداو تەواو ڕیالستی بێ و یەك دیو و یەك توێ و یەك ڕووی هەبێ، ئەوە زادەی قۆناغێکی ژیانی مەحموودە کە ڕوانینی نووسەرە بۆ بوون. مرۆڤ و مێژوو ڕوانینی بابایەکی شایەد بووە و بەس. بەڵام (مەداری سفر دەرەجە) بەرهەم و بەری سەردەمێکی تازەی جیهانی چیرۆکڤانی مەحموودە. سەردەمێك کە ئاوێتەکردنی (پێش ئاگایی لە ئایندە) و (شایەدی ئێستا) ئەفراندنێکی نوێ و هوشیارانەی لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی چیرۆکڤانیدا لێ کەوتەوە و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا پەیڕەوانێکی لە دەوری خۆی خڕ کردەوە.

زمان لە ڕۆمانی دوو بەرگی (درەختی هەنجیری مەعابد)دا دیاترین لایەنی جیاوازی دوا بەرهەمی مەحموودە لە هەموو بەرهەمەکانی پێشووتری. ئەگەر بونیاد و ناوەڕۆکی بەرهەمێن پێشووی مەحموود بەتایبەتی (مەداری سفر دەرەجە) زمانێکی ڕونکاری بخوازێ کە خۆی وەکو ڕەگەزێکی ناوەوەی بونیادی لەگەڵ کار و کاردانەوەیێن بەردەوام (حەرەکەت و گفتوگۆ) بسازێنێ، ئەوا لە ڕۆمانی (درەختی هەنجیری")دا ڕووبەڕووی زمانێکی وەسفکاری وەها دەبینەوە کە لە کارە ئەدەبییەکانی مەحموودا هیچ پێشینەیەکی جدی نییە. ئەرك و کاری زمان لە (مەداری سفر دەرەجە)دا بریتییە لە نیشاندان و وێنەگرتن. کەچی لە (درەختی هەنجیر")دا ئەرکی زمان بریتییە لە وەسف و نواندن. زمانی ڕونکاری (مەداری سفر دەرەجە) چونکە لە زمانی ڕونکاری (توضيحي)یان وەسفی (درەختی هەنجیر") لە شانۆ نزیکترە و هەڵسوکەوتی قارەمانەکان و ڕووداوەکان لە ڕابردووەوە دەستی پێ کردووە و لە ئاستانەی زەمانی ئێستادا لە ناوەوەی زماندا دەگاتە دوا شێوە و فۆرمی خۆی. بۆیە چیرۆکەکە بەناچاری پەنای وەبەر فرمانی ڕابردوو و بەزۆری ڕابردووی تەواو بردووە" بەڵام لە زمانی وەسفکاری (درەختی هەنجیر")دا کە ڕەوتی زەمان لە ئێستاوە بەرەو ئایندە دەکشێت، فرمانی ڕانەبردوو، بەتایبەتی


www.pertwk.com

PDF4Kurd

ڕانەبردووی ئیخباری بەکار هاتووە. ئاساییە لە هەموو ئەو شوێنانەی کە هێڵی زەمانی حاڵ لە تەداعیاتی زهنی قارەمانەکاندا لە ڕابردووی دوور یا نزیکدا دەشکێتەوە. فرمانی ڕابردوو بەکار هاتووە. لە بونیادی ڕۆمانێکی وەکو (مەداری سفر دەرەجە)دا کە زمان بەشێکە لە بونیادی چیرۆك و لەگەڵ هەر کاراکتەر و لەگەڵ هەر کار و دیالۆگێکدا دێتە ئاراوە، لە ڕاستیدا بەڕەگەزێکی هەرە گرینگ و ڕاستی دەژمێردرێت و دەبێت زیاتر لەگەڵ مانایێن ڕاستەقینەی وشەکان و زاراوە و دەربڕینەکاندا بەکار ببرێت. نووسەری ریالست ناتوانیٚ و نابیٚ وەزع و حاڵەکان و وێنە زەینییەکان و بابەتییەکان بەخۆڕایی و بەشێوەیەکی نابەجیٚ پەرە پیٚ بدات. نابیٚ درێژدادڕی نابەجیٚ بکات. قسەی بەلاش بخاتە سەر زاری قارەمانانی پووچەڵ و کارتۆنی و هەموو زانیاری و ئەزموونەکانی خۆی کەشکۆڵ ئاسا بترنجێنێتە ناو یەك ڕۆمانەوە و بیکا بەقووتی عەتاران. ڕیزکردنی بابەتێن دوور لە هێڵی ئەسڵی ڕۆمان لە هەندیٚ ڕۆمانی دووروردرێژی ڕیالستی سەردەمی ئێمەدا، ئەو حیکایەتە کۆن و بەرهەمە هەڵبەستەوانی و پەخشانیانەی سەدەکانی پێش مۆدرنیتەوە بیر خوێنەر دێنێتەوە کە هێڵی سەرەکی و هەوێنی چیرۆکەکە لەپشت کۆمەڵێك بابەتی تیۆری و ئەخلاقی و فەلسەڤی و چیرۆکێن لاوەکییەوە بزر بووە. کەچی ئەحمەد مەحموود لە زۆربەی هەرەزۆری بەرهەمەکانیدا، بەڕای زۆربەی خودان ڕاوبۆچوونان، خۆی لە درێژدادڕی بونیادی ڕۆمان پاراستووە و لەو ڕووەوە زۆر باڵادەست و سەرکەوتووە. ئەحمەد مەحموود بەڕۆمانی (درەختی هەنجیر") سەلماندی کە نووسەرێکە بەهوشیارییەوە لە زیادەبێژی و درێژەدادڕی نووسین بێزارە و کە لە چیرۆکە سەرکەوتووەکانی پێشووشیدا پەنای وەبەر چڕی زمان و کورتبڕی بابەت بردووە تەنیا لەبەر زەروورەتی بونیادی نەبووە. بەڵکو ئەمە تایبەتمەندییەکی سروشت و تەبیعەتی جوانی ناسی ئەو بووە.

تایبەتمەندی بەرجەستەی (کورتبڕی) لە زمانی ڕونکاری و نێوەڕۆکی ڕۆمانەکانی پێشوویدا، ئەگەرچی بەجۆرە درێژەدادڕییەکی هونەری لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام لە ڕاستیدا دوا ڕۆمانی (درەختی هەنجیری مەعابد) و زمانی وەسفکاری ئەو ڕۆمانە، ئەوەی ساغ کردەوە کە کورتبڕی نێوەڕۆك و زمان هەم یەکێکە لە تایبەتمەندییە هونەرییە دژوارەکانی ئەو و نیشانەی پاراوی خەیاڵی ئەوە بەڕۆشنبیریی هاوچەرخ و هاودەم.

هونەری مەحمود لە هەردوو ڕۆمانی (هاوماڵەکان و مەداری سفر دەرەجە)دا لە ڕەوانی پەخشانەکەی و لە زمانی ڕونکاری چیرۆك و گێڕانەوەدایە. ڕیتمی ڕستەکان، ئاهەنگی وشە، جێگۆڕکیٚ و گۆڕانی بەردەوامی فرمانەکان، ئاوەڵفرمان، ئاوەڵناو، ئامرازی پەیوەندی لە بونیادی ڕستەدا، کورتی ڕستەکان و دەستگرتنەوە لە بەکارهێنانی ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان و هاوواتایان" هێندە بەوردی و ناسکی ئەنجامدراوە کە ئەم بونیادە تایبەتییە لە زمانی پەخشانی چیرۆکدا، لە زۆر شوێندا یارمەتی بەرجەستەبوونی چەمك و حاڵەت و تەنانەت هەستی ناوەوەی قارەمانەکان و وەزعیەت و ڕەوشی ڕووداوەکان دەدات. هەڵبەتە ئەرکی هونەر و ئەدەبیات وەڵامدانەوەی پرسیاران نییە، بەڵکو دۆزینەوە و بەرجەستەکردنی هونەری هاندەرە دەروونی و سۆزدارییەکانە.

لە (مەداری سفر دەرەجە) و (درەختی هەنجیری مەعابد)دا خوێنەر لە هەر یەکێکیاندا دەبێت بەبەردەوامی پەیگیری ئەو هەستە پەنهانە بکات کە لە بونیادی ناوەوەی ئەم دوو ڕۆمانەدا پەنهانە.

لە ڕۆمانی دوو بەرگی (درەختی هەنجیری مەعابد)دا، لە ڕووی بونیادی گشتییەوە، ئێمە ڕووبەڕووی (جیهانێکی واقیعی) و (جیهانێکی خەیاڵین) کە هاوسیٚ و هاوزەمانن و (جیهانی چیرۆکڤانی) ڕۆمانەکە


www.pertwk.com

PDF4Kurd

پێکدەهێنن. سەربهووردی تراجیدی ماڵباتی ئەسفەندیارخان ئازەرپاد و ئەو نەگبەتییەی کە یەخانگیری فەرزەندان و پاشماوەکانی ئەم ماڵباتە دەبێت، ناوەرۆکی جیهانی واقیعی ڕۆمانەکەیە و درەختەکە و پیرۆزاندنی میتاواقیعی درەختەکە و ڕێوڕەسمی ئایینی سەبارەت بەدرەختەکە، سەرپەرشتی زیارەتگە و مەزاری درەختەکە کە وەکو عەلەمدار پشتا و پشت لە بابەوە بۆ کوڕ دەمێنێتەوە، یادداشتەکانی عەلەمداری یەکەم و سەرەنجام گەشەکردنی ڕیشە و لقوپۆپی درەختەکە ژیانی شارێك وەکو نموونەی وڵاتێك ئیلفیج دەکات" بابەتی جیهانی خەیاڵییە.

بەرگی یەکەم و بەشێك لە سەرەتای بەرگی دووەمی ڕۆمانەکە، بونیادێکی تەواو ڕیالستی هەیە و چەمك و شتە ڕەمزییەکان کە لە بەرگی دووەم بەدواوە و بەرە بەرە جیهانی خەیاڵی و فەنتازی ڕۆمانەکە پێك دەهێنن، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەدرەختەکەوە هەیە.

ڕەگەزێن ڕەمزی و چەمکێن خوازەیی ڕۆمانەکە لە بەرگی یەکەمدا بەباشی لە بونیادی ڕیالیستی چیرۆکەکەدا قاڵبی گرتووە" لە نیوەی کۆتایی بەرگی دووەمی (درەختی هەنجیری") خوێنەر دوو زەمان و دوو شوێنی جیاواز کە یەکێکیان واقیعی و ئەویتریان خواستنکارییە (استعاری) دەبینێ کە هاوزەمان و شان بەشانی یەکترن.

(3)

ئەحمەد مەحموود، پیاوێکی گۆشەگیر و سەرسەخت و پشت بەخۆ بەستوو بوو. بەڕەنجی خۆی و هەوڵ و کۆششی زۆر توانی ناو و ناوبانگێك پەیدا بکات و لە مەیدانی چیرۆکستانی هاوچەرخی ئێراندا ئەم پایە بەرزە بەدەست بێنێ. تاکو مردیش هەر مرۆڤێکی ڕەنجدەری غەمین بوو، کاری بەکاری خەڵکانەوە نەبوو. بەبێ دەنگی و لەناو بێ دەنگی خۆیدا سەرگەرمی کاری هونەری خۆی بوو، لە هەوڵی بەردەواما بوو کە ئاستی بەرهەمەکانی بگەیەنێتە پلەیەکی بەرزتر.

هەرچەندە زۆربەی ڕەخنەگرانی ئێمە لە ئاستی کارەکانی ئەودا، بێ دەنگ بوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەرهەمەکانی چوونە ناو کۆمەڵ، گەیشتنە زمان و دڵ و گوێی خەڵکی. هەندێ لە بەرهەمەکانی کراون بەزمانانی ئەڵمانی، ڕووسی، ئینگلیزی، فەرەنساوی و ئەرمەنی و کوردی(**)

گیروگرفتی ژیان و کاری ئەدەبی ئەحمەد مەحموود هەمان دژواری ژیان و کاری نووسەرانی جیهانی سێیەمە. واتە لە لایەکەوە هەڵپەی ژیان و ئەرکی پەیداکردنی بژێوی خۆی و ماڵ و منداڵ، لە لایەکی دییەوە هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری و خزمەتی کەلتووری. جا هەر ئەرکی ژیانی ڕۆژانە و پەیداکردنی کار و کاسبی و دابینکردنی بژێوی، خۆی لە خۆیدا کارێکی زۆر قورسە و مرۆڤ لەبن دێنێ" کەچی بەو حاڵەشەوە ئەحمەد مەحموود، لە کاری ئەدەبی خۆی ڕازی نییە و (پتر لە شەست ساڵ تەمەن و ئەم کارە کەمە بەمایەی شەرمەزاری) دەزانێت" بەڵام ئەگەر سەختی و دژواری ژیان و ئەرکی ڕۆژانە و بێ ڕەواجی بازاڕی قەڵەم لە بەرچاو بگرین دەشێت بگوترێ کە نووسینی چوار ڕۆمان و پتر لە پەنجا چیرۆکی کورت کارێکی کەم نەبووە. بەڵگەی ئەشقێکی گەورە و بەهرە و توانایەکی ڕەسەنە. مەحموود و گەلێك لە نووسەرە چاکەکانی دیکەی وڵاتی ئێران دەبووایە لە چەند بەرەیەکی دژواری وەك: کاری ئەدەبی، هەڵپەی ژیان، نووسین و نووسینەوەی کتێبان، سەرپەرشتی کەسوکار و خاوخێزان و کاری زەوقکوژی ئیداریدا بجەنگن و بخەبتن.

چیرۆکەکانی ئەحمەد مەحموود، بەقۆناغی پڕ لە گۆڕاندا ڕەتبوون. لە سەرەتادا کاریگەری چیرۆکێن هیدایەت و چویەك –یان پێوە بووە. پاشان کە ئەزموونێکی پەیدا کردووە و خۆی ناسیوە ڕووی کردۆتە

PDF4Kurd

ڕیالزم و ڕیالزمی کۆمەڵایەتی. ڕۆمانی (مەداری سفر دەرەجە) بەلوتکەی داهێنانی هونەری مەحموود دەژمێردرێت"

هاماجی (فەزا) زۆربەی چیرۆکەکانی هاماجی گوندییە و کەمتر پەیوەندییێن شاری تازەیان تێدا دەبینرێت. خەباتی سالانی 50 – 70ی سەدەی بیستەم هێشتا بەسەر بیر و بیرکردنەوەیدا زاڵە. قارەمانانی چیرۆکەکانی – جگە لە نەوزەر ئەسفەندیاری لە مەداری سفر دەرەجەدا و چەند قارەمانێکی دیکە لە کۆمەڵە چیرۆکی دیدار و چیرۆکی ئاشنادا، تاك مەودا و سادەن. بەڵام ئەو ڕاستییەش زەق و دیارە کە مەحموود لە زۆربەی چیرۆکەکانی خۆیدا واقیعی ژیانی خەڵکی بێ بەش و مەحروم دەخولقێنێتەوە و کەسایەتی و قارەمانانی چیرۆکەکانی لە ناوەوە و لە دەرەوەڕا بەرجەستە دەکات، خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەحمەد مەحموود زەروورین بۆ تێگەیشتن لە ژیانی خەڵکی گوندی و ژینگەی باشوری ئێران، بەتایبەتی ئەهواز و خوزستان، گەڕەکەکانی ئەهواز و شێوازی ژیانی خەڵکی ئەم شارە و سیاسەتی زاڵ بەسەر ئێراندا لە سەردەمی دکتاتۆریەتی شاهنشاییدا.

کەسێك بیەوێ کارەکانی ئەحمەد مەحموود بناسێت، دەبێ لە کۆمەڵە چیرۆکی (مول) –ەوە دەست پێ بکات، کە بریتییە لە هەشت کورتە چیرۆك، مەنەلۆگ زاڵە بەسەریاندا، کورتبڕی خەسڵەتێکی دیکەی زاڵی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەیە. مەحموود دەیەوێت قسەی خۆی بکات و ئەزموونی خۆی دەربڕێت و حاڵ و حەوسەڵە و تاقەتی درێژدادڕی نییە. کۆمەڵەی دووەمی (زائر زیر باران – 1968) ئەم کۆمەڵەیە لە ڕووی شێوە و شێوازی چیرۆکڤانییەوە دەکرێت بەدوو بەشەوە. بەشی یەکەمیان کاریگەری چیرۆکەکانی هیدایەت و عەلەوی و چوبەك –یان پێوە دیارە. نووسەر هێشتا نەبووە بەخودانی دەنگی خۆی، بەشی دووەمیان ئەو چیرۆکانەیە کە نووسەر خۆی دۆزیوەتەوە و لە کەمەندی بونیاد و تەکنیك و شێوازی نێودارانی پێش خۆی ڕزگار بووە. لە کۆمەڵە چیرۆکی (غریبەها و پسرك بومی)دا پەرەی بەو شێوە و شێوازەدا کە لە بەشی دووەمی (زائری زیر باران)دا پێی گەیی بوو. بەردەوام گەشەی بەشێوازی تایبەتی خۆی دا تا لە هاوماڵەکاندا شێوازێکی تایبەت و دیاری دۆزییەوە.

*

یەکێك لە ئارمانجەکانی نووسەر، بەتایبەتی نووسەری ڕۆژهەڵاتی دەکاتە دۆزینەوە و کەشفکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەی خۆی، واتە نووسەر دەبێ خودان کەشفی خۆی بێت، دەنا بیروباوەڕی زۆر لەم دنیا بەرین و ئاڵۆزەدا هەن کە هەر یەکێکیان بگریت دەشێت لە شوێنی خۆیدا شایانی تێفکرین و قووڵبوونەوە بێت. ڕیالیستانی ئێرانی، کە ئەحمەد مەحموود یەکێکیانە ئەم خەسڵەتەیان هەیە کە وازیان لەم گەمە سواوەی ڕۆشنبیریی (واتە وەرگرتنی باوەڕ و بیری خەڵکانی دی) هێناوە و ڕوویان کردۆتە قولایی ژیانی ئێرانی" دوو چیرۆکی یەکەمی کۆمەڵەی (غریبەها") وەسفی ژیانی خەڵکی خوزستان لە ڕۆژانی جەنگی جیهانی دووەم و داگیرکردنی ئێران لە لایەن هاوپەیمانانەوە دەکات.

*

با جارێ بێینەوە سەر ڕۆمانی (هاوماڵەکان. بابەتی ئەم ڕۆمانە، بابەتێکی سیاسی – کۆمەڵایەتییە. بونیادێکی زۆر ورد و مەحکەمی هەیە. دیمەنەکانی ژیان بەجۆرێ وێنە دەگرێت کە دەبێت بەبەشێك لە خودی بابەتەکە و لە دەرێڕا لێی بار ناکرێت. ئەگەر ئەم ڕۆمانە لەگەڵ (شوهر آهو خانم)ی عەلی محەمەد ئەفغانیدا – کە ئەویش کوردە – بەراورد بکەین، بەئاشکرا دەردەکەوێت کە بەرهەمەکەی ئەفغانی وێڕای


www.pertwk.com

PDF4Kurd

هەموو خەسڵەتێکی ناوازەی خۆی، لە زۆر شوێندا دەکەوێتە درێژدادڕی، نانەوای کرماشانی سەید میران باسی ئەفسانەییێن یۆنانی دەکات و موتریبەکە دەکەوێتە فەلسەفەڕێسی. لە ڕۆمانی هاوماڵەکاندا ئەم جۆرە خۆنووادندنە ڕۆشنبیرییە بەدی ناکرێت. نووسەر دەیەوێت دیتن و باری سەرنجی خۆی لەمەڕ شوێنێن دیاریکراو و قۆناغێکی دیاریکراو لەناو چیرۆکەکەدا بەرجەستە بکات. قارەمانانی ئەم چیرۆکە بەگوێرەی خەسڵەتێن بەدەنی و سۆزداری و چۆنیەتی ژیانیان قسە دەکەن و هەڵسوکەوت دەکەن و هەڵوێست دەنوێنن. قسەکانیان ڕەنگدانەوەی دەرد و ئازارەکانی خۆیانە و هەقیان بەسەر ئەفسانەییێن یۆنانی و چیرۆك و حیکایەتێن کۆن و تازەوە نییە. قسەی زل زل ناکەن. خۆ بەخۆ و بەبێ هۆ لە دیمەنەکانی ناو چیرۆکەکەدا دەرناکەون و ژیانی پڕ هەوڵ و تەقەلا و ڕەنج و ڕووداو چارەنووسی هەموویانە یان زۆربەیانە.

قارەمانی سەرەکی ڕۆمانەکە (خالید)ی ناوە. نووسەر لە قۆناغی هەرزەکارییەوە، واتە لە تەمەنی 10 – 12 ساڵییەوە تا سەرەتای 20 ساڵی لەگەڵیدا دێت و سەربوری ژیانی ئەو و دەوروبەرەکەی هونەریانە نیشان دەدات. هەر هەموو بابەتەکە بەزمانی ئەوەوە دەگێڕدرێتەوە. جا کورتکردنەوەی ئەم ڕۆمانە بەلەزەت و چڕە ڕووداو و بەسەرهاتە گەلەك ئەستەمە. بۆیە وا چاکە سەرەداوێکی هاماج و بونیادی ڕۆمانەکە بدەینە دەستی خوێنەر تا خۆی بەیارمەتی ئەم سەرەداو و ڕێنوێنە، گۆشە و کەنارێن ڕۆمانەکە کەشف بکات و ئاگاداری لێهاتوویی نووسەر لە بواری چیرۆکڤانیدا ببێ. چیرۆکەکە بەمەنەلۆگێکی خالید دەست پێ دەکات. بەڵام دیسپلینێکی لۆجێکی بەسەر ئەم مەنەلۆگەدا زاڵە. خالید چ وەکو تاك و چ وەکو باری کۆمەڵایەتی سیمایەکی دیار و تایبەت بەخۆی هەیە. وەکو زۆربەی لاوانی ئێرانی لە کاریگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی شار و زەمانی خۆی بەدەر نییە، کەسێکی ئاشنا و زیندووە لە لای خوێنەر. نووسەر دیوی ناوەوە و دەرەوەی، واتە لایەنی سۆزداری و کۆمەڵایەتی ژیانی قارەمانەکەی لە بەرچاو گرتووە و زۆر واقیعیانە مامەڵەی لەتەکدا کردووە. ئەم ڕۆمانە ئاوێنەیەکی درز بردووی شکاو نییە کە وێنەی شێواو و لێڵ و تێکەڵوپێکەڵی بنیادەممان پیشان بدات. بەڵکو ئاوێنەیەکە کۆمەڵ دەنوێنێ. ڕووداوەکانی ژیان بەڕاستی و واقیعیانە نیشان دەدات. دروستە کە نووسەر، ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی بەگوتاری (خالید) دەست پێ کردووە، لێ خاڵی گرینگ ئەمەیە کە ئەم ڕووداوانە تەنیا بەقارەمان و کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەوە پەیوەست نین. بەڵکو پەیوەندی بەکەسانی دیکەشەوە پەیدا دەکات و وەختێ کە کاراکتەرەکانی دی دێنە قسە، قسەی خۆیان دەکەن و سیمای واقیعی خۆیان نیشان دەدەن. لە چیرۆکەکەدا، لەبن دێڕی مەنەلۆگی خالیدا، گفتوگۆی خەڵکانی دیکەش دەژنەوین. هونەری نووسەر پتر لەمەدایە کە هونەریانە ڕووداوەکان دێنێتەوە ناو زەمانی ئێستا و بەگوتارێن بەردەوام نیشانیان دەدات. بەڵام بەیارمەتی و کۆمەکی ئەم شێوەیە دەتوانێ چیرۆکێکی تازە بێنێتە ئاراوە. چیرۆکەکەی، یەکەیەکی یەك پارچەیە و بەجووڵە و وەسف، سیمای واقیعیەت و حەقیقەت دەنوێنێ. نووسەر، سەرەتا دەمانباتە ناو ماڵێکی هەژاری شاری ئەهواز. ئەو کەسانەی کە لەم ماڵەدا دەژین لە بەرچاومان گیانیان دەکەوێتە بەر و بەژیانی بابی خالید، دایکی، ئەمانی چایچی، بلور –ی ژنی، ئافاق، محەمەد میکانیك، ڕەحیمی ولاخدار" و خەڵکانی تری چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ ئاشنا دەبین. سیمای خالید و کردارەکانی خالید خاڵی سەرەکی ڕۆمانەکەیە. لەم بارەیەوە ڕۆمانەکە لە خانەی کلاسیکدایە، بەڵام بەزەبری پەنابردنی نووسەر بۆ مەنەلۆگ، ڕۆمانەکە خەسڵەتێکی تازەش پەیدا دەکات" (هاوماڵەکان)

PDF4Kurd

ڕۆمانێکە بەزمانێکی تەڕ و تازە لایەنەکانی واقیع نیشان دەدات نەك لایەنێن ژیانی پڕ لە شلەژانی تاکە کەس کە نیشانەی بەرهەمێن ڕۆمانێن مودرینە.

کار و گوتارێن خالید چەقی ڕۆمانەکە پێکدێنن. بەڵام چەقێکی داخراو و سنووردار نییە و ڕووی لە جیهانی بەرینی کۆمەڵگەیە و قۆناغێکی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران لە دەیەی ساڵی 1951دا نیشان دەدات.

قۆناغی یەکەمی ئاشنایی خالید بەژیانی کۆمەڵایەتی و گەییشتنی بەتەمەنی خۆناسین، بەپەیوەندی ئەو دەگەڵ (بلور خانم)دا دەست پێ دەکات. بلور خانم ژنێکە لە مێردەکەی ڕەنجاوە و لە باوەشی خالیدی لاودا بۆ لەزەت دەگەڕێت و لەزەت دەبینێ و یەکەمین جورعەی هەنگوینی ئارەزووی پێ دەنۆشێت. خالید لە قولایی سروشتی هەرزەکارانە و گەرموگوڕی خۆیەوە ئەم پەیوەندییە دەردەبڕێت:

(" تێك ئالاوین، بەجۆرێکی ئەوتۆ بەخۆوەم دەگوشێت ئێسقانەکانم دێنە ژان" دڵم وەکو چۆلەکەی ڕەمیدە دەفڕێت").

هەنگاوی دووەمی خالید لە پرۆسەی هاتنە ناو کۆمەڵەوە ئەو کاتەیە کە دەگەڵ ئیبراهیمدا دەبن بەمووی لووت لە غولام عەلی خان و شووشەی پەنجەرەکەی دەشکێنن. چونکە غولام عەلی خان بەدزییەوە ژنێکی هێناوەتە ماڵەوە. غولام عەلی خان، خالید دەباتە پۆلیسخانە بەدارکاریکردنێکی چاکی دەدات. لێ پاشان بەناوبژیوانی (ئەمان ئاقا) ئازاد دەبێت و لە هەمان قۆناغدا ئاشنا و شارەزای بێدادییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت.

هەنگاوی سێیەمی خالید ئەو کاتانەیە کە ئاشنایەتی دەگەڵ کیژێکی ئەروستوکراتی جواندا کە ناوی دەنێت (چاو ڕەش) پەیدا دەکات. لێرەدا گیرۆدەی ئەشقێکی پاك و بێ گەرد و تەنانەت ڕۆمانسی، بەلام دوو لایەنە، دەبێت. عەشقێك کە سەراپای بوونی دەسووتێنێ و بەدەم عەزرەت و ناکامییەوە بەرەڵلای دەکات.

هاوئاهەنگی کەسایەتی خالید لە مەیدانی خەباتی کۆمەڵایەتیدا – ئەوساکەی کە پەیوەندی بەحیزبەوە دەکات – دەشێت لەگەڵ کەسایەتی یوسف خان –ی ڕۆمانی (سووشون)ی خاتوو سیمینی دانیشوەر و ماکان –ی ڕۆمانی (چاوەکانی) بوزورگی عەلەویدا بخرێتە بەر باس و پێکتر بەراوردکردن و شوبهاندن. جگە لەوەی کە لە هاوماڵەکاندا خالیدی شاقارەمانی ڕۆمانەکە، بەرە بەرە ئەزموونی کۆمەڵایەتی – سیاسی پەیدا دەکات. لە کاتێکدا یوسف و ماکان کەسایەتی و کاراکتەرێن توندوتۆڵ و مکومن و بەرەو ئارمانی سیاسی خۆیان پێشڤە دەچن. نووسەری هاوماڵەکان ژیانی خالید لە سەرەتای هەرزەکارییەوە تا تەمەنی بلوغی بەدەنی و فیکری بەرجەستە دەکات و نیشانی دەدات کە کردار و گوتاری ئەو لە قولایی ژیانێکی فەقیرانەوە هەڵدەقولێت. قالبووی بۆتەی هەژاری و کوێرەوەرییە. (ماکان) و (یوسف خان) هیچ یەکێکیان تامی هەژاری ناچێژن. ئەمان لە جوملەی خەڵکانێکی بەتوانا و ڕێزداری ئەوتۆن کە ڕێگەی بەرزبوونەوە بۆ پلەیێن بالای کۆمەڵگە لە بەردەمیاندا وازە. دەتوانن دەگەڵ سیستەمی دکتاتۆریەتی شاهنشاهیدا بسازێن و بێن بەوەزیر و وەکیل لێ ئارمانجی وان ئارمانجێکی مەزن و مرۆڤانییە. ڕزگارکردنی کۆمەڵە لە چنگی ئەژدیهای هەژاری و گەندەڵی ئیمپریالستی و لە ڕێگەی ئەم خەباتە هوشیارانە و مرۆڤانییەدا دەمرن. لێ خالید ڕۆڵەی ماڵباتێکە کە لە سۆنگەی بێ کارییەوە لە قوڕی ڕەش نیشتووە" برسی، هەراسان و دەستەپاچە و زۆرلێکراو، یاخیبوونی ئەو لە دژی بونیادی

PDF4Kurd

کۆمەڵگە و پەیوەندیکردنی بەحیزب و خەباتی کۆمەڵایەتییەوە، پتر ناچارییە تا هەڵبـژاردنێکی ئازادانە. ئەو هیچ چارەیەکی دیکەی بۆ شکاندنی کۆت و بەندی کۆمەڵایەتی نییە.

لـێ لـە گەرمـەی خـەباتی کۆمەڵایەتیدا، دەستبەرداری ژیـانی تایبـەتی خـۆی نـابێ" چاو ڕەش لـە یـاد ناکـات و گـاڤێ دەکەوێتـە زینـدان بـەیادی ئـەو سـوکنایی بەهـەژاری و کلـۆلی خـۆی دەدات و پرشـنگی چاوانی چاو ڕەش کەش و هەوای تەنگ و تاری زیندانەکەی لێ ڕووناك دەکاتەوە.

چیرۆکەکە بـەرە بـەرە کـەوانی بەرزبوونـەوە تـەی دەکـات و نووسـەر بەوێنـەگرتنی ڕووداوە نـاوەکی و دەرەکییـەکان دەمانباتـە نـاو جەرگـەی ڕووداوەکـانی دەیـەی 1951، چیرۆکەکە زۆر بـەجوانی خوێنـەر ڕادەکێشـێت، وردە ڕووداوەکـان، یـان ڕووداوە لاوەکییـەکان، لێهاتووانـە لـە یـادی خالیـدا دەهۆنرێنـەوە. قارەمانانی چیرۆکەکە تێکەڵاوی ژیانی یەکدی دەبن و تانوپۆی ژیانیـان هێنـدە تێکـەڵ بەیـەکتربوون، کـە جیاکردنـەوەیان گەلـەك ئەسـتەمە. نووسـەر گـاڤێ لـە نـاوەوە و گـاڤێ لـە دەرێـرا دەیانداتـە بـەر زەیـن و تێـڕوانین. بـۆ وێنـە بـابی خالیـد کـە ئاسنگەرێکە و کـاری نـەماوە و کەوتۆتـە چلەنشـینی و بـۆ ڤـەبوونی کلافەی بەختی خۆی کتێبی (ئەسرار قاسمی) دەخوێنێتەوە، جارێك لەگەڵ محەمەد میکانیکدا کە خودان لۆژیکێکی دنیاییە، ڕووبـەڕوو دەبێتـەوە. لـەم ڕووبەڕووبوونەوەیـەدا، نادروسـتی لـۆژێکی بـابی خالیـد و بێهوودەیی کارەکەی ئاشکرا دەبێت.

قۆنـاغی یەکەمی ژیـانی خالیـد، قۆنـاغی ئاسوودەیی و سەر ڕەحەتییـە، ئـەم قۆنـاغەی ژیـانی بەگەمـە و گـەڕان کۆتـایی دێـت تـا بـابی دەسـت لـە کـار دەکێشـێتەوە و لـە ماڵـەوە دادەنیشـێت. لـێ چلەنشـینی و خوێندنەوەی (ئەسرار قاسمی) دادی نادات و ناچار ماڵ و منداڵ بەجێ دەهێڵێت و بەدووی کاردا ڕوو لـە دەڤـەرێکی دیکـە دەکـات، بـۆ شـارەکانی ئەوبـەری کەنـداوی فـارس دەڕوات. ئـەم ڕووداوی ڕوو بـەڕوو بوونەوەیە لەگەڵ هەژاری و ئاشنا بوونی دەگەڵ (پندار) و (شەفەق)، خـەباتکارانی سیاسیدا، ڕێگەیـەکی دی دەخاتـە بـەردەم خالیـد ئەگـەر ئـەم ئاشـنابوونە نەبوایـە بیگومـان ئـەویش وەکـو ئیـبراهیم بـەڕەڵلا و گیرفـانبڕ دەردەچـوو لـێ شکسـتی بـابی و ئامـادەیی خـۆی بـۆ پێشـڤەچوون و ڕێنـوێنی پنـدار و شـەفەق دەیخەنە سەر ڕێگەی ژیانی سیاسی و کەسێکی لێدەر دەچێت کە بەشداری ڕەوتی ڕووداوەکان دەکات نەك وەکو وردە بەردێکی نێو جۆگەیەك کە شەپۆلان بۆ هەر کوێیـان بـوێ، بـۆ ئەوێنـدەری ببـەن ئاشـکرایە کـە پەرەسـەندن و گـەورەبوونی بـەدەنی و فیکـری و سـۆزداری خالیـد سـێبەری بەسـەر سەرانسـەری کتێبەکەدا کردووە ئاشنایی ئەو بەشێوەی جۆراوجـۆری ژیـان چـەقی سـەرەکی چیرۆکەکەی پێك هێنـاوە دیارە ئەمە تەنیا لەبەر ئەوەنییە کە چیرۆکەکە لە زمـانی ئـەوەوە دێتـە دەربڕین و نیشـاندان، بـەڵکو لەبـەر ڕێگـەی ئـەوە واتـە خالیـد هـەڵقولاوی نـاو جەرگـەی ژیـانی هاوماڵەکانـە، کـە نموونـەی ڕەش و ڕووتـی جەماوەری کۆمەڵگەن. لەوێندەرەوە هەڵدەقولێت، گەورە دەبێت هـەم سێبەر دەخاتـە سـەر ئـەوانی دیکـەو هەم بەشێك لە تەرزی ژیانیان عەکس دەکاتەوە و دەنـوێنێ بـەلام لـە هـەمان کاتدا جۆشوخرۆشـی دەیـەی 0591ی خەباتی خۆماڵیکردنی نـەوت و ژیـانی چینـە هـەژارەکانی باشووری ئێران، لـە میانـەی وەسـفی ژیانی خالیدەوە بەرجەستە دەبێت.

ڕووداوە لاوەکییەکانی وەك بەسەرهاتی (ڕەحیمی ولاخدار) لـەو کاتـەوە کـە ژنەکـەی دەمرێـت و ژنێکـی دی دێــنێ و دەبێتــە مایــەی ڕیســوایی ڕەحــیم و، ئەوســاکە ڕەحــیم دەیکوژێــت و منداڵــەکانی بــێ سەرپەرشتیار دەمێننەوە و خۆی دەکەوێتە زیندان و پاشان بەتاوانی کوشتنی ژنەکەی ئیعدام دەکرێت،

PDF4Kurd

و چیرۆك و بەسەرهاتی ژیانی غولامی کورە پووری خالید، هاپۆ بەندەر، شێخ شوعەیب و ئافاق" هەمووی لە تان و پۆی ژیانی خالیدا دەچنرێن.

ئەو چیرۆکەی کە خالید دەیگێڕێتەوە، سێ بەشە: سەرەتا بلوغ و بێ ئاگایی، ئاشنایی دەگەڵ مەسەلەێن کۆمەلایەتی و خۆشەویستی چاو ڕەش و ژیانی ناو زیندان ولێرەوە ئاشنای هەندێ سیما و کەسایەتی دیکە دەبین. یەکێك لەو کەسایەتیانە (ناسر ئەبەدی)یە. پیاوێکە کە دەستی پەیوەندییێن نادروستی کۆمەلایەتی توری داوەتە زیندانەوە. ناسر، لە زیندانا خالید دەناسێت، داوای لێدەکات فێری خوێندن و نووسینی بکات، و ئەوە نیشان دەدات کە چ توانایەکی گەورەی هەیە بۆ چاك بوون، ئەگەر ژینگەیەکی لە باری بۆ فەراهەم بکرێت، مرۆڤێکی بەکەڵکی کۆمەلایەتی لێدەردەچێت. بە خالید دەڵێت: تۆ دنیات نەدیوە کوڕۆ" ڕۆژێ دێ عەفوویەك، شتێ بدرێ" ئەمە جگە لەوەی کە خوێندەواری لە زیندانا پتر بەکەڵکی مرۆڤ دێت.

جا هەر شان بەشانی ئەم کاراکتەرانە کە ڕەمزی ژیانی سادە و چینە بێنەوا کانن، خەڵکانی وەکو (شەهری) و (عەلی شەیتان)یش هەن کە نوێنەرو ڕەمزی بەدکاری، حیلەبازی و دەغەڵبازین. ئەمانەش لە پاڵ خالیدا و هاو پەیوەست لەگەڵ خالیدا بەرجەستە تر دەبن. لە ڕۆمانەکەدا گوزەری خالید لە جیهانی منداڵی ئارامەوە بۆ ژیانی پڕ لە بەسەرهات و تێکچڕژاو دەبینین. لە چوار چێوەی گشتی چیرۆکەکەدا ئەوە دەبینین کە چۆن ڕەوت و ڕووداوێن ژیانی کۆمەلایەتی و ئاشقێنی خالید پەرە دەستێنێ و پتر شارەزایی لە جیهان و ژیان پەیدا دەکات و خەڵکی زیاتر دەناسێت. جا لەم کەین و بەینەدایە کە دەرس و عیبرەت لە ژیان وەردەگرێت، ئاشنای ڕەنج و ستەم و هەروەها ئاشقێنی ڕاستەقینە دەبێت و دەگاتە قەناعەت کە ئەم ئەشقە جیاوازە لەو دەست تێکەڵکردنەی کە لەگەڵ بلور خانمدا هەیەتی. چونکە ئەم ئەشقە، بەتایبەتی کە ئاوێتەی حورمانە و هەر ئەمەش هەوێنی ئەشقی ڕۆمانتیکی و ئەشقی عیرفانی ڕۆژ هەلاتییە کە ڕەگی لە حورمان و دووریدایە" هاوماڵەکان، بەشێوەی ڕۆمانانی وەکو (دایك)ی گۆرکی هاتۆتە نووسین، کە لە وێدا قارەمانی ڕۆمانەکە لە قولایی هەژاری و ڕەنجەڕۆیی و ڕەنجبێوەرییەوە سەر هەڵدەدات و بەناو شانۆی خەباتی حەماسی سیاسەت دەکەوێت. لێ لە هاوماڵەکاندا ئەم هەوێنە حەماسییە کە چەند دەهەیەك هەوێنی ڕۆمانێن ڕیالزمی کۆمەلایەتی بوو، بەدی ناکرێت و نییە.

خەباتی سیاسی لە شوێنێکی نا سکدا دەپچڕێت. حکومەتی نیشتمانی دکتۆر مسەدەق بەهۆی پەلاماری ئیمپریالزم و ناپاکی ناوخۆ هەرەس دێنێ و پایەو بناغەی خەبات لەوە سست ترە کە بەرەی خەبات بتوانێ بەردەوام بێ و کاروان بگەیەنێتە مەنزڵ. ئەم حەقیقەتە کە سکێچی گشتی هەموو خەباتە سیاسییەکانی قۆناغی لە مەشروتە بەدواوەی ئێرانە، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پرۆسەی خەبات بێهودە لە بازنەی دەستپێك و شکست و دەستپێك دا خولاوەتەوە و هەر ئەحمەد مەحمود خۆی ئەم حاڵەتەی لە ڕۆمانی (زەوی سوتماك)دا دووبارە کردۆتەوە هۆی ئەمەش سستی پایە کۆمەلایەتییەکانی خەباتی سیاسی بووە.

هەموو بەشەکانی ڕۆمانی هاوماڵەکان بەیەك شێو\ەوشێواز نەنووسراون. بۆ نموونە بەسەرهاتی ئاشقێنی خالید و چاو ڕەش بەزمانێکی شاعیرانەی غەزەل ئامێز نووسراوە، بەتایبەتی لەو شوێنەدا کە ئەم جووتە ئاشقە بەدووقۆڵی و دوور لە چاوی خەڵکی پێکڤە پیاسە دەکەن: (" بەسەر چیمەنەکەدا دەڕۆین. هەستدەکەم باری لەشم سووك بووە. خەریکە باڵ بگرم. قامکی چاو ڕەش دەکوشم. دەگەینە دەوەنە خورمایەك، گەلاکانی عەینی سەرەنێزەچوون بەیەکدا. من بەلای چەپی دەوەنەکەدا ڕەت دەبم،

PDF4Kurd

چاو ڕەش بەلای ڕاستی دەوەنەکەدا ڕەت دەبێت. دەستمان بەسەر دەوەنەکەدا دەخشێت) لە هەمان دیمەندا، نوکی چەند گەلا خورمایەك کە ڕەپ ڕاوەستاون، دەچێت بەدەستیاندا و خالید لەم بەرەوە و چاو ڕەش لەو بەرەوە" نایانەوێت دەستی یەکتر بەربدەن، لێ تیژی گەلاکان ماوەکەی نێوانیان زیاتر دەکات و دەستیان لێکدی دەترازێت و ئەمە دوا دیداریان دەبێت. تیژی گەلاکان هێمایە بۆ دڕکی ژیان و جیاوازی چینایەتی کە لێکدییان جودا دەکاتەوە.

زمان، لە هەندێ بەشی ڕۆمانەکەدا، توند و حەماسی دەبێت" چونکە لێرەدا چیدی سەروکارمان دەگەڵ ئاشقێنی ئەو جووتە هەرزەکارەدا نامێنێ، ڕوو بەڕووی یاخی بوونی (ناسر ئەبەدی) و دیمەنی کوشتنەکەی دەبینەوە و بێگومان ئاساییەکە ڕیتمی قسە لە غەزەلەوە دەگۆڕێت بۆ شین و لاوانەوە. بەشی کۆتایی ڕۆمانەکە بەهەمان ڕیتم و زمان دەست پێدەکات، لە حاڵێکا لە بەشی پێشترا زیاتر سەروکارمان دەگەڵ غەزە لکاریدا بوو" دیارە ئەم ڕیز بەندییە لە ڕۆمانەکەدا نییە و لێرەدا تەنیا بۆ ئاسانکاری ڕەخنە و هەڵسەنگاندن ئەم ڕیز بەندییە گریمانەییە کراوە. هاو ماڵەکان، وەکو هەر چیرۆکێکی دیکەی چاك، یەکەیەکی یەکپارچەیە و وەکو خودی ژیان بەشەپۆل و پڕ گێژاوە. ئەشقی خالید بۆ چاوەڕەش هەرچەندە گەلەك ناسك و ئەفسوناوییە، بەلام ڕەوتی سەرەکی چیرۆکەکە ڕاناگرێت، بەڵکو دەبێت بە بەشێك لە هەمان یەکپارچەیی کە پتر وەقفی وەسفی ژیانی خەڵکانی هەژار و ڕەنجبەر کراوە. ژوورەکان و خەڵکە کرێ نشینەکانی (هاوماڵەکان) ژیانی خەڵکی باشووری ئێران، بەتایبەتی شارنشینان لە خۆ دەگرن. تەرزی ژیان و کاری خەڵکی، بیروباوەڕو بژێویان، ڕەفتاری مامورانی دەوڵەت لە گەڵیاندا، حاڵ و هەوای ناوچەیی ئەهواز و خۆزستان لەڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە جا خوێنەری ئازیز با پێکەوە دیقەت بدەین:

ئافاق، تاسکەبابی ناوەتە سەرئاگر. بۆن و بەرامەی خۆشی تاسکەبابی هەموو حەوشەکەی پڕکردوو\ە" سەنەم عەباکەی لە ناو قەدی بەستووە و نان دەبرژێنێ. تیشکی خۆر باڵی بەسەر هەموو حەوشەکەدا کێشاوە. هالاوی گەرمی تەنورەکە فرە لە گیان خۆشە. نانەکانی سەنەم ئێژی کولیچەن، تامی زەردێنەی هێلکەی کولا و دەدەن.

(بۆن و بەرامەی خۆشی تاسکەبابی) و (تامی کولیچەیی نان) ڕوانینی وردی نووسەر نیشان دەدات. ئەمە سوخەت و خەسڵەتی نووسەرانی ڕیالستە کە وردەکاری ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی لە خوڵقاندنی بونیادی سۆزداری و کرداریاندا بەگرینگ دەزانن. هێندە بەدیقەت ئەم وردە کاریانە وێنەدەگرن کە خوێنەر دەچێتە پێستی قارەمانانی چیرۆکەکەوە و لە نزیکی نزیکەوە هەستیان پێدەکات و لێیان تێدەگات.

ئەم پەیوەندییە ڕیالستیانە لە (هاوماڵەکان)دا لە ناوەوە دەکرێنەوە و پەرە دەسەنن و هەموو شاری ئەهواز دەگرێتەوە، لە هاوماڵەکاندا، خالید و خەبات دووچاری شکست دەبن بەلام ئاکامەکانی ئەم شکستە کە لە دوای کودەتای 28/ مورداد/1951دا ڕوویدا، بەجیرۆکێکی دیکە، کە پاشماوەیان درێژەی هاوماڵەکانە دەسپێردرێت، بەچیرۆکی (چیرۆکی شارێك) دەسپێردرێت کە خالید نەفی دەکرێت و باری قۆناغ و سەردەمی ئەسارەت ئامێز و کڵۆڵی دەگرێتە کۆڵ.

**(4)**

ئەحمەد مەحمود لەڕۆمانی (هاوماڵەکان)دا و لە زمانی خالیدی شاقارەمانی چیرۆکەکەوە، هونەریانە ئەوەمان نیشان دەدات کە هەرگیز نابێ بەرەڤانی لە ژیان فەرامۆش بکرێت" دەبا دەمێکی دیکەش لەگەڵ

PDF4Kurd

خالیدا پێکەوە بقەتێنین. خالید تاکێکەو ڕادەکێشرێتە ناو ڕووداوە مێژووییەکانەوە، ململانێی نێوان هێزە ناکۆ کە کۆمەڵایەتییەکان چارەنووسی دیاریدەکان نەخشەو پلۆتی ڕۆمانەکە لەسەر گۆڕانی کە سایەتی و باوەڕەکانی ئەو قاڵب دەگرێت و لەرێگەی وەسفی هەڵس و کەوت و مامەڵەی ئەوەوە دەگەڵ خەڵکیدا، دەگەڵ ڕوداوو دیاردەکاندا پەرە دەستێنێ و قۆناغێکی مێژوویی دەگرێتەخۆ. ئەم ڕۆمانە جوانە پێنج سەد لاپەڕەییە، بەشی یەکەمی دوو ڕمانی دیکەن بەناوی (چیرۆکی شارێك– 1981) و (زەوی سوتماك– 1982).

ئەگەر بمانەوێ بۆ سەرچاوەکانی ئەم ڕۆمانە بگەڕێین، ئەوا جگە لە ئەزموونی چرو دەوڵەمەندی خودی نووسەر، ڕۆمانانی دیکەی وەك: (پێ خاوسان)ی زاهاریا استانکو و (پۆلای زاخاو دراو)ی ئەسترۆفسکی دێنەوە بیر. پاڤل و خالید لێکچوونی زۆریان لە نێواندایە. هاوماڵەکان، ڕوو لە داهێنانی جیهانێکی مرۆڤانی ئەوتۆیە کە هێوەتر لە وردە شتە مێژوویی و کۆمەڵایەتی یان چینایەتیەکان دەڕوات. بۆیە هەر لێکدانەوەیەکی حزبیانە زیانی گەورە بەم کارە جوانەی ئەحمەد مەحمود دەگەیەنێت" بەهەرحاڵ نووسەر نەهاتووە پشت بە بەهاێن کلێشەیی ببەستێ، بەڵکو بابەتەکەی لە قاڵبێکی هونەریدا دەخاتە ڕوو، دوور لەهەر تیۆری بازییەك، خوێنەر دەخاتە ناو جەرگەی ڕووداوەکانەوە. هەر بۆیەش کارەکەی بەکەلەپورێکی دەوڵەمەندی ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێران دەژمێردرێت. ڕووداوەکانی (هاوماڵەکان) لە زاری یەکەم کەسی تاکەوە و بەگوێرەی زنجیرەی کات، دەگێردرێنەوە خالیدی نۆلاوی تەمەن 15 ساڵە وەکو شایەتێکی وریا و بەسەرنج، ژیانی خەڵکانی هەمە جۆری ناو مەملەکەتی (هاوماڵەکان) دەگێڕێتەوە. خوێنەر بەردەوام لەدیدی ئەوەوە ئاشنایەتی دەگەڵ واقیع و ڕووداوەکان پەیدا دەکات و پێ بەپێی ئەو لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا دەچێتە پێشێ.

خالید باسی ماڵباتی خۆی دەکات. باسی دایکی دەکات کە نموونەی مرۆڤی ڕەنجدەر و بەسەبر و پشوو درێژە، باسی بابی دەکات کە دەچێتە خەڵوەتەوە و دەپاڕێتەوە کە کاری دەست بکەوێت و لە ئەنجامدا بەناچاری و لە پێناوی بژێوی خاو خێزان ڕوو دەکاتە وڵاتی کوێت. ژیانی ڕەحیم وڵاخدار و برایم و حەسەنی کوڕی، ژنەکەی ڕەحیم کە دەمرێت، ڕەحیم ڕەزوان دەخوازێت و پاش کوشتنی ڕەزوان دەخرێتە زیندان و لە دار دەدرێ. گوزەرانی خواجە توفیق–ی تلیاکی و کە قاچاخچییەو لەو ڕێیەدا دەمرێت، ها پۆ بەندەر و خۆزگە و ئاواتە سادەکانی، سەنەم و کەرەم، ئەمانی چایچی و ژنە هەوە سبازەکەی (بلور خانم) کە خالید بەخۆی فێر دەکات. ژیانی محەمەد میکانیك، ناسردەوانی، مەلا ئەحمەد و ماڵ و منداڵەکەی، هەر هەموویان بەشێوەیەکی ئاسایی و پێکەوە تێکەڵاوی ڕەوتی ڕووداوەکانی مێژوودەبن. جا دەست ڕەنگینی و بەهرە و توانا و هونەری نووسەر لەوەدایە کە توانیویەتی خەڵکانێکی زۆر بەهەموو جیاوازییەکانیانەوە، لە پێکهاتەیەکی کۆك و جواندا گرد بکاتەوە. هەموو ئەو کەسانە بەشداری لە پێشڤەچوونی چیرۆکەکەدا دەکەن، کەسیان زیادنین، هەر یەکەیان بەجۆرێك لە دروستکردنی کەش و هەوای خوازیاری نووسەردا بەشداری دەکەن.

لە فەسڵی یەکەمدا، ژینگەی چیرۆکەکە بەشێوەیەکی تازە و خەیاڵ وروورژێن دێتە وەسفکردن، جا لەم ناوەندەوە خالید سەفەری پڕ خەتەری خۆی بەرە و گەورە بوون دەست پێدەکات. لە دوای ڕووداوێك هەواڵەی پۆلیسخانە دەکرێت. لەوێندەرەوە پەیامی زندانییەکی سیاسی بەهاوڕێکانی ئەو زیندانی یە دەگەیەنێت. ئیدی بەمجۆرە لە ناو نۆ لاوانی (هاوماڵەکان)دا هەڵدەکەوێت و وەکو ئەوان تووشی کە چرەوی سێکسی و ڕەوشتی نابێت، بەڵکو ئاسۆیەکی تازەی لەبەر دەم ڤەدەبێت.


www.pertwk.com

PDF4Kurd

له فەسڵی دووەمدا، کار پەیدا دەکات و لە چاخانەکەی ئەمان ئاغادا دەبێت بەشاگرد. ئێمە و خالید پێ دەنەینە دنیایەکی بەرینترەوە. خەڵکانێکی دی دێنە ناو دنیای ڕۆمانەکەوە:بێکاران، تلیاك کێشان، شوفێران، کرێکاران، و خەڵکانی حزبی و حزبچی. ئەم دنیایە دەرفەتی زیاتری دەداتێ کە زیاتر کۆمەڵگە بناسێت. مەسەلەی خۆماڵیکردنی نەوت لەم و لەو دەژنەوێت. دۆست و ئاشنای تازە پەیدا دەکات، ڕۆژنامەی حزبی دەخوێنێتەوە، پێی بۆ کۆڕە جەماوەرییەکان دەکرێتەوە و دەکەوێتە خولیای دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارەکان. گەلێك لە بۆ چوونی حزبییەکانی پێ قەبوڵ نییە، بەڵام چ ڕێیەکی دی نادۆزێتەوە. خالید نوێنەری قوناغێکە، سەربوری خالید نموونەیەکە و تەجرەبەی بەشێك لە نۆ لاوانی ئەو ساڵانە عەکس دەکاتەوە.

خالید، لە فەسڵی سییەمدا دەبێت بەکەسایەتییەکی حزبی، لە چالاکییەکانی حزبدا بەشداری دەکات. دەکەوێتە بەردەستی ئەمن، جارێك لە دایەرەی ئەمن ڕادەکات. لەم کاتانەدا لە کۆڕێکی جەماوەریدا بەشداری دەکات و پێی لە جێ دەچێت، پەنا دەباتە بەرماڵێك و لەوێندەر ئاشقی (چاوڕەش) دەبێت. لەمە بەدواوە هەستی ئاشقانە بەشێکی گرینگی ژیانی خالید پێکدێنێ. فەسڵی سێیەم بەگرتنی خالید کۆتایی دێت.

فەسڵەکەی تری (هاوماڵەکان) بۆ وەسفی قۆناغی گرتنی خالید و حەپسی ئینفرادی و شێوە و جۆری تەحقیق و ئەشکەنجەدان و ژیانی ناو زیندان تەرخان کراون. ئەحمەد مەحمود لەم بەشەدا باشترین وەسفی زیندانی لە ئەدەبیاتی ئێران تۆمارکردووە. کەس ئەم کارەی لەو باشتر نەکردووە.

هاوماڵەکان لە لوتکەدا تەواو دەبێت، خالید حوکمەکەی تەواو دەکات و دەچێت بۆ خزمەتی سەربازی و ئیدی تەواو قاڵ بووەتەوەو خالیدەکەی جاران نییە.

بەهەر حاڵ ڕۆمانی (هاوماڵەکان) بەرەنجام و درێژە و پەرەسەندنی چیرۆکەکانی تری نووسەرە. ئەم ڕۆمانە قۆناغێکی پڕ بزووتن و بزاڤی خەڵکی بێ دەست و کەم دەست و دەستکورتی باشووری ئێران بەشێوەیەکی دەوڵەمەند و لە ناوجەرگەی گۆڕانکارییەکانی مێژوودا هونەریانە بەرجەستە دەکات.

***

بەر لە کۆتایی پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە هەموو یان زۆربەی قارەمانانی چیرۆکێن ئەحمەد مەحمود لە وەزع و حاڵێکی تراژیدا دەژین. بەشێوەیەکی گشتی یان خەباتگێڕی شکست خواروودن یان لە مەیدانی خەباتدا مردوون، یان گوند بیانێکن کە ئاوو زەوی و ماڵیان لە دەست دەدەن و دێنە شارەوە و لە شاریشدا پەناگەیەکیان دەستناکەوێت یان پیاوان و ژنانی ستەمدیدەن و پەیوەندییێن نادروستی کۆمەڵایەتی تێکیان دەشکێنێت. لە چیرۆکێن وەکو: دیدار، سایە، خرکش، تب خال، بازگشت" بێزاری و بەزین و هەرەس وغوربەت و بەدبەختی وێنە دەگرێت، بەڵام نەك بەشێوەی فەردی یان سایکۆلۆژی، بەڵکو بەشێوەی کۆمەڵایەتی. دیارە کە نووسەر شارەزای هەوراز و نشێوی کاری کۆمەڵایەتی و ڕەنجی بەشەرییەو، دەرد و ئازار و ڕەنجی مرۆڤ لە ناوەوە وەردەگرێت و تەماشای دەکات و وێنەی دەکێشێت" قارەمانانی نووسەر زیاتر سەر بەگروپ و تاقمێکی ڕەنجبەر و بێزاری نەوەیەکن کە لەژێر پێی قورسی کۆمەڵگەی ناکۆکدا دەبنە قوربانی.

ئەحمەد مەحمود خودان جیهانبینییەکی واقیعی و مێژووییە، باسی ئەو ڕووداوانە دەکات کە خەڵکی ئێران لەو قۆناغانەدا تیایدا ژیاون و هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا کردووە. هەڵبەتە چیرۆکنووس باری دەروونی و سایکۆلۆژی قارەمانەکانیش فەرامۆش ناکات و پەیوەندییێن سۆزداری و ماڵباتی و


www.pertwk.com

PDF4Kurd

سایکۆلۆژی قارەمانەکان دەخاتە بەر پشکنینی هونەری، ئیدی بەمجۆرە گشت و عمومی لە پاژ و تایبەتیدا نیشان دەدات. هەر ئەمەش ئارمانجی نووسەری ڕیالیستییە. قارەمانانی چیرۆکەکانی ئەویش هەم تایبەتن و هەم عامن. نووسەر ئەو شتانە نیشان دەدات کە بەهۆی نوێنەرانی قارەمانی تایبەتییەوە دەگوترێن یان ئەنجام دەدرێن هەڵبەتە هونەر سەر بەهەر قوتابخانەیەکی ئەدەبی بێ هەرگیز کۆپی کردنی موو بەمووی واقیع نییە. دیارە ڕەفتاری قارەمانی چیرۆکیش پەیوەندی نزیکی بەکات و شوێن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە و لە گەڵیاندا جۆشی خواردووە" چیرۆکێك زەمانی نەبێ، یانی بزاڤی نییە" زەمان هەرگیز لە گەڕانەوە نایەت، لێ پێدەچێت مرۆڤ تاقە بوونەوەرێك بێ کە بتوانێت لە زەینی خۆیدا زەمان دووبارە بکاتەوە" هەست بەجۆرە زەمانێك بکات کە توانای پاراستنی ڕووداوەکانی لە کاروانی حەرەکەت و پەرەسەندنی خۆیدا لە سەرەتاوە تا کۆتایی (مێژووی ژیانی خۆی) هەبێت بەم پێیە وێڕای زەمانی سروشتی زەمانێکی زەینیشی دەبێت. جا لەم ڕووەوە مرۆڤ دەتوانێت هەموو قۆناغەکان سەر لەنوێ بخوڵقێنێتەوە" ئەگەر نەتوانێت ئەم خوڵقاندنەوەیە بەشێوەیەکی واقیعی ئەنجام بدات، ئەوا دەکەوێتە داوی خەیاڵ پەروەرییەکی نەخۆشانەوە.

**پەراوێز:**

* حیکایەتەکە ئەمەیە: سوڵتان مەحمودی غەزنەوی بەڵێنی دابووە فیردەوسی کە ئەگەر (شانامە) تەواو بکات خەڵاتێکی باشی دەکات، بەڵام سوڵتان وەعدەکەی نەبردە سەر، فیردەوسی هەجوی کرد. سوڵتان لە ترسی بەردەوامبوونی هەجوی فیردەوسی، لێبڕا وەعدەکەی بەرێتە سەر! بەڵام کاتێ خەڵاتەکەی نارد کار لەکار ترازا بوو، درەنگ بوو" لەوکاتەدا کە ئەو کاروانەی خەڵاتەکەی پێ بوو دەچووە ناو شارەوە، کاروانێکی دی لە شارەوە وە دەردەکەوت و تەرمی فیردەوسی پێ بوو.

* هاوماڵەکان، لە ساڵانی هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوودا لە چیاو بەدەم ژیانی پێشمەرگایەتییەوە لەلایەن حەمەکەریم عارفە وە کراوە بەکوردی و چاپی یەکەم کراوە، لە ساڵی 2002دا لە هەولێر و لە لایەن دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی گوڵانەوە چاپی دووەم کراوەتەوە.

PDF4Kurd

**خوێندنەوەی چیرۆك لە نێوان لەزەتخوازی و شیکردنەوەدا**

**_______________________________حەمە کەریم عارف**

((1))

**خوێندنەوە پرۆسەیەکی فرە لایەن و پڕلق و پۆپە و لەوەتەی مرۆڤ فامی کردۆتەوە و کەوتووەتە لاواندنەوەو دڵدانەوەی خۆی و گەردوون و پاشان ویستوویەتی جیهان دەرك بکات، خوێندنەوەش هەبووە. جا بەم پێیە خوێندنەوە لە لەزەتخوازی و دەرکخوازی و شیکردنەوە بەدەر نەبووە.**

**ئەوەی لێرەدا مەبەستە پر خوێندنەوەی دەقە، بەتایبەتی دەقی چیرۆکڤانی . دیارە کە خوێنەر چیرۆکێك دەخوێنێتەوە هەقی خۆیەتی عەودالی ئەوپەری لەزەت وەرگرتن بێ، رەنگە گەلێك لە شارەزایانی ئەم وارە پێیان وابێ لەزەتی ئەستاتیکی یەکێکە لە ئەرکەکاتی دەق و هەر دەقێك بەجۆرێك لە لەزەتی ئەستاتیکی ئاوس نەبێ دەبێ بخرێتە بەر پرسیار. لێ رەنگە ئەو لەزەتەی کە مافی رەوای خوێنەرە بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدات و پێویستی بەوەبێ کە خوێنەر لایەنی کەمی توانای شیکردنەوەی دەقەکەی هەبێ و بە جوانی وردەکارییەکانی دەقەکە بفامێ وبە دروستی شیبکاتەوە. چونکە ئەم توانایە یارمەتی دەدا کە ئەو پەڕی لەزەت لە دەق وەربگرێ. هەڵبەتە ئەم جۆرە خوێنەرە چیوای لە رەخنەگر کەمتر نییەو دکارێ رۆڵی گەورە لە بەرهەمهێنانی دەقی مەزن و باشدا بدینێ. بەهەرحاڵ شیکردنەوە لێرەداو بۆ خوێنەری هەندێ فامیدە دەکاتە دەرککردنی دروستی دەقەکەو دەست نیشانکردنی بەشە جیاوازەکانی دەق و پەیوەندییەکانی نێوانیان، واتە ناسینی دەق وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری تا ئەندازەیەك ئاڵۆز. کەواتە شیکردنەوە لێرەداو بۆ ئەو جۆرە خوێنەرە، بۆ ئەوەیە لە رێگەی شیکردنەوەیەکی دروستەوە بگاتە لەزەتێکی نائاسایی ، لەزەتی تەجرەبەکردنی دەقەکە..**

((2))

**هەڵبەتە خوێنەر هەقی ئەوەی نییە کە نووسەر محاسەبە بکات کە بۆچی ئەم وشە یا دەستەواژە یا رستە یا بابەتەی هەڵبژاردووە. چونکە زۆر جار نووسەر بەخۆیشی هۆی ئەوە نازانێ و ئەگەر پرسیاری لێبکرێ وەڵامی بنجبڕی پێ نییە**


www.pertwk.com

PDF4Kurd

،بۆیە مەبەستی خوێنەر ئەوەیە کەبفامیٚ وتێبگات کە چۆن هەڵبژاردەکانی نووسەر پێکەوە جۆشیان خواردووەو دەقێکی یەك دەستیان پێکهێناوە، دیارە نووسەر تەنیا بابەت کەشف ناکات، بەڵکو ڕێگەی هەڵبژاردن دەگریٚ و هەنگاو دەنیٚ و بەهەر نرخیٚ بووە دەبیٚ خۆی بگەیەنێتە ئاوەدانی و دەقێك ئاوا بکات کە ژیانی لێوە هەڵبقولیٚ. بێگومان دەقیش بەبیٚ ناوەڕۆك نابیٚ، دیارە ناوەڕۆك بابەت نییە ، چونکە بابەت ئەو کارانەیە کە لەچوارچێوەی دەقداو لە واقیعدا هەیەو دەشێت لە دەقیشدا تەوزیف بکریٚ. بەلاٚم ناوەڕۆك لەگەلٚ خولٚقان یا خولٚقاندنی دەقدا دێتە ئاراوەو دەمەییٚ وفۆرم وقالٚبی خۆی وەردەگریٚ. جابابەت کەرەستەیەکی ئامادەیەو کەسانی هونەرمەند دەتوانن بەزەبری داهێنانی هونەری دەق بیگۆڕن بۆناوەڕۆك، هەر بۆیە دەبینین یەك بابەت لە لای چەند نووسەرێك چەند نێوەڕۆکێکی جیاواز وەردگریٚ و هەر دەقە شەقلٚی تایبەتی خۆی وەردەگریٚ. چونکە هەر نووسەرێك بەگوێرەی خوێندنەوەی هونەریانەی خۆی و بەپێی شێوازی خۆی ئەو بابەتە دەگۆڕیٚ بۆ نێوەڕۆك کە دەکاتە ڕۆحی دەق. بەم پێیە بابەت بەتەنیاو لە چوارچێوەی خودی خۆیدا زۆر گرنگ نییە  بە گوتەیەکی دی بابەت بەتەنیاوبە مجەرەدی خراپ یا باش نییە. وەختیٚ بایەخی تەواو پەیدا دەکات کە لەسەر دەستی نووسەرێکی کارامەی لێهاتوو بگۆردریٚ بۆ ناوەڕۆکێکی هونەریانەو لە دەقێکی سەرکەوتوودا جۆش بخوات ، پێوەر و عەیاری دەق ناوەڕۆکەکەیەتی نەك بابەتەکەی.

((3))

کەواتە خوێنەر هەقی خۆیەتی کاتیٚ دەق دەخوێنێتەوە داوای لەزەتی ئەستاتیکی لەو دەقە بکات. ئەمەش بەوە دەبیٚ کە دەقەکە هەڵسەنگێنیٚ نەك بابەتەکە، واتە دەبیٚ ئەوە کەشف بکات کە چۆن بابەت گۆڕاوە بۆ ناوەڕۆك. گوتمان بابەت بە تەنیٚ و بە مجەرەدی نە باشەو نە خراپ، بابەت وەختیٚ بایەخ پەیدادەکات کە دەبیٚ یا دەکریٚ بە ناوەڕۆك، واتە دەبیٚ بەدەق. دیارە بابەت لەواقیعداو لە دەرێی دەقدا وەکو بابەتی مجەرەد هەیە. لەم حاڵەتی تەجریدەدا کەرەستەیەکی خاوە، نە دەخرێتە خانەی خراپ و نە دەخرێتە خانەی باشەوە. بەلاٚم دەشێت بابەتێك لای نووسەرێك باش و پەسندبیٚ و هەمان بابەت لای نووسەرێکی دی ناپەسندو خراپ بیٚ. واتە نووسەر لەم حاڵەتەدا بەدووی بابەتێکدا دەگەڕیٚ کە لەگەلٚ تواناو بەهرەو مگێزی خۆیدا بگونجێت و بتوانیٚ


www.pertwk.com

PDF4Kurd

بەئاسانی بیگۆریٚ بۆ ناوەرۆك، واتە بۆ دەق. ئەمەش ئەوە دەگەیەنیٚ کە نووسەر لەسەریٚتی بابەتگەلیٚك هەڵبژیٚریٚ کە توانای بە سەردا بشکیٚ و لەباری بونیادی هونەرییەوە هونەرمەندانە دەرەقەتی بیٚ.

جا بابزانین هونەرمەنیٚك چۆن بابەتی دڵخوازی خۆی ، بابەتی هەڵبژاردەی خۆی دەگۆری بۆ ناوەرۆك، واتە چۆن بابەتیٚك دەکات بەدەق؟ ! ئیٚمە لەسەرەتادائاماژەمان بۆ چیرۆك وجیهانی چیرۆك کرد. هەڵبەتە چیرۆك دەکاتە دەقاندنی هەموو گەزەکانی خۆی لە))پلۆت، سروشتی پلۆت، یاساکانی پلۆت، کەسایەتی ،کەسایەتی سادەو ئاڵۆز، رەوش و ریٚبازی وەسفی کەسایەتی،پیٚگەو مەوقیعیەت،رەگەزەکانی ئەو پیٚگەیە، ئەرکی ئەو پیٚگەیە، بوئرەی گیٚرانەوە، بوئرەی گیٚرانەوەی مانا، شیٚوازو تۆن، تەبیعەتی شیٚواز، جۆری هەڵبژاردنی وشە، ویٚنە گرتن، بونیادی رستە، بونیادو هونەر، وەسف، هونەری گیٚرانەوە، دیالۆگ، مەنەلۆگ، رەمزو راز، دیمەن و پانۆرامای بەرین و زەمەنی هونەری و زەمەنی واقیعی...هتد)) هەڵبەتە لیٚرەدا دەرفەتی ئەوە نییە بە دوورو دریٚژی لەسەر هەر رەگەزیٚکی چیرۆك بوەستین وشرۆڤەی بکەین،چونکە زۆر جار هەر چیرۆکیٚك لە قولاّیی پرۆسەی دەقاندندا رەگەزە تایبەت بە خۆی بەرهەمدیٚنیٚ، و تەنیا لە ناو خودی دەقەکەدا وەکو یەکەیەکی هونەری یەکپارچە چەمکی هونەری خۆی وەر دەگریٚ و لە دەقەکە دابردریٚ لە هونەرییەت دەکەویٚ و نابیٚ بەرەگەزیٚك کە پیٚناسە هەڵبگریٚ، واتە لە دەریٚی دەقەکەدا ناسنامەی نابیٚ، ئەگەر بۆ ئاسانکاری پەنا وەبەر تەقسیمبەندییە کۆنەکەی چیرۆك ببەین وبڵیٚین بریتییە لە سەرەتاو ناوەراست و کۆتایی ،ئەوا رەنگە ئەم تەقسیمبەندییە زۆر قەناعەتبەخش نەبیٚ، چونکە مەرج نییە هەموو چیرۆکنووسیٚك پابەندی ئەو تەقسیمبەندییە بیٚ، بەکورتی دەبیٚ ئەوە بزانین کە چیرۆك بریتیە لە زنجیرە هەڵبژاردنیٚك و زۆرفاکتەری هونەری دەور لەو هەڵبژاردنانەدا دەبینیٚ و بەم پیٚیە سەرەتا هەر دەقیٚکی چیرۆکڤانی دەکاتە زەمینە سازی بۆ چوونە ناو دەقەکەو لەو بەشەدا چیرۆکنووس وهەندیٚ زانیاری بە خویٚنەر دەدات تابیٚ بە پیٚشەکییەك بۆ دەرککردنی دەقەکە، هەڵبەتە ئەو زانیارییانە ئەوەندەیە کە کەڵکەڵەی بەردەوامبوون لای خویٚنەر بوروژیٚنیٚ و دەستی بگریٚ بۆ ئەوەی لە (سەرەتا) بپەریٚتەوە بۆ (ناوەراست) دیارە مەرج نییە هەموو سەرەتایەك وەکو یەك بیٚ، چونکە هەر نووسەریٚك کۆمەڵیٚك هەڵبژاردنی خۆی هەیە و جیاوازە لە هی


www.pertwk.com

PDF4Kurd

نووسەرانی دی. نەك هەر ئەمە ، بەڵكو زۆر جار سەرەتاو دەستپێك لەلای یەك نووسەر لەچیرۆكێكەوە بۆ چیرۆكێكی تری دەگۆڕێت، بەهەرحاڵ لە قۆناغی سەرەتادا رونكردنەوەیەكی ئەوتۆ سەبارەت بەدەق بە دەستەوە نادرێ، چونكە رەگەزەكانی ئەم قۆناغە دەڵەمەو ناجێگیرن و زەمینە بۆ قۆناغی ناوەراست خۆشدەكەن.

((4))

پاش سەرەتا، ناوەراست دەست پێدەكات، ئەم قۆناغش كۆمەڵێك رەگەز لە خۆ دەگرێ، لەوانە: ململانێ وكێشمانەكێش، گرێ و گرێچن، لوتكە.. هتد ئەگەر لەبەشی (سەرەتادا) جۆرێك لە دەڵەمەیی و ناجێگیری و تەم ومژو بێ سیمایی بەدی بكرێ، ئەوا لەم بەشەدا بەرەبەرە رەگەزەكان بەرەو بە دەقبوون دەرۆن وفۆرم قاڵب و سیما پەیدا دەكەن، هەڵبەتە ئەم تەقسیمبەندییەی كە ئێمە لێرەدا لە رووی ناچاریەوە دەیكەین بەو مانایە نییە كە سنوورێكی پۆلاَیین لە نێوانیاندا هەیە و لە بەزاندن نایەت، بەڵكو بپێچەوانەوە رەگیان لە یكتردایەو بە جۆرێ‌ئاوێتەن كە لەباری هونەرییەوە ئەستەمە بێنە دابڕان، مەگەر زەرورەتی شیكردنەوە ناچارمان بكات. بۆ نموونە ململانێ رەگی لە سەرەتادایە ولوتكە زادەی گەشەكردنە و گرێچن پێكدێنێ. هەر كاتێ گرێ گەییە بالاَترین ئاستی خۆی ، ئیدی ئەنجامی دەقەكە كە پێی دەگوترێ لوتكەی دەق بەرەبەرە بەدیار دەكەوێ و لەناوەوە تیشك دەخاتە سەر خۆی  بەرەو كۆتایی دەستی خوێنەر دەگرێ.

هەڵبەتە گرێچن لە چیرۆكدا گرینگییەكی ئەوتۆی هەیە كە بەبێ گرێچنی گونجاو، كێشمانە كێش لە كاریگەری دەكەوێ. توانا هونەرییەكانی نایەتە دی. نووسەر لە چاودێری و سەرپەشتی رەگەزی گرێچندا بەرەبەرە كایگەری چیرۆكەكەی خۆی زیاد دەكات و خوێنەر ئامادە دەكات تا دەرك بە كاریگەری تەواوی لوتكە بكات .هەڵبەتە رەگەزی گرێچن زۆر گرنگەو نووسەری لێهاتوو وكارامە بەشی هەرە زۆری چیرۆكەكەی بۆ ئەو رەگەزە تەرخان دەكات ، چونكە نووسەری گەورە لەوێدا بلیمەتی خۆی بەتەواوتی دەنوێنێ و ئاشكرا دەكات. ئەوجا دێینە سەر( كۆتایی) كە لە لوتكەوە تا ئەنجامی چیرۆكەكە دەگرێتەوە.

بەم پێیە (سەرەتا) دەستپێك و زەمینە خۆشكردنە بۆ پەرینەوە بۆ سەرەتای ململانێ و كیشمانە كێش و(ناوەراست)لە ململانێوە بەرەو گرێچن و لەوێندەرەوە


www.pertwk.com

PDF4Kurd

بەرەو لوتکەمان دەبات و(کۆتایی) لە لوتکەوە بەرەو ئەنجاممان دەبات. هەڵبەتە لە چیرۆکدا ململانێی جۆراوجۆرهەیە، دەشێت ململانێ دەروونی بێ و قارەمان لەگەڵ خۆیدا بیکات، یا ململانێ لە نێوان قارەمانانی چیرۆکەکەدا بێ یا لەنێوان قارەمان و کۆمەڵگەدا بێ یا لەنێوان قارەمان و سروشتدا بێ..هتد.

بەهەرحاڵ پێویستە لێرەدا ئاماژە بە گرینگی رەگەزی پلۆت(نەخشە) بکرێ و ئەوە دوویات بکرێتەوە کە دەرککردنی پلۆت گرنگترین فاکتەرە لە پرۆسەی دەرککردنی چیرۆکدا. پلۆت دەشێت بەرۆحی چیرۆك بژمێردرێ.

((5))

پلۆت(نەخشە) رەگەزێکی هەرە گرینگی چیرۆکەو ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی نووسەرەو لە واقیعدا بە مجەرەدی بوونی نییە، لەبن و بناواندا فۆرم بەخشینە بە ئەزموون و تەجرەبەیەك کە لە بنەرەتدا بێشێوەیە، بێ فۆرمە، یانی پرۆسەی فۆرمبەخشینە بەتەجرەبەیەکی بێ فۆرم.بە وتەیەکی دی چیرۆکنووس ئەزموونە خاوەکانی ژیان هێندە هونەرمەندانەو لێهاتووانە ریز دەکات کە لە میانەی یەکێتی ئەو ئەزموونانەوە پەیوەندی نێوان هۆو ئەنجامی بویەرو رووداوەکان بە دیار دەکەوێ، و کۆی رووداوەکان شێوەیەکی هونەریانە دەگرێتە خۆی. ئەگەر پلۆت لە واقیعدا نەبێ و دەستکردی نووسەر بێ و ئێمە تا ئەندازەیەك ئەم دەسکردبوونەی پلۆت قبووڵ بکەین، ئەوا بۆ کاراکتەر حەز دەکەین لە خەڵکانی ناو ژیان بچن و دەستکرد نەنوێنن و لە گەڵ واقیعی چیرۆکڤانی دەقەکەدا بگونجێن و لەو واقیعە هونەرییەدا واقیعی بن. ئەگەر چی مرۆڤ تا رادەیەك لەناو ژیانی واقیعیدا ئازادە، بەڵام کاراکتەری چیرۆکڤانی بە تەواوەتی ئازاد نییە.چونکە کاراکتەری چیرۆکڤانی بەپێچەوانەی مرۆڤی واقیعیەوە، بەشێکە لە کۆی کارێکی هونەری ودەبێ لە خزمەتی پێداویستییەکانی ئەو کارە هونەرییە یەکگرتووەدا بێ..واتە کاراکتەر بەشێکە لە کارێکی هونەری یەکپارچەی یەکگرتوو وپەیوەندی راستەوخۆی بە رەگەزەکانی تری ئەو کارەوە هەیە و بەشێك لە بونیادی ناوەوەی چیرۆك(دەق) پێکدێنێ.دیارە کاراکتەر دەبێ لە واقیعی رۆژانە بالاٌتربنوێنێ جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ تەجرەبەی شەخسی خوێنەردا پەیدا بکات و بە کورتی تەجرەبەکانی ژیانی بۆ هەست گۆڕیبێ.کارەکتەرانی ناو چیرۆك لەناو پرۆسە هونەرییەکەی دەقاندنی ناوەرۆکدا گەشە دەکەن و شێوەو سیمای تایبەتی خۆ وەردەگرن.هەر کاراکتەرێکی هونەری


www.pertwk.com

PDF4Kurd

وەربگـری، لـە رووبەکـەوە دەچـێتەوە سـەر خـەڵکانی نـاو ژیـانی واقیعـی یـا بەپێچـەوانەوە هـەر کەسـێکی نـاو ژیـانی واقیعـی بگـری هەنـدێ خەسـڵەت و تایبەتمەنـدی ئـەو قارەمانـە هونەرییانـەی تێـدا بـەدی دەکـرێ. ئەمـەش خـۆی لـە خۆیدا هەستکردنە بە جۆرەپەیوەندییەك لە نێوان کسایەتی هونەری و کەسایەتی واقیعیدا,

بەهــەر حــاڵ زۆربــەی رەخنــەگران وشــارەزایان کارەکتــەرانی هونــەری دابەشدەکەن بەسەر کارەکتەری سادەو کارەکتـەری توێدارو ئاڵۆزدا، کارەکتـەری سادە ئەوەیـە کـە بتوانرێ لەیـەك فرمۆلـدا بەرجەسـتە بکرێ و یـەك رەهەنـدو یـەك لایەن بێ و بەئاسانی بناسرێ. کاراکتەری توێدارو ئاڵۆز ئەوەیە هەزار تـوێ بـێ و بەئاسانی پەی پێ نەبرێ و غافڵگیرت بکـات. دیـارە بۆچـوونی جیـاواز لەمـەر ئـەو دوو جۆرە کاراکتەرە هەیە. بەلاّم بە شێوەیەکی گشـتی کاراکتـەری ئـاڵۆز لـەبارترە بـۆ پـر کردنـەوەی بۆشـاییە هونەرییـەکانی نـاو هـەر کرێکـی هونـەری. بـەلاّم کاراکتەری سادە ئەو توانایەی نییەو لەسەرانسـەری چیرۆکەکەدا یـەك راسـتە رێ دەگرێ و بەگەڵ رەوش و رەوتی چیرۆکەکە دەکـەوێ و ئەمـە هەنـدێ لـە واقیعـەوە دوورە. کاراکتـەری ئـاڵۆز دەتـوانێ وەکـو خـەڵکانی واقیعـی غافڵگیرمـان بکـات و سەرسامان بکـات و ئەمـەش جـۆرە واقیعیـەتێکی پـێ دەبەخشـێت کـە پـتر حـەزو کەڵکەڵـەی خوێنـەر پـاراو دەکـات. بەهـەرحاڵ دەبـێ ئـەوە دووپـات بکەینـەوە کـە کاراکتەری چیرۆکڤانی چەند ئاڵۆزیش بێ، ئینسانێك نییە ،بەڵکو خەڵقەندەیـەکی هونەرییـە و بەشـێکە لـە کـارێکی هونـەری یـەکگرتوو.ئـەوەی ئێمـە لـە هونـەرمان گەرەکـە شـێوەیەکە کـە لـە ژیانـدا دەسـتمان ناکـەوێ، جیـاوازی بنـەرەتی هونـەرو ژیـانیش لەوەدایـە.بەهـەرحاڵ چـونکە مـرۆۋ بـەخۆی بوونـەوەرێکی ئـاڵۆزە، بۆیـە کاراکتـەرانی ئـاڵۆزی پـێ پەسـندترە. چـونکە پـتر لـە ژیـان دەچـن.هەڵبەتـە ئەگـەر کاراکتەر بۆخۆی بەتەنیا و جیا لە رەگەزەکانی دیکەی چیرۆك لەبەر چاو بگیرێ، لەو حاڵتەدا دەکرێ بایەخێکی گەورە بە ئاڵۆزی بدرێ.بەلاّم ئەگەر کاراکتـەر لەبـەر رۆشنایی چیرۆك وەکو یەکەیەکی یەکپارچە تـاقی بکەینـەوە لـەو حالەتـەدا بۆمـان دەردەکەوێ کە ئاڵۆزی فەزڵێکی زیاتری لـە سـادەیی نییـە.دەبـێ حەسـاو بـۆ ئـەوە بکرێ کە چ کاراکتەرێك لە چیرۆکدا دەور دەبینـێ، چیرۆکنووس دەبـێ کاراکتـەری گونجاو بۆ مەبەست و ئامانجەکانی خۆی هەڵبژێرێ.

((6))

PDF4Kurd

هەڵبەتە پێویستە لێرەدا زۆر بەلەز ئاماژە بۆ رەگەزی وەسف لە دەقی چیرۆکدا بکرێ. چیرۆکنووس دەبێ شارەزاییەکی چاکی لەم بوارەدا هەبێ.گونجاوترین شێوازی وەسف لەگەڵ دەقی چیرۆکدا وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری هەڵبژێرێ.دیارە هەر شێوازێکیش عەیب و خەوشی خۆی هەیە. بەلاّم چیرۆکنووس دەبێ کەم عەیبترین شێوازی وەسفی بەکاربێنێ. جۆرە باوەکانی وەسفیش پتر بریتین لە: وەسفی مەنتیقی، وەسفی دراماتیکی و وەسفی قەرینەیی و مەجازی. لە وەسفی مەنتیقیدا پتر گوتن زاڵە، واتە لە دەرێڕا تیشك دەخرێتە سەر کاراکتەران، ئەمەش جۆرە جڵەو کردنێکی خەیاڵی خوێنەری لێدەکەوێتەوە. لە وەسفی دراماتیکیدا نیشاندان زاڵە. نووسەر یا گوتیار(ڕاوی) زیاترنیشاندەدا تا بڵێت. چیرۆکنووس لەم جۆرە وەسفەدا رێگە بە قارەمانەکانی دەدا کە خۆیان بنوێنن و خۆیان نیشان بدەن, واتە قارەمانەکان لە رێگەی دەم و دوویانەوە یا هەڵسوکەوت و رەفتاریانەوە خۆیان بە خوێنەر دەناسێنن. لەم شێوازەدا خوێنەر بە گەرمی دەعوەت دەکرێ کە چالاکانە لە چیرۆکەکەدا بەشداری بکات. بەهەرحاڵ رەنگە ئەم شێوازە وەسفە لە شێوازە وەسفەکانی دیکە پەسندتر بێ.لەوەشە یەکێك لە خەوشەکانی ئەم شێوازە وەسفە ئەوەبێ کە لە وەسفی مەنتیقی درێژدادرتربێ، چونکە نیشاندان کاتی فرەتر دەبات لە وتن.شێوازی وەسفی قەرینەییش ئەوەیە کە کاراکتەر لەرێگەی ئەو قسانەوە کە دەربارەی دەکرێ بناسین.بەکورتی بۆچوونی باوی ئەم رۆژگارە ئەوەیە کە دەقی سەرکەوتووی چیرۆك دەبێ پتر نیشاندان بێ نەك گووتن. دیارە هەر دەقێکیش بەدەم پرۆسەی خوڵقانەوە یاساو رێسای خۆی بەرهەمدێنێ و هەر نووسەرەش دەبێ ئاگاداری ئەوەبێ کە دوا ئەنجامی کاری ئەو کە بریتیە لە بەرهەمهێنانی یا خوڵقاندنی کارێکی یەکگرتووی یەکپارچەی هونەری و دەسترەنگینی و مۆرکی ئەو لە چۆنیەتی دەقاندنی هەموو رەگەزە وردو درشتەکانی ئەو کارەدا دەردەکەوێ و ناسنامەی تایبەتی وەردەگرێت..

((7))

رەگەزێکی دیکەی گرینگ لەئەدەبیاتی چیرۆکڤانیدا هەیە کە پێی دەگوترێ شوێنکات. بێگومان بویەرو رووداو لە شوێن وکاتدا روودەدات.ئیدی مەرج نییە شوێن تەنیا یەك شوێن بێ یا کات و زەمان تەنیا یەك کات بێ. دەشێت شوێنکات بە گوێرەی زەرورەت و پێداویستی هونەری دەق بێتە هەڵبژاردن و مۆنتاژکردن.


www.pertwk.com

PDF4Kurd

دیاره ڕەگەزی شوێنکات جۆری هەیە. لەوانە شوێن یا دیمەنی بێ ّلایەن، لێرەدا تەنیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کە شوێنەکە کوێیە ،شارە یا لادێ یا...هتد. نووسەر ئەو زانیارییانە دەدا و ئیدی ئەوەندە گوێی ناداتێ و بەتانیا ناچێت. ئەم زانیارییانە لە خزمەت پلۆت و ڕووداوی دەقدا دەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم بێ لایەنیە موتڵەق و ڕەها نییە، واتە مەوقیعیەتی بێ لایەن زۆر کەمە.

بێگومان شوێنکات یا دیمەن یا مەوقیعیەت دەشێت لەناو بەرهەمی چیرۆکڤانیدا ببێ بە ڕەگەزێکی کاریگەری بەرجەستە. بەڵام دەبێ ئەوە بزانرێ کە مەوقیعیەت شتێکی سەر بەخۆ نییە، هەمیشە بەشێکە لە کۆی کارە هونەرییەکە وەکو یەکەیەکی یەکپارچەو دەبێ لەو چوارچێوەیەدا حەساوی بۆ بکرێ. خۆ ئەگەر لە چوارچێوەی کوللیەتەکە دەرچوو و لە ڕەگەزەکانی دیکەی دەق زاڵتر و زەقتر کەوتە بەرچاو ئەوا دەبێ بەخەتاو هەڵەی هونەری لە قەڵەم بدرێ. چونکە لە باشترین چیرۆکدا نیشاندنی مەوقیعیەت مەبەستی سەرەکی یا بنچینەیی نییە. بەڵکو مەوقیعیەت دەبێ ڕەگەزێکی چیرۆك بێ لەناو کۆی ڕەگەزە هونەرییەکانی دیکەدا بتوێتەوەو هەموو ڕەگەزەکان پێکەوە لە بۆتەی هونەردا دەقێك بخوڵقێنن کە پێی دەگوترێ چیرۆك..

(( 8))

گۆشەنیگا، یەکێکە لەو بابەت و ڕەگەزانەی کە بایەخی گەورەی هەیە لە ناو پرۆسەی خوڵقانی دەقی چیرۆکدا.دیارە لێرەدا مەبەست لەگۆشەنیگای چیرۆکنووسە ، واتە کردەی گێرانەوە لە ڕوانگەی چیرۆکنووسەوە، کە هەر چیرۆکنووسێك بە گوێرەی نۆرینی خۆی دیاردەو بویەرو بابەتەکان دەخوێنێتەوەو دەگێڕێتەوە. هەڵبەتە مەبەست لە نۆرین و خوێندەوەی هونەرییانەیە، دەنا دەق پێك نایەت و نایەتە خوڵقاندن. دیارە مەسەلەی هەڵبژاردنی گۆشە نیگا یەکێکە لەو مەسەلە ئاڵۆزانەی کە دەبێ چیرۆکنووس زۆر بە پارێزەوە مامەڵەی لە تەکدا بکات، چونکە نووسەر بە سەرچاوەی بنەرەتی هەر کاراکتەرێکی ناو چیرۆکەکە، شوێن، هاماج وڕووداوەکانی ناو بەرهەمەکەی دەژمێردرێ. یانی ئەو دەقە بەهەموو ڕەگەزەکانییەوە خەڵقەندەی خەیاڵی ئەوە. نووسەر زۆر شت دەربارەی خەڵقەندەکانی خەیاڵی خۆی دەزانێ ولە سەرێتی بریار بات چۆن سوود لەزانیارییە تایبەتییەکانی وەربگرێ. یانی نووسەر دەبێ


www.pertwk.com

PDF4Kurd

گونجاوترین گۆشە نیگا بۆ ئەو چیرۆکەی کە دەیەوێ بیگێڕێتەوە یا بڵێ هەڵبژێرێ و بدۆزێتەوە. هەڵبەتە گێرانەوەش جۆری هەیە،دەشێت بۆ نموونە لە ڕێگەی یەکەم کەسەوە بێ یا لە ڕێگەی سێیەم کەسەوە بێ، دەتوانرێ چیرۆکێك لە دەرێڕا یا لە ناوەوە بگێردرێتەوە، مەبەست لە گێرانەوەی ناوەوە ئەوەیە کە یەکێك لە قارەمانەکانی ناو دەقکە چیرۆکەکە دەرببڕێ، ئەو بابەتە چیرۆکە پتر بە راناوی یەکەم کەس دێتە گوتن و گێرانەوە.. ئەو چیرۆکانەش کە لە لایەن گوتیارێکی بێناوەوەو لە دەرێڕا باس دەکرێ و دەگێردرێتەوە، پتر بە راناوی سێیەم کەس دێتە گێرانەوەو بەیانکرن. جا لێرەداپێویستە ئاماژە بۆ گوتیار(راوی) بکرێ.گوتیار هەیە هەموو شتێکی جیهانی دەقەکە دەزانێ و گوتیار هەیە زانیاری سنووورداری لەمەر دەقەکە هەیە. جا گوتیاری هەموو شتزان دەتوانێ خۆی لە ژیانی هەر کەسایەتییەك هەڵقورتێنێ و بەخوێنەر بڵێ کە قارەمانی نێوبراو بەتەمای چییە و چۆن چۆنی هزردکەت. دەتوانێ ئێستا لە شارێك بێ، دوای تۆزێکی دی لە شارێکی دیکە بێ. دەتوانێ لە دەستەواژەیەکدا لە کاتی ئێستادا لە گەڵماندا بێ ولە رستەیەکی دواتردا بمانباتەوە بۆ رابردوو. جا ئەم جم و جوڵەی ئەو لە خۆیەوە بۆخۆی، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی و لە زەمانێکەوە بۆ زەمانێکی دی لەبەر ئەوەیە کە بەو پەری کارامەیی و چاکی چیرۆکەکەمان بۆبگێڕێتەوە. گوتیاری هەموو شت زان لە هەموو هونەرەکانی گێرانەوە ئاسایی ترە، هەر لەبەر ئەوەشە ئاساییترین گۆشەنیگاو گێرانەوەیە بۆ زۆربەی چیرۆکنووسان.چونکە زۆر بە ئاسانی بەم رەوشە چیرۆکەکانیان دەگێڕنەوە.

هەرچەندە گوتیاری هەموو شتزان لە لایەکەوە هونەرێکی ئاساییە، بەلأم لە لایەکی دییەوە بە تەکنیکێکی نائاسایی و تایبەتی دەژمێردرێ. چونکە لە ژیاندا کەس نییە هەموو شتێك بزانێ، ئەمە جگە لەوەی گۆشەنیگای گوتیاری هەمووشتزان هەندێ جار جڵەو لە دەستی نووسەر دەسەنێ و بابەتەکان تووشی گێرەشێوێنی دەکات.. دیارە لێرەدا دەبێ سووکە ئاماژەیەك بۆ هەندێ عینوانی دیکەش بکرێ لەوانە: شاقارەمان لە دەوری گوتیاردا، گۆشەنیگای قارەمانی لاوەکی، گۆشەنیگای بابەتی و ژمارەی گۆشەنیگایان.

((9))


www.pertwk.com

PDF4Kurd

کەس ناتوانێ نکوڵی لە زمان و ڕۆڵی زمان لە پێکهاتەی دەقی ئەدەبیدا بکات. بۆیە نابێ بەزێدەڕۆیی گەر بگوترێ دەق دەکاتە بەرهەمهێنانێکی هونەریانەی زمان. واتە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بگرین بەلای کەمەوە دەبێ هەردوو تایبەتمەندی شێوازو ئاواز یا ستایل و تۆن بگرێتە خۆ. دیارە شێواز بۆ هەر دەقێکی چیرۆکڤانی هەم گرنگەو هەم ئاڵۆزەو دەورێکی کارا لە خوڵقاندنی تۆندا دەگێرێ، واتە دەتوانرێ بگوترێ شێواز ڕێگەیەکە دەگاتە تۆن. بەهەر حاڵ ئێمە نامانەوێ بچینە ناو تول و تەفسیلی شێوازو جۆرەکانییەوە، ئەوەی بۆ ئێرە مەبەستە زیاتر شێوازی تاکە،واتە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە لایەن نووسەرێکەوە. هەڵبەتە دەشێت شێوازی تایبەتی نووسەرێك لە نێو چوارچێوەی گشتی شێوازی باوی سەردەمێکدا دەربکرێ و بناسرێتەوە. دیارە هەر نووسەرێك بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکات و بەنەفەسێکی تایبەتییەوە بەکاری دێنێ، جا بەم پێیە هەموو نووسەران خودانی شێوازن، بەڵام مەرج نییە هەموو شێوازەکان سەرکەوتوو و پەسندبن.کەواتە شێواز بەو چەمکەی کە چۆنییەتی بەکارهێنانی زمانە لە لایەن نووسەرەوە،چاکتر یا خراپتر نییە، بەڵکو بە گوێرەی بەکارهێنانی لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی ترجیاوازە. کەواتە دەبێ کار بۆ ئەوە بکرێ کە شێوازی هەر نووسەرێك لە ناو بەرهەمەکانی ئەو نووسەرەوە دەرکبکرێ و بناسرێتەوە، نەك بۆچوونەکانی خۆمان سەبارەت بەشێواز لە دەقەکانی ئەو نووسەرە بار بکەین. کەواتە شێواز دەبێ بەشێوەیەکی گونجاوو هاوسەنگ شانبەشانی ڕەگەزەکانی دیکە بەشداری لە پێکهاتەی دەقەکەدا بکات و بە هەموویان یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری بخوڵقێنن. بەهەرحاڵ شێواز شتێکی شەخسییە و جیوازی شێوازی نووسەران دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی زەینییەت و کەسایەتی خودی نووسەرەکان.

هەڵبەتە شێواز بەشێوەیەکی گشتی ڕەگەزێکە لە نێو ڕەگەزەکانی دیکەی دەقدا و دەورێکی گرینگ لە ئیجادی تۆن لەناو بەرهەمی چیرۆکڤانیدا دەگێرێ. دیارە تۆنیش دەکاتە دەربرین و نیشاندانی ڕوانین و دیتنەکان. بەهەرحاڵ ئەم ڕەگەزو بابەتە لە گەڵ ڕەگەزو بابەتەکانی دیکەدا تان وپۆی دەق پێکدێنن و بەئاسانی بۆ خوێنەر جیا ناکێتەوەو تەنیا خوێندنەوە موتالاْی زۆری چیرۆکان ، ڕەنگە ئاسۆی داوەری خوێنەر فراوان بکات و بتوانێ بەباشی شێوازو تۆن


www.pertwk.com

PDF4Kurd

بناسـێتەوەو پەیوەنـدی هـەموو رەگـەزەکان لـە چوارچـێوەی کارەکـەدا وەکـو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری دەرکبکات.

((10))

هەندێ رەگەزی چیرۆك بەهۆی کاریگەری بنەرەتییان لە پێکهاتنی سەرلەبەری بەرهەمەکەدا بە رەگەزی کاراو گرنگ حەساو دەکرێن و ھموویان لە ژێر خێوەتی بونیادو تەکنیکدا کۆدەبنەوە. واتە پاش ئەوەی لە پێکهاتەی گشتی بەرهەمەکەدا ئاوێتـە دەبن پێیـان دەگـوترێ بونیـادو تـەکنیك، لەوانـە وەسـف کـە بریتییـە لـە نیشاندان و دەربرینی راستەوخۆی خەسڵەتێن یەك کەسایەتی یا یەك شوێن یا یەك شت. جا جاری واهەیە وەسف نیشـاندانی خەسـڵەتێن نامادییـە و جاری واشـە تـەنیا نیشـاندانی خەسـڵەتێن بـەدەنی دەگرێتـە خـۆ.. هەڵبەتـە وەسـفی کاریگـەر یـا سـەرکەوتوو ئـەوە نییـە کـە نووسـەر هەرچییەکی بەبیردابێ نیشـانی بـدات یـا دەریبـبرێ.نووسـەر دەبـێ ئـەو لایەنانـە هەڵبـژێرێ کـە پـتر لەگـەڵ مەبەسـتەکەیدا دەگونجێـت و ئـەو لایەنانـە بـەجۆرێك ریـز بکـات و رێکبخـات کـە مەبەستەکەی بێننـە دی .هەرچەندە وسف رەگـەزێکی تارادەیـەك وەسـتاوە، بـەلاّم نووسەری کارامەو لێهاتوو جوڵەش لەبەرچاو دەگرێ و فەرامۆشی ناکات.

پانۆرامـاو دیمـەن، رەگـەزی بنـەرەتی چـیرۆکن و چـیرۆکنووس دەتـوانێ هونەرییانە بیانخاتە خزمەتی پەرەسەندن و گەشەکردنی دەقەکەیەوەو بەزەبری بەکارهێنانی پانۆراماو دیمەن خۆی لە یەکنەوایی بپارێزێ، ئەمەش بەوە دەبێ کە لە دیمەنی دراماتیکییەوە بگوازرێتەوە بۆ دیمەنی پانۆرامایی.

دیالۆگیش لە رەگەزە گرنگەکانی چیرۆکەو لە شێواز نایەتە دابران و پێویستە لە چوارچێوەی کوللیەتی دەقدا مامەڵەی لە تەکدا بکرێ, دیارە دیالۆگ لەناو چیرۆکدا دەبێ ئاسایی بێ، هەڵبەتە سەبارەت بە جیهان و واقیعی ناو چیرۆکەکە ئاسـایی بـێ و تـەواو لەگـەڵ واقیع و جیهـانی چـیرۆکەکەدا بسـازێ. لـە گـەڵ ئـەو دنیایەدا بگونجێت کە نووسەر خوڵقاندوویەتی نەك ئەو جیهانەی کە نووسەرو خوێنەر بە واقیعی تیایا دەژین. واتە نووسەر دەبێ خۆی لەوە بپارێزێ کە لە جیاتی قارەمانان قسە بکات، چونکە ئەمە سەنگەلایی هونەری لێدەکەوێتەوە. بـەڵکو دەبـێ جڵـەو بـۆ قارەمانـان شـل بکـات، وەکـو چـۆن خۆیـان لـەناو کارەهونەرییەکەدا هەن ئاوا قسەو گفتوکۆبکەن وبەشێوەیەکی ئاسایی گوزارشت لە خۆیان بکەن.


www.pertwk.com

PDF4Kurd



رەگەزێکی زۆر گرنگ هەیە لە دەقی چیرۆکڤانیدا،کە کەم و زۆر ، راستەو خۆو ناراستەو خۆ پەیوەندی بەرەگەزەکانی دیکەی دەقەوە هەیەو لە کارلێکی بەردەامدایە لە گەڵیاندا، ئەویش رەگەزی تیمەیە کە رەنگە بشێت ناوی نێوەرۆکی لێ بنرێ، دیارە نێوەرۆك و بابەت یەك شت نین، بەڵام زۆریش لێکدی نزیکن. تیمە دەکاتە مانا، یا هەوێنی چیرۆك. چیرۆکیش نەرێگەیەکە بۆ وێنە گرتن و بەر جەستە کردنی هزرو بیران و نە هەلاّتنی نامەسئولانەیە لە واقیع.. جا لەم پێو دانگەوە دەشێت تیمە مانایەك بێ کە چیرۆك بە زەبری ئەوزارە هونەرییەکای خۆی کەشفی دەکات. زۆرجار مرۆڤ حەزدەکات جۆرە مانایەك بە ئەزموونی خودی خۆی ببەخشێت،یا لە ئەزموونی خودی مانایەك دروستبکات، دەیەوێ بزانێ کێیە،هەڵوێستی خۆی بزانێ، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ خەڵکان و بوونەوەراندا بزانێ. تیمە هاوتاو قەرینەی ئەم بزوێنەرە ئاساییە مرۆڤانییەیە لەناو چیرۆکدا...دەبێ ئاماژەش بۆ ئەوە بکرێ کە کردەی نووسین تەنیا کردەی دەربرین ونیشاندان نییە ،بەڵکو کردەی کەشفکردنیشە,کەواتە تیمە(نێوەرۆك) مانایەکی تەواوە کە نووسەر لەکاتی نووسیندا و خوێنەر بەەم خوێندنەوەوە کەشفی دەکات. هەڵبەتە ئەم پرۆسەی کەشفکردنە کارێکی سادەو ئاسان نییە، و تیمەی چیرۆك تەنیا بە مووتالاّو خوێندنەوەی جدی و مەسئولانە دێتە کەشفکردن، وئەم کارەش وادەخوازێت کە خوێنەر ئاگای تەواوی لە پەیوەندییەکانی نێوان بەشە جیاوازەکانی چیرۆك و لە هەڤبەندی بەشە جیاوازەکانی چیرۆك لەگەڵ کوللیەتی چیرۆکدا هەبێ.کەواتە بەم پێیە تیمە رەنگدانەوەی ئارەزوو حەزی مرۆڤە بۆ دروستکردنی مانا لە ئەزموون، واتە ئەدەبیاتی چیرۆکڤانی رێگەیەکە بۆ دروستکرنی مانا لە ئەزموون. گۆڕینی ئەزموونە بۆ مانایەکی هونەری.تیمە لەو رەگەزانەیە کە یەکێتی تەواو بەدەقی چیرۆك دەبەخشێت، هەر تیمەیە، کەنووسەر والێدەکات شێوەو فۆرم بە پلۆت بدات و قارەمانان بخۆڵقێنێ، واتە تیمە گرنگترین پرەنسیپی هەڵبژاردن بە نووسەر دەدات. کەواتە چیرۆك بەشێوەیەکی گشتی هەوڵێکی راستگۆیانەیە بۆ مانا بەخشین بە ئەزموونی ئینسانی. ئەوی چیرۆکی باش بۆ ئێمەمانانی دەرەخسێنێ ئەوەیە لە چاوی کەسێکی ترەوە بروانینە ئەزموونی مرۆڤ کە زۆر جیاوازە لە خوێندنەوەی وتارێکی فەلسەفی . ئەو جۆرە وتارە دەرفەتی ئەوەمان


www.pertwk.com

PDF4Kurd

بـۆ دەرەخسـێنێ ئاگامـان لـەوەبێ کـە کەسـێکی دی دەربـارەی ئـەزموونی مـرۆڤ دەیڵێ. بەڵام چیرۆکنووس دنیایـەك دەئافەرێنێ کـە بۆ ئـەو دنیایـەی ئـەو و ئێمـە تیایـدا دەژیـن بایــەخی هەیـە، روانینێکـی راسـتەو خۆمـان دەربـارەی دنیـای چیرۆکەکەو دنیای خۆمان پێ دەبەخشێت. یانی روانینمان لـە رۆتینبینـی رزگـار دەکات و هێزی خەیاڵمان لە مت بوون دەخەلەسێنێ و دەوڵەمەندی دەکات...

سەرچاوە:


1- چگونه ادبیات داستانی تحلیل کنیم : دکتر دبلیو. ئی. کنی..ت: دکتر مهرداد ترابی-محمد حنیف چاپ اول 1380

2- فجر القصه المصریه - یحیی حقی

3- القصه العربیه والحداته / دکتر صبری حافڤ 1990 بغداد

4- فن کتابه الاقصوصه/ ت: کاڤم سعدالدین 1978

5- التحلی البنوی للقصه القصیره/ رۆلان پارت/ ت: د. نزار صبری 1986

6- فن القصه القصیره/ د. رشاد رشدی/ بیروت 1975



www.pertwk.com

PDF4Kurd

# ئەنتوان چیخۆف

1904 – 1860

باوەگەورەی چیخۆف بابایەکی کۆیلە بوو. بەڵام کۆیلایەتی هەرگیز قەدەرو چارەنووس نەبووە، بۆیە باپیرەی چیخۆف توانی بە بەهای (3500) رۆبڵ خۆی و خێزانەکەی بکڕێتەوەو ئازادی خۆی وەربگرێتەوە.

بابی چیخۆف موغازەدارێکی مام ناوەندی بوو، لە ساڵی 1876دا نابووت بوو، بۆیە بەماڵ و منداڵەوە باریان کرد بۆ مۆسکۆ، بەڵام چیخۆف کە هێشتا قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواو نەکردبوو، ناچار لە زێدی خۆی، لە تاگانروگ –ی باکوری قەفقازدا مایەوە. ئەوە بوو بەدەم کارکردنەوە، لە ساڵی 1879دا ئامادەیی تەواوکردو چوو بۆ مۆسکۆ، لە پایزی ئەو ساڵەدا چووە زانستگەی مۆسکۆ و لە بواری پزیشکیدا کەوتە خوێندن و هەر لەو سەرو بەندەدا ناو بەناو و لە کاتی دەست بەتاڵیدا کورتە چیرۆکی کۆمیدی دەنووسی و بۆ گۆڤارو بڵاوکراوەکانی دەنارد. هەر چەند ئەم چیرۆکانە لە ئاستێکی هونەری ئەوتۆدا نەبوون، بەڵام چیخۆف بۆ پارەی دەنووسین و لەو رێگەیەوە هەندێ ئەرك و باری سەرشانی خێزانەکەیانی سووك دەکرد بەهەر حاڵ چیخۆف پاش ئەوەی کۆلیژی پزیشکی تەواو کرد، لە شارۆچکەیەکی بچووکدا بەیاریدەدەری پزیشك دامەزرا. لەوێندەر توانی لە نزیکەوە ئەو جووتیارانە بدینێ و بناسێت کە بۆ نەخۆشی و دەرمان هاتوچۆیان دەکرد. هەروەها شارەزایی لە مجێزو تەبیعەتی ئەفسەران و سەربازان دا پەیداکرد" (چونکە لقێکی تۆپخانە لەو شارەدا هەبوو). و هەندێك لەو سوپاییانە لە بەرهەمی (سێ خوشك)دا بەدی دەکرێن. دیارە چیخۆف ئەو کەسایەتیانەی وەکو خۆیان بۆ ناو چیرۆك نەدەگواستنەوە. بەڵکو سەر لەنوێ و بە نەفەسێکی هونەرییانە دەیخوڵقاندنەوە. چیخۆف لە سەرەتادا بەناوی خوازراوەوە بەرهەمی گاڵتەئامێزی بڵاودەکردەوە، حەزیدەکرد بەرهەمە پزیشکییەکانی بەناوی راستەقینەی خۆیەوە بڵاوبکاتەوە. هەڵبەتە بەرهەمە گاڵتە ئامێزەکانی لە رۆژنامەو بڵاڤۆکانی جۆراو جۆردا بڵاو دەکردەوە. زۆربەی ئەو رۆژنامەو بڵاڤۆکانە هی گروپ و لایەنێن هەڤرك و نەیاری یەکدی بوون. گەرچی ئەو بەرهەمانەی کە چیخۆف بۆ پارە دەینووسین و بڵاوی دەکردنەوە زۆرن، بەڵام سەرەتای دەستپێکردنی راستەقینەی نووسین لەلای ئەو بۆ ساڵی 1886 دەگەڕێتەوە و لەو ساڵەدا نووسینی کرد بەپیشە.

لە ساڵانی 1886 – 1887دا یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی چاپو بڵاو کردەوە. ئیدی بەرە بەرە شۆرەتی پەیدا کردو رێگەی بڵاوکردنەوەی بۆ خۆش بوو" دەیتوانی لە باشترین رۆژنامەو بڵاڤۆکانداو بەو پەڕی بێمنەتی بەرهەم و چیرۆکەکانی بڵاوبکاتەوە. ئەشقی نووسین بە جۆری لە کەللەی ئەم پیاوەی دا کە بەتەواوەتی خۆی بۆ تەرخان کرد. هەر لەم رێگەیەوە توانی زەوییەکی بچووك لە نزیکی مۆسکۆ بکڕێ کە هەموو خێزانەکەیانی دەژیاند. خۆشترین قۆناغی تەمەنی ئەو ساڵانە بوو کە لەوێندەر قەتاندی. ئەم پیاوە زۆر ئاشقی باخ و باخداری و کاری باخەوانی بوو. دەیویست هەموو دنیا بکات بەدارو درەخت. جیهان لە هەموو لایەکەوە سەوز بچێتەوەو ژیانی لێوە هەڵقوڵێ. هەمیشە هەوڵیدەدا شتێکی تازە بخوڵقێنێ و خۆی کاوێژ نەکاتەوە.. چیخۆف زۆری دڵ بە دنیاوە بوو، ژیانی خۆشدەویست، بە جۆشو

PDF4Kurd

خرۆشێکی لەبن نەهاتووەوە مامەڵەی لە تەکدا دەکرد. کەچی وێڕای ئەمەش خۆی بۆ گۆڕینی ژیان تەرخانکرد، واتە کەسێکی هەمیشە نوێخواز بوو.

چیخۆف لە ژیانی رۆژانەی دا پیاوێکی چاکە خوازو چاکە کارو دڵسۆزو میرەبان بوو. هەموو ئەم خەسێت و خەسڵەتانە لە بەرهەمەکانیداو بە شێوەیەکی هونەری رەنگیان داوەتەوە و دەشێت کۆی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانی بەئەنسکلوپیدیای روسیای سالآنی 1880 – 1890 لە قەڵەم بدرێ.

چیخۆف چونکە کەسێکی فرە بەهرە بوو، هەر لە بازنەی چیرۆك و تەنزدا قەتیس نەماو ماوەیەکی باشیش خووی دایە شانۆ نامەو زۆر شانۆ نامەی نووسی لەوانە: (هەتیو 1877، ئیڤانۆف 1887، لالۆڤانیا 1802، مەلی دەریایی 1886، سێ خوشك 1899و... هتد).

زۆربەی شانۆنامەکانی لە لایەن دەزگای هونەری مۆسکۆوە کە لە لایەن ستانسلافسکی و نەمیرو فیچەوە لە ساڵی 1898دا دامەزرا بوو، نمایش کران و شۆرەتی زیاتریان هەم بە دەزگا هونەرییەکە داو هەم بە چیخۆف.. ئەوە بوو (مەلی دەریایی) لە لایەن ستانسلافسکی و دانچنکو وە هاتە دەرهێنان و نمایش کردن و سەرکەوتنی چاکی بە دەست هێنا.

چیخۆف لە پایزی ساڵی 1873دا کە لە سەردانێکی ماڵی باپیری کە لە دەرێی مۆسکۆ بوو دەگەڕایەوە، لەپڕ خولیاو کەڵکەڵەی شانۆی کەوتەسەر. بۆ یەکەمجار شانۆی شارەوانی، کە سەدان جار بە بەردەمیدا رەت بوو بوو، سەرنجی راکێشاو ئیدی لەوە بەدواوە ئولفەتی دەگەڵ شانۆدا پەیداکردو بەجۆرێ ئاشقی بوو، کە چوونە شانۆ بۆ قوتابی سانەوی قەدەغەبوو، دەچوو جلك و پاڵتۆی بابی لەبەردەکرد و عەینەکێکی شینی لەچاو دەکرد تا لە تەمەنی خۆی گەورەتر بنوێنێ و رێگەی چوونە ژوورەوەی بدەن. لەگەڵ خوشك و براکانیا ((5 براو خوشکێك بوون))تیپێکی بۆ خۆی دامەزراندو لەبەر چاوی کەسوکارو دەرو دراوسێکانیاندا نمایشیان دەکردو هەر جارەی دەوری کەسایەتییەکی دەگێڕا و دەبووە مایەی پێکەناندنی بینەران و بەگوتەی ئاندریە دروسی هاوڕێی منداڵی چیخۆف، کە بۆخۆی پاشان بوو بە ئەکتەر، چیخۆف زۆر بەجوانی دەورەکانی دەگێڕا.

ئیدی چیخۆف لە ئەنجامی ئەم سەرکەوتنە منداڵانەیەوە، زاتی پەیداکردو کەوتە پێشکەشکردنی هەندێ بابەتی کۆمیدی کە بەخۆی دەینووسین. لەم کارانەیدا گاڵتەو تەوسی بە عەیب و عاری هاووڵاتیانی خۆی دەکرد. هەڵبەتە هیچ یەکێك لەو دەقانە بەردەست نەکەوتوون، چونکە دوای پێشکەشکردنیان چیخۆف بەخۆی دەیدڕین.

گوتمان چیخۆف کە لە سەفەرەکەی دەرێی مۆسکۆ گەڕایەوە کوتوپڕ رووی کردە دنیای شانۆ. بۆ زستانەکەی بەوپەڕی خوێن گەرمییەوە شانۆ نامەیەکی دوورو درێژی شپرزەی چوار پەردەیی بێ ناونیشانی نووسی.. پاش ئەوەی میشالی برای وێنەیەکی لەبەرگرتەوە، بەخۆی بردی بۆلای ئەکتەری نێودار خات ماری ئارمولوڤا، ئەویش شانۆنامەکەی رەفزکرد. ئیدی چیخۆف لە داخا دەستخەتەکەی فەوتاند. ئیدی ئەم شانۆنامەیە وون بوو تا لە ساڵی 1920دا، یەکەم دەستخەتی لەنێو بەڵگەنامەکانی چیخۆف دا دۆزرایەوەو بەناوونیشانی (پلاتونوف) بڵاوکرایەوە..

ئیدی ئەوە بوو ئەم شانۆنامەیە بە ئامادەکراوی لە فەرەنسادا و بەناوی (پلاتونوف – ی شێت) و بەناوی جۆراوجۆری ترەوە لە ئەڵمانیا و ئەمریکادا پێشکەش کراو بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1959 لە یەکێتی سۆڤیەت پێشکەشکرا.


www.pertwk.com

PDF4Kurd

دیاره ڕەفزکردنی شانۆنامەکە لە لایەن ماری ئارمولوڤای سەر بە شانۆی مالییی، کردییە کارێك چیخۆف بۆ ماوەیەك لە شانۆ دوور بکەوێتەوەو روو لە رۆژنامە هەجوکارەکان بکات.

چیخۆف وێڕای بەهرەداری و وردبینی و زەینڕوونی و فرە بەرهەمی، نەیتوانی رۆمانێکی درێژی سەرکەوتوو بنووسێت" پێدەچێت نەیتوانیبێ ماوەیەکی دوورو درێژ لەگەڵ بابەتەکاندا بژی و بەروونی لەبەر چاوی خۆی بەرجەستەیان بکات و پاشان لە قاڵبی رۆماندا بیانهونەرێنێت. هەر ئەوەندە لەگەڵ بابەتاکاندا ژیاوە کە بیانکات بە هەوێنی کورتە چیرۆك و هونەرمەندانە بیانخوڵقێنێتەوە. هەڵبەتە تواناو بەهرەی چیخۆف لە بواری شانۆنامەشدا، هەر لە ئاستی تواناو بەهرەی چیرۆکنووسیدایە..چیخۆفیان لەگەڵ موپاسانی نووسەری پلە دووەمی فەرەنسیدا بەراوردکردووە، ئەگەرچی ئەم بەراوردە لەباری هونەرییەوە زۆر زەرەری چیخۆفە، بەڵام هەندێ لێکچوونیان لەنێواندا هەیە.

یەکێك لەو لێکچوونانە نەفەسکورتی بوو.. هەر گاڤێ موپاسان زۆری لە قەڵەمەکەی کردبێ کە لە توانای خۆی هێوەتر بڕوات، ئەوا رۆمانانی وەکو (دۆستی ئازیز)و یان (ژیانی ئافرەتێکی) نووسیوە، کە چەند خاتری بگری ئەوا دەکەنە کۆمەڵێك کورتە چیرۆك و بەتۆبزی دراونەتە دەم یەکتر و شێوەو نێوەڕۆك و کارێگەری ئاسایی رۆماننووسانی خۆڕسکی وەکو فلوبیرو تولستوی وەرنەگرتووە، چیخۆف یەکجار نەبێ ئەویش لە گەنجیدا، ئیدی ئەو هەڵەیەی نەکردووە کە کتێبی قەبەو ئەستور بنووسێت، درێژترین بەرهەمی چیخۆف کە (دوئێل) یان (سێ ساڵ)ە، نەبوون بە رۆمان و لە خانەی چیرۆکی کورت دان.

* * *

گوتمان چیخۆف چوار براو خوشکێکی هەبوو. ئەلکسەندەرو نیکولای برای کە لەو گەورەتر بوون، تۆران و ماڵیان بەجێهێشت. ئەمە چیخۆڤی زۆر خەمبار کرد، چونکە براکانی زۆر خۆشدەویست. بابیشی هێندەی دی گوشاری خستەسەر جا بۆ ئەوەی خۆی لەم وەزع و حاڵ و نیگەرانییە بدزێتەوە کەوتە دەرکردنی رۆژنامەیەکی دەستخەتی یەك نوسخەیی بەناوی (اللجلاج) زۆر بە گەرمی باسی هەندێ دیمەنی ناو ژیانی رۆژانەی گانروگ – ی تێدا دەکرد. رۆژنامەیەکی یەجگار سەرکەوتوو بوو. قوتابییانی قوتابخانەکەی بە تاسەو پەرۆشەوە چاوەڕوانی هەر ژمارەیەکیان دەکرد. پاش ئەوەی لە قوتابخانەدا دەستاو دەستی دەکرد، دەنێردرا بۆ مۆسکۆ تا ئەلکسەندەرو نیکۆلای برا گەورەی چیخۆف تەمەشای بکەن، ئەلکسەندەر نامەیەکی لەمەڕ ژمارەی مانگی ئەیلول بۆ کەسوکاری نارد: ((بە نووسەری اللجلاج بڵێن رۆژنامۆکەکەی وەکو جاران مایەی سەرنج نییە. خوێی کەمە)) ئەم هەڵسەنگاندنە توندە وایکرد کە چیخۆف چیتر لەسەر چالاکی رۆژنامەوانی بەردەوام نەبێ.

چیخۆف کە چووە زانستگەو لە کۆلیژی پزیشکی وەرگیرا، کەوتە ناردنی هەندێ چیرۆکی کۆمیدی بۆ گۆڤارە سەتیرەکان. دیارە پتر مەبەستی پارە پەیداکردن بوو تا پەروەردەکردنی بەهرەی نووسین.. جا ئەم چیرۆکانە دەبوایە بەپێی داوای سەرنووسەرەکان بوایە، کورت و پێکەنین ئامێز، حیکایەتی خێراو بابەتی رۆژ بوایە. پاش ئەوەی چەندین چیرۆکی ڕەفزکرا، رۆژێك لە گۆڤاری ((سرکەی))ی هەفتانەدا، لە 13 /ك2/ 1880دا لە گۆشەی پۆستەی خوێنەران دا و لەو وەڵامانەدا کە ئاراستەی نووسەرانی تازەکار دەکرێن، ئەم نامەیەی ئاراستەکرا بوو: ((خراپ نییە، ئەوەی بۆت ناردبووین بۆتی بلاوده‌کەینەوە، هیواداریین کاری داهاتووت باشتر بێ.)) و پاش ماوەیەکی کەم نامەیەکی لە ئیدارەی گۆڤارەکەوە پێگەیی و ئاگادار کرایەوە کە لە بری هەر دێڕێك پێنج کۆبیکی دەدەنێ. بەڵام پاش دوو هەیڤان ئەوجا


www.pertwk.com

PDF4Kurd

چیرۆکەکەی بەناوی ((نامەیەك لە ستیفان فلادیمیر. ن، خاوەنی دون، بۆ دکتۆر فردریکی دانای دراوسێی))و بەناوی خوازراوی (7ۋ) بلاّو بووەوە.

چیخۆف هێندەی دەستکەوتی دارایی مەبەست بوو بۆ باربووی خێزانەکەی، ئەوەندە مەبەستی نێوبانگی ئەدەبی نەبوو. بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا ئەم سەرکەوتنە کەم نەبوو. بۆیە بەو بۆنەیەوە بە یەکەم پارەی چیرۆك، کێکێکی کڕی و هەموو خێزانەکە ئاهەنگیان گێڕا.. چیخۆف کە خەونی بە دکتۆری یەوە دەبینی، چ گومانێکی لەلا نەما کە پیشەی راستەقینەی (کە نووسین بوو) لەو رۆژەوەو لە تەمەنی 20ساڵی یەوە دەستی پێکرد.

پێم وایە کارێکی نابەجێ نابێ گەر لایەك لە مەسەلەی دکتۆرییەکەی چیخۆف بکەینەوە. بابی چیخۆف لە ساڵی 1874دا، خانوویەکی تازەی دروستکرد، ئەم خانووە هەرچی پارەیەکی دەبێ دەیخوات و ناچار دەبێت بری 500 رۆبلّ لە کۆمپانیای دابینکردن قەرزبکات.. بۆیە ناچار بەشێك لە ماڵەکەی بەکرێ دەدات بە فەرمانبەرێکی دادگای بازرگانی کە ناوی گابرییل یارفانتیڤتش سیلیڤانوۋ دەبێ.. لە ساڵی 1875دا چیخۆف دەعوەتی ماڵی برایەکەی سیلیڤانوۋ کە ماڵیان لە لادێ دەبێ، دەکرێ چیخۆف لە رێگە لادەدا تا لە رووبارێکی بەستەڵەکدا مەلەبکات، ئیدی نەخۆش دەکەوێت و بە پەلە بۆ تاگانروگ –ی دێننەوە پاشان هەر لە ئەنجامی ئەو نەخۆشییەوە تووشی مایەسیری دەبێت و تا مردیش هەر پێوەی ناڵێ. دکتۆرێك بەناوی سترامف زۆر بەسۆزو میهرەبانییەوە سەرپەرشتی دەکات، بۆیە چیخۆف لە خۆشەویستی و دلّسۆزی ئەو دکتۆرە لێدەبڕێ ببێ بە دکتۆر و خەڵکانی نەخۆش و داماوی وەکو خۆی چارەسەر بکات.

گوتمان چیخۆف بە بۆنەی یەکەم چیرۆکی یەوە بەکێکێك دەعوتی کەسوکارەکەی خۆی کرد و ئیدی بە تەواوەتی کەڵکەڵەی نووسەری لەلا دروست بوو، و لەم سەرکەوتنە بەدواوە بەشێکی تەواوی وەختی خۆی بۆ نووسین تەرخانکرد، بەلاّم دەبوایە داوای سەرنووسەران جێبەجێبکات و چونکە ئەم بابەتە نووسینە کورت و کۆمیدیانە پادداشتیان کەم بوو، بۆیە دەبوایە زۆریان لێ بلاّوبکاتەوە تا بژێوی بۆ کەسوکارەکەی دابین بکات. چیخۆف پەیتا پەیتا دەقەکانی بۆ گۆڤاری (سیسرك) دەناردو بەنیگەرانییەوە چاوەنۆڕی دەکرد.

لە ساڵی 1880دا نۆ دەق و لە ساڵی 1881دا سیانزە دەقی بلاّوکردەوە ژمارەی ئەو چیرۆك و گوتارو ریپۆرتاژانەی کە لە ساڵی 1883دا بلاّوی کردنەوە گەییە (129) نووسین. هەموو ئەم بەرهەمانەی بەناوی خوازراوەوە بلاّودەکردەوە و چەند ناوێکی خوازراوی بۆ خۆی دانابوو لەوانە: (پیاوی بێ سپلّ، برای برام، عولیس، ئەنتوشا)و زۆر جار بەناوی (ئەنتوشا چیخۆنتی)یەوە شتی بلاّودەکردەوە، ئەمەی دوایيان ئەو ناوە بوو کە پۆکروفسکی مامۆستای لێی نابوو..

پوکرۆفسکی، مامۆستای مێژووی ئاین، بۆ یەکەمجار توانای بەهرەی سەتیرو تەوسبازی لەلای چیخۆف دۆزییەوەو ئامۆژگاری کرد کە بەرهەمی مۆلێرو سویفت و شچدرین بخوێنێتەوە... چیخۆف هەر بە تەبیعەت گاڵتەبازو شۆخ بوو، رەنگە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ رەفتاری توندی بابی لەگەلّ منداڵەکانیدا. جا بۆ ئەوەی تووشی نا ئومێدی نەبن، پەنایان وەبەر پێکەنین و سوعبەتان دەبرد..

جارێك هەر بۆخۆشی و بە سوعبەت خۆی لە مامی دەگۆڕێ و لە شێوەی سواڵکەرێك دا دەچێتە بەردەمی و میتروفان – ی مامی هێندە بەزەیی بەسەرو سیمای خەمباریدا دێتەوە، سێ کۆبیکانی دەداتێ و ئەمە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەبێ بە نوکتەی سەر زاری کەسوکاری خۆیان.

PDF4Kurd

* * *

جا گۆڤاری (سیسرکە) زۆر جار غەدری لەم نووسەرە لاوە دەکرد، کۆمەڵێك نووسینی رەفزکرد، زۆر جاریش لە پۆستەی خوێنەرانەوە وەڵامی توندو رەقیان دەدایەوە، وەك: ((ورینەی کرچ و کاڵ لە سێبەری چەند ووشەیەکی بریقەداردا ناشاردرێتەوە.)) یان: ((ئەم سەرە قەڵەمانە بڵاوناکەینەوە. بۆ ئێمە نین، بێگومان بۆ گۆڤارێکی ترت نوسیون.)) چیخۆف لە کۆتایی ساڵی 1880دا دوا بەرهەمی بۆ (سیسرکە) ناردو بەمجۆرە وەڵامیان دایەوە: ((تۆ گەشەناکەی تۆسیس دەبیەوە. بەڕاستی مایەی داخە، لە راستیدا مرۆڤ ئەگەر هەستی رەخنەگرانەی خۆی دەرهەق بە بەرهەمی خۆی نەخاتە کار، ناتوانێ بنووسێت.)).

چیخۆف دڵی شکا و لێبڕا کە چیتر بەرهەم بۆ دەستەی بەڕێوەبەری لە خۆبایی گۆڤاری سیسرکە نەنێرێ.. هەڵبەتە (سویمونوف) کە یەکێك بوو لە یاریدەدەرەکانی گۆڤاری نێوبراو ئەمەی زۆر لەبەرگران بوو، گوتی: (( دەستەی بەڕێوەبەری گەوجی سیسرکە دەقێکی ئانتوشا چیخۆنتی رەفزکرد کە تا ئەمڕۆکە، شتێکی هاوتای ئەو دەقەی بەسەر لاپەڕەکانی خۆیەوە نەدیووە.)).

ئەوە بوو چیخۆف لەگەڵ هەدوو گۆڤاری هەفتانەی (زەنگی بەیانی) و (تەماشاڤان)دا رێککەوت کە یەکی (6) کۆبیکیان لە بری هەر دێڕێك دەدایێ.. لە ساڵی 1882داو لە ئەنجامی گرەو لەگەڵ سەرنووسەری (زەنگی بەیانی)دا رۆمانێکی بەنێوی (سەرکەوتنی بێهودە) بە هەشت ئەڵقەی یەك لەدوای یەکدا لە گۆڤاری نێو براودا بڵاوکردەوە و سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێنا.

چیخۆف بەرە بەرە کەوتە بیری ئەوەی کە پشت بکاتە گۆڤارو رۆژنامە ناوچەییەکان کە هەم پارەی کەمیان دەداو هەم لە دەڤەرێکی تەنگدا بڵاودەبوونەوە. بۆیە لێبڕا رووبکاتە دنیای بەرینی رۆژنامەوانی و لە رۆژنامەو گۆڤارە فرە تیراژەکاندا بەرهەم بڵاوبکاتەوە چونکە پێی وابوو پاداشتی زیاترو مسۆگەرتر دەدەن بەنووسەر.

بەدەم ئەم بیرو خەیاڵانەوە، رۆژێکی ساردی تشرینی دووەمی ساڵی 1882 لەگەڵ ئەلکسندەری برایدا بەشەقامەکانی مۆسکۆدا پیاسەی دەکرد، لەپڕ لیکین – ی سەرنووسەری گۆڤاری هەفتانەی بەناوبانگی (تەلزمە)ی لێ پەیدابوو، لە عەرەبانە هاتەخوارێ و چوون لە بارێکدا دانیشتن، سەرنووسەری (تەلزمە) گوتی: پێویستی بە چیرۆکی کورتی کۆمیدی هەیە، بەڵام نابێ دەزگای سانسۆر تورە بکات. نابێ خوێنەر دژی بارودۆخی نالەباری باو هانبدات. لە بری هەر دێرە نووسینێکیش هەشت کۆبیك دەدەن.

چیخۆف شەرتی خۆی بردەسەر، یەکەم نووسینی بۆ ناردن،وەڵامی گۆڤارەکە ئەمە بوو کە ((بەداخەوە زۆر درێژە بە کورتی بنووسە، و پاداشتی باشترت دەدرێتێ.)).. چیخۆف کۆڵی نەدا، لە20 /ت2/ 1882 کۆمەڵە بەرهەمێکی دیکەی ناردو ئەمجارەیان نووسینەکانی بە ئیمزای چیخۆتی لە ستونەکانی (تەلزمە)دا دەخوێنرایەوە.

* * *

چیخۆف هەرچەندە خۆی بە نووسەرێکی زۆر بچووك دەزانیێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەزیدەکرد باشترین کۆمەڵە چیرۆکی خۆی چاپ بکات، ئەوەبوو شەش چیرۆکی هەڵبژاردو لەسەر ئەرکی خۆی کە بایی 60 شەست کۆبیك بوو، بە قەوارەی کتێبێکی 96 لاپەڕەیی بڵاوی کردەوە.

PDF4Kurd

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە ژمارەیەکی زۆر کەمی لێهاتە فرۆشتن و ئەوی تری درایەوە بەسەر ساحێبیدا. دیارە ئەم کۆمەڵە چیرۆکە ناوی چیخۆنتی لەسەر بوو. بەڵام ئەم ناکامی\یە ئەدەبی و بازرگانییە بەوە پڕ بووەوە کە چیخۆف دوا تاقیکردنەوەکانی دوا ساڵی زانکۆی پزیشکی تەواو کردو بوو بە دکتۆر (25/6/1884).

ئیدی چیخۆف بەدەم کاری دکتۆرییەوە، کاری نووسینیشی دەکرد. لەنێوان ساڵانی 1880 – 1884داو بەناوی خوازراوی جۆراو جۆرەوە سێسەد دەقی لە گۆڤارە جیاوازەکانی مۆسکۆ و سان پترزبۆرگدا بڵاوکردەوە. دیارە لەنێو ئەم هەموو نووسینە کۆمیدیانەدا، هەندێ چیرۆکی زۆر باشیش هەبوون. چیخۆف هەمیشە سوور بوو لەسەر ئەوەی بە شێوازێکی سادەی بێ پەردەو گرێ و گۆڵ بنووسێت و وا لە خوێنەربکات، نووسەر لە بیر بکات و لەگەڵ قارەمانانی ناو چیرۆکەکاندا مامەڵەو رەفتارو هەڵسوکەوت بکەن.. تا مردنیش لەسەر ئەو شێوازەی خۆی بەردەوام بوو، ئیدی چیخۆف لە هەموو جیهاندا بوو بە ڕێبازو شێوازێکی ئەدەبی تایبەت.

چیخۆف، لە روسیادا قوتابخانەیەکی گەورەی چیرۆکنووسی دامەزراند. چیرۆکەکانی چیخۆف لەسەر بناغەی ئەزموون و بابەتگەری رۆنراون و ساتە زیندوو و برگە کورتەکانی ژیانی هەڵبژاردووەو کردوونی بە هەوێنی چیرۆکەکانی. تا بۆی کرابێ خۆی لە نەخشەو بونیادی ئاڵۆز و پڕ پێچ و پەنا دوور گرتووە. هەڵبەتە قوتابخانەی چیخۆف کاری کردۆتە سەر زۆربەی کورتە چیرۆکنووسەکانی پاش چیخۆف، لەوانە:

(کاترین مەنسفیلدی نووسەری ئینگلیزی 1888 – 1923، شروود ئەندرسن – ی نووسەری ئەمریکایی 1876 – 1941).

چیخۆف لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی دا پەردەی لەسەر لایەنە تراژیدییە پەنامەکییەکانی ناو ژیانی رۆژانە لادەبرد، لە بری باسکردن و شرۆڤەی رووداوەکانی ژیان، هەوڵی دەدا ژیان نیشان بدات. واتە رووداوو دەوری رووداو لە چیرۆکە کورتەکانی چیخۆف زۆر کەمەو زیاتر ژیانی رۆژانەی بەرجەستە کردووە.

چیخۆف لە چل و چوار ساڵیدا کاتێ کە مرد (تەمەنێکی زۆر کورتە) رەوش و رەوتی چیرۆکنووسی جیهانی گۆڕی بوو، ئیدی شێوازی ئەدەبی چیخۆفیەت باوی سەندو رەونەقی پەیداکرد.

دیارە ئەم کارەی چیخۆف بۆ سەردەمی خۆی تازە بووە و هەر بۆیەش بووە بە قوتابخانەیەکی ئەدەبی گەورەی ئەوتۆ کە نەك هەر کاری کردۆتە سەر چیرۆکنووسانی روسیای سەردەمی خۆی و پاش خۆی، بەڵکو کاری کردۆتە سەر چیرۆکنووسانی هەموو دنیاو ئەوروپاو خەڵکانێکی زۆر لاساییان کردۆتەوە. بۆیە پەرەسەندنی کورتە چیرۆکی دنیا قەرزار باری چیخۆفە، چونکە توانی بەزەبری بەهرەی پڕ داهێنانی خۆی، تایبەتمەندییە روحی و دەروونییەکانی خەڵکانی ئاسایی و رەمەکی مەردم بەرجەستە بکات و بە یەکەمین پێشڕەوی ئەم مەیدانە دەژمێردرێ..

سادەیی و راستگۆیی خەسڵەتی هەرە باوی چیرۆکی چیخۆفە.. بۆ خۆیشی پیاوێکی سادە و بێ فیزو دەعییەو بێ هەوا بوو. قەت خۆی لە رووداوی چیرۆکەکانی هەڵنەدەقورتاند.

چارەسەری بۆ گیروگرفتی قارەمانەکانی دانەدەنا. ڕێزی زیرەکی خوێنەری دەگرت و پێی وابوو خوێنەر دەبێ بۆ خۆی رایەك هەڵێنجێ... چیرۆکەکانی مەیدانی رووداوی گەورە، ڕستەی ئاڵۆز و پڕ ئاهەنگ، هەڵوێستی پاڵەوانانە نەبوون. بەڵکو مۆسیقایەکی هێدی و ئارام، گەرم، کاریگەر، و پرسیار

PDF4Kurd

وروژێن بوون. دیاره خەڵکێك كه فێری پرسیار بوو بەدووی وەڵامدا دەگەڕێ، كەسێك بەدووی وەڵامدا گەڕا، دەكەوێتە سەر ڕاستەڕێگەی بیركردنەوە، كەسێك كەوتە سەر ڕاستەڕێگای بیركردنەوە، ئیدی فێر دەبێ چۆن بژی و بەرگری لە خۆی و لە ژیان بكات, بەئاسانی نەخەڵەتێ و دەستخەڕۆ نەكرێ و ژیانێكی مرۆڤانە دابهێنێ.

هەڵبەتە وەستاو گەورە چیرۆكنووسانی وەك ئەدگار ئالن پۆ و موپاسان و پەیڕەوان و موریدانی ئەوان زۆر پابەندی یەكێتی كاریگەری چیرۆك بوون و لە بونیادنانی هەر چیرۆكێكیاندا ئەم مەسەلەیەیان ڕەچاودەكرد و چۆنییەتی گواستنەوەیان بۆ خوێنەر مەبەست بوو.. بەڵام لای چیخۆڤ تازەگەر بایەخی بونیادی ئەم یەكێتیی كاریگەرییە تەواو كەم دەبێتەوە و بایەخی پێكهاتەیی خۆی لە دەست دەدات و لە سەرانسەری چیرۆكەكەدا دەتوێتەوە و وەكو ڕەگەزێكی زەق و دیار نامێنێتەوە. چیخۆف، هەوڵیداوە لە هیچ شوێنێكی چیرۆكەكانیدا دیار نەبێ و لە هەمان كاتدا لە هەموو شوێنێكیشدا هەبێ، تا چیرۆكەكانی وەكو ژیان بابەتی بێ لایەنانە بنوێنن هەر بۆیەش زیاتر پرسیاران دەهاڕوژێنێ و خۆی لە دۆزینەوەی چارەسەران دەدزێتەوە و ئەمە بۆ خوێندنەوەی خوێنەر دادەنێ.

چیخۆف نووسەرێك بوو خۆی لەدرێژ دادڕی نەدەداو نەیدەویست هەستی خۆی، بە چاك و بە خەراپ لە چیرۆكەكانی باربكات. ووشەی لە جێی خۆی بەكاردەهێناو هەر ووشەیەكی بە پێویست نەزانیبا خێرا لایدەبرد و باوەڕی وابوو گونجاوترین ووشە لە گونجاو ترین شوێندا بەكاربێنێ و هەر بۆ ئەم ماناو مەبەستە گوتەیەكی زۆر باوی هەیە كە دەڵێت: ((ئەگەر لە پەردەو دیمەنی یەكەمدا تفەنگێكت بە دیوارەوە هەڵواسی، ئەوا بێ چەندو چوون دەبێ لە پەردەی دووەم یان سێیەم دا بیتەقێنی.)).

چیخۆف ئەو دیمەن و ساتە زندووانە هەڵدەبژێرێ و چیرۆكەكانی لەسەر ڕۆدەنێ كە هەر كەسێك و بەئاسانی هەستی پێناكات، هەڵبەتە ئەم هەڵبژاردنە بەڕادەیەك كاریگەرو وەستایانەیە كە دەرگای هزرو بیری قارەمانەكانی بۆ خوێنەر دەكاتەوەو خوێنەر دەچێتە ناو زهنی خەڵكانی ترەوە.. ئەمە یەكێك بووە لە بەهرە دەگمەن و دیارەكانی چیخۆف كە لە زۆربەی چیرۆكەكانی دا بە تایبەتی لەوانەی ئاخرو ئۆخری ژیانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

* * *

سەرەتاو كۆتایی چالاكی یە ئەدەبییەكانی چیخۆف دەكەوێتە نێوان ساڵانی 1880 – 1904وە. چیخۆف هەر لە سەرەتاكانی دەستپێكردنەوە شۆرەت و نێوبانگی دەركرد، چونكە بەناو ژیان دەكەوت و برگە زیندووەكانی ناو ژیانی ڕۆژانەی خەڵكی وەردەگرت و ژیانێكی هونەرییانەی پێدەبەخشییەوە و نەدەچوو قارەمانەكانی لەنێو تەم و مژی وەسفی وردو دوورو درێژدا بخنكێنێ و هەقیقەتیان بشارێتەوە. بەڵكو بە پێچەوانەوە لە ڕێگەی چەند ووشەیەكی كورتی كەمەوە قارەمانی چیرۆكەكانی دەخوڵقاندن و هونەرییەتێكی ئەوتۆی پێدەبەخشین كە لەبەر چاوی خوێنەردا گیانیان پەیدا دەكردو بە زندوویەتی بەناو واقیعی چیرۆكەكان دەكەوتن و درێژەیان بە ژیان دەدا. هەڵبەتە نابێ ئەوە لەبیر بكرێ كە چیخۆف زۆر وەستایانەو لە ڕێگەی گفتوگۆوە وەكو ڕەگەزێكی هونەریی كاراو كاریگەر، قارەمانانی چیرۆكەكانی بەرجەستە دەكردو هەر ئەمەش جۆرە تایبەتمەندییەكی ئەوتۆی بە شێوازی چیرۆكنووسی ئەو بەخشی كە هەر لە سەرەتاوە سەرنجی خوێنەرانی نەك هەر ڕوسی، بەڵكو خوێنەرانی هەموو دنیاو ئەورووپاشی بۆ خۆی ڕاكێشا.

PDF4Kurd

چیخۆف ئەگەرچی ژیانی سەردەمی منداڵێتی سەخت و دژوارو ناخۆش بوو، لێ هەر لە منداڵی ڕا باوەڕی بە ئایندەیەکی گەشترو روونتر هەبوو. هیوا و ئاواتێکی زۆری لە دڵدا بوو، هەستیدەکرد تاگانروگ – ی زێدی ناوچەیەکی تەنگە و ناکرێ پاشە رۆژی خۆی بەوێندەرەوە ببەستێ، بۆیە کە دەچووە دوکانەکەی بابی و لە جیاتی ئەو دوکانداری دەکرد، بە باڵی خەیاڵ دەفڕی و گەشت و سەفەرێکی دوورو درێژو بەسام و شکۆی وەکو هی ناو حیکایەتەکانی دایکی، بە سەرانسەری روسیادا دەکرد و بیری لەوە دەکردەوە تۆبڵێی بۆی بلوێ سەری خۆی هەڵگرێ و مل بەو دنیا ئاڵۆزو جەنجاڵەوە بنێ و دنیایەك ئاسۆی تازە کەشف بکات و دەروی نوێ بدۆزێتەوە؟! کلیلی هەموو ئەو ئاوات و خۆزگانە هەر خوێندن بوو، بۆیە بە جۆرێ ملی پێوەنا، تا بوو بەو چیخۆفەی لەگەڵ چیرۆك و بەرهەمەکانیدا سەفەری هەموو دنیای کردو گەییە دوورترین و لە بیرکراوترین سوچی ئەم جیهانە پانوپۆڕە و چیخۆفیەت بوو بەزاراوەیەکی ئەدەبی و رۆشنبیریی سەر زاری هەموو ئەهلی ئەدەب و رۆشنبیری. چیخۆف وێڕای ئەوەی خاوەنی قوتابخانەو شێوازی تایبەتی چیرۆکنووسین بوو، بەڵام هەرگیز لە خۆی بایی نەبوو، بەڵکو هەمیشە لە خەمی ئەوەدا بوو، شێوە و شێوازی هونەری تازەترو دەوڵەمەندتر و کاریگەرتر بدۆزێتەوە و ئەمەش بە جوانی لە چیرۆکەکانیدا رەنگیداوەتەوە و مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ، بەهەموو ئاڵۆزی و هەڵکشان و داکشانییەوە بابەتی هەوەڵ و ئاخیری چیرۆکەکانین..

چیخۆف، وێڕای تەمەنکورتی بە یەکێك لە نووسەرە پڕ بەرهەمەکانی سەردەمی خۆی دەژمێردرێ. لە پاڵ پیشەی دکتۆرییەوە، دەیان نمایشنامەی کورت و درێژی نووسیوە، نزیکەی 600 چیرۆکی کورت و درێژ، سەدان گوتارو یادداشتنامەو هەزاران نامەی نووسیوە ((ئەو نامانە کۆکراونەتەوەو لەو دواییانەدا بە 12 بەرگ چاپ و بڵاوبوونەتەوە.)) دیارە ئەم بەرهەمە زۆرە خۆی لە خۆیدا نیشانەی بەهرەمەندی لە رادەبەدەری چیخۆفەو ئەوەی کە یارمەتی چیخۆڤ داوەو هانی داوە، زۆربەی چیرۆکەکانی لەگەڵ یەکەم بڵاوبوونەوەیان لە روسیادا، خێرا دەقۆزرانەوەو دەکران بەزمانی ئەوروپایی. چیخۆف لە ساڵی 1888دا لە لایەن ئەکادیمیای زانستێن ئیمپراتوریەتی روسییەوە، خەڵاتی ئەدەبی پوشکینی پێبەخشرا کە بریتی بوو لە (500 رۆبڵ).

چیخۆف بەهەموو پێوانەو پێناسەیەکی ریالستی، چیرۆکنووس و نووسەرێکی ریالستی بوو.. باوەڕی هەبوو کە هونەر دەکاتە رەنگدانەوەی حەقیقەتەکانی ژیانی مرۆڤ و بەبێ مرۆڤ و لە دەرێی پەیوەندی و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤدا چ هونەرێك نییەو هونەر ئاوازێکە بۆ بەشەرییەت دەخوێنرێ. بۆیە چیخۆڤ چیرۆکنووس شان بەشانی گەورە نووسەرانی وەکو گوگوڵ و بلینسکی زەمینەی بۆ ((هونەر لە پێناوی خەڵکی و بەزمانی خەڵکی و بۆپێشڤەبرنی خەڵکی)) خۆشکرد.

چیخۆف کەسێکی هێندە پاك و بێگەردو یەکروو و بێپەردە بوو، کە بەرانبەرەکەی خۆ بەخۆ لە بن پەردەو توێکڵان دەهاتە دەرێ و وەکو چۆن هەیە ئاوا خۆی نیشاندەدا.. چیخۆف بەدرێژایی تەمەنی خۆی، لە خۆی نەگۆڕا، چونکە بۆ خۆی مرۆڤێکی سادە وبێفیزو دەعییەو بێ هەوابوو، هەموو شتێکی سادەی خۆشدەویست. هونەری چیخۆف لەوەدا بوو کە لە هەموو شوێنێکدا پەردەی لەسەر گەندەڵی و ساختەچێتی لادەبرد.. هەر بۆیە مرۆڤ کە چیرۆکەکانی دەخوێنێتەوە، هەست بە گەڵاڕێزانی رۆژێکی غەمناکی ئاخرو ئۆخری وەرزی پایز دەکات. دنیا ساف و بێگەردە، شێوەی درەختە رووتەکان، ماڵە تەنگەکان و خەڵکانی خەمبار بە تەواوەتی دیارە. هەموو شتێك غەریب، بێ جوڵە، بێ ئومێد، تەنیا و بێکەسە. ئاسۆی شینباوی بۆش و بەتاڵ، دەگەڵ ئاسمانی بێڕەنگ و روو یەکانگیر دەبێت.


www.pertwk.com

PDF4Kurd

زۆربەی قارەمانانی نێو چیرۆکەکانی چیخۆف کە هەر یەکێکیان دەنگدانەوەی لایەنێکی کۆمەڵگەی سەردەمی چیرۆکنووسن، خەڵکانێکی دەستەپاچەو سەرو بەرو گەوج و کەودەن و تەمەڵ و ئیشنەکەرو ترسنۆکن و لە بری ئەوەی بیر لە چاککردنی وەزع و حاڵی ئەمڕۆیان بکەنەوەو ژیانیان بگۆڕن، دادەنیشن و خەیاڵ پلاو بە ئایندەوە لێدەدەن وەکو ئەوەی ئێستا هیچ پەیوەندییەکی بەوانەوە نەبێ. و ڕەگ و ریشەی بەدبەختی و ڕۆژ ڕەشییان لە ئێستادا نەبێ. هەڵبەتە چیخۆف وەکو هونەرمەندێکی گەورە پێش ئەو خەڵکە کەوتووەو لە مینبەری چیرۆکەکانییەوەو بەو پەڕی دڵسۆزییەوە هاوار دەکات:

– دۆستانی من خراپ دەژین، ئەم جۆرە ژیانە مایەی شەرمەزارییە.

* * *

قارەمانی چیرۆکەکانی چیخۆف لە ناوجەرگەی ژیانەوە هەڵقوڵابوون. قارەمانی دوور لە خۆنواندن و سینگ دەرپەڕاندن و پاڵەوانێتی بوون. چیخۆف لە چیرۆك دا هەوڵینەداوە هیچ دەردێکی مرۆڤایەتی چارەسەر بکات، بەڵکو تەنیا کەشفی کردووە، زەمینەی بۆ چارەسەران خۆشکردووە.. دیارە ئەو گیروگرفت و کێشەو ئاستەنگانەی چیخۆف وەکو نووسەرێکی ریالیست دەیانخاتە روو، بەڕەگو ریشەو قوڵن، ریشەیان لە ناو کۆمەڵگەی روسی بە تایبەتی و کۆمەڵگەی بەشەریدا بەگشتی، داکوتاوە.. هەر لێرەشەوە چیخۆف توانی شەقڵ و مۆرکی جیهانی بە ئەدەبەکەی بدات و وەکو نووسەرێکی پەیامدار هەست بە ترپەی دڵی واقیعەکەی ئەو کۆمەڵەش بکات کە تێیدا دەژی..

دیارە ڕووداو، وەکو ڕەگەزو توخم و بنەمایەکی گرینگی چیرۆك دەبێ کەسێکی مادی یان مەعنەوی هەبێ بۆ ئەنجامدان و بەرجەستەکردنی. جا بەم پێیە هەر کردارێك، بکەری نەبێ، نابێ بەڕووداوێکی هونەری.. هەر بۆیەش ڕووداوی چیرۆك و قارەمانی چیرۆك زۆر پەیوەستن بە یەکەوە و ڕووداو دەبێت بە سێبەری قارەمان و واتە ڕووداو دەبێت بە ڕەنگدانەوەی قارەمان و قارەمان دەبێت بە وێناو بەرجەستەکاری ڕووداو. جا بۆیە ئەگەر ئەم هاو پەیوەستەگییە لە نێوان ڕووداو و قارەماندا نەبێ، ئەوا ڕووداو ڕەونەقی خۆی وەکو هونەر لە دەست دەدات و دەبێت بە هەواڵێکی ئاسایی و چەند جوان بێ دەکاتە کۆپێیەکی موو بە مووی واقیع و پاشان لەناو جەرگەی ڕووداوە ڕۆژانەو زۆرو زەبەندەکانی ژیاندا وون دەبێت.

هەر لە بارەی ڕووداوەوە دەبینین چیخۆف بە تایبەتی لەو چیرۆکانەدا کە بابەتی کۆمەڵایەتیان لەخۆ گرتووە، هەوڵنادات کۆتاییەکی بنجبڕ بەدەستەوە بدات، چونکە باوەڕی بەوەیە کە نووسەر لە سەرێتی راستکۆیانەو بوێرانە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان نیشان بدات نەك چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، چونکە دۆزینەوەی چارەسەر کاری چیرۆکنووس نییە، بەڵکو کاری پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسییە، لە کاتێکدا نووسەر دەبێ زەمینە بۆ کاری ئەو خۆش بکات.

زۆربەی قارەمانانی چیخۆف، قارەمانی بازنەیین، هەر قارەمانەو چەندین تۆیی هەیە، قارەمان بەخۆی و بیرو بۆچوونییەوە دەکەوێتە کێشەو قەرقەشە لەگەڵ ویژدانی خۆیدا، دەگەڵ کۆمەڵی سەردەمی خۆیدا.

پێویستە لێرەدا ئاماژەیەك بۆ ئەوە بکرێ کە لایەنی تەوس زاڵە بەسەر زۆربەی چیرۆکی چیخۆف دا. دیارە چیخۆف، لە تەوس و تەنزیش دا، چیخۆفانە هاتۆتە مەیدان و وەکو خەڵکی دی نییە، هەرچی مەسەلە هەن لە چاوی چیخۆفدا هەم پێکەنین ئامێزەو هەم خەمامێز، واتە پێکەنین و خەم دوو ڕووی یەك مەسەلەی ژیانن و ئەوەی ئەمیان دەرك نەکات ئەویتریشیان دەرك ناکات. زندوویەتی بەرهەمی چیخۆف لە شێوازو زمانی نووسینی دانییە، چونکە شیوازو زمان زۆر جێی بایەخی چیخۆف نەبووە، بەڵکو


www.pertwk.com

PDF4Kurd

نەمری و زندوویەتی بەرهەمەکانی لەوەدایە کە توانیویەتی ساتە هەرە زندووەکانی ژیانی هەرە تایبەتی مرۆڤی روسی بە جۆرێ بخولقێنێتەوە و هونەرییەتێکی ئەوتۆی بداتێ کە سنوری نەتەوە و وولاتی خۆی ببەزێنێ و لە دەرگاری مرۆڤایەتی بدات و بەهای ئینسانیەت و جیهانییەت وەربگرێ و دوورترین مرۆڤی ئەم سەر زەمینە راستگۆیانە بدوێنێ..

بەهەرحاڵ بابێینەوە سەر لایەنی تەوس و تەوسکاری. دیارە تەوسیش بۆ خۆی لە سۆزی مرۆڤانی بەدەر نییە.. هەڵبەتە زاڵی ئەم لایەنی تەوسکارییە لەلای چیخۆف لە سەرێکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەدەبی روسی لە زۆربەی ئەدەبیاتی ئەوروپی واقیعیترە و واقیعییەتیش کۆڵەکەی ئەدەبی تەوسئامێزە و هەر بۆیەش چیخۆف وەکو پێشڕەوێکی ریالیستی ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدە، توانی تەوسکاری بکات بە مەودایەکی هونەری گرینگ لە مەوداکانی نێوەڕۆکی ئەزموونی هونەری.. دیارە تەوسکاری لای چیخۆف بۆ پێکەنین نەبووە، بەڵکو شێوازێکی تایبەت بووە بۆ کەشفکردنی خەوش و عەیبە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە.

هەڵبەتە کە باسی ئەدەبی واقیعی دەکرێ، بە مانای کۆپیکردنی واقیع وەکو خۆی نییە، چونکە لە دنیای ئەدەبیاتدا ئەدەبێکی واقیعی پەتی، یان رۆمانسی پەتی نییە، رەنگە گرنگترین سیمای رەوتی واقیعی، راستگۆیی بێ لە دەربریندا، دیارە مەبەست لە دەربرین، ئەو دەربرینەیە کە لە چوار چێوەی ئەزموونی هونەریدا بەرجەستە ببێ، بە جۆرێك بەرجەستە ببێ کە راستگۆیی دەربرین و گەرمی ئەزموونەکە لە یەکدیدا جۆش بخۆن و یەکەیەکی هونەری یەکپارچە دروست بکەن. کەواتە ئەدەبی واقیعی بەو دەقە ئەدەبییە هونەرییانە دەگوترێ کە لەباری شێوەو ناوەڕۆکەوە پتر بەلای واقیعیەتدا دەشکێتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە نابێ چ شەقڵ و مۆرکێکی رۆمانسیانەی پێوە بێ، هەر جوانکاری، کە تایبەتمەندییەکی زەقی ئەدەبە، بۆخۆی لە بە رۆمانسی کردنی ئەزموونی هونەری و ئەدەبی بەدەرنییە و نابێ. کەواتە واقیعیەت دەکاتە هونەراندنێکی راستگۆیانەی واقیع نەك کۆپی کردنی واقیع.

چیخۆف بە سروشت مرۆڤێکی خاکی و بێهەواو بێفیز بوو، رۆژێ لە رۆژان، ناو و شۆرەت تەفرەی نەداوەو لە خۆی نەگۆڕاوە. قەت خۆیی بەنووسەر نەدەزانی، لە نامەیەکیدا بۆ نیکۆلای برای دەڵێت: ( جگە لە پیشەی دکتۆری کە ژنی شەرعیمە، ماشوقەیەکیشم هەیە کە ئەدەبە" **بەڵام باسی ناکەم. چونکە ئەوانەی لەلا شەرعییەتدا دەژین، لەلا شەرعییەتدا دەمرن).**

بەڕاستی هێندەی ماشوقەکەی (ئەدەب) لەزەتی پێدەبەخشێ, ژنەکەی (دکتۆری) ئەوەندە لەزەتی پێنەدەبەخشی.

بەهەرحاڵ چیخۆف هەردوو پیشەی دکتۆری و نووسەری خۆشدەویست، ئەوەتا لەو بارەیەوە لە ساڵی 1899دا دەڵێت: ((... بێگومان خوێندنی زانستی پزیشکی کاری کردە سەر کاری ئەدەبیم، باری سەرنج و رامان و تێفکرینی لەلا دەوڵەمەند کردم، زانیارییەکی وەهای پێبەخشیم کە تەنیا مەگەر دکتۆرێك لە بایەخیان لەناو کارە ئەدەبییەکانمدا حاڵی ببێ. بەهۆی ئەم زانیاریانەوە توانیم لە زۆر هەڵە بخەلەسێم.

گوتمان شۆرەت تەفرەی چیخۆڤ نەداوەو لە خۆی نەگۆڕاوە. زۆری بەرهەم کوێری نەکردووە. بە چیرۆکەکانی خۆی دەگوت (وردەواڵە) هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: ((... ئەو پەڕەکەی تا حەوت هەشت ساڵێکی دی بەرهەمەکانم دەخوێننەوەو پاشان لە بیرم دەکەن..)) کەچی ئەوەتا وا قەرنێك بەسەر ئەو


www.pertwk.com

PDF4Kurd

قسـەیەیدا تێدەپـەڕێ و هێشـتاش بەرهەمـەکانی دەخوێنرێتـەوە، ئەمـەش بەڵگـەی ئەوەیـە کـە بـەهرەو توانایەکی زۆر گەورەی لە بواری هونەراندنی ساتە زیندووەکانی ژیاندا هەبووە.

چیخۆف تا لەژیانـدا بـوو خوێنـەری زۆری هـەبوو، لـیٚ کـە شـۆڕش بـەرپا بـوو، واتـە زۆر پـاش مردنـی چیخۆف، ژمارەی خوێنەرانی بەجگار زیادی کردو لە یەکێتی سۆڤیەتدا نزیکەی پەنجا ملیۆن نوسخە لـە بەرهەمەکانی چاپکرا. هاوعەسرانی چیخۆف هەڵپەی وەدەست هێنـانی نـەمریان بـوو، لـیٚ بەرهـەمێکیان خوڵقاند کە ماوەیـەکی کـەم ژیـا. بـەڵام چیخۆف لـە سـەردەمی خـۆی دانـەبڕاو هـەزاران داوو سـەردەاو بـە سەردەمی خۆیەوەی دەبەست و لە ئەنجامی فرە هەڵوێستییەوە، زیندوویەتی خۆی تا رۆژگاری ئەمڕۆش هەر پاراستووە.

چیخۆف یـەکێك بـوو لـەو ئەدیبـە بـە سـەرنجانەی ئـەو شـتانەی لـە مرۆڤـدا دەبینـی کـە خـەڵکانی دیکـە نەیاندەبینی و هەر بەوەندەشەوە نەدەوەستاو تێکەڵ بە خۆشـی و ناخۆشـییان دەبـوو، و دەچووەپێسـتی قارەمانەکانییـەوە، وەکـو ئـەوان دەژیـاو راسـتگۆیانە گوزارشـتی لـەو ژیانـە بەهـەموو لـق و پۆپەکانییـەوە دەکرد، چیخۆف ئەگەر چی کەم ژیا، بەڵام سەدان ژیانی لە پێستی قارەمانەکانیدا جەڕباندو هەر ئەمـەش یەکێکە لەو نهێنییانەی کە درێژەی بە ژیانی هونەری داوە و تاکو رۆژگاری ئەمڕۆ لە دنیای هونـەردا هـەر زیندووە. کەچی چیخۆف لەگەڵ ئەمەشدا هەرگیز لە خۆی رازی نەبووە، خـووی بـە نووسـینەوە گرتـووەو ئاسـودەیی خـۆی لـە نووسـیندا بینیوەتـەوە، بـە خـۆی دەڵێـت: ((... کـە دەنووسـم هەسـت بـە ئاسـودەیی دەکـەم.. بـەڵام هـەر کـە ئـەو نووسـینەم بڵاودەبێتـەوە لێـی بێتاقـەت دەبم، هەسـتدەکەم ئـەوە نییـە کـە مـن دەمویست، بەڵکو هەڵەیە، خەفەت بەوە دەخۆم.. بەندە هـەرگیز دڵبەنـدو ئاشـقی خـۆم نـەبووم، مـن خـۆم وەکو نووسەرێك خۆشناویٚ...))

* * *

چـیخۆف وەکـو هونەرمەنـد وا باسـکراوە کـە رووی کردۆتـە هونـەرێکی سـادە، ئەزموونـە سـادەکانی هەڵبژاردووە و بە وێنەی سادە و ساکار بەشێوازێکی ساکار بەرجەستەی کردوون. هەڵبەتـە ئـەم هـەموو سادەیی و ساکارییە هەستێکی قووڵ و دەگمەنیان لە خۆگرتووەو ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا نهێنـی یـەکی دیکـەی هونـەرە مەزنەکەیـەتی. بـۆ وێنـە چیرۆکی (فانکـا) ئەگەرچـی رووداوێکـی سـادەی نـاو ئـەم ژیانـە جەنجاڵەیـە، بـەڵام بـە جـۆرێ هونـەرێنراوە کـە هـەڵاوی ژیـانی لێهەڵدەسـتێت.. رەگـەزی مرۆڤدۆسـتی بەجۆرێك لە نەستی هونەری چیخۆف دا ریشاژۆ بووە، بووە بەدیارترین دیاردەو رواڵەتی هونەری و هـەر ئەمـەش بووەتـە هـۆی ئـەوەی لـە پێشـڕەوی کورتـە چیرۆکی جیهانییـەوە، بـبیٚ بـە پێشـڕەوی ئـەدەبی مرۆڤـانی، و زۆربــەی هــەرە زۆری تویـــژو چــینە کۆمەڵایەتییـــەکان لـــە چــیرۆکەکانیدا هــەن و مامەڵــەی هونەرییان دەگەڵ کراوە.

بەهەرحاڵ چیخۆف بوو بەو هونەرمەندەی کە سێبەری بەسەر سـەر لەبـەری ئـەدەبیاتی کورتـە چیرۆکی هەموو دنیاوە هەبیٚ و ببیٚ بە قوتابخانەو ناوی چیخۆفیەت بگرێتە خۆ. چیخۆفیەت وەکو قوتابخانەیەکی ئـەدەبی رووی کـردە مرۆڤـی ئاسـایی و لـە بـاری ئـەدەبی و هونەرییـەوە کـردی بـە قارەمـانی ئـەدەبیاتی چیرۆکی سـەدەی نـۆزدە. هەڵبەتـە ئەمـەش بـۆ خـۆی شۆڕشـێك بـوو، شۆڕشـێکی گـەورە بـوو لـە چـەمکی قارەمانـدا. چیخۆفیەت قوتابخانەیەك بوو د. ئەحمەد شەرقاوی گوتەنی شۆڕشـێکی لـە بونیـادی تەقلیـدی کورتە چیرۆکدا نایـەوە. واتـە لـە سـەرەتاو لوتکـە و کۆتـایی یـاخی بـوو.. ئـەوە بـوو ئـەو بابەتـە چیرۆکەی هێنایـە ئـاراوە کـە هەڵوێسـت لەمـەڕ ژیـان بـە هـەموو گـەرمو گـوڕی و راسـتگۆییەکییەوە وەردەگـریٚ...

PDF4Kurd

دەلالەتی قووڵی بە شتە سادەکان بەخشی. چیخۆف وێڕای تەمەنی کورتی توانی لە ڕێگەی کۆمەڵێك بەرهەمی نەمرەوە، بە شارییەکی دیار لە داڕشتنەوەی ویژدانێکی بەشەری باڵادا بکات. چیرۆکی ئەم نووسەرە بەڵگەنامەی هەست و سۆزو بەخششی بێ سنووره.هەقە لێرەدا ئاماژەیەکی خێرا بۆ ئەوە بکرێ کە ئاساییە جۆرە پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان چیخۆف و قارەمانەکانیدا بدۆزرێتەوە. هونەرمەندان لێکدی ناچن، بە شێوەی جیاواز کار دەکەن، بەڵام ئەستەمە بەرهەمێکی هونەری هەبێ کە هونەرمەند بەشێك لە ژیانی خۆی یان هەستەکانی خۆی تێنەئاخنی بێ" هونەر تەنیا باری سەرنجی هونەرمەندی لەمەڕ ژیان ناوێ، بەڵکو ئەوەشی دەوێ کە هونەرمەندەکە بەشداری لە ژیاندا بکات..

کەواتە هەر قارەمانێك بگری لە دوورەوە یان لە نزیکەوە رەگێکی دەچێتەوە سەر خودی نووسەرەکەی.

* * *

چیخۆف، زیاتر خۆی لە وردە بابەتان داوە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چیخۆف تەنیا خۆی لەو شتانە دەدا کە دەیزانین و دەیتوانی بەشێوازی خۆی ئاراستەو فرمۆلەیان بکات.. واتە چیخۆف تەنێ خۆی لەو بابەتانە داوە کە شارەزایی لێیان هەبووە.

چیخۆف لەو بوارەش دا بە چاوێکی تازەوە دەیڕوانییە دنیاو بە شێوەی تازە باسی دەکرد. بۆیە بەرهەمەکانی پیر نەبوون و هەر بە تازەیی مانەوە.. چیخۆف وەکو دەنگی سەردەم و قۆناغی خۆی، توانی چیرۆك لە سەرەتای درێژو کۆتایی بەشەرح و تەفسیلێ و وەسفی رواڵەتی قارەمانان و باسکردنی ژیانیان بخەلەسێنێ و لەم بارەیەوە دەڵێت: ((بەڕای من، کە لە چیرۆك دەبینەوە، پێویستە سەرەتاکەی و کۆتاییەکەی لابەرین، چونکە ئێمەی ئەدیب لەو دوو شوێنەدا، لە هەر شوێنێکی دی پتر درۆیان دەکەین.. پێویستە تا دەتوانین بە کورتی قسان بکەین، بەو پەڕی کورتی...))

چیخۆف چونکە راستەوخۆ و زۆر بەجددی بەشداری ژیانی کردووە، ئەمە وایکردووە کە نەك هەر دیوی دەرەوەی واقیع بدینێ، بەڵکو روحی مرۆڤ بە تەواوەتی و هونەرمەندانە بخاتە سەر باڵی هونەرو بۆ هەموو دنیای بنێرێ.

هەڵبەتە نووسینی کۆمەڵایەتی و نووسینی هونەری فەرقیان زۆرە.. نووسینی کۆمەلایەتی تەرخانە بۆ کارو کردەوەی خەڵکی، بۆ نەزم و نیزام و دیاردەو رووداوە کۆمەڵایەتییەکان، کەم و کوڕییەکان دەستنیشان دەکات و داوای، چاککردنیان دەکات. بەڵام هونەر دنیای ناخی مرۆڤ کەشفدەکات و پەردەی لەروو هەڵدەماڵێ،کاریگەریشی قوڵترو زیاترە. کاریگەرییەکەش لەوەدایە کە هونەر رژێمان ناگۆڕێ، بەڵکو ئەو خەڵکە دەگۆڕێ کە رژێمان دەخوڵقێنن. بۆیە چیخۆف ئەوەندە گوێ بە رواڵەت و رووکار نادات و پتر بایەخ بەدنیای ناوەوەی قارەمانەکانی دەدات و شتە نادیارەکان کەشفدەکات و لە ناوەوە وێنەی هەموو قارەمانەکانی بە چاك و خراپ، گەمژە و زیرەك، سەرەکی و لاوەکییانەوە دەگرێت. هەڵبەتە ئەم شێوازە زەمینەیەکی زیاتر بۆ قارەمانەکان دەرەخسێنێ تا بەراستگۆیی زیاترەوە گوزارشت لە خۆیان بکەن.

(دەزگیران) دوا کورتە چیرۆکی چیخۆفە، دیارە ژمارەی کورتە چیرۆکەکانی پتر لە (240) چیرۆکە، هەندێکیان زۆر کورتن، هەندێکیان بە رواڵەت شادن، هەندێکیان لە رادەبەدەر خەمینن، خەمینێکی کوشندە. هەڵبەتە ئەم دنیا تێکەڵەیە، رەنگدانەوەیەکی تەواوی ژیانی روسیای ئەو سەردەم و قۆناغەیە. لە جوتیارەوە بۆ رەبەن، لە مامۆستاوە بۆ عارەبانچی، لە قوتابییەوە بۆ بازرگان، هەموو توێژو دەستە


www.pertwk.com

PDF4Kurd

کۆمەڵایەتییەکان لەو چیرۆکانەدا دەنگ و ڕەنگ و کارو کاردانەوەیان هەیە.. خوێندنەوەی چیرۆکەکانی چیخۆف دەکاتە گەشتێك بە رابردووی روسیادا، گەشتێك سەرسوڕ دەهێنێ، گەشتێك لەگەڵ دەلیل و ڕێنوێنێکی هێدی و ئارام و ساردو بە سەبرو حەوسەڵە، هەموو شتێك نیشان دەدات و تەعلیق لەسەر هیچ شتێك نادات.. جا لەم سەری ئەم ڕێگا دوورو درێژو پڕ پێچەوە تا ئەو سەری، پیاو سەری لە چوونیەکی شێوازەکەی سوڕدەمێنێ.. سادەیی شێواز، وردی دەربڕین، وونبونی نووسەر لەو دیوی کاراکتەرەکانەوە، بوون بە شەقڵی زۆربەی چیرۆکەکانی. چیخۆف بە خۆی پێی وایە (کورتبڕی برای بەهرەیە)..

تولستۆی لەمەڕ چیرۆکەکانی چیخۆف دەڵێت: (( چیخۆف پوشکینی پەخشانە، وەکو چۆن دەنگدانەوەی سۆزی پوشکین لە بەیتەکانیدا دەبینین، هەمان شت لە چیرۆکەکانی چیخۆف دادەبینین. هەندێ لەم چیرۆکانە بەڕاستی جوانن...)).

چیخۆف پەنای وەبەر شێوازی کورتبڕی دەبرد. هەر ووشەیەکی بەنهێنی و ڕازێك ئاوس بوو. گەورە ئەدیبانی دیکەی روسیا خوێنەریان لەگەڵ خۆدا دەگێڕاو لە هەڵکشان و داکشانی سۆزدا بە گەڵیان دەکەوتن، لێ چێخۆف هەقی بەسەر خوێنەرەوە نەبوو، لەناو ڕووداوو خوو تەبیعەتەکاندا بەجێی دەهێشتن. سۆزی خوێنەری نەدەهاڕوژاند تا بزە وەسەر لێویان بخات یان فرمێسك و ڕووندکان بزایەنێتە چاویان.. چ شتێکی بۆشەرح و شرۆڤە نەدەکردن.. بەڵکو زەمینەی بۆ خوێنەر خۆشدەکرد کە بە وردی لە قارەمانانی ناو چیرۆکەکانی بگەن.. جا فیکرو هزری چیخۆف لە بندێڕی چیرۆك و شانۆ نامەکانیدا بەدەر دەکەوت.. ئەگەر چی بۆ ڕۆژگاری خۆی ڕەشبین بوو، بەڵام باوەڕی تەواوی بە پێشکەوتن هەبوو.. مرۆڤێکی مەتریالست بوو، بەڵام لە ناخیدا جۆرە نیگەرانییەکی سۆفیانە هەبوو.

چیخۆف، یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی کە زۆری دەربارە گوتراوەو زۆربەی ئەو کەسانەش، ڕای تەوهینامێزیان دەربارەی هەبووە، ئەویش زۆر بە ساردی وەڵامی داونەتەوە، یان هەر بێدەنگی لێکردووە.

چیخۆف جارێ بە گۆرکی دەڵێت: ((ڕەخنەکران لەو خەرەنگێزە دەچن کە بەگژ ئەسپدا دەچن و نایەڵن زەوی بکێڵێ. ئەسپ کار دەکات. هەموو ماسولکەکانی تورت و توند بووە، لەنکاوا ئەو خەرەنگێزە لە کەفەڵی ئەسپەکە دەوڕوکێ و پێوەی دەدات و دەکەوێتە گیزە گیز... من بیست و پێنج ساڵە ئەو ڕەخنانە دەخوێنمەوە کە دەربارەی چیرۆکەکانم دەنووسرێن، بەڵام چ ئاماژەیەکی بەنرخ و ئامۆژگارییەکی باشم لەلا نەماوەتەوە، جگە لە سکابیچیفسکی کە توانی کارم تێبکات کاتێ کە نووسی بەندە بەمەستی و سەرخۆشی لە پەنا دیوارێکدا دەمرم...))

سکاید بیچیفسکی کە ڕەخنەگرێکی دیاری سەردەمی خۆی بوو، بەمجۆرە باسی بەرهەمی چیخۆڤ کردووە: (( ئەمانە بەرهەمی تەواونین، بەڵکو کۆمەڵە وێنەیەکی ئەدەبی لێکدابڕاون و پشتیان بە بابەتی زندوو بەستووە... ئێمە کۆمەڵە نوکتەیەکی کۆمیدی لای چیخۆف دەبینین کە تەنیا بۆ وەپێکەنین هێنانی خوێنەرانی ڕۆژنامان نووسراون...)).

صوفی لافیت، چیخۆف بەو هونەرمەندە گەورەیە دەزانێ کە توانی ووڵاتی خۆی و سەردەم و قۆناغی خۆی وێنەبگرێ.. و لەم بارەیەوە دەڵێت: ((... روسیا لەلای چیخۆف واقیعیترو دیار ترو بەرینترە وەك لە بەرهەمەکانی غریبویدف و گوگول و تۆرگینیف یان تولستۆی. بەرهەمەکانی بریتییە لە پانۆرامای ژیانی روسیای ساڵانی 1880 – 1900)). بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە مێژوونووس بووبێ یان مێژووی

PDF4Kurd

نووسیبێتەوە. هەڵبەتە چیخۆف وەکو کوڕی سەردەمی خۆی ڕەفتاری کردووە و لە نووسین و شێوازی نووسیندا شوێن پێی گەورە ئەدیبانی بەر لە خۆی هەڵنەگرتووە، بەڵکو شێوازو زمانێکی تایبەت بەخۆی داهێناوەو تۆلستۆی لەم ڕووەوە واهی ستایشی دەکات: (( چیخۆف وەکو هونەرمەند لەگەڵ ئەدیبانی روسی بەر لە خۆی وەکو تۆرکینیف و دۆستوفسکی و یان بەندەدا بەراورد ناکرێ.. چیخۆف شێوازی تایبەتی خۆی هەیە وەکو ئینتیباعییەکان. کە دەڕوانییە بەرهەمەکانی وا هەستدەکەیت ئەم مرۆڤە بێ جیاوازی ڕەنگان تێکەڵ دەکات و هەر ڕەنگێکی بەردەست بکەوێ بەکاری دێنێ، بێ ئەوەی چ هاوئاهەنگییەك لەنێو ڕەنگەکاندا هەبێ، بەلاّم کە تۆزێ دوور دەکەوییەوەو دووبارە تەمەشا دەکەیەوە هەست دەکەی هاوئاهەنگییەکی گشتی هەیەو وێنەیەکی پرشنگداری تەبیعەتت لە هزرو بیرا بەرجەستە دەبێ. بەڵگەیەکی بێ چەندو چوون هەیە کە ئەوە ساغ دەکاتەوە کە چیخۆف هونەرمەندێکی ڕەسەنە، ئەویش ئەوەیە کە دەشێت بەرهەمەکانی بۆ چەندین جار بخوێنینەوە.)).

چیخۆف لە پاڵ ئەم دەق و چیرۆك و حیکایەتانەدا، وەکو پەیامنێرو ئامادەکاری ڕیپۆرتاژ، هەواڵ و راپۆرتەکانی لە ناو جەرگەی کۆمەڵەوە هەڵدەهێنجاو دایدەڕشتەوەو بەدیدو بۆچوونێکی ڕەخنەگرانەی روونەوە دەیخستەروو. دوڕگەی ساخالین یەکێکە لەو کارانەی. (دوڕگەی ساخالین) شەهادەی پزیشك و رۆژنامەوان و هاوولاّتییەکە، چیخۆف نووسیویەتی. ئەم کتێبە دەنگدانەوەیەکی سەیری لەناوەندە رۆشنبیریەکەی روسیادا هەبوو. حکومەتی تزاری ناچارکرد هەندێ خەڵکی پسپۆر بۆ تاراوگەی ساخالین بنێرێ و هەندێ کار بۆ گۆڕینی وەزع و حاڵی دوورخراوەو مەحکومەکان بکات.

( دوڕگەی ساخالین) یەکێکە لە بەرهەمە ناودارەکانی چیخۆف، ئەم بەرهەمە بەرەنجامی سەفەرێکی خۆیەتی بۆ تاراوگەی ساخالین و بەباری سەرنجێکی زۆر وردو لە قاڵبی ڕیپۆرتاژێکی رۆژنامەوانی و بە شێوازێکی ئەدەبی چیخۆفانە، ژیانی بەندییان و زوڵم و زۆر و بێدادی ناو بەندیخانەکانی پیشانداوەو بۆمان دەگێڕێتەوە کە چۆن حوکمدراوانی مەحروم لەو هیوایەی کە جارێکی دی خاك و زێدی خۆببیننەوە، هەموو شتێکی ئەخلاقی لەدەست دەدەن و هەرچییەك دەکەن دەرکی واقیع ناکەن.. بەهەر حاڵ ئەم بەرهەمە پاش سەفەرێکی چیخۆف بۆ ئەوروپاو گەڕانەوەی بۆ مۆسکۆ لە 2/5/1891دا دەست بە نووسینی کرا – کە بۆ یەکەمجار بەزنجیرە لە گۆڤاری (هزری روسی)دا هاتە بلاّوکردنەوە. خوێنەران زۆر بە تاسەوە بەسەریدا دابارین، کەچی زۆربەیان بێ هومێدبوون، چونکە چاوەنۆڕی بەرهەمێکی گەورەی درامی هاوتای ((بیرەوەرییانی ماڵی مردووان)) دۆستوفسکیان لە چیخۆف دەکرد، کەچی سەیریان کرد سەربورێکی سادەی بێلایەنەو باسی ئەو ماوەیە دەکات کە نووسەر لەنێو زیندانەکاندا بەسەری بردووە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕیپۆرتاژە سەرنجی کاربەدەستانی راکێشا، حکومەت لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بۆ ساخالین ناردو پاش ئەمە هەندێ کار بۆ چاککردنی ژیانی زندانییەکان کراو چیخۆف دڵخۆشی خۆی بەوە دەدایەوە کە کارەکەی بێهودە نەبووەو ڕەنجەکەی بەفیڕۆ نەچووە.

* * *

بێگومان ئەدەبیات لە قۆناغی مێژوویی و واقیعی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابوری و رۆشنبیری خۆی نایەتە دابڕان و لە پرۆسەیەکی کارلێکی بەردەوامدان.. بۆیە چیخۆف وەکو پێشڕەوێکی ئەدەبی واقیعی و وەکو ئەدیبێکی پەیامدار هاتووە تا بەزەبری هونەر و لە میانەی هەڵوێستی مێژوییەوە، پەیوەندییەکانی نێوان بوون و کار بەرجەستە بکات و ژیان لە شێوەی رۆژانە هەڵوێستدا بە هونەر بسپێرێ.


www.pertwk.com

PDF4Kurd

بیرو بۆچوون و هەڵوێستی چیخۆف، لە بەرهەم و نووسینەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. دیارە چیخۆف هەر باوەڕی بە تەرحی دۆزەکان هەبووە وئەمەی بەزەروری زانیوە بۆ هونەرمەند نەك چارەسەری کێشەکان.. و لەم بارەیەوە دەڵێت: ((هونەرمەند نابێ حاکم بێ بەسەر قارەمانەکانییەوە یان بەسەر ئەو شتانەوە کە باسی دەکات، بەڵکو هونەرمەند لەسەرێتی شایەتێکی مەوزوعی بێ و بەس. نووسەر بەلای چیخۆفەوە دادوەری دادگا نییە، بەڵکو شایەتێکی بێلایەنە... شایەتیش دوو جۆرن، شایەتی ئیتیهام و شایەتی دیفاع، بەلاّم دەبێ هەردوکیان حەقیقەت بڵێن واتە ئەو شتە بڵێن کە دیتویانە یا زانیویانە بێ هیچ پێچ و پەناو شێواندنێك، جا دەکرێ نووسەر بە شایەت بشوبهێنرێ، ئیدی شایەتی ئیتیهام بێ یان دیفاع... چیخۆف هەرگیز شایەتی درۆی نەداوە، لە هەردوو حاڵەتی شایەتی ئیتیهام و دیفاعدا هەر حەقیقەتی گوتووە بێ ئەوەی هەوڵیدابێ ناوی تاوانبار بزڕێنێ یان شکایەتکار بکات بە قەدیس و بپیرۆزێنێ.

چیخۆف باوەڕی وابوو کە درۆ لەهەر بوارو مەیدان و کارو پیشەیەکدا بکرێ ئەوا لە هونەردا ناکرێ بۆیە دەڵێت: ((چاکی هونەر لەوەدایە کە ناتوانین درۆی تێدا بکەین.. درۆ لە دڵداری و خۆشەویستی دا لە گوینە، لە سیاسەت و لە پزیشکگەردیدا دەشێت خەڵکی تەفرە بدەی.. بەلاّم خەڵەتاندن و خاپاندن لە هونەردا نایەتەکردن...))

چیخۆف رای وایە نووسەر هەقی خۆیەتی سوود لە رەگەزەکانی ناو ژیان بۆ دەوڵەمەندکردنی نێوەڕۆك و ژیانبەخشین بەکارە هونەرییەکانی، وەربگرێ، خۆ پێی وایە ئەگەر ئەم پرۆسەی ئاوێتەکردنی واقیع و خەیاڵە نەمێنێ ئەوا ئەدەب ووشك دەکات و دەمرێت.

چیخۆف، ئەگەرچی کەمتر پەرژاوەتە سەر تیۆریزەی ئەدەبیات، بەلاّم خوێنەری وریاو هوشیار دەتوانێ لە دوو توێی نامە زۆرو زەبەندەکانیا و لە بندێری دەقە ئەدەبییەکانیدا پەی بە بیرو بۆچوون و رایەکانی لەمەڕ ئەدەبیات بەرێ، چیخۆف پێی وابوو ئەدیب لەسەرێتی مەسەلەکان بوروژێنێ و پرسیاران بخاتە روو نەك چارەسەران بدۆزێتەوە، نابێ هیچ وەعزدادانێکی ئەخلاقی لەپشت پەردەی هەر کارێکی ئەدەبییەوە هەبێ، یان پەیامێکی هەبێ، بەڵکو تەنیا ژیانویستی و ژیاندۆستی تێدابهۆنەرێنرێ.. نووسەر دەبێ لە خزمەتی کاراکتەرەکانیدا بێ و دەبێ لە هەموو شوێنێکی بەرهەمەکەیدا هەبێ، بەلاّم نەبینرێ.

چیخۆف ملیۆنان خەڵکی فێری زۆرشت کرد، بەلاّم ئەم کارەی بەوەعزو ئامۆژگارییان نەکرد.

* * *

دەوڵەت دەبێ لە یاساو دەستورەوە هەڵێنجرێ، دەنا دەبێت بە داهۆڵێکی بۆش و بەتاڵ و هەموو مانایەك لە دەست دەدات، بوونی راستەقینەی خۆی لە دەستدەدات، ئەوجا بۆ شاردنەوەی بوونی نا شەرعیانەی، دەکرێتە داردەست بۆ لە گۆڕنانی دادی کۆمەلاّیەتی و ترساندن و تۆقاندنی جەماوەری خەڵك بەکار دەبرێ. بۆ زەوتکردنی ئازادی خەڵك بەکار دەبرێ، کە خەڵکی ئازاد نەبوو لە دەربڕینی رای خۆیدا، ئەوا ناچارە بە توڕەیی و بە توندی دەری ببڕێ... بەلاّم تۆ وەرە ئازادی دەربرین و رۆژنامەوانی و بیروباوەڕ بدە بە خەڵکی بزانە هەنگێ چۆن هێمنی و ئارامی دێتە ئاوارە..

راستە چیخۆف خۆی لە هەموو جۆرە حزبایەتییەك دوور گرتووە، بەلاّم جیهانبینی سیاسی خۆی هەبووەو لە چیرۆکەکانیدا هونەریانە نیشاندراوە. واتە چیخۆف نە پابەندی حزب بووەو نە بەفەرمانی حزب گۆرانی گوتووە. نووسەرێکی ئازادی پەیامدار بووەو هەر بەمەش توانیویەتی بایەخێکی هونەری


www.pertwk.com

PDF4Kurd

گەورە بە ئەدەبەکەی ببەخشێت چیخۆف، بەشداری چ بزاڤێکی سیاسی نەکردووە، پێی وابوو سیاسەت سەنگەری ئەو نییەو دەتوانێ لە ڕێگەیەکی دیکەوە خزمەت بەگەل و وڵاتی خۆی بکات. چیخۆف عەوداڵی عەدالەت بوو، عەدالەتی بە بەردی بناغەی ژیانی ئابڕومەندانە دەزانی و بە درێژایی تەمەنی وەکو نووسەرێك بانگەوازی بۆ عەدالەت کردووە. چیخۆف هیچ هەڵوێستگیرییەکی ڕاستەوخۆی لەمەڕ ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان نەبووە.. چونکە پێی وابووە سەنگەری ئەدیب و نووسەر تەنیا ووشەیەو تاقە چەکێك کە بۆ نووسەر حەڵاڵ بێ تەنیا قەڵەمەکەیەتی. کە نووسەر تووڕەبێ، دەبێ بە قەڵەم تووڕەبێ، کە هەڵوێستێکی هەبێ، دەبێ بە قەڵەم هەیبێ.. دیارە هەر قەڵەمەش شێوازو ڕێبازی تایبەتی خۆی هەیە.

* * *

ئەگەر چی لە سەرەتای ئەم باسەدا زۆر بە کورتی و خێرایی ئاماژەیەك بۆ کورتەی ژیانی چیخۆف کراوە، بەڵام پێم وایە کارێکی نابەجێ نابی ئەگەر ژیاننامەی خۆی لە زاری خۆیەوە بژنەفین کە لە وەڵامی نامەیەکی دکتۆر روسولیمو – کە هاودەورەی زانستگەی پزیشکی خۆی بووە – بەمجۆرە باسی خۆی دەکات: ((... لە 17/1/1860دا لە تاگانروك لەدایك بووم. هەوەڵجار لە قوتابخانەی یونانی سەر بە کڵێسای ئیمپراتۆر کۆنستانتین دەستم بە خوێندن کرد... لە ساڵی 1879دا چوومە کۆلێژی پزیشکی زانستگەی مۆسکۆ. لەو سەرو بەندەدا سەرم لە کۆلێژەکان دەرنەدەکرد. هەرچی هەوڵدەدەم بزانم بۆچی کۆلیژی پزیشکیم هەڵبژاردبوو، هۆیەك نادۆزمەوە. بەڵام پاشان لەم کارەم ژێوان نەبوومەوە. لە یەکەم ساڵی خوێندنی زانکۆدا کەوتمە نووسین و بڵاوکردنەوە لە چاپەمەنی و بڵاڤۆکاندا. تا وام لێهات لە کۆتایی ساڵانی خوێندنم دا بوو بووم بە نووسەرێکی پیشەیی، واتە نووسین بوو بوو بە پیشەم. لە ساڵی 1888دا خەڵاتی ئەدەبی (پوشکین)م وەرگرت ساڵی دواتر چووم بۆ دوورگەی ساخالین تا کتێبێك دەربارەی دورخراوەو مەحکومەکانی رژێمی ئیمپراتۆری روسیا بنووسم.

لە ژیانی بیست ساڵەی ئەدەبیمدا جگە لە زۆر ڕاپۆرتو گوتارو بیرەوەریان، کە زۆربەی رۆژان لە بڵاڤۆکانی ناو ووڵاتدا بڵاودەبوونەوەو – ئێستا کۆکردنەوەو نووسینەوەیان بەڕاستی کارێکی زۆر دژوارە – سەدان کورتە چیرۆك و چیرۆکی درێژم نووسیوەو بڵاوم کردونەتەوە. هەڵبەتە چەند نمایشنامەشم نووسیوە.

گومانم نییە کە خوێندنی پزیشکی، کارێکی سەیری کردۆتە سەر زەوق و پەروەردە و چالاکییە ئەدەبییەکانم. زانستی پزیشکی توانای بینینی منی زیادکردووە. زانیاریمی لەمەڕ جیهان و خەڵکی جیهان دەوڵەمەند کردووە. چ کەسێك وەکو دکتۆرێك ناتوانێ پەی بە بایەخی ڕاستەقینەی پزیشکگەری و کاریگەری پزیشگگەری لە سەر نووسینەکانم بەرێ. کاریگەری ڕاستەوخۆی زانستی پزیشکی لەسەر نووسینەکانم لە زۆر هەڵەو پەڵەو خزینی پاراستووم و دووری خستومەتەوە. ئاشناییم لەگەڵ زانستە سروشتییەکانداو بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ڕەوت و ڕێبازە زانستیەکاندا منی بەرەو ڕێگەی مەنتیق ڕێنوێنی کردووەو منیش هێندەی لە توانادا بووەو لە هەموو حاڵێکدا هەوڵمداوە لە بەرهەمەکانمدا یاساو ڕێسای زانستی ڕەچاو بکەم. هەڵبەتە هەندێ جار ڕێکدەکەوێ کە ڕەچاوکردنی ئەو یاساو ڕێسایانە لە توانادا نەبێ" جا لەو جارانەدا بەشێوەیەکی گشتی دەستم لە چیرۆکەکە دەشت و وازم لێی دەهێنا.

PDF4Kurd

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەوەش بڵێم کە داهێنانی هونەری لە هەموو حاڵێکدا لەگەڵ یاساو ڕیسای زانستیدا ناسازێ. بۆ وێنە دیمەنی مردنی مرۆڤێك کە خۆی دەرمانخوارد کردووە، مەحاڵە بەهەمان شێوەی کە لە واقیعدا هەیە، نیشانبدرێ، بەڵام دەکرێت ئەو جۆرە دیمەنانە بەرەچاوکردنی ڕێساو بنەما زانستییەکان، کەم و زۆر و بە جۆرێ لە تەبیعەت نزیك بکرێتەوە کە خوێنەر یان تەمەشاڤان لە ڕێگەی هەستکردن بە ساختەبوونی دیمەنەکە بزانێ کە لەگەڵ نووسەرێکی بیناو هۆشیاردا سەروکاری هەیە. من لە ریزی ئەو چیرۆکنووسە خەیاڵپەروەرانەنیم کە روو بە رووی بنەما زانستییەکان دەبنەوە، ڕەوتێکی نێگەتیف دەگرنە بەر و حاشاو نکوڵی لە واقیع و ڕووداوە زانستییەکان دەکەن...)).

بەهەر حاڵ چیخۆف وەکو تەمەنی کورت بوو، لەزەتی لە منداڵییەتی خۆیشی نەدیوە. ژیان و گوزەرانی زۆر ووشك و ناخۆشبووە، بە خۆی لە پاژێکی نامەیەکیدا بۆ یەکێك لە ڕەخنەگرەکانی ڕوسیا دەڵێت: ((منداڵێتی من لە سۆز بەدوور بوو.. من تاکو ئەمڕۆش وا دەڕوانمە سۆز وەکو ئەوەی شتێکی غەریب بێ، نا باوبێ،... شتێك بێ قەت هەستم پێنەکردبێ..))، هەر چیخۆف لە بەشێکی نامەیەکی دیدا دەڵێت: ((.. لەدایك بووم و گەورە بووم، فێربووم، دەستم دایە نووسین، هەر هەموو ئەم قۆناغانەم لە کەش و هەوایەکدا قەتاند کە زۆر بەداخەوە پارە ڕۆڵێکی گرینگی تێدا هەبوو.. هەڵبەتە ئەم کەش و هەوایە خراپترین کاریان کردە سەر دەرونم..))

چیخۆف لە ساڵی 1884دا کۆلیژی پزێشکی تەواو کرد. بۆ ساڵی دوایی و بۆ یەکەمجار خوێنی هەڵهێنا.. بە مەبەستی چارەسەری زۆر شوێنانی کرد، بەڵام کەم و زۆر لە چیرۆکنووسین سارد نەبووەوەو لە دنیای نووسین دانەبڕا.

ئیدی لەمە بەدواوە ساڵ بەساڵ وەزعی تەندروستی خراتر دەبوو ئەوەتا لە نامەیەکیدا بۆ دۆستێکی خۆی دەڵێت: ((... زۆر دەکوکم لێدانی دڵم تەواو نییە. دوو چاری بەد هەرسیم. سەرم بەردەوام ژان دەکات...))

ئیدی لەسەر داوای دکتۆرەکان لە ساڵی 1897دا چوو بۆ باشوری فەرەنسا. بەڵام لە ساڵی 1898دا دوای مردنی بابی گەڕایەوە بۆ روسیا و پارچە زەوییەکی لە کریمەکڕی و خانوویەکی تێدا دروستکردو لەوێندەر نیشتەجێ بوو.

لە ساڵی 1900دا ئەکادیمیای زانستی روسی شەرەڤ ئەندامێتی دایێ، پاش دوو ساڵ ئەکادیمیای نێو براو شەرەڤ ئەندامێتی بە مەکسیم گۆرگی – ش دا، لێ حکومەت توڕەبوو، بۆیە ئەکادیمیای ناوبراو ناچار ژێوان بووەوە و بیانووشی ئەوەبوو کە گۆرکی ((سانسۆری سیاسی لەسەرە))، چیخۆفش وەکو کاردانەوە رەفزی شەرەڤ ئەندامێتییەکەی خۆی کرد))، کورلینکو – ی ئەدیبش هەمان هەڵوێستی ئەوی وەرگرت.

بە هەر حاڵ ڕۆژ بە ڕۆژ وەزعی تەندروستی چیخۆف خراتر دەبوو. لەگەڵ ئەو حاڵەشیدا لە ساڵی 1901دا زەماوەندی لەگەڵ (ئۆ لگاکنیپەر))ی ئەکتەردا کرد.

چیخۆف لە ساڵی 1904دا بەدەم ئازاری نەخۆشی دەردەباریکەوە ئامادەی یەکەمین شەوی نمایشکردنی شانۆنامەی باخی ئالو بالو بوو، ئامادەبووان چاوەڕوانی ئەمە نەبوون، بۆیە هەر کە وەژوورکەوت، بە هەڵهەڵە و چەپڵە ڕێزانێکی فرە گەرم پێشوازیان کرد.

لە ئەنجامداو لە دوا ساڵانی تەمەندا، نەوەی یەکێك لە کۆیلەێن زەوی، دەبێت بە خاوەن موڵکێکی گەورە، دیارە ئەم موڵکەی لە کەسوکارییەوە بەمیرات بۆ نەمابووەوە، بەڵکو بەهۆی قەڵەمەکەیەوە دەبێت



www.pertwk.com

PDF4Kurd

بە خاوەن موڵك. كە ماڵەكەی دەگوازێتەوە لە 3/4/1894دا ڕێگەی گوندی میلیكوڤو دەگرێتەبەر، لەوێندەرو لەناو زەوییەكەی خۆیدا خانوویەكی دروستكر كە 125 رۆبڵی تێ چوو.. لە 19/10/1894دا پاش سەفەرێكی خێرا بە بەرلین و پاریس و مۆسكۆدا جارێكی دی گەڕایەوە بۆ میلیكوڤو. چیخۆف زۆر بەرهەمی ئەدەبی لەناو موڵكەكەی خۆیدا دەنووسێت لەوانە (هاوسەرەكەم، دراوسێ، نەورەس، هۆڵی6) كە ڕووداوەكانی لە خەستەخانەیەكی گوندا ڕوو دەدەن و پەیوەندی بە كەڵكەڵە پزیشكییەكانی خۆیەوە هەیە.. بەهەر حاڵ چیخۆف وێڕای وەدەستهێنانی سەركەوتنی ئەدەبی، هەر دەستبەرداری كاری پزیشكی نەبوو، لێرە، لە لادێداو لە ماڵە تازەكەیدا، نەخۆشان پتر سەریان دەدا.

چیخۆف كە 25 ساڵی تەمەنی لە قەبێڵی نووسینكرد، لەدوا ساڵەكانی تەمەنیدا مافی چاپكردنی بەرهەمەكانی بە 75 هەزارو ڕۆبڵ فرۆشت. چیخۆف لە مانگی 1904/5دا لەگەڵ ژنەكەیدا دەچێت بۆ نەخۆشخانەیەكی ئەڵمانیا، كە گەییە ئەوێندەر پاش 3 هەفتەو لە 2/7/1904دا لە تەمەنی 44 ساڵیدا دوور لە ماڵبات و كەسوكارو دۆستان، لەنێو بێگانان و لە شارێكی غەریب دا سەری نایەوە، جەنازەكەیان بۆ مۆسكۆ هێنایەوە لەوێندەر لە گۆڕستانی كڵێسای (نودویشی) بە خاك سپێردرا.


سەرچاوەكان:

1- مجموعة آثار چخوف، جلداول، داستانهاي كوتاة
ترجمة سرواز استپانيان، چاپ اول، بهار 1371

2- انتون چخوف - دشمنان - ترجمة د. سيمين دانشورچاپ ششم 1361

3- ولاديمير ناباكوف، درسهايي دربارة ادبيات روس
ترجمة فرزانة طاهري، چاپ اول، 1371

4- تشيخوف 17 /ك2 / 1860 - 2/7/1904
هنري ترويا- ترجمة: خليل الخوري -مراجعة: د. علي جواد الطاهر.

5- سلسة اعلام الفكر العالمي -تشيخوف بقلم ايليا ايرنبرغ -ترجمة: الدكتور ضياء نافع -ط1 1978

6- النهايات المفتوحة -دراسة نقدية في فن انطوان تشيكوف القصصي -شاكر النابلسي -المؤسسة العربية للدراسات والنشر ط2 1985م

7- ادبيات داستاني -قصة، رمانس، داستان كوتاة، رمان -جمال مير صادقي -چاپ سوم، بهار 1376-

8- داستان و نقد داستان -جلد نخست (چاپ سوم) -گزيدة و ترجمه احمد گلشيرى.



www.pertwk.com

PDF4Kurd

# سادقی هیدایەت
# نموونەی مەرگی نووسەر

(1)

هەڵبەتە سەبارەت بە دەقی داهێنراوی ئەدەبی، دەبێ ئەوە رەچاو بکرێت کە نووسەر، دەق، رەخنەکر و خوێنەر پەیوەندییەکی ئورگانیان پێکەوە هەیە و لە حاڵی کارلێکدان و هەر یەکێك لەو لایەنانە نەخش و دەوری خۆی لە پێکهاتەی بەرهەم یان دەقەکەدا هەیە و بە زمانی تازەی رەخنەیی دەبێ بگوترێ کە هەر یەکێك لەو لایەنانە تاچ ئەندازەیەك بەرهەمە کە دەنووسێت یان دەقەکە دەخوڵقێنێ. بۆ وێنە بەلای ئەلیوت –وە (خوێنەر بە هەمان ئەندازەی خودی شاعیر مانای شیعرێك دیاری دەکات). هەڵبەتە ئەمە بۆ چوونێکی تازەیە و زۆر جیاوازە لە بۆ چوون و میتۆدە رەخنەییەکانی پێش خۆی.. جاران توێژەران و رەخنەگران، بە تایبەتی ئەوانەی کە (ناوەرۆك) و (فورم)– یان لێکدی دادەبڕی و لایەنی ناوەڕۆکیان لەسەر حیسابی فۆرم دەگرت، یئحتوبارێکی ئەوتۆیان بۆ زمان وەکو لایەنێکی دەق دانەدەناو زمانیان بە هۆیەك لە هۆیەکانی دەربڕینی ئەدەبی دادەنا کە گوایە هیچ رۆڵێکی لە دیاریکردنی ناوەڕۆکدا نییە. بەڵام تیۆری بونیادگەری – لەسەر بنەمای تیۆری زمان ناسی فەردینان دوسوسور – تەقریبەن سەلماندی کە زمان دەورێکی کارای لە دیاریکردنی مانا و نێوەڕۆکی بەرهەم و دەقی ئەدەبیدا هەیە، و لەم بارەیەوە زێدەرۆیش کراوە. بەهەر حاڵ ئەگەر ئەم شۆڕشە زمانەوانییەی سوسوریش پەیدا نەبووایە، دیسان بۆچوونی ناوەڕۆك بازان، بە تایبەتی توندڕەوەکان، پەسند نەدەکرا، چونکە لە هیچ دیاردەیەکدا فۆرم و ناوەڕۆك بە تەواوەتی قابیلی لێکدی جیابوونەوە و جیاکردنەوە نین..

جا بابێینەوە سەر مەبەستی خۆمان، ئەوەی بەرهەرمێکی ئەدەبی لە بەرهەمێن مێژوویی یان سیاسی یان کۆمەڵناسی و یان... جیادەکاتەوە (ئەدەبییەتی) ئەوە بەرهەمەیە، جا ئەو (ئەدەبییەتە)ش لەوێوە پەیدا بووە کە ئەدەبیات بە زەبری (ئەوزار) یان (فەند)ی تایبەتی خۆی دەبووە مایەی ئەوە کە بابەتەکەی، مانا و ناوەڕۆکەکەی (ناباو) بێ، واتە روون و ئاشکرا نەبێ، تەنیا لەم رێگەیەوە بەرهەمێن خاڵیسە و بێ غەل و غەش چێ دەبوو بۆ وێنە ئەگەر بەرهەمێك تەنیا دەنگدانەوەی بیروبۆچوون و باوەڕێن نووسەرەکەی بێ، یان نمایندەی رووداووە دیارە باوە کۆمەڵایەتییەکان بێ، ئەگەر لە ئەنجامدانی ئەو مەبەستانەشدا سەرکەوتنی بە دەست هێنابێ ناچێتە خانەی بەرهەمی ئەدەبی خاڵیسەوە.

بەڵکو دەشێت بچێتە خانەی بەرهەمی بیوگرافی، ئوتوبیوگرافی، کۆمەڵناسی و ئەو شتانەوە کە بە هەندێ کەرەستەی ئەدەبی (بۆ وێنە: کێش و قافیە) رازێنرابێتەوە.

هەڵبەتە ئەم بۆچوونە پاشان لە ئەنجومەنی زمانەوانی پراگدا (کە یاکوبسن دیارترین ئەندامی بوو) پەیگیری کرا، و پاشتر لەگەڵ پەیدابوون و دەرکەوتنی بونیادگەری و هەڵوەشاندنەوەگەرییدا – هەڵبەتە بە زمان و شیکردنەوەی پێشکەوتووتر – گەییە لوتکە خۆی.. کە لەم میتۆدەدا بایەخ و گرینگی نووسەر و هاندەرەکانی نووسەر بەرادەیەك لە توێژینەوەی بەرهەمێکدا کەم دەبێتەوە دەگاتە رادەی سڕینەوە و


www.pertwk.com

PDF4Kurd

ئەمان و بەمەش دەگوترێ مەرگی نوسەر هەڵبەتە (مەرگی نووسەر) ناوی یەكێك لە گوتارەكانی رۆلان بارت – ە كە بە ووردی لەو مەسەلەیە دەكۆڵێتەوە. واتە هەر كە پرۆسەی نووسین دەست پێدەكات ئیدی پەیوەندی نێوان خوێنەر و نووسەر دەپچڕێ و نووسەر لە مەرگی خۆی نزیك دەبێتەوە. رۆلان بارت دەڵێت بەر لە رینیسانس كەسایەتی نووسەر لە ناوا نەبوو، بەڵكو (گوتیار) كارەكەی ئەوی نیشاندەدا و دەخستە روو. لێ لەوە بەدواوە، واتە لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمی رینیسانسدا ئیدی تایبەتمەندییەكانی نووسەر و ژینگەی نووسەر لە هەڵسانگاندن و توێژینەوەی بەرهەمی نووسەردا، گرینگییەكی زۆریان پەیدا كرد و لە ئەنجامی دەقی ئەدەبی هەر نووسەرێك لەبەر رۆشنایی رەوشت و رەفتار و راو بۆچوون و باری دەروونی و لایەنە جۆراو جۆرەكانی ژیانی خودی نووسەردا دەخرایە بەر شرۆڤە و هەڵسانگاندن و لێكدانەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی كە نەك هەر دەسەڵاتی نووسەر بەڵكو دەسەڵاتی رەخنەگریش بچەسپێ و هیچ دەورێك بۆ خوێنەر لە دیاریكردنی ناوەرۆكی بەرهەمەكە (دەقەكە) نەمێنێ، واتە چەسپینی دەسەڵاتی نووسەر و روخنەگر لەسەر حەساوی خوێنەر بوو، چونكە كاتێ كە تایبەتمەندی شەخسی و كۆمەڵایەتی نووسەر لە ناوجەگەری دەقەكەدا حەسا و بكرێ، هەنگینێ مێژوونووسی ئەدەبی، توێژەری ئەدەبی و رەخنەگری ئەدەبی، كە لە خەڵكانی دیكە پتر ئاگاداری ئەو تایبەتمەندییانەی نووسەرن، رۆڵی (رونكەرەوەی) دەقەكە دەبینن بە گوتەیەكی دیكە رەخنەگر دێ بە خوێنەر دەڵێ كە (مەبەستی) نووسەر لە دەقەكەیدا ئەم یان ئەو شتەیە. ئەمە لە كاتێكدا كە ئەگەر نووسەر و تایبەتمەندییەكانی نووسەر وەلابنرێن، ئیدی مەسەلەی رونكردنەوە و شرۆڤە، بەتاڵ دەبێتەوەو ئەو بایەخەی نامێنێ.

بەمجۆرەیە كە نووسینێك وەكو یەكەیەكی یەكپارچە دەردەكەوێ و تەجەلی دەكات چونكە هەر دەقێك لایەنی جۆراوجۆری هەیە كە رەگی دەچێتەوە سەر گەلێك سەرچاوەی رۆشنبیریی.. تاقە خاڵێك كە لایەنە هەمە جۆرەكانی دەقێك كۆبكاتەوە و بگرێتە خۆ خوێنەرە – نەك نووسەر وەكو تا ئێستا باو بووە – خوێنەر بریتیە لە هاماج و كەش و هەوایەك كە هەموو ئەو دەستەواژانە دەگرێتە خۆ كە دەقێك یان نووسینێك پێك دەهێنن، بێ ئەوەی هیچ یەكێك لەو دەستەواژانە لە دەست بچن.

لە روانگە كلاسیكییەكەوە نووسەر بەر لە بەرهەمەكەی هەیە: نووسەر دەخوێنێتەوە، فێر دەبێ، تاقی دەكاتەوە، رەنج دەبات و لە ئاكامدا بەرهەمەكەی چێ دەبێ. واتە پەیوەندییەكی زەمانی – مێژوویی لە نێوان نووسەر و دەقی نووسینەكەیدا هەیە وەكو ئەوەی نووسەر باوك بێ و نووسینەكە فەرزەند بێ، یان نووسەر نیهاد بێ و نووسینەكەی گوزارە، بەڵام لە روانگە و بۆچوونی تازەی ئەدەبییەوە، لەبەر هەمێن تازەی رۆژگاری ئێمەدا ئەم مەودا زەمانییە لە نێوان نووسەر و دەقدا نییە، ئیدی دەق ئەو بەرهەمە نیە كە پاش ساڵانێك لە كارو كۆشش لە بۆتەی ئەزموونی تاكێكەوە پەیدا بووبێ و هەڵقولابێ، بەدەستی ئەو (نووسەر) مشت و ماڵ درابێ، وەكو راپۆرێك لە لایەن ئەوەوە عەرز كرابێ. نووسین، ئیدی – جگە لە زمان، كە لە زمانەوانی تازەدا، هەر سەرچاوەیەك یان سەرەتایەكی دی رەت دەكاتەوە – هیچ سەرچاوە و سەرەتایەكی دیكەی نییە، نووسەر ئێستا هەیە و نووسینەكەش هەنووكە دێتە نووسین. لە راستیدا نووسەر زیاتر سەیری بەرهەم دەكات تا بینووسێت. (یەكێتی دەقێك لە دەست پێكیدا نییە بەڵكو لە مەخسەد و مەبەست و ئامانجیدایە) واتا یەكێتی لەوێدا نییە كە لێیەوە دەست پێدەكات، بەڵكە لەوێدایە كە پێی دەگات. كەواتە یەكێتی بەرهەمێك لە خوێنەردا بەرجەستە دەبێت نەك لە نووسەردا. بەڵام ئەم مەبەستە – ئەم خاڵەی كە دەق دەیگاتێ – شەخسی نییە، چونكە خوێنەر بەواتای گشتی وشە، تاكێكی


www.pertwk.com

PDF4Kurd

تایبەت و دیاریکراو نییە، و ژیاننامە و چین و باری سایکۆلۆژی و دەروونی تایبەتی نییە. بەڵکو تەنیا فاکتەرێك – بە کە لە یەك بنکەدا، لە یەك خاڵدا هەر هەموو ئەو رەگەزانە کۆ دەکاتەوە کە دەقێکیان پێك هێناوە. (رەخنەی کلاسیك هەرگیز بایەخی بە خوێنەر نەداوە و بە هەندی نەگرتووە، لە روانگەی کلاسیکەوە نووسەر تاقە کەسی (کارا و کاریگەر و دیاریکەرە) لە ئەدەبیاتدا... جا بۆ ئەوەی ئایندەی نووسین دروست بکەین پێویستە ئەفسانەی (نووسەر) سەرنگون بکەین: دەبێ لە دایکبوونی خوێنەر بە بەهای مەرگی نووسەر بێ.)

دیارە ئەم روانگە و بۆچوونە، لە بنەڕەتدا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکردوە و لە ئاخر و ئۆخری سەدەی بیستەمدا – بە تایبەتی لە بواری تێوری ئەدەبی بونیادگەری و بونیادشکێنیدا – گەییوەتە لوتکەی خۆی و تەواو رەواجی پەیدا کردووە و برەوی سەندووە و بووە بە مۆدی رۆژ و هەڵبەتە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هیچ برە و سەندنێك تا سەر نامێنێ و .. هیچ هەقیقەتێك بە دەقی خۆیەوە نامێنێ و لە ناو پرۆسەی گۆڕاندا دەگۆڕێ، و هەر کۆنێکی ئەمڕۆکەش بگری تازەی دوێنێ بووە، هەر تازەیەکی ئەمڕۆکەش دەبێ بە کۆنەی سبەینێ و هیچ دیاردە و رووداوێك لەم سوننەتەی ژیان ناخەڵەسێت و دەرباز نابێت.

بەم پێیە و لەبەر رۆشنایی بۆچوونەکانی رۆلان بارتدا ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە تا رۆشنبیریی و ئەدەبیات لە کۆمەڵگەدا بەرینتر و گشتی تر بێ، واتا دیموکراتیك تر بێ، دەوری رێژەیی وەرگر و خوێنەر (واتە تێکرای مەردم) لە پێکهێنان و پێناسەی ئەدەبیاتدا پتر دەبێ و رۆڵی نووسەر کەمتر دەبێ. **لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا ئەدەبیات بە رێژەیەکی زۆر (جەماوەری)یە، یانی زیاتر لە داستان و ئەفسانە و شیعر و مەتەڵ و ئاواز و گۆرانی عامیانەپێکهاتووە، لە حاڵەتی وەهادا ئەدەبیات (خاوەن) و (دانەر) و (بێژەری) دیار و ئاشکرای نییە، بەڵکو لە رێگەی نەقڵ بێژ و گوتیار و شایەرانەوە دەگەیەنرێتە خەڵکی.**

لێ کاتێ لەسەر بناغەی هەمان ئەو نەقڵ و سرود و داستان و ئەفسانانە.. بەر هەمێن حەماسی و لیریکی و وەسفی و ئەو شتانە هاتە رۆنان و تۆمار کران، ئیدی خاوەنەکانیان لە عەوامی خەڵك و هەروەها لە نەقڵ بێژان و شایەران و سروود بێژان جیاکرانەوە و هاتنە ناسین. ئەوەبوو بەرهەمێن ئەدەبی بەناوی هومەر و سوفوکلیس و بیلی تیس و فیرجیل.. و أمری القیس و فەرەزدەق و ئەبو نواس... و رودەکی و رابیعە و فەررخی و فیردەوسی... و رونیسار و رابلیە و شکسپیر هاتنە ناسین. بەڵام جارێکی دیکە و لە قۆناغێکی باڵاتردا – بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، بە تایبەتی لە وڵاتانی پێشکەوتوودا – کە خوێنەواری و کتێب خوێندنەوە و تەنانەت سینەما و رادیۆ و تەلەفزیۆن پەرەی سەند و گەلێك لە خوێنەران بە رێژەی جۆراوجۆر هەم لە خوڵقان و هەم لە نەقدی بەرهەمێن ئەدەبی و هونەریدا شارەزاییان پەیدا کرد، ناوەڕۆك و رەمز و ئەوزار و تەکنیکی ئەدەبی کەمدابێژێك حاڵەتی تایبەتی و ریزپەڕی خۆی لە دەست داو بەهەمان رێژەش خوێنەری ئەمڕۆش لە خوڵقاندن و نەقدی بەرهەمێن ئەدەبیدا – بە تایبەتی لە بەرهەمێن ئەدەبی سەردەمی خوێدا – بەشێکی گەورەتر بەدەس دێنێ و بەشدارییەکی پتر دەکات.

بە هەرحاڵ کە دەق بە وشە سپێردراو، وشە لەناو پێکهاتەی دەقدا بوو بە تانوپۆی زمان و خوێنەریش پەی بەرەمز و رازی برد، ئیدی دەستکراوەتر دەبێ لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ دەقەکەدا و پێویستی بە نووسەر نامێنێ، و نەمانی نووسەریش رەنگە نەمانی رەخنەگری بە دوادا بێ و ئیدی هەم دەسەڵاتی نووسەر و هەم دەسەڵاتی رەخنەگر هەرەس دەێنن و خوێنەری جددی لە دایك دەبێ و بە

PDF4Kurd

خۆی هەموو بۆشاییەکان – ئەگەر بۆشایی رووبدات – پڕ دەکاتەوە و بە خۆی نێوەڕۆك و مانا و بایەخی دەقەکە دیاری دەکات.

(2)

دەڵێن هەر کەسێك – و لە ئەنجامدا هەر نووسەرێك – لە بنەڕەتدا زادەی سەردەم و شوێنی خۆیەتی، یانی زادەی کۆ فاکتەرێن کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و پەروەردەیی و مێژوویی ئەو شوێن و سەردەمەیە کە تیایدا پەروەردە دەبێ و بەرهەمی خۆی تیادا دەخوڵقێنێ.. هەڵبەتە ئەم رێسایە ناتوانێ بە وردی مانا و چەمکی بەرهەمی نووسەرێك یان مەبەست و نیازی نووسەرێك دیاری بکات. ئەمە جگە لەوەی، وێرای ئەوەی کە ئەو فاکتەرانە هەر یەکێکیان بە رێژەیەك دەوریان لە خوڵقانی بەرهەمێکدا هەیە، دابەزینی بەرهەمێك بۆ ئاستی نموونەیەکی دەروونناسی، یان تیۆرییەکی کۆمەڵایەتی، یان بەرنامەیەك یا شیکردنەوەیەکی سیاسی، ئیدی هیچ شتێك بۆ ئەدەبیات نایەڵێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر تاوان و سزا – ی دۆستۆفسکی تەنیا رەنگدانەوەیەکی حاڵەتە وردە دەروونییەکان بێ و دادگا – ی کافکا وێنە گرتنێکی فۆتۆگرافی کۆمەڵێك مەسەلەی روونی کۆمەڵایەتی بێ ئەدی رۆڵ و فایدەی ئەدەبیات چییە؟ هەر هەموو ئەم فاکتەرانە بەشێوە و رێژەی جۆراوجۆر دەور لە خوڵقانی بەرهەمێکدا دەبینن، لێ بەرهەمێکی ئەدەبی – ئەگەر بەراستی ئەدەبییەتی تێدا بێ – نایەتە خوارەوە بۆ ئاستی هیچ یەکێك لەوانە، واتە نابێ بەهیچ یەکێك لەوانە، ئەگەر ببێ ئەوا لەسەر حیسابی ئەدەبییەتەکەیە و لە ئەدەبییەت دەکەوێ. کەواتە دەرگا بە پلەی جۆراوجۆر و جیاواز بۆ رەخنە و رەخنەگر کراوەیە. و خوێنەریش بە رێژەی جیاواز بەشداری لەم رەخنەیەدا هەیە و لەوەشە لە هەندێ جارا بەتەواوەتی جێی رەخنەگر بگرێتەوەو (کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەرانبەر بە مەرگی رەخنەگر و پاشان مەرگی نووسەر دەوەستێتەوە).

بەهەر حاڵ پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە جاران گەلێك لە تایبەتمەندییە جۆراوجۆرە فەردی و کۆمەڵایەتییەکانی نووسەرێکیش لە رێگەی رەخنەگرەوە دەگەییە خەڵکی، واتە خەڵکی زیاتر لە رێگەی شەرح و شرۆڤەو توێژینەوەی رەخنەگر لە کەسایەتی و ژینگەی کۆمەڵایەتی نووسەر، نووسەریان دەناسی بەتایبەتی کە هیچ ژینامە و بیرەوەرییەك دەربارەی ئەو نووسەرانە لەبەردەستدا نەبووە، و ئەمە پتر لە رێگەی زەینی رەخنەگر و خوێنەرەوە مانای پەیدا کردووە و بەم شێوەیە ئەو ژینامەو بیرەوەریانەش قابیلی تەئویل و لێکدانەوەی جیاوازن" بەڵام خاڵی گرینگ ئەمەیە کە لە زۆر بوارا، گەلێك لە (زانیارییەکانی) رەخنەگرو خوێنەر دەربارەی ژیان و ژینگەو تایبەتمەندی فەردی و کۆمەڵایەتی نووسەر لە خودی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەوەوە هەڵێنجراوە. بەمجۆرە خودی نووسەریش تا ئەندازەیەکی زۆر لە رێگەی بەرهەمەکەیەوە دەناسرێت، ئەمە لە حاڵێکدایە کە بەرواڵەت وا پێدەچێت کە ئاشنایی دەگەڵ تایبەتمەندی فەردی و کۆمەڵایەتی نووسەرو ژینگەی کۆمەڵایەتی نووسەردا، ماناو چەمکی بەرهەمەکەی دیاری کردووە. بەهەر حاڵ زۆر جار بەرهەمی نووسەر کاریگەری خۆی هەیە لە ناساندنی نووسەردا. واتە نووسەر بوونێکی رێژەیی لە بەرهەمیدا هەیە و بەرهەمەکەی دەبێ بە کلاورۆژنەیەك بۆ ناساندنی. سادقی هیدایەت یەکێکە لەو نووسەرانە.

***

مەسەلەی حوزوری رێژەی سادقی هیدایەت لە بەرهەمەکانیا دەکرێت بە دوو شێوە بخرێتە روو: یەکەم هاندەرو نیازو نییەتی هیدایەت لەم بەرهەم یان لەو بەرهەمیدا یان لە کۆی بەرهەمەکانیا چی بووە، و ماناو چەمکی چیرۆکەکانی چییە. دووەم: شەخسی خۆی" خودی خۆی تا چ رادەیەك لە چیرۆکەکانیا


www.pertwk.com

PDF4Kurd

حازره، واته تەبع و تەبیعەت و خوو خدەو ئەتوار و، بیرو بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکانی بە چ ڕێژەیەك لە چیرۆکەکانیدا ڕەنگی داوەتەوەو بەرجەستە بووە؟!

سەبارەت بە هاندەرو نیازو نییەت و مەبەستی نووسەرو ئەوجا ئەو ماناو چەمکەی خۆی لەناو بەرهەمەکەیدا پێی قاییلە و مەبەستیەتی، لە باشترین حاڵەتدا هەر نووسەر خۆی دەتوانێ دیاری بکات و ئەم شتەش یەجگار کەمەو ئەوجاش ئەو بەرهەمە قسەو لێکدانەوەو شەرحو شرۆڤەی دیکەش هەڵدەگرێت. سەبارەت بە پرسیاری دووەم ئەمە قابیلی لێکدانەوەو تۆژینەوەیە چونکە هەم ژیان و بیروبۆچوون و ژینگەی نووسەر بە جۆرێك لە جۆران لەبەرهەمیا ڕەنگدەداتەوەو خۆ سەبارەت بە یەکێکی وەکو هیدایەت، ئەوا زانیاری – جیا لەبەرهەمە ئەدەبییەکانی – لەبەر دەستدا هەیە.

لێرەدا زیاتر چیرۆکەکانی هیدایەتمان مەبەستە تا کارەکانی دیکەی. کارە چیرۆکڤانییەکانی دەکرا بەسەر چوار جۆردا دابەش بکرێن چێرۆکێن ریالستی و ڕەخنەوانی وەکو (طلب امرزش، علویە خانم)، نمایشنامە و چیرۆکە ناسیونالیستی و ڕۆمانتیکەکانی وەکو:(پروین دخترساسان، اخرین لبخند)، چیرۆکێن تەنزئامێزو تەنزنامەکانی وەکو ( حاجی اقا، قضیە زیربتە، و وغ وغ ساهاب)، چیرۆکە سایکولوژییەکانی وەکو (بوف کور، سەقطرەخون)، زندەبەگور، مردی کەنفش را کشت، عروسك پشت پردە).

هەڵبەتە ئەم خانەبەندییە بەو مانایە نییە کە هیچ جۆرە تێکەڵاوی و وێکچوونێك لە نێوان ئەو چیرۆکانەدا نیە، بەڵکو تەنیا بۆ ئەوەیە کە هەر گرووپێك لەو چوار گرووپە ئەوەندەیان تایبەتمەندی و خاڵی هاوبەش لە نێوان دا هەیە کە لە گرووپەکانی دی جیا بکرێتەوە.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکە ریالیستی و ڕەخنەوانییەکانی هیدایەت ئەوەیە کە حوزوری نووسەر وەکو ژیانی تایبەتی و سایکولوژی و تەبع و تەبیعەت و بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکانی، بەشێوەیەکی گشتی و لە چاو گرووپە چیرۆکەکانی دیکەیدا یەجگار کەم و ناچیزەیەو هەستی پێ ناکرێت. ئەم چیرۆکانە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان و داب و نەریت و ئەتوارو ڕەوشت و هەڵس وکەوتی خەڵکی ئاسایی شارنشینی سەردەمی ئەوە (هیدایەت) بەڵام ئەمانە لە قاڵبی بەرهەمی ئەدەبیدان نەك لە قاڵبی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی و تێبینی و شەرح و شیکردنەوەی کۆمەڵناسی. هیدایەت بەزمان و تەکنیکن چیرۆکڤانی ڕەوشت و داب و نەریت و ڕەفتار و پەیوەندی و باوەڕو گیروگرفتی ئەو خەڵکە بەرجەستە دەکات و پیشانی دەدات. هەڵبەتە لەم چیرۆکانەدا هیچ لایەنگیرییەکی چینی چەوساوە بەدی ناکرێت و هیچ ڕێچکەو ڕێبازو بەرنامەیەکی سیاسی زەق هەست پێناکرێ" خۆ ئەگەر بەرێکەوت و بە شێوەیەکی ڕەوتەنی و بەلەز جۆرە، داوەری و قەزاوەتێك بەدی بکرێ، ئەوا داوەرییەکی سەلبی یە، چونکە گەلێك لە کاراکتەرانی ئەم چیرۆکانە خەڵکانی دووڕوو، درۆزن، بەد خوو بەد ڕەوشت و جار جار دزو پیاو کوژان، ئەمەش زادەو بەرەنجامی خەسڵەتێن ریالیستی و ڕەخنەوانی خودی چیرۆکەکانە. بەهەر حاڵ نووسەر داوەرییەکی ئەوتۆ سەبارەت بە گوفتارو کرداری ئەوانە ناکات و خۆ ئەگەر ڕەخنەگر یان خوێنەر داوەرییەکی لەو بابەتەی بەمیشکدا بێ، ئەوا داوەری ئەوە نەك هی نووسەر.

بەرهەمە ناسیونالیستی و ڕۆمانتیکەکانی هیدایەت، پێچەوانەی گرووپی پێشووە. واتا ئامادە بوون و حوزوری سۆز و باوەڕێن نووسەر لەم بەرهەمانەدا – کە ژمارەشیان زۆر نییە – بە ڕادەیەکە کە هەندێ جار کار دەگاتە شیعاراتبازی و تەنانەت حنێو دان. ئەم بەرهەمانە ڕەنگدانەوەی ئەو ناسیونالیزمە ڕۆمانتیکیەیە کە ڕەگی لە سەدەی نۆزدە و بناوانە قوڵەکانی شۆڕشی مەشروتە دایە، بەڵام لە گەرمەی

PDF4Kurd

جەنگی جیهانی یەکەمدا – و بە تایبەتی پاش کۆتایی جەنگ – تەقییەوە و کاریکی زۆری کردە سەر هەموو لایەنی کۆمەلایەتی و شارستانی ئێران. لایەنی رەسمی و دەولەتی ئەم ناسیونالیزمە بە خێرایی بوو بە ئایدولوژی دەسەلاتی حوکمران. بەلام لایەنە رۆشنبیری و نا رەسمییەکانی لە نێوان رۆشنبیران و نووسەران و شاعیران و خوێنەواراندا – تەنانەت لەناو ئەوانەشدا کە وەکو هیدایەت لە گەلّ دەسەلاتی حوکمران تەبا نەبوون – رەواجی پەیداکرد و پەرەی سەند.

بە هەرحالّ بیر و بۆچوونی ناسیونالیستی و رۆمانتیکی نووسەر بەشێوەیەکی زەق لە نمایشنامەێن پروین دختر ساسان و مازیار، و هەروەها لە کورتە چیرۆکێن سایه مغول، آخرین لبخند دا، دەردەکەویّ، بەلام لەگەلّ ئەمەشدا دەکرێت بگوتریّ چونکە ناسیونالیزمی رۆمانتیکی یەکێك بووە لە دیاردە بلاوو باوە کاریگەرە کۆمەلایەتییەکانی ئەو زەمانە، بۆیە نووسەر (هیدایەت) لە بەرهەمەکانیا کاری لەسەر کردووە، واتە مەرج نییە ئەو هەستە ناسیونالیزمییە لەلای نووسەر هەبوبیّ، یان لەو هەستەدا شەریك بووبیّ. بەلام کاتیّ کە تەمەشای هەندیّ بەرهەمی ناچیرۆکی وەکو سەفەرنامەی أصفهان نصف جیهان و پێشەکی ترانەهای خیام دەکەین و بە هەمان شێوە و بگرە تۆختریش ئەو هەستە بەرجەستەکراوە، ئیدی هیچ گومان لەوە دانامێنیّ کە راوبۆچوونی خودی هیدایەت لە نمایشنامە و چیرۆکە ناسیولیستییە رۆمانتیکییەکانیدا حازرە.

لە گرووپی سێیەمی بەرهەمەکانی هیدایەت – شدا، واتە لە چیرۆکە تەنز ئامێز و تەنزنامەکانیدا، ئەم حوزوری بیروبۆچوون و ئەندێشە و باوەڕە شەخسییانەی نووسەر کەمدابێژێك زەق و دیارە. بەلام ئەگەر ئەو بیروبۆچوونە شەخسییانە لە بەرهەمە ناسیونالیست و رۆمانتیکییەکانی کەمتر نەبیّ، ئەوا لە رووی ناسکی و ئەدەبییەتەوە گەلیّ لەو بەرهەمانە بالاتر و لە پێشترە.ئەم بەرهەمانە دوو لایەنی گرتۆتە خۆ، یەکێکیان رەخنەی ئەدەبییە و ئەوی تریان رەخنەی سیاسی.

تەنز و رەخنەی سیاسی هیدایەت – ش رەنگدانەوەیەکی بۆچوون و سۆزەکانی خودی هیدایەت خۆیەتی چونکە لە چەند بەرهەمێکی جیاوازی نووسەردا تووشی هەمان باوەڕ و هەست و سۆز دەبینەوە و لەوێشدا گالّتە بە ئەنجومەنی دەسەلاتی سیاسی و دەسەلاتی ئەدەبی دەکات. لە زۆربەی تەنزەکانی هیدایەتدا خوێنەر و رەخنەگر هەست بە ئامادەبوون و حوزوری خودی نووسەر دەکات و..

شۆرەت و ناوبانگی هیدایەت زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ گرووپی چوارەمی چیرۆکەکانی کە زیاتر سەر و سەختیان لەگەلّ حالەت و باری دەروونیدا هەیە. لەوانە: بوف کور سەقطره خون، زنده بەگور، مردی کە نفش راکشت، عروسك پشت پرده، هوسباز، فردا و گەلێکی دیکە، لە باری تەکنیکەوە چەند چیرۆکیکی کەم لەمانە، شەقلّ و تایبەتمەندی مودیرنیستی وەرگرتووە و زۆر بەشیان لە ریالیزمی تەقلیدییەوە نزیکن.. بە هەرحالّ بابەتی سەرەکی ئەم چیرۆکانە بە زەمان و شوێنی تایبەتییەوە بەندنین، بۆیە ناکرێت سیفەتی شەرقی یان غەربییان پیّ بدرێت. هەلّبەتە شۆرەت و نێوبانگی هیدایەت پتر بەم چیرۆکانەوە – یەتی نەك تەنیا لەبەر ئەوەی کە (بوف کور) شاکاری ئەوەو چەند چیرۆکێکی سایکولوژی لە باشترین بەرهەمێن ئەون، بەلّکو لەبەر ئەوەی کە خودی هیدایەت بەم چیرۆکانە و کاراکتەرێن ئەم چیرۆکانە و بابەتێن ئەم چیرۆکانەوە پێناسە دەکرێت و دەناسرێت، ئەم حالەتە گەییوەتە رادەیەك کە هیدایەت لە ژینگە و کات و شوێنی خۆی هاتۆتە دابڕین و خەلّکانێکی زۆر لەناو ئەو چیرۆکانەدا بۆی دەگەڕێن و گەلێك لەو ئەفسانانەی لەمەڕ ژیان و گوتار و کرداری دروست کراون، لەو دەقانەوە" لە دەقی ئەو چیرۆکانەوە هەلّێنجراون. گوتمان 2–3 چیرۆکی دەرونی کەم دابێژێك مودرنیستین و ئەوانەی دیکە

PDF4Kurd

ریالیستین. بەڵام لە زۆر لایەنەوە هەم کەش و هەوا و فەزای چیرۆکەکان لێکدەچن و هەم ڕەگەزێن بنەڕەتی چیرۆکەکان و هەم ئەو مەسەلە و بابەتانەی کە گوتیاران (ڕاوی) و کاراکتەرەکان ڕوو بەرووی دەبنەوە و مامەڵەی لە تەکدا دەکەن.

فەزا و کەش و هەوا لەم چیرۆکانەدا بەڕێژەی جۆراوجۆر سەنگینە" ژینگە ئاڵۆز و ڕاز ئامێزە، و بابەت و مەسەلەکان بەتەم و ناروونە – و زۆر جار لە حەلکردن و چارەسەرنایەن. خۆلاسە لە کۆتایی هەر چیرۆکێکدا، بنیادەمێك، سەگێك، پشیلەیەك یان دەمرێت یان خۆکوژی دەکات، یان دەکوژێ، یان ون دەبێت و بێ سەر و شوێن دەبێ، یان هەڵدێ و سەری خۆی هەڵدەگرێت، یان بەلای کەمەوە تێك دەشکێت. بابەت و مەسەلەکانیش؟ مەسەلەی بوون – و نەبوونە، دنیا، جەبر و ئختیار، مەودای کێماسی و کەماڵ، بردنەوە و دۆڕان، سەرکەوتن و بەسەردا کەوتن. مەردایەتی و نامەردی پەیوەندی و دابڕانی پیاو لە ژن. بە هەرحاڵ ناکرێ خولیا و کەڵکەڵە و مەبەستەکانی نووسەر بەووردی و بە تەواوەتی لە هیچ بەرهەمێکی ئەدەبیدا دیاری بکرێت، واتە ناکرێ ئەو مانا و چەمکە ڕۆشن بکرێتەوە کە دەقاودەق نووسەر مەبەستی بووە. جا ئەمە بە تایبەتی دەربارەی ئەم جۆرە بەرهەمانە دروستە، کە بە حوکم و زەبری شێواز و تەکنیك و کەرەستەی ئەدەبی بەتەم و مژوو ئاڵۆز و پڕ پێچ و پەنایە، بەڵام کەشفکردنی حوزوری ڕێژەیی نووسەر (یانی ڕاو بەهاو مەسەلە فەلسەفی و سایکۆلۆژی و کۆمەلایەتییەکانی نووسەر) لەم جۆرە بەرهەمانەدا لە گوینە، هەم لە ڕێگەی بەراوردکردنی ئەم بەرهەمانە لەگەڵ یەکدیدا، و هەم لە ڕێگەی بەراوردکردنی ئەم بەرهەمانە لەگەڵ بەرهەمە ناخەیاڵییەکانی نووسەردا.

بۆ نمونە گەر تۆزێ بەوردی سەرنج بدەین دەبینین کە زۆر ڕەگەزی بنەڕەتی (بوف کور)، کەم و زۆر لە چیرۆکە سایکۆلۆژییەکانی دیکەی هیدایەتدا، چ لەوانەی پێش (بوف کور) نووسراون و چ لەوانەی پاش (بوف کور) نووسراون بەدی دەکرێن. بە هەرحاڵ نووسەری هەموو ئەم چیرۆکانە، هیدایەتە، بۆیە لێکچوونی نزیکی بیروبۆچوون و بەهاو داوەرییەکانی ناو ئەم چیرۆکانە بمانەوێ و نەمانەوێ جۆرە ڕەنگدانەوەیەکی حاڵات و بیرەکانی خودی هیدایەتە.

**(زندە بەگور):**

یەکێکە لە چیرۆکەکانی سەرەتای هیدایەت. لە 26 ساڵیدا لە پاریس نووسیویەتی. ئەمە سەرگوزەشتە و حیکایەتی خوێنکارێکی ئێرانییە کە لەبەر هەندێ هۆی نادیار لە ژیان تێر بووەو چەند جارێك هەوڵی خۆکوژی دەدات تا لە کۆتاییدا خۆی دەکوژێت.. ئەگەر تەماشای هەندێ نامەی هیدایەت بۆ مەحمودی برای و بۆ دکتۆر تەقی ڕەزەوی بکەین هیچ گومانێك لەوەدا نامێنێ کە هەوڵە خۆکوژییەکانی هیدایەت لە ئەوروپادا، هەوێن و بنەمای چیرۆکی (زندە بەگوڕ) ـە، هەرچەند چیرۆکەکە ئەدەبییەتی خۆی هەیەو بریتی نییە لە شەرح و شرۆڤەیەکی سادەی حاڵەت و تەجرەبەکانی شەخسی هیدایەت.

(بوف کور)ش هەر (زندە بەگور)ـە و ڕەنگە بەزەبری شێوازەکەی قووڵییەکی هونەری زیاتری وەرگرتبێ بەڵام مەرگ و ئارەزووی مەرگ سەرانسەری چیرۆکەکەی تەنیوە. تا چاو هەتەر دەکات هەر مەرگە و تا گوێ دەبیستێ هەر دەنگی مەرگە و بەشەر لەو چیرۆکانەدا مەرگە مەرگ، مەرگ لە فریوو و تەفرەکانی ژیان نەجاتی دەدات.

بە هەرحاڵ لە ئەنجامی بەراوردێکی خێرای نێوەڕۆکی هەر چوار گرووپە چیرۆکەکانی هیدایەتەوە ئەوەمان بۆ بە دیار دەکەوێ کە کارێگەری و ڕەنگدانەوەی بیر و بۆچوونەکانی و بەهاکانی لە چیرۆکە

PDF4Kurd

ناسیونالیستی رۆمانتیکی و تەنز و تەنزنامە – کانیدا، هەروەها سۆز و ئاکار و ئەزموونەکانی و کەسایەتی خۆی لە چیرۆکە سایکۆلۆژییەکانیدا بەرێژەی جۆراوجۆر هەستی پێدەکرێت.

بە هەرحاڵ بەپێی تەقسیمبەندی رۆلان بارت بۆ بەرهەمێن ئەدەبی، بەرهەمی ئەدەبی دەکرێت بە دوو بەشەوە، بەشی خوانشی (بۆ خوێندنەوە) و بەشی نگارشی (بۆ نووسین) واتە لە بەشی یەکەمدا خوێنەر تەنیا بە شداریی خوێندنەوە دەکات، و لەبەشی دووەمدا خوێنەر بەشداری نووسین دەکات، بە هەرحاڵ ئەمە حوکمی بنجبڕش نییە. بەرهەمی خوانشی رێژەیەکی زۆر لە راوبۆچوون و بەهاکانی نووسەر دەگرێتە خۆ، و خوێنەر ناتوانێ لە (نووسینەوەی) بەرهەمەکەدا رۆڵێکی تەواو بدینێ. جا لەبەر رۆشنایی ئەم راو بۆچوونانەدا بەرهەمە ناسیونالیستی و رۆمانتیکەکانی هیدایەت خوانشی ترین بەرهەمی هیدایەتن، چونکە حوکم و بەهاو داوەرییەکانی خودی نووسەر زۆر بەفراوانی و بەخەستی لەو بەرهەمانەیدا دەبینرێن، هەڵبەتە ئەمە نابێتە مایەی ئەوەی کە خوێنەر بەزەرورەت ئەو راوبۆچوون و بەهاو کەڵکەڵانە پەسند بکات... بەشێوەیەکی گشتی تا ئەدەبییەتی بەرهەمێك لاوازتر بێ خوێنراوتر دەبێ (ئەگەر چی لەوەشە بەرهەمێکی خوانشی لە کوللییەتدا لە بەرهەمێکی نگاریشی باشتر بێ) هەڵبەتە ئەو حوکمانەی سەرێ سەبارەت بە تەنز و چیرۆکە تەنز ئامێزەکانی هیدایەت زۆر کەمتر تەتبیق دەبێت.

یەکێك لە گیروگرفتەکانی هەڵسەنگاندنی چیرۆکەکانی هیدایەت ئەوەیە، کە لە کاتێکا پێویستە چیرۆکی ریالیستی و رەخنەیی خوانشی تر بێ و چیرۆکی سایکۆلۆژی نگارشی تر بێ، کە چی ئەم رێسایە سەبارەت بە چیرۆکە ریالیستی و چیرۆکە سایکۆلۆژییەکانی هیدایەت بەزەرورەت دروست نییە. ئێمە لە بەراوردی چیرۆکەکانی هیدایەتدا ئەوەمان بۆ بەدیارکەوت کە شەخسی هیدایەت وەکو راوبۆچوون و ئایدۆلۆژیا و داوەری ئەوەندە بەرجەستە و بەرچاو نییە، کەچی حوزوری لەناو چیرۆکە سایکۆلۆییەکانیدا تا ئەندازەیەکی زۆر دیارە و هەستی پێدەکرێ. لەگەڵ ئەمەشدا دەستی خوێنەر لە شەرح و تەعبیر و لێکدانەوە و شرۆڤە – و بە مانایەکی دی لە (نووسین)ی (بوف کور)، سەقطرەخون، مردی کە نفش راکشت، و زندە بەگور کراوە ترە تا لە علویە خانم، طلب آمرزش و حاجی مراد و مردە خورها.

دەکرێت ئەم ناکۆکییە رواڵەتییە بەپشتیوانی ئەم خاڵانە بێتە روونکردنەوە" حوزوری هیدایەت لە چیرۆکە سایکۆلۆژییەکانیدا لە بنەڕەتدا حوزورێکی عاتیفی و دەروونناسییە نەك حوزوری ئەقڵی و کۆمەڵایەتی لەم بەرهەمانەدا ئێمە لە تەماسی نووسەر لەگەڵ زاراوەێن گەورەی زەمینی و ئاسمانی – بوون، نەبوون، ئەشق، ئەخلاق، چارەنووس و ئەو شتانە – نزیك دەبینەوە.

ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هەر یەکێك لە ئێمە ئازادە کە بە مەزەندە و بۆ چوونی خۆی مانا و چەمکی ئەو بەرهەمانە، و نووسەری ئەو بەرهەمانە بدۆزێتەوە و کەشفی بکات و شەرح و شرۆڤەی بکات.. بە هەر حاڵ دەکرێت بگەینە ئەو ئەنجام و رێسایەی کە حوزوری عاتیفی و دەروونناسی نووسەر لە نووسینەکانیدا ناکاتە سڕینەوەی نگارشی بوونی ئەو بەرهەمە، لەبەر ئەوەی:

1- زاراوەێن ئەقڵی و کۆمەڵایەتی بناغەی کارەکە پێك ناهێنێ و

2- ئەو شێواز و تەکنیك و ئەوزارە ئەدەبییانەی کە لە بەرهەمەکەدا بەکار براون لە جێی خۆیاندا و بەدەوری خۆیان کاریگەریان بەسەر خوانشی بوون یان نگارشی بوونی ئەو بەرهەمەوە هەیە کە تیایدا

PDF4Kurd

بەکار هاتوون. واتە تەکنیك و شێواز و کەرەستە ئەدەبییەکان خوانشی بوون یا نگارشی بوونی دەقەکە دیاری دەکەن.

(3)

وەختێ هیدایەت مرد ئیدی گەلێك ئەفسانە و حیکایەتی بە پەڕو باڵ دەربارەی خۆی و ژیانی هاتە هەڵبەستن و هۆندنەوە، لە ئەنجامیشدا ئەوە روون نەبووەوە کە ئەو ژیانە چ بوو کە بەم مەرگە کۆتایی هات.

بێگومان ئەویش مرۆڤێك بوو لە چوارچێوە گشتییەکەدا وەکو هەر مرۆڤێکی دی حیسابات و گیروگرفت و گرفتاری خۆ هەبوو، یانی لە مەسەلە و گرفتارییە گشتییەکاندا وەکو هەر مرۆڤێکی سەردەمی خۆی وابوو، لێ لە وردەکاری و تایبەتمەندییەکاندا لە زۆربەی خەڵکی جیاواز بوو. جا ئەم جیاوازییە خۆی لە خۆیدا خاڵی وەرچەرخان و دابڕان و سەرچاوەی سەر یەشەکانە، چونکە کە ئەویان نەناسی لێی ترسان، کە لێی ترسان، دەریانکرد، و حاشایان لێکرد و نکوڵییان لێکرد و ترساندیان، ئەم هەڵوێستە ستەمامێزە بووە هۆی ئەوەی کە هیدایەت زیاتر لێیان بترسێت و دەست لەسەر ئەو شتانە دابگرێ کە ئەوانی دەترسان. بە هەرحاڵ وەختێ مرد ئەو ترسەیان لە دڵدا رەوییەوە و ئەوجا هاتن بەرهەمەکانیان کرد بە چەکێك بۆ ترساندنی خەڵکی دی..

بە هەرحاڵ ئەمە شتێکی تازە نەبوو، کۆمەڵ لە سەرەتاوە ئەو بابەتە خەڵکە دەکوژن و پاشان دەیانکەن بە شەهید. ئەوەتا سەرپەرشتیاری گشتی (المفتش العام) لە رۆمانی برایانی کارامازۆفدا لە زیندندا بە تاپۆیەکەی مەسیحی گوت کە ئەو جیهانێکی دابوو بەیەکدا، و ئەوان – بە ناوی ئەوەوە – نەزمێکیان بۆ جیهان گەڕاندبووەوە ( ئێستا بۆ چی گەڕاوێتەوە کە ئێمە بخەیە زەحمەتەوە؟)

بێگومان لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە بگوترێ هیدایەت بێ غەل و خەوش و عەیب بووەو هەرچی دەگوت و دەکرد هەر لەسەر هەق بوو، و هەر کەسێ لە بارەیەوە بڵێ لەل لە خاچ بدرێ.

مەسەلەکەمان ئەمەیە کە نووسەر تا چ ئەندازەیەك بەرهەکەمەی (خۆی دەینووسێت). واتە رۆڵی رێژەیی نووسەر، رەخنەگر و خوێنەر لە دیاریکردنی مانا و چەمك و بەها و گرینگی بەرهەمدا چییە. لە کۆندا رۆڵی خودی نووسەر، ژیانی، چینی، ژینگەی کۆمەڵایەتی، ئاکار و مەبەستەکانیان دەخستە ریزی پێشەوەی تۆژینەوە و هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە. لە سەدەی بیستەمیشدا رێبازە جیاوازەکانی رەخنە" رەخنەی کلاسیك و ریالیزمی سوسیالیستی و رەخنەی شیکاری دەروونی – هەریەکەیان، وێڕای جیاوازی و ناکۆکیان دەگەڵ یەکدیدا – لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمێن ئەدەبیدا تاکیدیان لەسەر تایبەتمەندییە فەردی و کۆمەڵایەتییەکانی نووسەر دەکرد. بەڵام ئەم رەوت و رێبازە لە هەندێ تیۆریانی دیدا – لە فۆرمالیستانی روسی و ئەنجومەنی پراگ –وە بیگرە تا رەخنەی نوێی ئینگلیزی – ئەمریکایی – بەرە بەرە وەلانرا، تا ئەو شوێنەی کە بونیادگەرایان و بونیادشکێنان – بەگوتەی رولان بارت – (مەرگی نووسەریان) راگەیاند.

بە هەرحاڵ لە کۆنیشدا، لە هەندێ قۆناغاندا حەساوی زۆر بۆ گوێگر و خوێنەر کراوە و دەوریان لە پێك هێنان و تێگەیاندن و لە دوا ئەنجامدا لە (نووسین)ی بەرهەمێکی ئەدەبیدا هەبووە. هەر بۆیە حیکایەت و ئەفسانە کۆنەکان – بەر لەوەی شێوەی ئەدەبیاتی نووسراو وەربگرن – دانەر و نووسەری دیاریان نەبووە. (مەرگی نووسەر). کەچی لە قۆناغەکانی کلاسیکدا – بۆ نموونە لە یونان و رومی کۆن،

PDF4Kurd

لە ئێرانی پاش ئیسلام، و لە ئەورووپای پاش رینیسانس – رۆڵی – نووسەر و گوتیار زاڵ بووە. لە دنیای ئەمڕۆدا – دیسانەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە – دیسانەوە خوێنەر رۆڵێکی چالاکتر و دیارتری لە خوڵقاندنی بەرهەمی ئەدەبیدا وەرگرتوەتەوە. جا لەم بوارەدا دەبێ رۆڵی رەخنەگریش رەچاوبکرێ، چونکە زۆرێ لەو رۆڵەی دراوەتە پاڵ نووسەر لە حەقیقەتدا رۆڵی رەخنەگرە. ئێمە بە زۆری شەخسی نووسەر و ئەو دەورەی دەیبینێ لە رێگەی رەخنەگرەوە دەیناسین. کەواتە ئەگەر قەرار بێ مەرگێك – هەڵبەت بە مانا استعارییەکەی – لە ئارادا بێ ئەوا (مەرگی رەخنەگر) لە پێش (مەرگی نووسەردایە). کاتێ کە رەخنەگر (مرد) نووسەریش خۆ بەخۆ (دەمرێ)

**(4)**

بەرهەمێن هیدایەت – جگە لە لێکۆڵێنەوەکانی لەمەڕ دەقێن پەهلەوی و کەلتووری عامیانەی فارسی – دەتوانرێ بکرێ بە چوار گورووپەوە. چیرۆکێن ناسیونالیستی و حیکایەت و دەقێن تەنزئامێز، بەرهەمێن ریالیستی و چیرۆکە سایکۆلۆژییەکان. هەڵبەتە ئەم خانەبەندییەش، خانەبەندییەکی یەکجارەکی و بنجبڕ نییە، واتە چیرۆکەکان بە تەواوەتی لێکدی دانەبڕاون. بەڵکو لە راستیا هەست و کەڵکەڵە ناسیونالیستیەکانی هیدایەت لە گەلێك لە بەرهەمە جۆراو جۆراەکانیدا کەمدابێژێك دیار و بەرجەستەیە.

چیرۆکە ناسیونالیستیەکانی هیدایەت رەنگدانەوەی ئەو هەستە توند و رۆمانتیکیانەیە کە لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا لە نێو رۆشنبیران، هونەرمەندان و خوێنەوارانی مودێرنی ئێرانیدا رەواجی پەیدا کرد، و پاشان لە سەردەمی پەهلەویدا گۆڕاو بوو بە نیمچە ئایدولۆژییەکی دەوڵەتی.

یەکێك لە دیاردە گرینگەکانی ئەم هەستە توندە خۆ بەستنەوەی توند و خەیاڵی بە ئێرانی بەر لە ئیسلامەوە بوو کە هەمیشە لەگەڵ ئێرانی هاوچەرخدا – واتە ئەو ئێرانەی کە 13 سەدە موسوڵمان بووە – بەروارد دەکرا، هەڵبەتە ئەنجامی ئەم بەراوردە زۆربەی کات ئەوە بوو کە دەبێ لە کەلتوری ئیسلامیدا بۆ رەگ و ریشەی هەژاری و داماوی و لاوازی و پاشکەوتوویی ئێران – ی سەردەمی قاجارییەکان بگەرێی. ئیدی ئەمەش جۆرێك لە رقی سەبارەت بە عەرەب لێدەکەوتەوە بەو حەساوەی نەتەوەی عەرەب هەم داهێنەری ئیسلام بووە و هەم فاکتەری تەسلیم بوونی کۆمەڵگەی کۆنی ئێران بووە.

هەڵبەتە لەناو بەرهەمەکانی هیدایەتدا، نمایشنامەی (پروین دختر ساسان و مازیار)، کورتە چیرۆکی (آخرین لبخند) هەروەها بەشێك لە پێشەکی (ترانەهای خیام و سەفەرنامەی (أصفهان نصف جیهان) نمایندەی ئەم جۆرە هەستە توندە ناسیونالیستی و رۆمانتیکییەن.

راستە هیدایەت هەرگیز بە تەواوەتی دەستبەرداری هەستی ناسیونالیستی نابێ، بەڵام لە ناوەڕاستی سەردەمی رەزا شاوە – کە ئەم جۆرە هەستانە بوونە دەستمایەی گەورەی بانگەشەو پڕو پاگەندەی دەوڵەتی – ئیدی هیدایەت نەك هەر چیرۆکی ناسیونالیستی نانووسێت بەڵکو لە کورتە چیرۆکی (میهن پرست)دا ئەم جۆرە بانگەشە دەوڵەتییە دەداتە بەر تەوس و توانج و بە تەواوەتی خۆی لە ناسیونالیزمی دەوڵەتی جودا دەکاتەوە. لە (توپ مروارید)دا هیدایەت پاشماوەی هەستێن ناسیونالیستی خۆیشی وەلاوە دەنێ وگاڵتەی پێدەکات.

(توپ مروارید) لە گرووپی دووەمی بەرهەمەکانی هیدایەتە. واتە نموونەیەکە لە نووسینە تەنز ئامێز و پڕ تەوسەکانی. تەوس و توانج و تەنز چ لە قسەو گفتوگۆدا و چ لە نووسیندا یەکێك بوو لە

PDF4Kurd

تایبەتمەندییەکانی هیدایەت. لە راستیدا لە زۆر بەرهەمی تەنزئامێزی خۆیدا، لە سنووری ئاسایی و باوی تەنز هێوەتر دەڕوات و کار دەگاتە گاڵتەپێکردن و داشۆرینی راستەوخۆ.

بێگومان چ بەرهەمێن ناسیونالیستی و چ تەنزەکانی هیدایەت، لە رووی دەروونناسیشەوە قابیلی باس و تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەن. لە بەرهەمە ناسیونالیستییەکانی هیدایەت دوو لایەنی دەروونناسی بە دی دەکرێ: یەکیان لایەنی دەروونناسی کۆمەڵایەتییەو ئەو دیکەیان ئەو توندی و زبری و توڕەییەیە کە لە بەیان و دەربڕینی ئەم هەستە ناسیونالیستیانەدا پەنهانە. دەکرێ بگوترێ کە لایەنی دووەمی باری دەروونناسییەکە لەناو بەرهەمە ناسیونالیستییەکانی هیدایەتدا زاڵترە. تەنز بۆ هیدایەت وەسیلەیەکە هەم بۆ پۆشینی رق و توڕەیی و هەم بۆ دەربڕینی ئەو رق و توڕەییە بە شێوەی پێکەنیناوی و هێرش ئامێز. تەنز خۆی لە خۆیدا چەکێکی بەرەڤانییە کە هیدایەت هەم برینەکانی پێ دەپێچێت و دادەپۆشێت و هەم تۆڵەی خۆ پێ لەو کەس و شتانە دەکاتەوە کە بە سەرچاوەی ئەو پەریشانییەیان دەزانێ کە گیرۆدەی بووە.

دیارە گرووپی سێیەمی بەرهەمێن هیدایەت، واتە چیرۆکە ریالیستییەکانی کەمتر لە دوو گرووپی هەوەڵ قابیلی شیکاری دەروونییە، دیارە هیچ بەرهەمێکی هونەری – بە تایبەتی چیرۆک – لە حاڵەتی دەرونی بەدەر نابێ و بەمەش بە جۆرێك لە جۆرەکان دەکەوێتە بازنەی تۆژینەوە و شیکاری دەروونییەوە.

واتە هەرچەندە بەرهەمە ریالیستییەکانی هیدایەت هەوێنی دەروونناسی فەردی و کۆمەڵایەتی بەهێزیان تێدایە، بەڵام ئەو ناوەڕۆك و هەوێنە زیاتر بەندە بە خودی چیرۆکەکەوە تا بە نووسەری چیرۆکەکەوە (هیدایەت) بۆ نموونە چیرۆکێن علویە خانم، طلب آمرزش، محلل، و ...) بەرهەمە ریالیستییەکانی دیکەی هیدایەت پڕن لە هەوێنی دەروونناسی پەیوەست بە خودی چیرۆکەکانەوە، بەڵام باری دەرونی نووسەر و تەنانەت بیر و باوەڕە کۆمەڵایەتییەکانی هیدایەت – ش لە میانەی ئەم بەرهەمانەوە بە دەست نایەت.. لەم جۆرە چیرۆکانەدا کە بابەتەکانیان پتر رەخنەی کەلتووری – کۆمەڵایەتییە، هیدایەت – بە پێچەوانەی زۆر لە نووسەرانی سەردەمی خۆیەوە زیاتر دەوری بینەرێکی ورد و وردبین دەبینێ کە خۆی تێکەڵی چیرۆکەکە ناکات. نە وەکو محمد مسعود لە میانەی ئەم جۆرە چیرۆکەیەوە دەست بە هاوار دەکات و نە وەکو حجازی دەکەوێتە پەند و ئامۆژگاری حەکیمانە، و نە وەکو جهانگیر جلیلی لە داخ و خەفەتی نەخوێنەواری و جەهل و فەسادی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە گریان.

گرووپی چوارەمی چیرۆکەکانی هیدایەت کە ناومان لێنان چیرۆکێن سایکۆلۆژی، ئەم چیرۆکانە چ ریالیستی بن چ سوریالیستی بن و چ هی دیکەبن، دیارترین و گرنگترین خەسڵەتیان ئەمەیە کە مەسەلەی فەلسەفی، ئەنتۆلۆژی، سایکۆلۆژی و – تا ئەندازەیەکی کەمتر – کۆمەڵناسی بابەتی سەرەکیان پێکدێنێ. دەتوانرێ ئەم تایبەتمەندییەی چیرۆکە سایکۆلۆژییەکانی هیدایەت لە دوو ئاستدا بدینرێ: یەکێکیان ئەوەیە کە بایەخ و گرینگی چیرۆکڤانی ئەم بەرهەمانە لە چیرۆکی گرۆپەکانی پێشوو کەمترە. دووەمیان ئەوەیە کە کات و شوێنی چیرۆکەکە هەرچی یەك بێ ئەوا بابەتی چیرۆکەکە، یان لایەنی سەرەکی چیرۆکەکە یۆنیڤێرسەڵە (عالەمییە عامە) گشتییە، لەم روەوە پەیوەست بەکات و شوێنێکی تایبەت نییە. بۆ نموونە چیرۆکی (زندە بەگور) کە لە چیرۆکەکانی هەوەڵی هیدایەتە، لە فەرەنسا نووسراوە، لە سێ لایەنەوە رواڵەتی ریالیستی هەیە. یەکێکیان لە لایەنی هونەرییەوە، دووەمیان لەم لایەنەوە کە چیرۆکەکە شوێن و کاتێکی هەیە کە خوێندکارێکی ئێرانی لە چواچێوەیدا خۆ دەکوژێ،

PDF4Kurd

سێیەم لەم لایەنەوە کە ئەم چیرۆکە لەسەر بناغەی هەوڵی خۆکوژییەیەکی هیدایەت کە لەو کاتانەدا روویداوە رۆنراوە و نووسراوە.

بە هەرحاڵ بابەتی( زندە بەگور) هەمان بابەتە کە زۆر جاران لە بەرهەمێن سایکۆلۆژی هیدایەتدا، کە شوێن و کاتی تایبەتیان نییە، دوو بارە بووەتەوە هەر یەکێك لەم چیرۆکانە ئەگەر چی تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بەڵام لە هەر هەموویاندا باس هەر باسی مەرگ و ژیان، کێماسی و کەماڵ، سەرکەوتن و شکست، بەهاکانی کۆمەڵ، بایەخی مرۆڤانی دیکە، جەبر و ئیختیار، هەق و ناهەقە.

ئەوەی لەو چیرۆکە سایکۆلۆژیانەی کە بەر لە (بوف کور) نووسراون مایەی سەرنج بێ ئەوەیە کە هەر یەکێك لەو چیرۆکانە کەم دابێژێك جۆرە زەمینەیەکی بۆ لە دایکبوونی بوف کور خۆش کردووە، لەتۆ وایە هەوەڵجار بوف کور نووسراوە و ئەوجا شوێنەوار و ماکی لەو چیرۆکانەدا بەجێ هێشتووە. بۆیە دەکرێ ئەم چیرۆکە سایکۆلۆژیانە بە جۆرە بەرنامەیەکی درێژخایەن بزانرێ کە بەرە بەرە دەچێتە پێشێ و لە (بوف کور)دا دەگاتە لوتکەی خۆی.

هەڵبەتە مەبەست ئەوە نییە کە وەختێ نووسەر لە ساڵی 1929دا (زندە بەگور)ی نووسی بەرنامەیەکی لەم جۆرەی لە زەین و مێشکدا هەبووە و ئەنجام لە ساڵی 1936دا بە نووسینی (بوف کور) تەواوی کردووە. بەڵکو مەبەست ئەمەیە کە (بوف کور) بە هیچ جۆرێ زادەی رۆژ و دوو رۆژ نییە، بەڵکو لە رووی بونیاد، جەوو دەروونناسی و فەلسەفە و ئەنتۆلۆژی و زۆر وردەکاریی دیکەوە قەرزار باری ئەو هەوێن و تیمانەیە کە لە چیرۆکە سایکۆلۆژییەکانی پێشووی هیدایەت و لە یەك دوو شوێنیشدا لە پێشەکی ترانەهای خیامدا هەن. واتە ئەگەر بمانەوێ بۆ سەرچاوەکانی (بوف کور) بگەڕێین، دەبێ زیاتر لە چیرۆکەکانی پێشووتری هیدایەتدا بۆی بگەڕێین تا لە بەرهەمەکانی کافکا، ئەدگار ئالن پو، جیرار دونیرڤاڵ و ئەوانی دی.

(عروسك پشت پردە)، (سەقطرە خون) و (مردی کەنفش راکشت) باشترین نموونەی ئەو چیرۆکانەن کە لە رووی بونیاد، فیکر و ئەندێشە، لە رووی هەست و سۆزەوە، و لە کەش و هەواو هاماجدا وەکو (بوف کور) وان.

زۆربەی چیرۆکە سایکۆلۆژییەکانی هیدایەت، رێك وەکو تراژیدییەکانی شەکسپر، کە دەگەنە کۆتایی، یەك دو جەنازە لەسەر شانۆکە دەکەون.

بەڵام بە هەرحاڵ دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بەر لەوەی هەندێ لایەنی سایکۆلۆژی یا کۆمەڵناسی یا هەر زاراوەیەکی دیکەی لەو بابەتە عەکس بکاتەوە و بنوێنێ، بەرهەمێکی ئەدەبییە. داگرتنی بەرهەمێکی ئەدەبی بۆ ئاستی زاراوە و تیۆری سایکۆلۆژی کارێکی تا رادەیەك ئاسانەو پێویستە بە هۆشیارییەوە خۆتی لێ بپارێزی.

گوتمان بوف کور لوتکەی چیرۆکە سایکۆلۆژییەکانی هیدایەتە و ماکی لە چیرۆکە سایکۆلۆژییەکانی پێشووتری هیدایەتدا دیارە و هەیە بە تایبەتی لە (عروسك پشت پردە)، (سەقطرە خون)، (مردی کەنفش راکشت).. (بوف کور) بە مانا تەقلیدییەکەی چیرۆك, چیرۆکێکی ریالیستی نییە، بە هەرحاڵ حیکایەتی ئەم چیرۆکە لە دوو زەمانی جیاوازدا روو دەدات. حیکایەتی (زن اثیری) پەیوەستە بە سەردەمی هاوچەرخەوە، و حیکایەتی (زن لکاتە) لە سەدەکانی ناڤیندا، و لە سەردەمی زێڕینی شاری رەیدا روودەدا.

* * * *


www.pertwk.com

PDF4Kurd

بە هەرحاڵ ئەدەبییەت پێگەی راستەقینە و هونەری هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دیاریی دەکات. واتە بەرهەمێکی ئەدەبی بەر لەوەی هەر شتێك – ی تر بێ، بەرهەمێکی ئەدەبییە، نەك بەرهەمێکی دەروونناسی یا بەیاننامەیەکی سیاسی، یان تێورییەکی کۆمەڵایەتی – ئەگەرچی لەوەشە لە ناوەڕۆکدا ماکێکی ئەوانەشی تێدا بێ. هەڵبەتە مشت و مڕە کۆنەکەی (هونەر بۆ هونەر، یا هونەر بۆ کۆمەڵ) لە بنەڕەتدا غەڵەت خرا بووە روو. هونەر هەم بۆ هونەرە و هەم بۆ هونەریش نییە: بۆ هونەرە چونکە لە غەیری ئەم شێوەیەدا هونەر نییە. بۆ هونەر نییە، چونکە ناسینی هونەر پێویستی بەوەرگر و موخاتەب هەیە. واتا خوێنەر و بینەر و بیستەر هونەر دەکەن بە هونەر. هەر بە هەمان پێوانە هونەر هەم بۆ کۆمەڵە و هەم بۆ کۆمەڵیش نییە: بۆ کۆمەڵە چونکە نەك هەر موخاتەبی هەیە، بەڵکو کاریگەری تێوریان و زاراوە و دیاردەێن کۆمەڵایەتیشی بە سەرەوە هەیە (ئەگەر لە رێگەی زەین و زەینیاتی داهێنەرەکەشەوە بێ). بۆ کۆمەڵ نییە، چونکە تایبەتمەندییەکانی لە رۆژنامەوانی رووت، لە بانگەشەی سیاسی، لە مێژوونووسی، لە کۆمەڵناسی و ئەو شتانە جیاوازە، بێگومان هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بگری کەم دابێژێك کاریگەری ئەو بابەتانەی پێوە هەیە، بەڵام ئەمە بەرهەمەکە ناکات بە بەرهەمێکی نا ئەدەبی.

بۆ نموونە (زستان)ی) أخوان ثالث دەکرێ لە روانگەی سیاسی و دەروونناسییەوە شی بکرێتەوە، بەڵام (زستان) هۆزانە" بەیاننامەیەکی سیاسی یان تێوری دەروونناسی نییە. (بوف کور)ی هیدایەت گەلێك جار و بەشێوەی جۆراوجۆر لە روانگەی سیاسی، دەروونناسی و کۆمەڵناسییەوە خراوەتە بەر رەخنەو شیکردنەوە، بەڵام (بوف کور) رۆمانە، هیچ یەکێك لەو بابەتانە نیە.

بابەتێکی گرینگ لە بواری ئەفراندندا هەیە کە پێویستە ئاماژەیەکی کورتی بۆ بکەین ئەویش رۆڵ و بایەخی ژیانی هونەرمەندە لە خوڵقاندنی بەرهەمەکەیدا. ئەم بابەتە بە تایبەتی لە رۆمان و چیرۆکدا مشت و مڕی زۆری لەسەر چێ بووە. سەردەمانێ گەلێك لە رەخنە ئەدەبییەکان لەسەر بناغەی ژیانی خودی نووسەر رۆدەنرا، یان بە پێچەوانەوە ژیاننامەنووسان بەرهەمی نووسەرێکیان دەکرد بە سەرچاوەی سەرەکی کاری خۆیان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا قوتابخانەی (رەخنەی نوێی ئینگلیزی – ئەمریکایی) مەسەلەی ژیانی شاعیر و نووسەر، و تەنانەت (نیاز و مەبەستی) شاعیر و نووسەریان خستە بەرپرسیار بە پەیدابوون و دەرکەوتنی (بونیادگەرایی) بایەخ و رۆڵی خودی نووسەر لە لێکۆڵینەوەی بەرهەمێن ئەدەبیدا زیاتر هاتە خوارەوە و وەختێ نۆرە هاتە سەر (بونیادشکێنی) یەکێك لە پێشەنگای ئەم تێورییە ئەدەبییە (رولان بارت) (مەرگی نووسەر)ی راگەیاند. ئەگەر ئەم بۆچوونە دروست بێ کە (بەرهەم) نووسەر دەنووسێت، نەك نووسەر بەرهەم بنووسێت)و ئەگەر ئەم بۆچوونەی گەلێك لە (بونیادشکێنان) – کە مەرج نییە لەگەڵ بۆچوونەکەی پێشدا جیاواز بێ– قەبوڵ بکرێ کە رۆڵی سەرەکی و بناغەیی بە خوێنەرە نەك بە نووسەر، ئەوا ئاشکرایە کە زانست و ئەزموون و راو خولیا و زەینیات و تەنانەت نیاز و مەبەستی نووسەر ناتوانێ رۆڵی سەرەکی لە خوڵقاندنی بەرهەمدا هەبێ. بە هەرحاڵ ناکرێ زیاد لە پێویست دەست لەسەر ئەمە دابگیرێ و بە حوکمی رەها بزانرێ، چونکە لە کاری زۆر زۆر هونەریشدا کەم دابێژێك سێبەری نووسەر، گەر کەسێك بیەوێ بۆی بگەڕێ، دەدۆزرێتەوە. جا ئەم حاڵەتە (حوزوری نووسەر لە بەرهەمدا) لە هەندێ بەرهەمی هیدایەتدا (لە چیرۆکە سایکۆلۆژییەکان)یدا دەبینرێ چیرۆکە سایکۆلۆژییەکانی هیدایەت لەو جۆرە چیرۆکانەن کە لە رووی دۆز و ناوەڕۆکەوە – کەم دابێژێك – خاڵی فەلسەفی، ئەنتۆلۆژی، دەروونناسی و ئەو بوارانەی لە خۆ گرتووە، بەڵام هیچ یەکێك لەو خاڵانە بەو رادەیە زاڵ و زەق نین کە بتوانرێ بە بەیاننامەیەکی ئەو بوارانە

PDF4Kurd

حەساو بکرێ. بە گوتەیەکی دی هەموو ئەم بەرهەمانە بەرهەمی ئەدەبین بەڵام بۆتیقای بەرهەمەکان پتر لەسەر بناغەی ئەو بوارانە وەستاوە. لە ئەنجامدا ئەم چیرۆکانە – بۆ نموونە (بوف کور، زندە بەگور، سەقطرە خون، سگ و لکرد، مردی کەنفش را کشت و – بە هەموو ئەو جیاوازییانەوە کە لە نێوانیاندا هەیە، لە دوو تایبەتمەندی گشتیدا یەك دەگرنەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە نێوەڕۆکی چیرۆکڤانیان و هەروەها هەندێ جار کاراکتەرسازیان، سادە و سنوور دارە. دووەمیان ئەمەیە گەرچی زەمینەی کەلتووری، کۆمەڵایەتی و مێژوویيان بێ چەند و چون ئێرانییە – ئەو مەسەلە و پرسانەی لەو چیرۆکانەدا خراونەتە روو کات و شوێن ناناسن، و لە دوا شیکردنەوەدا لە خانە و سنووری هیچ کەلتوور و شارستانیەت و کۆمەڵگەیەکی تایبەتیدا ناگیرسێنەوە.

* * * *

ژن بە کورت و کرمانجی، لە چیرۆکەکانی هیدایەت یا فریشتەیە یان قەحبەیە لایەنی نێگەتیف زۆر لە لایەنی پۆزەتیف زاڵتر دەردەکەوێ. پیاویش لەم جۆرە چیرۆکانەیدا بە زۆری لە رووی پەیوەندی سیکسییەوە لەگەڵ ژندا بێ تەجروبەو ناشییە. شەرم، گومان لە دروستکاری ژن، و ترس و نیگەرانی لە پەیوەندێین سۆزداری دەگەڵ ژندا لە تایبەتمەندییە دیار و بەرجەستەکانی پیاوە. واتە پیاو لە رووی پەیوەندێین سێکسی و سۆزدارییەوە دەگەڵ ژنی واقیعیدا، دەگەڵ ژندا وەکو لە بووندا هەیە، لەگەڵ ژنی مرۆڤدا، لەگەڵ ئەو بوونەوەرەدا کە دەکاتە کۆمەڵێك لایەنی لاواز و کۆمەڵێك لایەنی بەهێز، زۆر نامۆ و بێگانەیە و بەدووی ژنێکی ئایدیاڵدا وێڵ – ن کە بیان پەرستێ.. لەبەر ئەمە سەیر نییە کە هەم لە چیرۆکی (صورتکها) و هەم لە چیرۆکی (س. گ. ل. ل.)دا بە راشکاوی دەگوترێ کە پیاو (ئاشقی ئەشقە) دیارە ئەم (ئاشقی ئەشقە) لە رووی دەروونناسییەوە دەکاتە (ئاشق بوونی خۆ) واتە جۆرێکە لە (نارسیسم) کە خۆی لە خۆیدا زادەی بێ متمانەییەکی توندە بەخۆ و بە هەرحاڵ ژن لە بەرهەمەکانی هیدایەتدا – بەلای کەمەوە لە رووی سیکسی و سۆزدارییەوە – وەکو بوونەوەرێکی بیگانە و نەناسراو دەمێنێتەوە. ئایا لە ژیانی خودی هیدایەت –شدا ژن بوونەوەرێکی نەناسراوو بێگانە بووە؟

* * * *

یەکێك لە گرفتە خەتەرەکانی کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵات ئەوەیە کە هێندە پێشنەکەوتووە کە بتوانێ بە هۆشیارییەوە بەرهەمی هونەری، بیر و بۆچوون و بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت خودانی ئەو بەرهەم و بۆچوونانە بخاتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنەوە و هەر لایەنێك لە لایەنەکانی هەر رووداوو دیاردەیەك بە پێوەر و پێوانەی تایبەتی خۆی هەڵسەنگێنێ و لە مەحەکی رەخنەی بدات. لە لای ئێمە یان سپیە یان رەش، یان رەفزە یان پەسند، یا با بژییە یان با بڕوخێ، لەمەش خراتر ئەوەیە رۆژێك پەسندەو رۆژێکی دی رەفزە، رۆژێ بابژییەو رۆژێکی دی با بڕوخییە.دیارە ئەمە هەڵەیەکی کوشندەیەو هەر گرووپ و دەستەو میللەتێك وابێ لە کاروانی شارشتانیەت دوا دەکەوێ و ناتوانێ بەشداری لەبەرهەمهێنانی مێژوودا بکات.

بۆ نموونە هیدایەت تا لە ژیاندا بوو هەمیشە بێزاوو دەرکراو بوو. ئەگەر بەگژ دەسەڵاتی باوی ئەدەبی و سیاسی دا نەچووبایە، ئەویش مامۆستایەکی موحتەرەم دەبوو و کتێبەکانی رەواج و بازاڕیان دەبوو، دەیتوانی جێ و رێ و پارەی خۆی هەبێ و پشت بەدایك و بابی نەبەستێ. ئەگەر بەگژ حزبی تودەدا نەچووباو ملی بۆ ئامانجە سیاسییە ستالینییەکان و رچە و رێبازە هونەرییە جیدانۆفییەکان بدایە، دەریان نەدەکرد و – لەگەڵ کافکادا – بەنائومێدو بەزیوویان حەساو نەدەکرد.


www.pertwk.com

PDF4Kurd

بەرهەر حاڵ هێشتا کفنەکەی بەتەواوەتی زەردنەبوو بووکە ئالەتی بت سازی و بتپەرستی لە چەند لایەکەوە کەوتە کار. بەخۆی لەناو ناوان دا نەمابوو و چیتر لە کەس نەدەبووە مووی لووت، مردنەکەیشی کرا بە شتێکی جوان و شیك و مۆدێلێکی باڵا" ئەوەبوو کە لە زەرفی 2–3 ساڵ دا هیدایەتی بێزراوی دەرکراوی تەنیا و دەربەدەر بوو بە بتێك کەس جورئەتی نەدەکرد لە گوڵ کاڵتری پێ بڵێ. کار گەییە ئەوە چ بەقسە و چ بە نووسین مەرگی هیدایەتیان دایە پاڵ ئیمپریالزم.

هیدایەت لە رۆژی 3/دیسەمبر / 1950دا لە تارانەوە رووی کردە پاریس و رۆژی 9/4/ 1951 جەنازەکەیان کەشفکرد، هیدایەت بەمەبەستی سەرهەڵگرتن لە ئێران وەدەرکەوت نەك بەمەبەستی خۆکوژی، بەڵام کەبینی رێگەی سەرهەڵگرتن گیراوە، خۆی کوشت.

دوا بەرهەمی چاپکراوی هیدایەت (پیام کافکا)یە کە بێ ئومێدی و بێزاری و بێ تاقەتی هیدایەت بەڕوونی لە بن دێڕەکانی ئە بەرهەمەدا، کە لە ساڵی 1948دا بڵاوبووەوە، بەرجەستەو دیارە.

شەوی 9/4/ 1951 جەنازەکەی هیدایەت کەشفکرا پاش ئەوەی هەموو کون و کەلەبەرەکانی بە چاکی گرتبوو، بەلوعەی غازی موبەقەکەی کردبووەوە و لەسەر ئەرزەکە راکشابوو. ئەوانەی کە بوو بوونە مایەی کەشف بوونی جەنازەکەی، ژن و مێردێکی ئەرمەنی ئێرانی بوون کە لە پاریس نیشتەجێ بووبوون، ماڵباتی ئەم پیاوە ئەرمەنییە لە تاران لە نزیکی ماڵی باوانی هیدایەت دوکانی خۆراك فرۆشییان دەبێ، ئەم پیاوە (صادق خان)ی لەوێوە دەناسی. هیدایەت لەو ماوەیەی کە لە پاریس دەبێ چەند جارێك لە ماڵی ئەم ژن و مێردە ئەرمەنییەدا شامی کرد بوو. ئەمجارەیان هیدایەت ئەوانی دەعوەت کردبوو کە ئێوارە بۆ شام میوانی ئەو بن. جا ئەمەی کە ئایا لە کاتی دەعوتکردنەکەدا لێبڕابوو خۆی بکوژێ و ویستبێتی جەنازەکەی لە لایەن ئەوانەوە بدۆزرێتەوە، یان پاش دەعوەتەکە بڕیاری دابوو خۆی بکوژێ ئەمە دیار نییە. بەهەر حاڵ ئەم ژن و مێردە لە دەرکەدەدەن و کەس وەڵامیان ناداتەوە. بەڵام بۆنی غاز دەکەن . ئیدی بەم جۆرە خودانی ماڵەکە پۆلیس ئاگادار دەکاتەوە.

**سەرچاوە:**

* قصة نويسي / رضا براهني
چاپ چهارم نشر البرز/ تهران / 1368 ل 481– 488
*ادبيات داستاني
قصة، رمانس، داستان كوتاة، رمان
جمال مير صادقي
تهران 1376 چاپ سوم
* صد سال داستان نويسي ايران
حسن مير عابديني
چاپ اول 1377 ل 55–80 و ل101–104
* خلاصة داستاني كوتاة فارسي أز آغاز تا امروز

PDF4Kurd

محمد باقر رضايي / چاپ اول 1378

* صادق هيدايت و مرگ نويسندة:

دكتر محمد علي همايون كاتوزيان

چاپ دوم 1374 نشر مركز

* يوسف اسحاق پور. برمزار صادق هيدايت، ترجمة باقر پرهام

تهران، باغ آيينة 1373

* حەمە کەریم عارف، ئەودیوی مەرگ، چاپی 2001 هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ل31-56


www.pertwk.com

PDF4Kurd

# پێرست


- پێشەکی: پەیڤو پەیامو رەسەنایەتی
- رۆمان = ئەوپەڕی هونەراندن
- رۆمان لە نێوان موغامەرەی نووسینو نووسینی موغامەرەدا
- دەربارەی رۆمان
- سەرەتاو سەرهەڵدانی رۆمانی مەغریبی
- جیهانی چیرۆکڤانی ئەحمەدی مەحموود
- خوێندنەوەی چیرۆك لە نێوان........
- ئەنتوان چیخۆف
- سادقی هیدایەت..........



www.pertwk.com

PDF4Kurd

## حەمە كەریم عارف

- كەركووكییە و لە ساڵی 1951دا لەدایك بووە.
- لە ساڵی 1975 كۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو كردووە.
- یەكەم بەرهەمی شیعرێكە بەناوی (هەڵبەستێكی هەتیو كەوتوو) كە لە ژمارە (170) رۆژنامەی هاوكاری ساڵی 1973 بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی 1976ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەكاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سكرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوكراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی كەركووك, نووسەری كوردستان, كەلتوور, نووسەری كورد, گوڵانی عەرەبی, ئاڵای ئازادی تا ژمارە 00222, گۆڤاری نەوشەفەق.
- جگە لە ناوی خۆی, بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی كەركووك, نووسەری كوردستان, كەلتوور, رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: 222 بەناوی گۆڤەند, زنار, سیپان, پاكزاد, محەمەدی حاجی, سیروان عەلی, دیدار هەمەوەندی, هێژا, ح. ع بەرهەمی بڵاو كردۆتەوە.
- جگە لە پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتیی قوتابیانی كوردستان ئیدی ئەندامی هیچ حیزب و رێكخراوێكی سیاسی نەبووە, لە ساڵی 1974 – 1975دا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە, لە هەشتاكاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ, بێ وابەستەگی حیزبی, پێشمەرگە بووە و وەكو بەشدارییەكی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی كوردا شانازی پێوە دەكات و منەت بەسەر كەسدا ناكات, چونكە باوەڕی وایە كە رۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحكومە بە پێشمەرگایەتی.
- لە هەشتاكانەوە تا ئێستا راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆكایەتی لقی كەركووكی یەكێتیی نووسەرانی كوردی كردووە.
- زۆر بەرهەم و كتێبی چاپ و بڵاو كردۆتەوە, لێ زۆربەی هەرە زۆریان, بە تایبەتی ئەوانە لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە كەم بڵاو بوونەتەوە, لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە كە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

1- تیرۆژ, كۆ چیرۆك, چاپی یەكەم 1979
2- كۆچی سوور, رۆمان, چاپی یەكەم 1988
3- بەیداخ, چیرۆك, 1988
4- داوەتی كۆچەرییان, كۆ چیرۆك چاپی دووەم 2005
5- لە خۆ بێگانە بوون, كۆمەڵە چیرۆك, چاپی یەكەم (1999) دەزگای گوڵان
6- كوچ سرخ, كۆ چیرۆك, بە فارسی, وەرگێڕان چاپی یەكەم 1987 شاخ


www.pertwk.com

PDF4Kurd

7- نینا ، رۆمان، سابت رەحمان، دوو چاپ، شاخ، شار 2002
8- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، دوو چاپ، شاخ، شار 2003 دەزگای ئاراس
9- ڕێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، یەك چاپ (شاخ)
10-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)
11 – هاومالّەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، دوو چاپ، شاخ، شار 2000 گولآن
12- بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، 3 چاپ شاخ، شار 2003
13- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم 2004 دەزگای شەفەق
14- دووره ولآت، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم2000 دەزگای گولآن
15- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم 2003 کتێبخانەی سۆران
16- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، دوو چاپ، شاخ، شار 2004 کتێبخانەی سۆران هەولێر
17- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ 1985
18- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەڤ دەهڤانی، چاپی شاخ
19- مەسەلەی کورد لە عێراقدا، عزیز شەریف
20- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا، یەك چاپ
21- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە، چاپی شاخ
22- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی شێیەم 2004 دەزگای ئاراس
23- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان
24- گوزارشتی مۆسیقا، د. فۆاد زەکەریا.
25- دەربارەی شیعر و شاعیری، رەزا بەراهەنی.
26- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
27- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:12)
28- جولەکەکەی مالّتا، شانۆنامە، مالرۆ.
29- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
30-بەد حالّی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
31- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولآم حسەینی ساعیدی)
32- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.
33- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵلآئەلبوسێری.
34- کورد لە ئەنسکلۆپیدیای ئیسلام دا، چاپی یەکەم 1998 وەزارەتی رۆشنبیری.
35- هونەر و ژیانی کۆمەلآیەتی، پلیخانۆڤ، چاپی یەکەم 2005 دەزگای موکریانی
36- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت، ئیڤلین رێید.
37- لێکدانەوەیەك لە مەڕ نامۆ، لویس ریی.
38- مندالّە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ مندالآن.


www.pertwk.com

PDF4Kurd

39- فاشیزم چیی؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان, یەلماز گونای
40- شوانە بچکۆلەکە, چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
41- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)
42- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە.
43- کۆمەڵێك ئەفسانەی جیهانی (23 ئەفسانە)
44- زندە خەون, کۆمەڵە چیرۆکی چیخوف, چاپی یەکەم (2001) دەزگای موکریانی
45- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی, چاپی یەکەم (2004) کتێبخانەی سۆران, هەولێر
46- جیٚ پیٚ, کۆمەڵێك چیرۆکی فارسی چیرۆکنووسان:(سادقی هیدایەت, جەلال ئال ئەحمەد, بوزرگی عەلەوی, سادقی چوبەك, مەنسوری یاقوتی)
47- چیرۆکستان, کۆمەڵێك دەق و رەخنە, چاپی یەکەم 2005 نووسەرانی کەرکووك
48- چۆنیەتی فێر بوونی زمانی فارسی, چاپی یەکەم (2000) حەمە کەریم عارف
49- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف
50- پەلکە رەنگینە, حەمە کەریم عارف, چاپی یەکەم (2004) وەزارەتی رۆشنبیری
51- کۆمەڵێك چیرۆکی بێگانە
52- چزیشفسکی, فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
53- چایکۆ فسکی, ژیان و بەرهەمی.
54- ئیدگار ئالین پۆ, ژیان و بەرهەمی.
55- جاك لەندەن, ژیان و بەرهەمی
56- گوگول, نووسەری ریالیست
57- یەڵماز گونای, ژیان و بەرهەمی
58- سادقی هیدایەت, ژیان و بەرهەمی
59- خافرو غ لە شیعر دەدویٚ, ژیان و بەرهەمی
60- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
61- ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیات دا, چاپی یەکەم (2004) دەزگای سپیرێز
62- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا ( بە شەریکی) چاپی یەکەم (2001) دەزگای گوڵان
63- راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا, حەمە کەریم عارف
64- دیدار و دەق و رەخنە.
65- دیداری چیرۆکڤانی.
66- قوتابخانە ئەدەبییەکان, رەزا سەید حسەینی.
67- ناودارانی ئەدەب, حەمە کەریم عارف
68- هەزار تۆپی شیعری نوێخوازی و چەند باسێکی دی, حەمە کەریم عارف.
69- کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا, کریس کۆچرا, چاپی یەکەم 2003 کتێبخانەی سۆران


www.pertwk.com

PDF4Kurd

* لـه راپەڕینــەوە تـا نهـوو چـالاكانە بەشـداری بزاڤـی ئـەدەبی و رۆشـنبیریی كـوردی دەكـات و بەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە كردن و وەرگێڕان) بڵاو دەكاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیكەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپكردنەوە و هـەر كـەس و گـروپ و لایـەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو كردنەوەی هەبن, ئامادەیە بە خۆڕایی پێشكەشیان بكات و...

70- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە كۆنەوە تا سەدەكانی ناڤین).

71- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).

72- مێــژووی ئــەدەبیاتی جیهــان (ئــەدەبیاتی ئینگلیــزی زمــان- ئــەمریكاو ئینگلیســتان لــە سەرەتاوە تا ئێستا).



www.pertwk.com